# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٩٣
ساڵی هەشتەم
گەلاڕێزان ٢٧١٣ی کوردی
ئۆکتۆبەر ٢٠١٣ی زایینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هنار


دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا

ئەکرەم محەمەد ئەمین

نەورۆز جەمال

مستەفا زاهیدی

محەمەد حەسەن (هاشمی)

هەڵەچن:

مونا عەبدوڵڵا

ئاشنا جەمال

مۆتیف:

پەری عەبدولواحید



تیراژ

٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| نەبوون و هەبوون لە روانگەی فەلسەفەی... | لەتیف هەڵمەت | ٧ |
| شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی... | ناڵە حەسەن | ١٤ |
| دیدگایەک بۆ(تاککلی جمزێ و پەنجا تاکدێڕی تر)... | خوێندنەوە: سۆران محەمەد | ٢٥ |
| "شابەیتەکان لە شیعری شاعیری ئەشق و ئەویندا"... | قادر عەلیخا | ٣٢ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| من کەوتوومەتە خۆمەوە... | حەمە کاکەڕەش | ٤٥ |
| یاقوتی رژاو... | عەلی پێنجوێنی | ٤٨ |
| نازەنین بەسەر پشتی لەقلەقەکانەوە!... | بڵند باجەلان | ٥٦ |
| خۆژماردن!... | گۆران رەئوف | ٦٠ |
| دێتە خوارێ بە لێویدا قەترە قەترە هەناسە... | ئەحمەد حەقناس | ٦٥ |
| دوو شیعر... | لەیلا سوڵتانی | ٧١ |
| دڵی دەریا... | دەریا رەواندزی | ٧٣ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| وتوویژ لەگەڵ سەید عەلی ساڵەحی | سازدانی: عادل قادری | ٧٩ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| گفتوگۆ لەگەڵ (ئەدۆنیس)... | شوان ئەحمەد | ١١٣ |
| نامەیەکی مێژوویی... | تەحسین رەزایی | ١٤٦ |
| رۆژەکانی کۆتایی... مانگی ئاب... | سەنگەر زراری | ١٥٤ |
| چەند شیعرێکی لەیلا کردبچە... | یوسف عەلی پور | ١٦٥ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| وتووێژێک لەگەڵ هونەرمەند حەمەی نێرگز... | سازدانی: جەلال هانیسی | ١٧١ |
| چەند بەش و فۆڕمێک لە مێژووی موزیک... | فەرمان عەلی نوری | ١٧٩ |
| خوێندنەوەیەک بۆ "یاسەمینی خەمناک"... | و. هیوا سەلیمی | ١٨٩ |


## پێشانگەی کتێب


پێشانگەی کتێب ١٩٣ - ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

- نەبوون و هەبوون لە ڕوانگەی فەلسەفەی بوونگەرییەوە — لەتیف هەڵمەت
- شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی — ناڵە حەسەن
- دیدگایەک بۆ(تاککلی جمزێ و پەنجا تاکدێڕی تر) — خوێندنەوە: سۆران محەمەد
- ”شابەیتەکان لە شیعری شاعیری ئەشق و ئەویندا“ — قادر عەلیخا

# نەبوون و هەبوون
# لە روانگەی فەلسەفەی بوونگەرییەوە



کیریکگارد

**لەتیف هەڵمەت**

کیریکگارد یەکەمین فەیلەسوفی بوونگەرییەو دانەری بەردی بناغەی بوونگەریی هاوچەرخە... بەڵام لە راستیدا ژمارەی تەوژمە فەلسەفییە بوونگەرییەکان ئەوەندەی ژمارەی فەیلەسووفە بوونگەرییەکانە.. چونکە هەر فەیلەسووفەو بیروڕاو بۆچوون و چەمکی جیاوازی خۆی هەیەو سەیریش ئەوەیە زۆرینەی فەیلەسووفە بوونگەرییەکان حەز لە رێکخستن و پۆلبەندکردنی فەلسەفەکەیان ناکەن، بە تایبەتی کیرکگارد زۆر رقی لە پۆلبەندکردنی بیروڕاکانی بوو، زۆریش لەوە دەترسا لە دوای مردنی خۆی مامۆستا گەلێکی زانکۆیی بێن و بیرو بۆچوون و هزرەکانی بە ئارەزووی خۆیان رێکبخەن و پۆلبەندیان بکەن... بەڵام هەندێکیشیان بابەتەکانی خۆیانیان رێکخستووەو پۆلبەندیان کردووە لەوانە هایدگەرو سارتەر... فەلسەفەی بوونگەری بە شێوەیەکی گشتی بایەخ بە-چی- یەتی و جەوهەری شتەکان نادات بەڵکو بایەخ بەو شتانە دەدات کە بەچاو دەبینرێن و بەڕاستی و بە حەقیقەت هەستیان پێدەکەین و هەن.

واتا فەلسەفەی بوونگەری فەلسەفەی شتە هەستپێکراو و بینراوەکانەو فەلسەفەی شتگەلێکە کە بە چاو دەیانبینین و بەدەست هەست بە بوونیان دەکەین...

هەروەها ئەم فەلسەفەیە گرنگی بەناوەوەو خەسڵەتە جیاکار و تایبەتییەکانی مرۆڤ دەدات، نەک مۆرک و ئاکارە گشتییە دەرەکییەکانی و ئەم فەلسەفەیە زیاتر لە رێی چیرۆک و رۆمان و شانۆو دەقی وێژەییەوە دەخرێتە روو، لەم بارەیەوە سیمۆن دیبۆڤواری ژنە بوونگەری لە لاپەڕە-١١٩- کتێبی- **الوجودية و حكمة الامم**- دا دەڵێ: ئەگەر کاکڵەی فەلەسەفە ئەوە بێ باس و خواسی- چیە-تی و جەوهەر بکات... ئەوا رۆمان تەنها دەقێکە کە دەتوانێ قوڵپی رەسەنی بوون لە بارودۆخی پێکەڵ و کات و دەمی خۆیدا بدۆزێتەوە.. جگەلەوەش بوونگەرییەکان دەڵێن: بوونگەری سەرسام بوونی مرۆڤە بەبوونەوە.. هەر بۆ نموونە شانۆنووسی بوونگەری مارسال دەڵێ: (بوون هەمیشە پەیوەستە بەسەرسامییەوە) یا بوون لە (سەرسامی دانابڕدرێ).

- **واتای بوون:**

جا ئایا بوون چییە..؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، چونکە بوون خەسڵەتێک نییە لەخەسڵەتەکان، بەڵکو خەسڵەتی هەموو خەسڵەتەکانە... فڵانە کچ باڵای بەرزە و گەنم رەنگەو دەم بەخەندەیە و هەیە... بەڵام فڵانە کچ ئەگەر بوونی نەبێ نە باڵابەرزەو نە گەنم رەنگەو نە هەیە... بەلای فەیلەسووفە دێرینەکانەوە بوون لەلای مرۆڤ و لە هەمان کاتدا لەلای بەردیش هەیە.. بەڵام فەیلەسووفە بوونگەرییەکان جیاکاری دەکەن لە نێوانی شتێکدا کە هەبێ و شتێکی دیکەدا کە بوونی هەبێ.

بەردیش هەیە، بەڵام بەردبوونی نییە چونکە خەسڵەتی سەرسوڕمانی بە بوونەوە تیادا نییە تاکو هەست بەبوون بکات.. و لە راستیشدا بوون بارودۆخێکی دیار نییە، بەڵکو کارو کردارە واتا گواستنەوەیە لەبارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دیکە.. واتا لە بارودۆخی پێش ئێستاوە بۆ ئێستاو لە ئێستاشەوە بۆ داهاتوو... بۆ داهاتووتر... هەر بۆ نموونە مرۆڤ هەیەو بوونی هەیە چونکە هەمیشە لە جموجووڵ و کارو کرداردایەو خودی مرۆڤ خۆی ئەو جموجووڵ و کارو کردارە ئەنجام دەدا..

رەنگە یەکێک بڵێ بەردیش جموجووڵی هەیەو لە شوێنێکەوە دەگاتە شوێنێکی دیکە... لە وەڵامدا دەڵێین ئەم کارانەی بەرد خودی بەرد خۆی نایکات، بەڵکو مرۆڤ یا خود لافاو یان گڕکان یان بوومەلەرزە یان هەرەسی بەفر هتد.. دەیکات

لەبەرئەوە بەرد هەیە، بەڵام بوونی نییەو لەوانەیە ڕەنگی ڕەشی ئاسن لە بلێسەی ئاگردا بگۆڕێ و سوور هەڵگەڕێ، بەڵام ئەم گۆڕانکارییەی ئاسن مرۆڤ بە ئاگر کردوویەتی و ئاسنەکە خۆی توانای ئەو گۆڕانکارییەی نییە... هتد.

کەواتە هەبوون بوونی شتێک نییە بەڵکو هەبوونی هەموو شتێک لەوەدایە ئەو شتە بتوانێ بە حەزو خواستی خۆی و بە بێ هۆکاری دەرەکی جموجوڵ و کاروکردار ئەنجام بدات و بەم پێودانگەش بەلای بوونگەرییەکانەوە هەبوون پێش- چیە- تی و جەوهەر دەکەوێ و مرۆڤ سەرەتا بوونی هەیەو ئەنجا چیەتی و جەوهەر..

فەیلەسووفی بوونگەریی ئیماندار کیرکگارد دەڵێ: (هەموو کەسێک خۆی لە خۆیدا جیهانێکی تایبەتییەو پیرۆزمەندی خودی خۆی هەیەو دەستی ئەوانی دیکەی ناگاتێ).

- **خود چییە؟**

خودی هەموو مرۆڤێک یەکەیەکی سەربەخۆیەو قەوارەو سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەیەو لە ڕێگەی کردارەوە پەیوەندی بەوانی دیکەوە دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش خود پێویستی بە ئاوەز هەیەو بەبێ ئاوەز ژیر و هۆشمەند نابێ.

بەڵام کیرکگارد بیروهزری بوونگەرییانەی خۆی بەڕێورەسمێکی ئاینییەوە پەیوەست دەکات، بیرۆکەی خودی تاک بە بیرۆکەی یەکەی پارساییەوە دەبەستێتەوە... بیرۆکەی کەسێکی پیرۆزمەندی بە- خودا- بوو...

نیچەش ئەگەرچی باوەڕێکی گەورەی بەخودو کەسی تاک هەبوو، بەڵام نەیتوانی ببێتە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی بوونگەری

چونکە ئەو هەردەم سەرسام بوو بە بیرۆکەی مرۆڤی سۆپەرمانەوە... کە ئەوە جۆرێکە لەخەیاڵپڵاوی هەموو مرۆڤێکی ئاسایی.

هەر چۆنێک بێت ئەو خودە سەربەخۆیەی کە بوونگەری باسی دەکات تەنها بە هزر نادۆزرێتەوە بەڵکو بۆ ئەو مەبەستە پێویستمان بە ویست و سۆزو ئازارچەشتن و هاوتابوونی ژان و شادی و خۆشەویستی بوونگەرییانەو دڵەڕاوکێی بوونگەرییانەو نەبوون هەیە.

- **چۆن هەست بە خود دەکەین؟**

ویست و سۆز دوو ڕەگەزی هەستکردنن بەخودو لە ناخی مرۆڤدا خواست و حەزو ئارەزووی ناکۆک هەن و لە ناوەوەی خودی مرۆڤدا ململانێ دروستدەکەن و ئەمەش ئەو دیالیکتیکەیە کە بوونگەرییەکان پشتی پێ دەبەستن و لەم بارەیەوە

هەردەم ژان و شادی لە ململانێدان و ئەو دیالیکتیکە دەئەفرێنن کە بوونگەرییەکان باسی دەکەن و هەمێشە ژان لەگەڵ خۆشیدا ناتەبایە، بەڵام هەندێ بارودۆخ هەیە کە پڕ لە ژانە، بەڵام شادی بەخشە، هەر بۆ نموونە قوربانیدانی پێشمەرگە پڕاوپڕە لە ژان و ئازار، بەڵام پێشمەرگە بە قوربانیدانی خۆی لەڕێی نیشتماندا لەزەت دەبینێ... لەزەتی ئەوەی کە بە شەهیدبوونی ئەو نیشتمان دەپارێزرێ و لەمەترسی دوژمن دووردەکەوێتەوەو لەم حاڵەتەشدا ژان و شادی تێکەڵاو دەبن... ژانی کات و دەمی شەهیدبوون و شادیی رزگاربوونی نیشتمان لە مەترسی دوژمنان...

سوقراتیش کاتێ پێکە ژاهراوییەکەی نۆشی لەهەمانکاتدا کە هەستی بەژان دەکرد، هەستی بە شادی لەزەتی ئەوەش دەکرد کە لەپێناوی مرۆڤایەتیدا خۆی بە کوشت داوە.

- **خۆشەویستی بوونگەرییانە:**

خۆشەویستیش بەلای بوونگەرییەکانەوە تواندنەوەی کەسانی دیکەیە لە خوددا و ئەمەش حاڵەتێکەو ململانێیەکە کینە دروست دەکات دەربارەی ئەو کەسەی خۆشماندەوێ و لەناخی خودی خۆماندا دەیتوێنینەوە... ئەمەش هەرهەمان دیالیکتیک دەئەفرێنێ کە بوونگەرییەکان لەبارەیەوە دەدوێن...

هەروەها دڵەڕاوکێش لەلای بوونگەرییەکان کاریگەری خۆی هەیەو دڵەڕاوکێ لەلای بوونگەرییەکان جیایە لە ترس و ئەوان دەڵێن ترس لە هۆکارێکەوە دێتەکایە وەکو ترسان لە هەژاری و لە بێکاری و لە مردن و لە نەخۆشی و لەتاریکایی و هتد... بەڵام وەکو بوونگەرییەکان دەڵێن دڵەڕاوکێ هەر خۆی دڵەڕاوکێیەو پەیوەست نییە بە هیچ شتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بابەتی دڵەڕاوکێ مەسەلەی نەبوون دێنێتەکایەو هەر وەکو هایدگەر دەڵێ: (دڵەڕاوکێ نەبوون ئاشکرا دەکات) و نەبوون بیرۆکەیەکی دروستکراوی خۆمان نییەو بابەتێکی دیاریکراویش نییە شانبەشانی هەبوون... لەبەر ئەوە شتێک نییە سەرنجمان رابکێشێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پاڵمان پێوەدەنێ و دەمانبێزێنێ و بەم بێزاندنەوەیەش هەموو بوون بەرەو هەڵدێرو نەبوون دەبات... و لەسەرەمەرگیشدا وەکو بوونگەرییەکان دەڵێن دڵەڕاوکێ و ئاسوودەیی هاوتا دەبن، ئەمەش بە دوو جۆر.. جۆری یەکەمیان مردنی ئەوانەی کە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نییە و جۆری دووەمیان مردنی ئەوانەی کە باوەڕیان بە دونیایەکی دیکە هەیە... و لەم بارەیەوە بوونگەرییە گومڕاکان ئاماژە بەو قسەیەی- ئەبیقۆر- دەکەن کە دەڵێ: (مادامەکی ئێمە دەژین مردن هیچ نییە کە مردیشین هیچی دی نین و ژیان هیچ نییە)، بەڵام

بوونگەرییە باوەڕدارەکان باوەڕیان بە زیندووبوونەوە هەیەو بەلای ئەوانەوە مەرگ دەرگایەکە بەرەو ژیانێکی نویٚ و ئاسوودەییەکی هەمیشەیی و کیرکگارد پێشڕەوی ئەم بوونگەرییە ئیماندارانەیە... هەموو فەیلەسووفە بوونگەرییەکان لە هایدگەرەوە تاکو ئەگاتە سارتەر و کارل یاسبرزو جبریالٚ مارسالٚ هەر هەموویان کیرکگارد بە باوکی رۆحی خۆیان دەزانن لە بواری فەلەسەفەی بوونگەری دا...

- **جۆرەکانی هزری بوونگەری:**

دەگوترێ ئەوەندەی ژمارەی فەیلەسووفە بوونگەرییەکان رێباز و جۆرە فەلسەفەی بوونگەری هەیە.. بەڵام لە بنەمادا هەر دوو رێبازو دوو جۆری سەرەکییە:

١- بوونگەری گومڕایی: جان پۆل سارتەر رابەرایەتی دەکات...

٢- بوونگەری ئیماندار: کیرکگارد رابەرایەتی دەکات..

سارتەر بەڕوون و رەوانی و دوورو درێژی و پێکەڵی لە کتێبی (بوون و نەبوون)دا باسی فەلەسەفە بوونگەرییەکەی خۆی دەکات.

لە ژمارە-٢٧- ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٤ی گۆڤاری-کار- دا کە بەفەرەنسایی بڵاوبۆتەوە، سارتەر باسی ئەوە دەکات کە هەموو شتێک- چییەتی- و- بوون- ی هەیەو چییەتی کۆمەڵێک خەسڵەتی چەسپاوەو- بوون- یش جۆرێکە لە ئامادەگی لە جیهاندا.

بوونگەرییە ئاینداراەکان- چییەتی- پێش بوون دەخەن و بە پێچەوانەشەوە بوونگەرییە گومڕاکان- بوون- پێش چییەتی دەخەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم رێبازەی بوونگەری رای وایە لە پێشدا مرۆڤ بوونی دەبێ و دواتر چییەتییەکانی دروست دەبن.

لەم بارەیەوە سارتەر ئەوە دەخاتەڕوو کە مرۆڤ ئازادێکی رەهایەو هیچ دەسەڵات و نەریت و رێوڕەسمێک بۆی نییە ئازادی لێ قەدەغە بکات و لە دیمەنی سێیەمی بەشی سییەمی شانۆنامەی- مێش- دا بەزمانی- ئۆرست- ەوە.. وەڵامی جۆبیتیری خواوەند دەداتەوەو دەڵێ: تۆ هەرکە دروستت کردم ئیتر بڕیارم دا نەبم بە دەسەندەی تۆو نە لە ئاسماندا چاکێکی رەهاو نە لە زەویدا کەسێک هەیە بتوانێ فەرمانڕەواییم بەسەردا بکات.. چونکە من مرۆڤم جۆبیتێر.. دەبێ هەموو مرۆڤێک خۆی رێگای خۆی دروستبکات...

بەم جۆرە سارتەر کە پێشڕەوایەتی بوونگەری گومڕا دەکات و ئازادی رەها بە مرۆڤ دەدات و دەڵێ مرۆڤ خۆی بەرپرسیاری هەڵسوکەوتەکانی خۆیەتی و کەس نە لە ئاسمان و نە لە زەوی بۆی نییە ئازادی لە مرۆڤ زەوت بکات..

واتا نە ئاینەکان و نە دەسەڵاتەکان ناتوانن ڕێگری لە ئازادی مرۆڤ بکەن و لەم بارەیەوە سارتەر لە لاپەڕە-٧٢٢- بوون و نەبوون- دا دەڵێ:

(ئازادی تەنیا سەرچاوەی هەموو بەهایەکە)، هەروەها لە لاپەڕە(٨٢،٨٣) کتێبی- بوونگەری دیژەیەکی مرۆییە- دا دەڵێ: (ئازادی جگە لە ئازادی هیچ ئامانجێکی دیکەی نییەو مرۆڤ ئازادی لە پێناوی ئازادیدا دەوێ)، بەم جۆرە لەلای سارتەر هیچ ڕەوشت و سرووت و ڕێوڕەسمێکی ئاینی بوون و بەهای نییە..

لەلایەکی دیکەوە لەلایەن دوژمنانی بوونگەرییەوە تۆمەتی سست و خاوی و کەمتەرخەمەمی و بایەخدان بەتاک و پشتگوێخستنی کۆمەڵگا و گرنگیدان بە ڕەشبینی و بەرەڵایی و نائومێدی و بێ هیوایی بە پاشەڕۆژی ڕووناک و باوەڕنەبوون بەکاری هەرەوەزی و گوێ نەدان بە ئاین و بەداب و نەریت و مەرتاڵی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتی هاوبەش دەدرێتە پاڵ فەلسەفە و هزری بوونگەری و بوونگەرییەکان.

سارتەر لە وەڵامی ئەو نەیارانەدا دەڵێ: ئەوان ڕۆمانی نووسەرێکی بوونگەری لە ڕۆمانی- زەوی- ئەمیل زۆلا بەڕەشبینتر دەزانن و دژی ڕۆمانێکی بوونگەری تووڕەیی دەردەبڕن، بەڵام دژی ڕۆمانی زەوی بێدەنگ دەبن... و وادەزانن ئێمە دژی زەبرو زەنگ و ناڕەوایی بێ دەنگین و ڕەشبینین...

باشە بۆچی هەر بۆ ئەوەی بڵێین ویست پێش کارو کردارە یا ئەگەر بڵێین- بوون- پێش- جەوهەر- ە یا مرۆڤ پێش هەموو شتێک بووەو هەیە.. ئیتر بە ڕەشبین و بێ ئومێد و خاو و خلیسکمان ناوزەد دەکەن...

یا بۆچی ئەگەر بڵێین مرۆڤ خۆی ئەفرێنەری خۆیەتی و شکۆو ڕێزێکی وای هەیە نەدارو نەبەرد و شتە مادییەکان هەیانەو هێزێکە بەرەو ئایندە دەڕوانێ و بەرەو پێشەوە دەڕوات و جێگیربوونی بەلاوە پەسەند نییەو هەمیشە بە ئازادییەکی ڕەهاوە دووناودوونی پێشکەوتنکاری دەکا ئیتر بەڕەشبین و کەمتەرخەم لەقەڵەم دەدرێین.

کە ئێمە دەڵێین هونەرمەند لە هونەرەکەیدایەو بەهای نووسەر لە نووسینەکەیدا و بەهای مرۆڤ لە کارەکانیدایە.. ئەوە ئێمە ئەوە دەسەلمێنین کە فەلسەفەی بوونگەری فەلسەفەیەکی پڕ لە ئومێدەو گەشبینەو کە من دەڵێم: (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم) ئەم هەست بەبوونی- من- کردنە.. خۆی لە خۆیدا هەست کردنە بەبوونی ئەوانی دیکە.

وەکو لەسەرەتادا ڕوونمانکردەوە دوو ڕێبازی سەرەکی بوونگەریی هەیە..

ڕێبازێکی گومڕاو ڕێبازێکی ئایندارو لەهەر دوو ڕێبازەکەدا گەلێ فەیلەسووف و هزرمەندی ناودار هەڵکەوتوون.. لەوانە: جان پۆل سارتەر و کیرکگارد و هایدگەر و میرلۆ بۆنتی و گۆسدۆرۆف و غابریال مەرسیل و کارل یاسبرز و لوێس لاڤیل و هتد...

گومانیش لەوەدا نییە کە ئەگەرچی دوو ڕێبازی بنەڕەتی بوونگەری هەیە، بەڵام هەر فەیلەسووفێک و هزرمەندێک لەو فەیلەسووف و هزرمەندانەی ناومان بردوون و ناومان نەبردوون لەبارەی هزرو فەلسەفەی بوونگەرییەوە بیروڕاو چەمکی جیاوازی خۆیان هەیەو ئەمەش وا دەکات وەک لەسەرەتادا گوتمان.. دووبارە بڵێین ئەوەندەی ژمارەی فەیلەسووف و هزرمەندانی بوونگەری ڕێباز و شێوازی جیاوازی بوونگەری هەیە.

- **بۆ نووسینی ئەم بابەتە.. کەم و زۆر سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١–الوجودية فلسفة الواقع الانساني/ غازي الاحمدي.

٢–دراسات في المسرح المعاصر/ يوسف عبدالمسيح ثروة.

٣–سارتر بين الفلسفة والادب/ ترجمة مجاهد عبدالمنعم المجاهد.

٤–معنى الوجودية/ منشورات مكتبة الحياة/ ١٩٦٧.

٥–مسرح اللامعقول و قضايا اخري/ يوسف عبدالمسيح ثروة.

٦–بين برجسون و سارتر/ حبيب الشاروني.

٧– نظرات حول الانسان/ روجية غارودي/١٩٨٣.

# شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی






نالە حەسەن

کتێبی (شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی) کتێبێکی هەرە نایابی نێو کتێبخانەی ئەدەبی ئەمریکایە، ئامادەکردن و نووسینی لەلایەن پۆل هوڤێرە... نزیکەی هەزار لاپەڕەیەک دەبێت. ئەم کتێبە بەرهەمی ١١٣ شاعیری هاوچەرخ لەگەڵ کورتەیەک لە ژیان و داهێنانەکانیان و ٥٥٧ شیعری لەخۆ گرتووە، هەروەها ١٥ وتار و لێکۆڵینەوەی شیعری کە لە لایەن ئەو نووسەرانەوە نووسراون، کە لە گۆشەی جیاوازەوە لە شیعر و نووسین و داهێنانیان روانیوە و هاوکات پەیوەندی نێوان شیعر و زمان و ئیستاتیکا و ستایلی جودا و نوێخوازی و زۆرێک لە بنەما و پێکهاتەی تر، کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە گوتاری شیعری و بە داهێنانەوە هەیە. نووسین و شیعری ئەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە پێیان وابوو، نوێخوازی بریتییە لە گەڕان و هەوڵی بەردەوام لەنێو رووبەرەکانی زمان بۆ کەشفکردن و

دۆزینەوەی هێما و مانا و دەستەواژەی نوێ، یان دووبارە ناونانەوەی وشەکان و بنیادنانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان چەمک و هێما و کۆدەکان. بۆ نموونە وتارێکی "چارلس ئۆلسن" لە ساڵی ١٩٥٠، لە راستیدا مانیفێستێکی شیعر بوو بە ناوی (Projective verse) لەو وتارەدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بونیادی شیعر دەکات لەڕووی ماناوە... بەو مەبەستەی مەرج نییە هەموو بونیادی شیعرەکە لەسەر یەک مانای بڕوات، یان یەک مانای هەبێت... وەک ئەو پێکهاتە تەقلیدییەی کە (سەرەتا و ناوەڕۆک و کۆتایی) لەسەر هێڵێکی راست بڕوات. دەکرێت هەر کۆپلەیەک، هەر دێڕێک مانایەکی دیاریکراو و سەربەخۆی هەبێت... ئۆلسن لەم وتارەی ئازادییەکی فراوانتر بە وشەکان و رستە شیعرییەکان و کۆپلە شیعرییەکان دەبەخشێت و لەنێو بازنەیەکی داخراوی مانا دەریان دەهێنێت، رووبەرێکی فراوانتریان دەخاتە بەردەم. بە مانایەکی تر ئەم مانیفێستەی ئۆلسن هەوڵێک بوو بۆ تێکشکاندنی بەها و پیرۆزیی مانا و هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیقییەتی مانا لە دەق، ئۆلسن پێی وابوو، مانایەکی یەکڕەنگ و نەگۆڕ وەک راستییەکی رەها بوونی نییە.. ئەم روانینەی ئۆلسن بۆ زمان و بونیادی شیعری بۆ سەرەتای پەنجاکان، روانینێکی تەواو نوێ و هاوچەرخ و تەواو جیاواز بوو. لە هەمانکاتدا کاریگەری تەواوی هەبوو لەسەر ستایل و گۆشەنیگای نوێخوازانەی شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی... یان وتارێکی تر کە لەلایەن ستیڤ ماکفێری نووسراوە، دەکرێت ناوەڕۆکی ئەم وتارە لەوەدا کورت بکەینەوە کە ئیشکردن لەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکانی دەق و کاریگەری زمان لەسەر دەق، بە مانای ئەگەر نووسین موغامەرەیەک بێت لەپێناو زماندا، چۆنییەتی مەمەڵەکردن و چۆنییەتی ئاکتکردن لەنێو رووبەری ئەم موغامەرەیە و لەپێنا و بونیادی دەقێکی سەرکەوتوو بە فۆرم و ستایلێکی نوێ و جیاوازەوە، لە دیوێکی تری ئەم وتارە باس لە پەیوەندی و کاریگەرییەکانی شاعیر و خوێنەر، یان وەرگر و دەق دەکات، هاوکات ستیڤ جەخت لەوە دەکات گرنگیدان بە هێما و کۆدەکان زیاتر لە وشە، لە روانگەیەکی فرۆیدییانەوە لە پێکهاتەی زمانی دەق دەڕوانێت. لە سەرەتای کتێبەکە، پۆل هوڤێر پێشەکییەکی درێژ و هەمەلایەنەی بۆ کتێبەکە نووسیوە و بە هەناسەیەکی درێژەوە باس لە شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی و سەرەتای دەسپێکردن و سەرهەڵدان وگەشەکردنی دەکات، هەروەها باسی ئەو سیما هاوچەرخ و یاخییانە دەکات کە بوونە هۆی بەرهەمهێنانی شیعری پۆستمۆدێرنی و کاریگەری دانان لەسەر نوێبوونەوەی شیعری ئەمریکی، هەروەها قوتابخانە شیعرییەکانی نێو ئەم تەوژمە پۆستمۆدێرنییە، بۆ نموونە وەک قوتابخانەکانی:

- black mountain poetry
- New York school
- Language poetry
- Beat poetry

هەوڵدەدەین لە خوارەوە، هەریەکێک لەو قوتابخانە و تەوژمە ئەدەبی و شیعرییانە بە کورتی بناسێنین.

Black mountain school ئەم قوتابخانە شیعرییە لە سەرەتادا پەیمانگایەکی هونەری بوو، بیناکەی لە کەنیسەیەک بوو لە هەورازێک بە ناوی (چیای رەش) لە ساڵی ١٩٣٣ دروست بوو تا ساڵی ١٩٥٦... وانەی هونەریی تیا دەگووترا... وانەکانی شێوەکاری و مۆسیقا و شیعریش یەکێک بوو لە بابەتەکان... دواتر وەک قوتابخانەیەکی شیعریی هاوچەرخ و نوێخواز بە ناوی (قوتابخانەی چیای رەش) ناویان دەرکرد. شاعیرە دیار و ناسراوەکانی ئەمانە بوون: (رۆبێرت کریلی، رۆبێرت دانکان، دەنیز لێڤەرتۆڤ، چارلس ئۆلسن و ولیەم کارلۆس ولیەم،...) لە رووی مەعریفەی شیعری و توانای شیعری کەسەکانی لێهاتوو و بەتوانا بوون... بەتایبەت چارلس ئۆلسن، لە ئاستێکی فراوان وەک بیرمەندێک و تەنانەت وەک فەیلەسوفێک لە نێوەندی ئەدەبی و رۆشنبیری ئەمریکیدا ناسراو بوو. مانیفێستە شیعرییەکەی کاریگەری زۆری لەسەر شیعری ئەمریکی دانابوو... بەتایبەت لەسەر پێکهاتە و بونیاد و مانا و فۆرمی نوێ و زۆر لایەنی تر. رۆبێرت کریلی و دەنیز لێڤەرتۆڤ دوو کەسایەتی ناسراوی پڕ داهێنانی ئەم قوتابخانەیە بوون، دەنیز لێڤەرتۆڤ بە نووسینی شیعری سیاسی بەناوبانگ بوو... ئەزرا پاوەند وەک بیرمەندێک و شاعیرێک لە نووسەران و شاعیرانی چیای رەش زۆر نزیک بوو... ئەم قوتابخانە شیعرییە رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە سەرهەڵدانی شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی.

New York school ئەم قوتابخانەیەش لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری نیویۆرک سەریهەڵداوە... شاعیرە دیار و ناسراوەکانیان ئەمانەن: (جۆن ئەشبێری، بەربارا گەست، کەنێس کۆست، فرانک ئۆهارا...) شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە زۆر بە تۆخی لەژێر کاریگەری سوریالیستەکان و مۆدێرنیستەکان بوون... شاعیرانی قوتابخانەی نیویۆرک هەم کەسانی جدی و هەم ئایرۆنی بوون... بە حەزەرەوە دەیاننووسی، جگە لە شێوازی نوێی نووسین، بەرگریی زۆریان لە مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی تاک دەکرد... ماف و ئازادییەکانی تاک چەقی قورسایی

ئیشکردن و بیرکردنەوەکانی ئەم گرووپە بوون. لە هەمانکاتیش گرنگیی زۆریان بە هونەری شێوەکاری دەدا... زۆرێک لە شاعیرەکان هونەرمەندی شێوەکاریش بوون... شاعیرانی قوتابخانەی نیویۆرک لە رووی پەیوەندی و دۆستایەتییەوە لەگەڵ هونەرمەندە شێوەکارییەکان لە پەیوەندییەکی بەهێزدا بوون. بەتایبەت لەگەڵ (چارلس پۆلۆک و ولیەم دیکۆنین)... هەروەها فرانک ئۆهارا و جەیمس سیلەر لە مۆزەخانەی (هونەری مۆدێرم) کاریان دەکرد.

Beat poetry school قوتابخانەی شیعری بییت لە سەرەتای ١٩٤٠ سەری هەڵدا و گەشەی کرد... لە شارەکانی نیویۆرک و وێست کۆست، بەڵام شاری سانفرانسیسکۆ وەک ناوکۆکە و دڵی ئەم قوتابخانەیە بوو... لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجا، واتە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەوڵ و داهێنانەکانیان لەوپەڕیدا دەبێت. شاعیرە دیار و ناسراوەکانیان ئەمانەبوون: (ئالێن گێنسبێرگ، گێری سنیدێر، لۆرانس فێرلێنێتی، گریکۆری کۆرسی...)، شاعیرانی ئەم قوتابخانە شیعرییە گرنگییان بە کەلتوور و سیاسەت دەدا... بیرکردنەوە و پرسیارەکانیان لە پەیوەند ئەم چەمکانە چڕکردبووەوە. زۆر لە شاعیرانی بزووتنەوەی فرانسیسکۆی رێنیسانسەوە نزیک بوون. بەتایبەت لەگەڵ (کەنێس رێکسرۆت و رۆبێرت دانجان) وەک گرووپێکی رادیکاڵ بە دژی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کەلتوورە دواکەوتووەکان و شێوازەکانی ئەدەبی تەقلیدی کاریان دەکرد... ئەمانیش وەکو سوریالیستەکان باوەڕیان بە هەستی لاشعوری و نائاگایی هەبوو... دەرمانی بێهۆشکەریان بەکاردەهێنا تا بگەنە ئاستی هالۆسینەیشن و بێئاگایی، لاسایی کەسە ئاینییەکانیان بەتایبەت بودییەکان دەکردەوە... لەنێو دونیای بێئاگایی دەقەکانیان دەنووسی.

The language school of poetry ئەم قوتابخانە شیعرییەش لە ساڵی ١٩٧٠دەستی پێکرد، بۆ وەڵامدانەوە بە ستایلی تەقلیدییەکانی شیعری ئەمریکی و فۆرمە کۆنەکانی. لە پاژنەی پێیەکانی قوتابخانەی چیای رەش و قوتابخانەی نیۆرکەوە هاتبوون... واتە درێژکراوەی ئەوان بوون. ئامانجی ئەم قوتابخانە شیعرییە ئەوە بوو، لەنێو رووبەری زمان زیاتر چڕ ببنەوە و مانایەکی تر بە زمان و شیعر ببەخشن، هاوکات پەیوەندی نێوان وەرگر و دەق ببەنە ئاستێکی تر... لەگەڵ ئەم پەیوەندییە ئەدەبییە زمانەوانییە بەشدارییان لە سیاسەت دەکرد. سیمای دیار و هەوڵەکانی ئەم قوتابخانە شیعرییە زمان بوو... زمان لەپێنا و

دروستکردنی بیرۆکە و هێما و چەمکی نوێ... ئیشی زۆریان لەسەر مانا دەکرد، بیرۆکە و مانا و کۆد و وشەکانیان لە ڕێی گەمەکانیان و مەمەڵەکردنیان لەگەڵ زمان دەخستە روو. هەوڵیان دەدا خوێنەر بەشدار بکەن لە دەقەکانیان... خوێنەریان هاندەدا لە ڕێی خوێندنەوە و قووڵبوونەوەیان لە دەقەکان مانای دەق و وشە و هێماکان شی بکەنەوە. ئەویش لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی مانای دەقەکە و دووبارە بونیادنانەوەی، گەیشتن بە خوێندنەوە و مانایەکی نوێ بۆ تێکستەکە... ئەم گرووپە گرنگییان بە پەخشانیش دەدا و وتاری ئەدەبیشیان زۆر دەنووسی. لەسەر ئامانج و شێوازی نووسین و داهێنانەکان و جیاوازییەکانیان. ڕۆن سمێل مانی شاعیر یەکێک لە وتارنووسە بەناوبانگەکانیان بوو... یان لین هێژینەین ئەم شاعیرە وتارە ئەدەبییەکانی لە کتێبێک کۆدەکاتەوە بە ناوی (the language of ingurity) لە یەکێک لە وتارەکان دەڵێت (زمان هیچ نییە جگە لە مانا، مانا هیچ نییە جگە لە تەوژمێکی نێو دەق، ئەو دەقانەی بە دەگمەن لەنێو وینەکان کۆدەبنەوە و یان دەبن بە چەمکی نوێ...)، جگە لەم دوو شاعیرە، شاعیرە دیارەکانی ئەم قوتابخانەیەش ئەمانە بوون: (چارلز بێرنستین، بارێک واتین، باب پێریلمان...). شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی جگە لە شاعیرانی ئەم چوار قوتابخانە شیعرییە زۆرێک لە شاعیرانی تریش کە لە دەرەوەی ئەم قوتابخانانە بوون، هەندێکیان بە شاعیرانی یاخی ناویان دەبردن و زۆرانی تر... هەروەها زۆرێک لە شاعیرانی نەوەی نوێش چونکە شیعری پۆستمۆدێرن وەک و تەوژمێک هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە... زۆرێک لەو شاعیرانە سەرسامبوون بە تەوژم و شاعیرانی (ئاڤان گرەیدی) ئەوروپی... بە پێی زۆرێک لە سەرچاوەکان (پۆستمۆدێرنیزم) وەک قۆناغێک لە شەستەکانەوە دەست پێدەکات، بەڵام بەپێی پێشەکییەکەی پۆل هوڤێر شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی لە پەنجاکانەوە دەست پێدەکات... ئەوەتا لە سەرەتای نووسینەکەی لە شوێنێک دەڵێت (چارلس ئۆلسن لە سەرەتای ١٩٥١ وشەی پۆستمۆدێرنیزمی لە نامەیەکدا بۆ ڕۆبەرت کریلی لە چیای ڕەش نووسیوە)، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، ئەو شاعیر و قوتابخانانەی لەم کتێبەدا ناویان هاتووە و ڕۆڵیان بووە لە بنیاتنانی شیعری پۆسمۆدێرنی ئەمریکی، ئەو شاعیر و قوتابخانە شیعرییانە بوون کە لە چلەکانەوە بەدواوە. بۆیە دەتوانین بڵێین شیعری مۆدێرنیستی ئەمریکی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی ترەوە، ئەویش (پۆستمۆدێرنیزم)ە. هەروەها پۆل هوڤەر باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کەوا پۆستمۆدێرنیزم چەندین بیرمەندی بە دنیای ئەدەب و مەعریفە بەخشی لەوانە (جاک لاکان و جاک دریدا

و جولیا کریستیڤا و بێل هوکس و.... و) چەندانی تر، جولیا و بێل هەم بیرمەند و هەم هەڵسووڕاوی کارای بواری فیمینیستی بوون. پۆل هۆڤێر لەسەر شێواز و ستایلی نووسینی شاعیرە پۆستمۆدێرنەکان پێی وابوو شاعیرانی ئەم گرووپانە فۆرم و ستایلەکانیان هاوچەرخانە و لە یەکترییەوە نزیک بوون، لە هەمانکات جیاوازیش بوون... یان پێی وابوو زۆرێک لەم شاعیرانە لەپێناو زمان فۆرمەکان دیاردەکەن، ئەمەش بۆ خولقاندنی سیمایەکی نوێ. ئەراگۆنی شاعیر لە شوێنێک دەڵێت (پێویستە نووسین کردارێکی سیحری بێت کە بتوانێت سیحر وەبەرهەم بێنێت)... شیعری پۆستمۆدێرنی لەسەر ئەم سیحرە ئیش دەکات، لەسەر بنەما و پاشخانێکی مەعریفییەوە گومان و پرسیاری نوێ بەرهەم دەهێنێت. لە شیعری پۆستمۆدێرنیزم زەمەن بە هێڵێکی راست و ئاسۆییدا (رابردوو، ئێستا، داهاتوو) ناڕوات... رابردوو ئەو بناغە تۆکمە و ئەو کاریگەرییە تۆخەی نییە، زیاتر ئیش لە ئێستادا دەکات و هاوکات رووەو ئایندەش.. ئەوە بەو مانایەی نییە رابردوو هیچ کاریگەرییەکی نییە لە رووبەری شیعری پۆستمۆدێرنی... بە مانایەک شیعری پۆستمۆدێرن هێندەی لەسەر کەلتوور ئیش دەکات، هێندە لەسەر مێژوو ئیش ناکات، زیاتر بە ناخی پەیوەندی تاکەکان و ژیانی رۆژانە و بۆ ناوەوەی تاکەکان شۆڕدەبێتەوە، بە دیوێکی تر لە کەنارەوە بەرە و قووڵاییەکان دەڕوات لە رێگای هونەری زمان و بەکارهێنانی پارادۆکس و گومان و دووبارەبوونەوە و پرسیارکردن و زۆر شتی تر.

**-شیعری پۆستمۆدێرن و یان پۆسمۆدێرنیزم و شیعر:**

ئەگەر بمانەوێت باسی شیعری پۆستمۆدێرنی بکەین یان باسی پۆستمۆدێرنیزم بکەین، ناتوانین باسی شیعری مۆدێرن یان باسی مۆدێرنیزم نەکەین... راستە هەندێک لە بیرمەندەکان پێیان وایە مۆدێرنیزم فەشەلی هێنا و لە بەرامبەر پرۆژە و ئامانجەکانی شکستی خوارد، بەڵام هەندێکی تر، بە پێچەوانەی ئەم روانینە بیردەکەنەوە و پێیان وایە مۆدێرنیزم شکستی نەخواردووە، بەڵکو چۆتە قۆناغێکی ترەوە بە مانایەکی دیکە، پستمۆدێرنیزم درێژکراوەی مۆدێرنیزمە... ئەوەتا فرێدریک جیمسۆن دەڵێت: (پۆستمۆدێرنیزم هاوشێوە و هاوکۆپی مۆدێرنیزمە)، بەڵام لە هەردوو قۆناغدا، چ مۆدێرنیزم و چ پۆستمۆدێرنیزم لە ئەنجامی گەشەی خێرای تەکنۆلۆژیا و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەی شارستانییەت دروستبوون، بە مانای، ئەگەر ژیان وەکو دەقێکی ئەدەبی وەربگرین، دەبینین فۆڕمەکانی رۆمانسیزم و ریالیزم نەیانتوانی بەرامبەر ئەم ستایلە نوێیەی ژیان

ڕێک و هاوتەریب بڕۆن. هەروەک (ڤێرجینیا وۆلف) لە شوێنێکدا دەڵێت (هەموو پەیوەندییەکان گۆڕاون...). بۆیە ژیان پێویستی بە فۆڕمێکی تر بوو لە ئەدەب و شیعر هاوکات پێویستی بە میتۆدێکی تر بوو بۆ بیرکردنەوە... بۆیە فۆڕمێکی نوێ بە دیدگا و بیرکردنەوەی نوێ پشتبەستوو بە گەشەی زانست و مەعریفە و تەکنۆلۆژیا لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم، واتە مۆدێرنیزم، دواتر لە دوای ساڵەکانی پەنجاش بەناوی پۆستمۆدێرن خۆیان ڕاگەیاند، بۆ وەڵامدانەوە بە فۆرمە کۆنەکانی ڕۆمانسیزم و ریالیزم و تەوژم و قوتابخانە کلاسیک و تەقلیدییەکانی پێش خۆیان. بۆ بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە و دەستەبەربوون و وەڵامدانەوە بە ماف و ئازادییەکانی تاک و کەلتوورێکی شارستانی. گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی چ لە دەورانی مۆدێرنیزم، یان پۆستمۆدێرنیزم، گوتارێکی ڕەخنەیی زانستی عەقڵانی بوو... بە مانای دانانی یاساکان و بەڕێوەبردنی دەزگاکان لەسەر بنەمایەکی زانستی، واتە لە هەموو بوارەکان زانست شوێنی ئایین و ئایدیۆلۆژیا دەگرێتەوە، چونکە زانست ئەو چوارچێوەیەیە، دەتوانێت تەفسیر و شیکردنەوەیەکی واقیعی و دروست پێشکەش بە ژیان بکات... هەروەک دەبینین سەدەی بیستەم سەدەی پاشەکشەی ئایین و ئایدیۆلۆژیایە... سەدەی سەردەرهێنانی زانست و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایە... بەمانایەک زانست دەبێتە هۆکارێک بۆ دۆزینەوە و خولقاندنی پرسیار و گومانی نوێ. یان زانست و مەعریفە وەزیفەی سەرەکییان ئەوە دەبێت ژیان بەرەوپێشەوە ببەن و ئاسۆ و ڕووبەری بیرکردنەوە فراوانتر بکەن، لە هەمانکاتیش ببن بە میتۆدێک بۆ بەرهەمهێنانی فکر، یان بەمانایەکی تر زانست دەبێتە کەرەسەی بیرکردنەوە و داهێنان... چونکە ناتواندرێت لە ئەدەبدا، گومانی گەورە بخولقێندرێت گەر پشت بە مەعریفەیەکی گەورە نەبەسترێت، یان ناتوانین پرسیاری گەورە بهێنێتە ئاراوە گەر زانست و مەعریفە نەبێتە کەرەسەی بیرکردنەمان... بەمانایەکی تر، عەقڵی زانستی ناتوانێت کار بکات گەر میتۆدی بیرکردنەوە پشت بە بنەما مەعریفی و زانستییەکان نەبەستێت... پۆستمۆدێرنیزم بە دژی کەلتووره کۆن و تەقلیدییەکان دەوەستێت و لە بەرامبەردا کار بۆ کەلتوورێکی شارستانی و پێشکەوتوو دەکات. دەتوانین بە شۆڕشی تەکنۆلۆژی و دیموکراتی ناوی بەرین و وەک ڕێبازێکی فیکری زانستی یاخی لە واقیعی کۆمەڵایەتی... ئەگەر لێرەوە مەبەستەکانمان چڕکەینەوە و لە شیعری پۆستمۆدێرنی یان هەندێک لە ئەدگار و سیماکانی شیعری پۆستمۆدێرنی بخەینە ڕوو، دەتوانین بڵێین... شیعری پۆستمۆدێرنی لەسەر گومان کار دەکات. بە سوودوەرگرتن لە بیردۆزی نیسبی ئەنیشتاین،

چونکە وەک چۆن تەکنۆلۆژیا ژیان خێراتر دەکات بیری ئەنیشتاینیش گۆشەنیگا و سیمای پۆستمۆدێرنی بە جیهانی کرد. پۆستمۆدێرنەکان باوەڕیان بە هیچ بیرۆکەیەکی ڕەها و موتڵەق و بە هیچ ڕاستییەک نییە... بوارێک بۆ ئەوی تر دەهێڵنەوە... هەروەکو قسەیەکی بەناوبانگی پۆست مۆدێرنیستەکان هەیە، کە دەڵێن (ڕاستی نە لەلای منە نە لەلای تۆ، بەڵکو لە هەمانکاتدا لای هەردووکمانە)، بەمانایەک هیچ شتێک حەقیقەتی ڕەها نییە، بە گومانەوە لە هەموو شتێک دەڕوانن... لە تەمەنی مۆدێرنیزم دونیا دەرگیری دوو شەڕی کاولکاریی جیهانی بوو... ئەمەش لە ئەنجامی باوەڕهێنان بە حەقیقەتی ڕەها و بوار نەهێشتنەوە بۆ ئەوی بەرامبەر، بۆیە هەندێ کەس پییان وایە مۆدێرنیزم لە بەرامبەر هەندێک لە پڕۆژە و ئامانجەکانی خۆی شکستی خواردووە، بەڵام پۆستمۆدێرنیزم بە گومانەوە لە هەموو شتێک دەڕوانێت و شیعری پۆستمۆدێرنی لەسەر ئەم گومانە کاردەکات. ڕەگەز و پێکهاتەیەکی تری شیعری پۆستمۆدێرنی (پارادۆکسە)... بە مانای بەکارهێنانی دوو بیرۆکە و یان وشە و دوو چەمکی پێچەوانە و هاودژ لە یەک ڕستە، یان لە یەک کۆپلەی شیعری بۆ خولقاندنی مانا و دەستەواژەیەکی نوێ. ئەم بەکارهێنانی هاودژی و پارادۆکسییە لە شیعری پۆستمۆدێرنی زۆر دەبیندرێت، بۆ نموونە (ئێلین مایلێس) لە شیعری (خوێنبەربوونی دڵەکان)دا دەڵێت:

**ئێستا چی**
**من ئێرەییم**
**بە دوێنێ شەو دێت**
**هەردووکمانی لەباوەش بوو**
**لەنێو**
**مەچەکە ڕەشەکانی**
**من ئەمڕۆ**
**لەنێو**
**ڕانەکانم ڕامگرتووە**
**... بێ موو**
**خوێنی لێ دێ و**
**دەلەرزێ**
**تەڕە**
**بە یادگارییە خەمناکەکان....**

ئەگەر لەم شیعرە ورد بینەوە، دەبینین پارادۆکسێکی تیایە کە قوڵی و جوانییەکی بێوێنەی بە شیعرەکە بەخشیوە... ئەگەر وردبینەوە و بڕوانین... کۆئەندامی مێ یان نێر، کاتی لەرزین و تەڕبوون ئەوکاتەیە، گەیشتن بە لوتکەی لەزەت، واتە ئۆرگازم... گەیشتن بە ئۆرگازم بە تێکەڵاوبوونی رۆح و ئەتمۆسفیرێکی رۆمانسی، یان ئیرۆسی و یادگارییە خۆش و لەزەتبەخشەکانەوە دەبێت، نەک بە یادگارییە خەمناکەکان... بە پێچەوانەوە، یادگارییە خەمناکەکان حەز و ئارەزووەکانمان دەپووکێنێتەوە... بەڵام شاعیر لەنێو ئەم خەیاڵە شیعرییە بە ئارەزووە خەمناکەکان دەمانگەیەنێتە لەرزین و تەڕبوون، واتە دەمانگەیەنێتە ئۆرگازم... پارادۆکس و هاودژییەکە لێرەدایە.

شیعری پۆستمۆدێرنی ستایلێکی دیاریکراوی نییە، زۆرجاران بە رواڵەت سادە، بەڵام لە ناواخن و لە رووی ماناوە قووڵ... ئێلین مایلێس، هەر لەهەمان شیعردا لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**نازانم**
**بۆچی گەردوون**
**منی هەڵبژارد**
**ببم بە مێیەکی**
**جوانییەکی زۆر و**
**ئازارێکی بەردەوام...**

نازانم بۆ گەردوون منی کرد بە مێ؟ یان جوانییەکی زۆری بێوێنە و ئازارێکی بەردەوام... لەنێو هەناوی ئەم پرسیارە چ گلەییەک لە گەردوون دەکات؟، چ بێئەمەکی و بێوەفاییەکی گەردوون پێشان دەدات بەرامبەر بە رەگەزی مێ، جوانییەکی بێوێنە و ئازارێکی بەردەوام و ناخێکی پڕاوپڕ لە نائومێدیی... چ دەربەست و سپڵە و بێهودەیە ژیان؟ ئەم کۆپلە شیعرە بە رواڵەت وشەکانی سادە و ناسکۆلەن، بەڵام چ قووڵییەک و دوورنماییەک و هاودژییەک لەودیو پرسیار و وشە و هێماکاندا هەیە؟. کێشە و ماف و ئازادیی تاک و نابەرابەری رەگەزی و تووڕەهاتی گەردوون و ژیان، هەمووی لە پرسیارێک و لە چەند وشەیەکی ناسک خستۆتە روو.. سیما و رەگەزێکی تری شیعری پۆستمۆدێرنی ئەوەیە، ئاراستەکان بەرەو ناوەوەن، بە مانایەک شاعیر خۆی دەنووسێتەوە و لەسەر حەز و ئارەزووەکان و هەستەکانی ناوەوە و ئومێد و خواستەکانی خۆی ئیش دەکات و یان گومان و نیگەرانییەکانی خۆی دەنووسێتەوە... کەمتر وەک رۆمانسییەکان و ریالیستەکان ئیش لەسەر جوانییەکانی سروشت و داستانەکان

و مەزنیی پەروەردگار و ڕووداوەکان دەکەن... زیاتر بە ناخی خۆیاندا دەچنە خوارەوە... هەروەک (ڕۆبەرت کریلی) لە شیعری "باران"دا دەڵێت:

**هەموو شەوەکە**
**ئەم دەنگە دووبارە دەبوویەوە**
**جارێکی تریش ئەم بێدەنگییە**
**بارانێکی بەردەوام**
**من کێم لە بەرامبەر خۆمدا**
**دەبێ بیرم نەچێ**
**ئەو هەمیشە**
**کاریگەری بەسەرمەوە هەیە...**

لە شەوێکی خامۆشدا باران دەبارێ... ئەمیش لە ژوورەوە ڕۆچووە بەنێو خەیاڵەکانیدا... لە ئەتمۆسفیرێکی بێدەنگ، ئەمیش دەڕوانێ و بیردەکاتەوە، لە خۆی و پرسیار دەکات، من کێم لە بەرامبەر خۆمدا، بەدوای کەسەکەی ناوەوەی، یان منەکەی خۆیدا دەگەڕێت، خۆی دوو کەسە، منێکی نەناسراو و لە بەرامبەر خۆی... لە هەمانکات نەک لەنێو قوڵایی ئەم بێدەنگییە، نەک هەر بیر لە خۆی، بەڵکو بیر لەو کەسەش دەکاتە کە هەمیشە کاریگەری بەسەرییەوە هەیە. ئەم ڕۆچوونە بەناو ناخ و حەز و خەیاڵ و ئارەزووەکانی خود شێوازێک و سیمایەکی شیعری پۆستمۆدێرنە بە مانایەکی تر شیعری پۆستمۆدێرنی فۆرمێکە لوولدراو بە سیستم و پێکهاتە دەروونییەکان و گوڵدانێکە پڕ لە پشکۆکانی حەز و ئارەزوو... سیمایەکی تری شیعری پۆستمۆدێرنی... باوەڕیان بە نەهیلیزم ئەو پووچگەراییەی نیتشە بانگەشەی بۆ دەکرد، هەیە، تێکشکانی بەها و پیرۆزیی شتەکان.. هیچ شتێک ئەو بەها و پیرۆزییەی نییە کە نەتوانی ڕەتی بکەیتەوە، مرۆڤ لوتکەی بەها و پیرۆزییەکانە... زۆرێک لە شاعیرانی پۆستمۆدێرنەکان ڕەچاوی خاڵبەندییان نەدەکرد بۆ شیعرەکانیان، واتە باوەڕیان بە خاڵبەندی نەبوو، ئەمەیان بۆ خوێنەر جێدەهێشت... بۆ ئەوەی پەیوەندی خوێنەر و دەق لە ئاستێکی باڵابێت... خوێنەر قووڵتر تێکەڵ بە دەقەکە بێت و وریاتر مەمەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکات. پۆستمۆدێرنیستەکان لە ڕێی پوخت بەکارهێنانی زمانەوە گۆڕانکاری گەورە لە دەق و پرسیاری گەورە دروست دەکەن، لە ڕێی دووبارەکردنەوە و گەمەکردن بە وشەکان و بەمانای لەنێو ڕووبەر و پانتاییەکی فراوانتری زمان، بەدواداگەڕان و کەشفەکانی خۆیان دەکەن، هەروەها هارمۆنی

و پەیوەندی نێوان کۆد و وشەکانیش لە هەر رستەیەک و کۆپلەیەک و وێنەیەک دەگۆڕێت، هیچ کاتێک وشەکان و هێماکان خۆیان قەتیس ناکەن لەنێو بازنەی مانای رووتی وشەکان... خوێنەریش بۆ تێگەیشتن لە مانا و بونیادی دەق و گەیشتن بە رووبەرە قووڵەکان و دۆزینەوەی پرسیارەکان، پێویستی بە میتۆدی بیرکردنەوە و پاشخانێکی مەعریفی باڵا هەیە.

تەمموزی ٢٠١٣


سەرچاوەکان:

Postmodern American Poetry
A NORRTON ANTHOLOGY
Edited by
PAUL HOOVER
POSTMODERNISM IN POETRY
POETS.ORG

# لە قوڵایی نەستەوە کاراکتەرە ناکۆکەکانی (عەباس عەبدوڵڵا) لە خۆیان دەدوێن

## دیدگایەک بۆ(تاککلی جمزێ و پەنجا تاکدێڕی تر)

خوێندنەوە: سۆران محەمەد

جۆن کێلی[1] سەبارەت بە ڕێنیسانس گوتوویەتی کە پێکهاتەیەکی هەمەجۆرە لە پێشکەوتنە نوێکان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا کە کاریگەریی لەسەر ژیانی مەردوم دەبێت بە ڕێگای جیاواز، هەروەها پێکڕا هاوبەشی بە هەندێک سیفاتی گرنگ دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا بوو لەسەردەمی کلاسیکدا بە "لەدایک بوونەوە"ی فێربوون لێک دەدرایەوە.

سەرلەنوێ خوێندنەوەو داڕشتنی خود و فۆرماتکردنی زانیاری و تەعبیری شاعیر لە زەمەنی ئاڵۆسکانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و هاتنەکایەی دەستەواژە پێچەوانەکانی ژیاندا وا لە عەباس عەبدوڵڵا یوسف دەکات (تاککلی جمزێ و پەنجا تاکدێڕی تر) بنووسێت* سێ لاپەڕەو نیوی لە دەقەکە پێکهاتووەو سێ لاپەڕەو نیوەکەی تر پەراوێز و ژێدەرن بۆ روون کردنەوەی هەندێک لە وشە بەکارهاتووەکانی ناو دەقەکە، جا چ جای روونکردنەوەی زاراوەی ڕەسەنی میللی و ناوچەیی کوردی، یان ئەوانەی شاعیر سەلیقەی داڕشتنیانی هەڵێنجاوە یان تیشک خستنە سەر ناوە بەکارهاتووەکانی ناو دەقەکە بێت. من چەشەی تایبەتم لێوەرگرت، بە تایبەتی لە رووی رۆچوون و بابەتەوە جیاوازیەکی بەرچاوم تێدا بینی بە بەراورد بە دەقەکانی تری شاعیر. بۆیە بڕیارمدا دوای چەند جارێک خوێندنەوە خوێندنەوەی خۆمی بۆ بکەم.

سوقرات گوتەنی کە حەزی کردووە فەلسەفەی هەموو دنیا لە سەر نووکی دەرزیەک جیٚ بکاتەوە، ئاوهاش عەباس یان بەزاراوەی خۆی (هەباسۆس) لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی یۆناندا و بەگەمەیەکی هەندێک جار گاڵتەئامێز بە وشەکان دەقێکی فرە رەهەندمان پێشکەش دەکات. ئێمە باس لە خودی شاعیر ناکەین، چونکە دوای نووسینی دەق مرۆڤایەتی دەبێتە خاوەنی و هەر ئەوانیش بڕیار بەسەر رادەی زیندوێتی و مانەوەیدا دەدەن و نووسەرەکەشی دادەبڕێت، وێڕای ئەوەی لە پەرچڤەکردنیدا چیدی حەوجێی فەرهەنگۆکی کوردی–کوردی نابێت، بەڵام جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هەباسۆس لەسەرەتای بزووتنەوە نوێگەرایەتییەکانی شیعری کوردییەوە وەکو لاوێکی نوێخواز هەمیشە بوونی بووە و لەگەڵ ئەنوەر مەسیفی دا دەتوانین وەک (جمکێکی دژ) ناویان بێنین، لە کارکردن لەسەر دژەباو و تەحەمولکردنی هەموو را پێچەوانەکانی چەقبەستوو.. تێکشکانی هەیکەلی شیعریی بە فۆرم و زمانەوە.. هەر لەو کاتەوەی وەک خاڵە حەمرین دەیگوت: کاتێک پارەمان نەدەبوو کتێب بکڕین یان دەستمان نەدەکەوت لای عەباس بۆ ماوەی هەفتەیەک بە نیو دینار دەمانخواست.

لە نەپساوەی غاردانێدا هەتاو بە دوای هەتاو، مانگ بە دوای مانگ، منیش بە دوای خۆم.

گاڵتەجاڕی شاعیر بە ژیان و هزرو فەلسەفە و تەنانەت هەندێک جار زمان و لەگەڵ ئەمەشدا زەقکردنەوەی خودگەرایی تا دەگاتە رادەی نێرگزییەت بەسەر باری گشتی ئەم دەقەدا باڵی کێشاوە، کە من وای دەبینم هەر دێڕەو بابەتێکی شیعریی سەربەخۆیەو لێرەدا بە نووکە قەڵەمێک چڕ دەبنەوەو سەدان بابەتگەلی تر دەهروژێنن و هەر دێڕێکیان چامەیەک هەڵدەگرێ. هەرچەندە وەکو یەکێتی بابەت قڵیشێکی تێدایە، بەڵام لە کۆتاییدا هەموویان لە کێشەکانی ژیاندا بە شێوەی جۆراوجۆر حزوریان دەبێت.

ئەمە لە کاتێکدایە من شاعیرانی ئەوروپام بە پێچەوانەوە بینیوە، سەبارەت بوونی قەیرانی بابەت لە هەگبەی داهێنانیاندا، ئەمەش رەنگە بە هۆی وەستانی رەوتی ژیان بێت دوای نەمانی پێشکەوتن و موعانات و مردنی گیانی راستەقینەی ئادەمیزاد لەو کۆمەڵگایانەدا. ئالێرەوە داهێنانی مرۆڤ دەوەستێت و شارستانییەت بەرەو پیریی دەبات، من وای تێناگەم داهینان لە فەراهەمێناندا وەدی بێت، ئەی ئارسەر رامبۆ و کافکاو لۆرکاو... لەوپەڕی یاخی بوون و کولەمەرگی ناویان نەچووە تۆماری داهێنەرانەی مێژووەوە، کەواتە بوارەکانی بەرجەستە(فیزیکی) و نابەرجەستە (میتافیزیک) راستە زۆر جار دەبنە تەواوکاری یەکتر، بەڵام

زۆر جاریش لە کێشەو ململانێدان: بەڵام لای شاعیر تای تەرازوو بەلای بوارە فیزیکیەکەدا دەشکێتەوەو دەڵێ:

زستانم هەبێ... ئاگرم هەبێ... زەخیرەم هەبێ... گوێگرم هەبێ، صەدان داستان، دێنمەداهێنان

لەکاتێکدا مۆدێرنیسم لە ئەوروپاو ئەمریکای باکور ١٨٩٠-١٩٥٠ سەریهەڵدا وەک کەلوەیەک لەگەڵ رابردوویەکی نزیکدا، بە داهێنراوە هەمەجۆرەکان کە ئەمەش بێگومان جێدەستی لەسەر رەگەزەکانی رۆشنبیرێتی جێهێشت (بەکات و شوێنەوە)(٢)

بۆیە دەبینین هەندێک لە شاعیرەکان فۆرمی نوێی تایبەت بە خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ دەقـــەکـــانیان، وەک ولیام کارلۆس لە (عەرەبانە سوورەکە)دا ٤ کۆپلەی بەکارهێناوە کە شێوەی عەرەبانەی دەستیی لە خۆگرتبوو بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ دنیای ناوەوەی دەقەکە.

فۆرمی دوور لە سۆزو سەروا و ئیکۆو مۆسیقاش دەربڕینە لە دنیای زبری شاعیرو ئاراستەکانی هزری، کە زۆرجار پەلکێشمان دەکات بەرەو هیچگەرایی و ئیگزیستانسیالیزم و سەندنەوەی متمانە تەنانەت لە خودی خۆشمان. هەرچەندە ئەم بێهیواییە دەبێتە رەمزێکی زەق و لە رەفزکردنەوەی زۆر بیردۆزە هزریی و زەینییەکاندا رەنگ دەداتەوەو سیمبولی دێڕێکی شیعری شاعیری جاهلی (امروو القیس) بەسە بۆ شێوە ژیانی هاوتای چاخەکانی نەفامی.

جاهیلیەتی عەرەب+ دەسەڵاتی پرۆلیتاریا+ ئۆیناندی بیردۆزی رەگەزی فرۆید...تاد= گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر

باوکیشم لە گۆڕ هەستاند و پێکەوە گەڕاینەوە وڵاتی خۆمان، بۆی کڵاشمان دڕا بەس چمان پێنەبڕا

هاوکات ستوونی هاتم... ئاسۆیی هاتم، بە چراسوورەی دووڕیان بووینەوە یەک کەسەی جاران

نەهاتن نە گۆدۆ... نە دەسەڵاتی پرۆلیتاریا... نە خۆم... ناچار چاوەنواڕی چاوەڕوانی بین!

ململانێکانی نێوان دنیای رووداو و پێشهاتەکان و کاراکتەرە جیاوازەکانی دەق" خوێنەر دەخەنە نێو دنیای تێڕامان و هەڵوێستەکردنێک کە زیاتر بە باری هزردا شۆڕ دەبێتەوەو وەک دڵڕەقی سەردەم مرۆڤ دادەماڵن لە سۆز، لە بەرانبەردا رووبەڕووی دەکەنەوە لەگەڵ کێشە هەنووکەییەکان و یاخی بوونە سەرکەشییەکانی مرۆڤ، کێشەکانی نێوان مادده و گیان بە روونی لەم دەقەدا

زەق دەبێتەوە. لەو جێیەوە کە ئەم دەقە لە خودی خۆیدا بە شۆڕشێک وەسف دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا نائومێدی و بێهیوایی دەمانگەیەنێتەوە سەر خاڵی دەستپێکردن و لەگەڵ ئەمەشدا ئەوپەڕی گیانی هیواو بەرخودان دەدات بە مرۆڤ لە شۆڕشی ژیاندا و تەنانەت وەک رەمزێکی بەزین کە (سێدارە)یە هیچ بەهایەکی بۆ دانانێت لەکاتێکدا گەر ئومێد بوونی هەبێت ئەوا گەر کۆمەکی بچووکترین بوونەوەر بێت کە لە کۆڵنەداندا ناسراوە ئەویش (مێرووڵە)یە رزگارمان دەبێت:

بێئومێد مەبە، ملت لە ناو پەتی سێدارە بێ، مێرووڵەیەکی نانۆیی دێ و بۆتی دەقرتێنێ

گوتراوە سەبارەت شیعر کە بریتییە لە خوێندنەوەی شاعیر بۆ هەموو ئەو شتانەی لەناخی خۆی و دەوروبەریدان و دەربڕینی بە زمانێکی تایبەت دوور لە ئاخاوتنی رۆژانەو عادەتی[٣]

کێشە سیسیۆلۆجییەکان کەڵەکەبووی ناخی شاعیرن و بە تینەوە حزوری هەیە لای شاعیر، بەڵام ئەو باسێکی زارەکی بۆ کێشەکانی رۆژ ناکات و دوایی کە سەری خستە سەر پێخەف بێ خەم هەمووی لە یاد بکات، بەڵکو ئەو لە دیدگایەکی تایبەتەوەو بە لێکدانەوەیەکی فەلسەفی و بە زمانێکی تایبەتیش ئاماژە بە خاڵە لاوازەکان دەدات و وەک رۆشنبیرێک لێکدانەوەو مۆرکێکی تایبەت بە خۆی لا دروست کردووە. لە زەمەنی پۆستکۆلۆنیالیزم و گلۆبالیزمدا دوای کێبەرکێ و شەڕەکانی مانەوەو دواتر شەڕەکانی نەوت، ئەنجا شاعیر ئاماژە بە کێشەی قەیرانی ئاو دەدات کە گەورەترین مەترسییە بە هۆی هەڵپەی سەرمایەدارییەوە بۆ وشک کردنی سەرچاوەکانی ئاو و پیس بوون و تێکچوونی ژینگە، مرۆڤایەتی لەبەردەم کێشەیەکی مەترسیداردا دووچار بووە، چەندان ئاوایی لە جیهاندا چۆڵ دەبێ و چەندان ئاژەڵ لە تینوێتی و گەرمادا گیان لەدەست دەدەن و دەیان کۆڕی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵانە وتوویژی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەدان.

جەنگە و تێیدا خنکاوین، باپیرەم لە گۆمی خوێن، باوکم لە گۆمی نەوت، خۆم لەگۆمی ئاو، منداڵیشم لە گۆمی... ئاودیو بوونی هەست و رۆچوون بەرەو دنیای (پێش-نەست) و نەست لە پشت وشەکانی ئەم دەقەوە زیاتر ئاشنامان دەکەن بە شێوازی بیرکردنەوەو حەزە کپ کراوەکانی شاعیر و رەفزە گەورەکانی بۆ دەستەواژە پێچەوانەکانی ژیانی هاوچەرخ. ئەو زۆر لە یادەوەرە تاڵەکانی و ئەزموونە تراژیدیاییەکانی دێتەوە بیر، بەڵام ناڕاستەوخۆ لە قوڵایی نەستەوە پێمان دەڵێت چەند رقی لە دەنگی فرۆکە و بۆمباران و کوشتن دەبێت، لەبەر ئەمەشە لە داستانە خەیاڵییەکانی شاعیردا هەر دەنگی ئاشتی سەر دەکەوێت

لە جەنگی نێوان گەورەترین دروستکراوی شەڕەنگێزی مرۆڤ (کە فڕۆکەی جەنگیە) لەگەڵ بچوکترین گیانەوەرەکان کە جاڵجاڵۆکەیە، گەر بە بکارا کردنی پیرەژنیش بێت بۆ تەعبیر کردن لە دیوە ترسناکەکانی خودی بێئاگا.

رووە ئاسمان پیرەژن نزای کرد، فڕۆکەیێکی جەنگی بە تەونی جاڵجالۆکەیەوە بووا!...

شاعیر ئەو حەزە سەرکوتکراوەی بەرانبەر رەگەزەکەی تر ناشارێتەوە و گەر لە دووتوێی دەقێکیشدا بێت، نەک تەنیا رەفزی ئەوان ناکاتەوە، بەڵکو تەنانەت بە درێژکراوەی خۆیان دەزانێت.. بگرە بەرگریەکی جددیان لێ دەکات بەوەی با ئافرەت تاکشاخ!!! دەستەمۆ نەکات چونکە لە کۆتاییدا ژیانی خۆی پێ لە نێو دەبات، ئەی ئەوە نییە تەنانەت لە هۆمیۆس و ڤرژیلۆسەوە پەیامی شیعر دەدات بە خۆی و خۆشی دەیدات بە رەگەزی مێ؟!

هۆمیرۆس پەیامی شیعری دا بە ڤرژیلۆس، ئەویش دای بە هەباسۆس، ئەمیش دای بەشاعیرێکی مێیۆس.

لە کاتێکدا لە لای یۆنانیە کۆنەکان هۆنراوە لە لایەن مرۆڤەکانەوە بە جۆرێک لە بەدیهێنان و بە شێوەیەک لە شێوەکانی هونەر لێک دەدرایەوە لەبەر سیفاتە جوانکارییەکانی و جگە لەمەش ناوەڕۆکە تیۆریی و دەلالیەکەی[٤].

لە زەمەنی لێکپچڕانی شیرازەی کۆمەڵگاو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئاکامیشدا وردو خاش بوون و شەبەق تێبوونی کەسایەتی خودی مرۆڤی هاوچەرخ، دەکرێت مرۆڤ درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات و پۆلەتیکیش سکراب بێت دوای دەرکەوتنی ناخی گۆمەکان هەر بەهەمان جۆر... بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوەو خاڵ دەخاتە سەر وشەکان توانستی مێژووە، هەرگیز بەرەو پێشەوە ناڕوات بۆیە ئەستەمە شالاوی گۆڕانکاریە خێراکانی سەردەم بیگۆڕێت، گەر دیکتاتۆریەت خەونی مرۆڤیش لە قاڵب بدات (دێڕی٥)، رێگای بیر کردنەوەی بۆ دەستنیشان بکات، گەر مرۆڤەکان بکاتە دڕندەی خوێنمژ و خورمژ یان وەک شاعیر دەڵێ: (ئێرەوێ یان مرۆڤی جۆتحزبی لە هەردوولا دەخوات). تەنیا لە پێناو مانەوە و برەودان بە تواناکان هەموو پیرۆزییەک بگۆڕدرێتەوەو لە ژێر پێ بنرێت، ئەوا خاڵی سفری پێش لەدایک بوون دروست دەبێت و چینێکی نوێ لە کۆمەڵگا دەردەکەوێت (نە بورجواز نە پرۆلیتار)و بەرەو هەڵدێری سڕینەوەی کەسایەتییەکان هێواش هێواش خلۆر دەبینەوە، ئەوجا کەسایەتییە رەشوڕووتەکان لە حەژمەتا، لە بێزاریا، لە ناچارییا بە دوای هەسارەیەکی نوێدا دەگەڕێن، بەس هەڵبێن و هیچی تر، بۆ دروست کردنی کۆمارە نموونەییەکەی

هاوشێوەی ئەفلاتۆن:

نووهەسارەیە، ملیارێک رەش و رووت، پەیژانی بە سواری ملی یەکتر بۆی سەرکەوتن.

وۆڵتەر مەیس سەبارەت دەقی شیعری مەزن گوتوویەتی: ئەو دەقەیە کە ئاخاوتنی نێوان گیان و گیانێکی ترە کە دەبێتە هۆی ئەوەی یەک یان هەردوو دڵەکە گۆرانی بڵێن[٥]. ئەمە لە کاتێکدایە رۆبیکا کەی دۆتلیچ[٦] وای بۆ دەچێت کە دەقی شیعریی مەزن ئەوەیە کە وات لێبکات کە تۆ پێشتر لەوێ بووبیت، یان دەتەوێت بچیت، قەسیدەی باشیش دەتبا بۆ شار، دەریا، بۆ ناو دڵی هەر بابەتێک کە تۆ تامی بکەیت یا ببیبنیت یا سەر بەوە بیت... بریتیە لە رێکخستنی سیحر یان وەک جەی پاتریک لویس گوتەنی وادەی کوێرانە لەگەڵ سیحردا.

جۆن براسفیلد گراهام[٧] دەڵێت: دەقی باش موفاجەئە دروست دەکات بۆ هەستەکانت، هەڵتدەستێنێ، سۆزەکانت دەخرۆشێنێ، هەر قەسیدەیەک بریتیە لە جۆرێک لە دۆزینەوە و دڵ و نیگا بەرفراوانتر دەکات.

لەم قەسیدەیەدا کە بابەتەکانی تێکچڕژاون، کاراکتەرەکانی مرۆڤە جۆراوجۆرەکانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیانن، شاعیر بەرگی شەڕەنگێزی دەکاتە بەری هەندێکیان و میدالیای ئاشتیخوازیی دەکاتە ملی هەندێکی تریان و لە ناو تەوەورەیەکی سەرەکیدا بە ئاراستە جیاوازەکان دەجوڵێن کە پێی دەگوترێت کێشەکانی ژیان، یان روونتر بڵێین خەم و گرنگییەکانی شاعیر لە بازنەی کۆمەڵگایەکی گشتی و تایبەتدا.

وەک زۆربەی شیعرەکانی تر راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باس و خواستی جێندەر لەم دەقەدا بوونی هەیە و بە چەند شێوەیەک شاعیر ئاماژەیان پێ دەدات، هەر لە ناونیشانی دەقەکەوە و تیشک خستنە وردەکاریەکی جوانکاری لای ئافرەتان کە رشتنی کلی تاکە چاوێکەو تا ئاماژەدان بە جمکە زێ و لێوی کچانی هۆزی گائی، بەڵام لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر وەک نوێخوازییەک یان رچەشکاندنێک" شاعیر دەسپێشکەری کردووە لە ئاماژەدان بە رەگەزی سێهەم، کە زۆر دەگمەن لە هۆنراوەدا پێش چاو کەوتوون وەکو چینێکی فەرامۆش کراو، ئەم چینە هەرچەندە کەم بن و لەیادی زۆربەمان نەبن، بەڵام لە نەستی شاعیردا بە توخمێکی زۆر چالاک و هەستبزوێن شوبهاندوونی (دێڕی ٣٦). هەر لە سۆنگەی ئەم ئاماژەپێکردنەشەوەیە پێنووسی شاعیر تەنانەت دەچێتە ژووری نووستن و شەوانە دەگەڕێ تا بزانێت تاککل چۆن شەو دەگوزەرێنێت و بە رۆژیش چۆن بەرەنگاری ئەو بەرپرسیاریەتە دێت کە ئەرکی دایکایەتیە، نەک بۆ یەک بەڵکو بۆ

جمکێ، بۆ خستنە نێوی بەربەرەکانێکانی ژیان و سەرلەنوێ خولانەوە لە بازنە داخراوەکاندا دووبارەکردنەوەی کێشەو پێکەنین و تراژیدیاکانی ژیانەوە.

شەو پتری شەواند و تاککلی لە چێژاو گەوزاند، رۆژیش رۆژاندی و کردی بەجمزێ!...



## سەرچاوە و ژێدەر:


* گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٥٩، لاپەڕە ١٧٩-١٨٥.

1. Renaissance of Poetry and Prose. June Waudby .York notes. pp 910-.
2. en.wikipedia.org/wiki/Modernist_poetry
3. royalhelmut.brinkster.net/poetexpo.
4. www.poetry.org/whatis.htm
5. marilynsinger.net/onwriting/what-makes-a-good-poem/
6. Rebecca Kai Dotlich. Lemonade Sun and Other Summer Poems. Boyds Mills, 1998. When Riddles Come Rumbling: Poems to Ponder. Boyds Mills, 2001.
7. Joan Bransfield Graham. Splish Splash. Houghton Mifflin, 1994. Flicker Flash. Houghton Mifflin, 1999.



# "شابەیتەکان لە شیعری شاعیری ئەشق و ئەویندا"

قادر عەلیخا

**شیعری ئاسۆ وا بە سووکی هەڵمەسەنگێنن چەلێ**
**دڵنیام رۆژێ دەبێ کورد فاڵی پێدەگرێتەوە**
**ئاسۆ**

زۆرجار ژیان، هەندێک شتی تایبەت و دەگمەنی نێو باوەشی خۆی. لەنێو شتەکانی دیکەی بووندا، هەڵوێر دەکات و بە داستە و تایبەت، لە شوێنێکی پاقژ و جواندا دەپارێزرێت و پیرۆزیی و خۆشەویستی پێ دەبەخشێت.

ئەم پیرۆزیی و خۆشەویستی پێ بەخشینەش هەروا لە خۆڕایی و بەئاسانی نییە و دەبێت ژیان شتێکی ناوازە و تایبەتی لەو دەستەچنەی کە میداڵی جیاوازی و دەگمەنبوونی پێ بەخشیوەدا هەبێت. دەنا بۆ و هەر لە خۆڕا ئەو میداڵە زێڕینە داوێتە گەردنی؟!

پیرۆزبوون و تایبەتبوون، ڕێگایەکی دووورودرێژ و چڕ و هەڵدێری لەبەردایە، دەبێت دەیان کەند و لەند و هەوراز و نشێوان ببڕێت و لە سەدان رووبار و چەم و زەریا بدات، بێ ماندووبوون و وەڕەزبوون، ڕێگا ببڕێت و نەوەستێ و نەوەستێ و بێ شلوێبوون، بڕوات و بڕوات و بڕوات.

پیرۆزیی گەورەبوون کراسێک نییە کە هەروا سووک و ئاسان خەیاتی ژیان بێت و بە بەرتی ببڕێت و تۆش خۆتی پێوەڕادەی و بەری دارێکی هێندە نزم نییە کە تەخت پانییە و پەنجەت لەسەر سنگی خاک دانێی و دەست بەری بە دەست و ئارەزووی خۆت زگ و گیرفان و باخەڵتی لێ بخنیت. خواردنی ئەم میوە شیرینە و لەبەرکردنی ئەو جلوبەرگە، ڕێگایەکە سەختە. هەڵزنانی دەوێ بە باڵای بەری داری ئارەزوودا، شەونخوونی و بێ خەوی و چلەکێشان و راوەستانی دەوێت، لەبەر دەرگای ماڵی خەیاتی جوانی و پیرۆزییدا.

ئەمانەش ڕۆحێکی بەرز و سەرکێش و یاخی دەوێت، کە پاڵنەر بێت بۆ هەوڵدان و نەوەستان و بەرەو ترۆپک و لووتکە چوون. هەتا بتوانی لەسەر ئەو دوندە بەرز و گەردنکەشە شوێنێک بۆ خۆت بگرێتەوە و لەوێڕا لە جوانییەکانی دەستی پەڕ لە هونەری ژیان بڕوانیت.

زۆرجار ژیان یاخیبوون و سەرکێشی دەوێت. بێگومان بە بێ بوونی ڕۆحی یاخیبوون لە مرۆڤدا هیچ گۆڕان و تازەبوونەوەیەک سەری هەڵنەدەدا. ئەو شتانەی کە دەبنە رەوت و مرۆڤ بە لە ش و ڕۆح و هەستی خوویان پێ دەگرێت. نەشڵەقاندن و دەست لێ نەدانیان دەبێتە مایەی ئاسوودەیی و ئارامی، "دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە با نەیبات". بەندی ئەو مرۆڤە ترسەنۆکانەیە کە هەمیشە بەوەی هەیە رازین. لەبەرئەوەی نەکا ئاسوودەییان بشڵەقێ و ئارەقەبکەوێتە نێو چاوانیان. بۆیە ئەوانە بەدرێژایی ژیان هەر وتوویانە و دەیڵێنەوە. "هەر کەس کەر بوو، ئێمەش کورتانین". ئەو مرۆڤانەی بە کورتانبوونی خۆیان رازین. ئاخر چلۆن ژیان هەڵیان داوێرێ و پیرۆزییان پێ دەبەخشێت؟

بەپێی ئوستوورە دینییەکان، سەرەتای یاخیبوونی مرۆڤ، لە یاخیبوونی ئادەمەوە دەست پێدەکات. ئەگەر ئەویش لە فکری ئەوەدا نەبوایە "کڵاوەکەی با

نەیبات". دەستی بۆ خواردنی بەری داری زانست نەدەبرد و خۆی تووشی ئەم دەردەسەرییە گەورەیەی ژیان نەدەکرد، بەڵام ئەو باش زانی، بۆ مەزنبوون و بە ترۆپک گەیشتن، پێویستی بە هزر هەیە و زانستی گەرەکە. هەربۆیە بێ ترس لە راونان و دەرکردن، پڕیدایە بەری داری زانست و خواردی و چەرمەسەرییەکانی ئەو رێگایەشی بە گیان و دڵەوە لەئەستۆگرت. بۆ ئەویش نەیدەتوانی لە گۆشەیەکی باخی بەریندا دانیشێت و پاڵی لێ بداتەوە و لەگەڵ فریشتەکاندا بژی؟

هەر بۆیە ئەوانەی وا لە ژیاندا دەست دەبەن بۆ هەرێمە تابۆ و بڤەکان، زۆرجار تووشی سەر شکان و دەست سووتان و ئازار دیتن دەبن. بەم ئازایەتییەی خۆشیان بازنەی هەرێمی ژیان بەرفراوانتر دەکەن و رووناکی زیاتر دەبەخشن بە بەرجەوەندی روانین.

زۆرجار هەر کە ناوی وڵاتێک، یان شارێک، یان ناوچەیەک دەبرێت، ئەوەی لە سەرەتادا سەرنجی کۆی دێرەکان بۆ لای خۆی رادەکێشێت، ناوی چیایەک، چەمێک یان مرۆڤێکە. کە ئەمانە هەموویان بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیانبووە، دەستی ژیان مەزنیی پێ بەخشیون و هەڵوێردەی کردوون.

ئەوانە سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆیان گەورە و دیار و خۆشەویستن، وڵات و شار و هەرێمێکیشیان خۆشەویست و دیارکردووە. زۆرجار ناوی چیایەک، رووبارێک، یان مرۆڤێک بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتێک بکەوێتە سەرزار و زمانان و خۆشەویست بێت.

ئەو مرۆڤە یاخییانەی ژیان دەستەچن و هەڵوێردەیان دەکات، یاخیبوونەکەیان، یاخیبوونێکی پیرۆز و بەهرەدەرە، بەری ئەو سەرکێشییەی ئەوانیش، میوەیەکی بە تام و شیرینە، کە هەم بۆ رۆح و هەم بۆ لەشی مرۆڤەکانی تر ئاسوودەیی و ئارامی دێنێت. ئەو کەسانەی بۆ رۆحی ماندوو و پڕ لە ئازاری مرۆڤەکان، بێشەیەک لە پەیڤی تەڕ و بۆندار چێ دەکەن و بە سروودی ئەشق و خۆشەویستی لایە لایەیان بە گوێدا دەچرن، شاعیرەکانن.

شیعر پڕیشکە پڕیشکی ئاوی تاڤگەیەکی فێنکە، زامەکانی رۆحی تاوەسووتی مرۆڤ سارێژ دەکاتەوە.

لە خەڵوەت خانەی شیعردایە، کە دەتوانیت گوێ بۆ ویرە ویری گۆرانییەکانی رۆح هەڵبخەیت و بچیتە نێو شەپۆلەکانی خەیاڵ و دووباڵ لە پێکەنین و گۆرانیت لێ بڕوێت و بە ئاسمانی ئاسوودەییدا بفڕیت. پەنجەکانی شیعر رۆحی گڕەزۆک و گڕ تێبەربوو ختیلکە دەدات و دەهێنێتە سەما و پێکەنین.

ئەو لایەنەی کە لە هەرێمی شیعردا زیاتر لەگەڵ رۆح و ئەشقدا سەروکاری هەیە، غەزەلە. غەزەل بەدرێژایی مێژووی خۆی مۆمی کۆڕی ئاشقان و عارفان و زمانی ئەوین و خۆشەویستی بووە. کۆترێکی نامەبەر بووە، عارف نامەکانی خۆی داوەتە دەستی بۆ خودا و ئاشق پەیامەکانی خۆی پێدا ناردووە بۆ دڵدارەکەی.

ئەم کۆترە تەمەنێکی دوورودرێژی هەیە و باڵێکی لەنێو ئەفسانە و ئوستوورە و باڵێکی لە ئینتەرنێت و فەیسبووک و مەهوارەدایە. سەر دەمانێک لەسەر تاقچە تۆزاوی و قورماوییەکاندا رۆنیشتووە، ئێستاش ئەوە لەنێو ماڵپەڕ و سایت و فەیسبووکدا لە گەڕیاندایە.

چاوی شەراب و دڵداری پێ دەڕێژن و بە چاوی دڵدار و شەرابەوە دەیچێژن. غەزەل دەروازەیەکە بۆ دڵ. چرایەکی گەش و ترووسکەدارە و کەلێن و قوژبنە تاریکەکانی دەروون رووناک دەکاتەوە. بەبێ بوونی ئەو دەروازە و چرایە، دڵ دەبێتە کەوڕگێک و جرِوجانەوەرە ترسناکەکان لەوێدا هێلانە چێ دەکەن و زێ و زوو دەخەنەوە. ئیتر کوا پێکەنین و شادی و جوانی دەتوانێت لەناو رەهەندێکی تاریکدا سەر هەڵبدات و گەشەو نەشە بکات؟

هەتا ئەودەمەی هەستی ناسیۆنالیستی پێی نەنابووە نێو ژیانی مرۆڤەکانەوە. غەزەل هەر بە دوو باڵ دەفڕێت.

یەکەم: باڵی عیرفان: نێوان خودا و مرۆڤ.

دووەم: باڵی ئەشق و دڵداری: نێوان مرۆڤ و مرۆڤ.

بەڵام وردە وردە کە ژیان گۆڕانی بەسەرداهات و ویست و داخوازییە گشتییەکانیش لەدایک بوون و بوون بە خواستی مرۆڤ. غەزەل باڵێکی دیکەشی لێ رووا و تێکەڵ بە رەوتی سەردەم بوو.

باڵی ئەشق و نیشتمان: نێوان مرۆڤ و خاک.

بەهۆی کەشوهەوای ژیانی ئێمەی کورد. غەزەل لەم سەردەمەشدا هەر بە زمانی رەمز و ئیشارەوە ئیستعارە دەدوێ. لەڕاستیدا زمانەکەی سەرەتای خۆی هەر پاراستووە، بەڵام ئەوە نێوە رۆحەکەیەتی گۆڕانی بەسەر داهاتووە. بۆچی؟ چونکە ئەو سەردەمە عارفان و عەگیدەکان بۆ دەربازبوون لە لۆمەی ویشکە سۆفییەکان، لە توێی پەردەدا پەیامەکانی خۆیان حەشارداوە، ئێستاش لە ترسی بەرچاو تەنگ و زۆردارەکان هەر ناچارن ئەو رێگایە بگرنە بەر.

یەکێک لەو کەسانەی کە لەم سەردەمەی ئێمەدا بە شاعیری غەزەل ناسراوە "محەممەد سەعید نەجاری" ناسراوە بە "ئاسۆ"یە.

ئاسۆ هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنییەوە بە شاعیری ئەشق و ئەوین ناسراوە، ئەوین کاکڵ و تێمی سەرەکی هەموو شیعرەکانییەتی؟ مەلی غەزەلەکانی ئاسۆ بە دوو باڵ دەفڕن.

یەکەم: باڵی ئەشق و دڵداری، نێوان مرۆڤ و مرۆڤ. دووەم: باڵی ئەشق و نیشتمان، نێوان مرۆڤ و خاک.

هەرێمی شیعری ئاسۆ، پێدەشتێکی پان و بەرین و بێ کەند و لەندە. لاپەڕەی تەواوی گوڵەکانی لە ئەشق و ئەوین و جوانیدا شەلاڵن، کە هەموویان باس لە ماچ و بزە و پێکەنین و جوانی دەکەن. ئەو رووەکانەی لەوێ دەڕوێن، لە چێژەکانی ژیان دەدوێن. بەری دارە خۆڕسکەکانی ئەوێ میوەی حەز و ئاشقی و پێکەوەژیانە. کانییەکانی ئەوێ نەرم نەرم هەڵدەقوڵێن. خەوی گوڵەکان ناشێوێنن. جوبارەکانی ئەوێ ئارام ئارام بە رێدا دەڕۆن. ژووانی نێوان پەلکە گیاکان، کە ئاشقانە سەردەنێن بە سەری یەکترییەوە تێک نادەن. شەماڵ هەر بە نیازی شانەکردن، دەست بەسەر پرچی گیاکانی ئەو مەڵبەندەدا دێنێت.

ئەگەر گوێزەبانەیەک بگرین و ناو لە گوڵەکانی ئەو مەڵبەندە بنێین، دەبێت ناویان لێنێین. گوڵە ئەوینە، گوڵە پێکەنینە. گوڵە شادییە. گوڵە ئاشتی. گوڵە ئازادی. گوڵی ژیان. گوڵی ماچ.

زمانی شیعری ئاسۆ زمانی دڵە. ئەو بەسریوڵەکانی رۆح و دڵ، لەگەڵ دڵ و رۆح دەدوێت. کە باسی جوانی دەکات. ئەو جوانییانەیە کە دڵ و رۆح بەجووت شەیدایانن، تامەزرۆیانن و بە ئاواتی گەیشتن بەوان دەخوشێن و دەژین.

چ لە شیعری نیشتمانی و چ لە شیعری ئاشقانەکانیدا، ئەو تامەزرۆی بەیەکگەیشتنە، گەیشتن بە دڵدار و ئازادییە.

ئاسۆ شاعری ئەوینە. ئەگەر رۆژێک پەیکەرەیەک بۆ هێمای ئەوینداری دابنرێت، دڵنیام رووخساری ئەو پەیکەرەیە دەبێت لە روخساری ئاسۆ بچێت. غەزەلێک لە ئاسۆ نییە باسی ئەوینی تێدا نەبێت. چ ئەوینی دڵدار و چ ئەوینی نیشتمان.

مەڵبەندی غەزەل کوا دڕک و داڵ و چقڵی لێ دەڕوێ. ئەوێ هەرموو ژانگەی مەلانی ئەویندار و باڵڕەنگین و دەنگخۆشە. خاکی ئەو هەرێمە، سنگی نەرمی دڵدارە. کانی ئەو مەڵبەندە، قووڵکی گەردنی نازدارانە. تاوی ئاسمانی ئەوێ، بریسکەی چاوی گەشی شۆخانە. بەری دارەکانی هەناری مەمک و سێوی گۆنا و شەرابی لێوە. ئەو هەرێمە هەمووی جوانییە و جوانییە و جوانی. ئاشتییە و

پێکەوەژیانە و لێبوردوویی.

شیعر بەلای "ئاسۆ"وە ئامرازێکی دووسەرە، سەرێکیان خەنجەرە و دڵی دژی پێ کون کون دەکات و سەرێکیشی ئاوریشمە و ئارەقەی سەر گۆنای دڵداری پێ دەسڕێت. زۆرجار غەزەلێک کە بە پەیامی ئەوینداریی و خۆشەویستییەوە دەست پێدەکات، بەڵام نێوئاخنی شیعرە کە لە ئەوینی مرۆڤ بۆ مرۆڤەوە دەگۆڕدرێت و دەبێتە شیعرێکی لە مرۆڤەوە بۆ نیشتمان. هەربۆیە کەم شیعری ئاسۆ هەن کە خەنجەرێکی دوو سەر نەبێت.

غەزەل خاوەن گەلێک تایبەتمەندی مەزنی شیعرییە و هەر ئەوەش وای لێکردووە. کە زەمان و سەردەم نەتوانێت تۆزی فەرامۆشی بەسەردا بکات و بیسڕێتەوە. غەزەل خاوەن چیرۆکی شیرین و مۆسیقایەکی بەرز و دڵگر و بلاوێنە. زۆر زوو بە دەروازەی دڵدا تێدەپەڕێت و جێی خۆی لە دەروونادا دەکاتەوە.

لەنێو هەر پارچە غەزەلێکیشدا بەیتێک، یان چەند بەیتێک، یان دەبێتە شابەیت و زۆرجار سەرلەبەری غەزەلەکە بەو بەیتانە دەناسرێتەوە. هەر ئەوانەشن دەکەونە سەر زار و زمانان و دەبنە نوقڵ و شەمی کۆڕ و دانیشتنەکان. غەزەلەکانی "ئاسۆ"ش لەم خاڵە بەری نین و زۆربەیان خاوەن شابەیتی گەلێکی شیرین و بەرزن.

لەم وتارەدا من ویستوومە ئاوڕێک بدەمەوە سەر شابەیتەکانی نێو غەزەلەکانی ئاسۆ. کە دابەشیان دەکەم بەسەر دوو خاڵی:

یەکەم: ئەشقی نیشتمان: نێوان مرۆڤ و خاک.

دووەم: ئەشق و دڵداری، نێوان مرۆڤ و مرۆڤ.

هەر لەم روانگەیەشەوە دەڕوانمە دنیای پڕ لە ترووسکە و پڕشنگی شیعری "ئاسۆ".

## ئەشقی نیشتمان

**وەک دەوایــە بـۆ برینت سـەیـری دەشـتـی نیشتمان**
**سـەد ئـورووپـای بێـتـە خـادم ئـەو بـە کوپنهاگەوە**

شـــەوە تـاریـکـە تـەمـە ســـوێ لـە ئـاسـۆوە نییە
عاسمان خـوێـن دەگــرێ بـۆمـە، لەنێو چـەن تەبەقا

نانی باتـێدا نـەبێ هـەر گـەرمـە تـەنـدووری خەبات
ژیـنـی کورتیشی هـەبێ قەیناکە خـۆ نـاوی هەیە

کامە دڵ نـەرم و بـەڕەحـم و یـاوەری چـەوساوە بوو
هەر کە من بەردەستی کەوتم بوو بە پۆڵای سـەوزەوار

ئـەو کـەسـەی دار و نــەداری وا بـە کـۆڵـی خـۆیـەوە
کـوا لـە ژیـنـدا قـەت مـەتـرسی نـان و پـێـڵاوی هەیە

من کـوڕی کوێستان و چەم و بەندەن و دەشت و چیام
بـێ ئـەوێ دایـم غـەریـبم نـامـەوێ کـۆشـک و تـەلار

کوابە ئەسپی ئاسنین ئاسۆ، کـەژی کـورد تەختە بێ
هەرکەسێک دوژمـن بە کـوردە ئـارەزووی خـاوی هەیە

ئـاخـر گـوڵـەکـەم ئـێـمـە هـەمـوو شـێـتـی وڵاتـیـن
شـێـت نـابـێ کـە زنـجـیـری درێــژتـر بـێ لـە دەرکـە

خـاکـت کـە نـەبـێ وەک یـەکـە ئـــازادی و ئـەسـارەت
بـۆم میللەتە قـوڕ زۆر کـەمـە تـۆ لەچکە لەسەرکە

شەرتە تا ئەسۆی ئومێدم روون نەبێ هـەروا بەشەو
تـێ نەگا دوژمــن لـە ویستم بچمە ژێـر بـاڵـی خەیاڵ

راستە زۆر حەستەمە ئێستا کە بەموو بەندەکەڵیش
هیچ مەترسێ بەیەقین تەختی ستەم وەردەگـــەڕێ

## ئەشقی دڵدار

بەسەر زیندووم کەچی هێشتا لە درگات گیان و سەربازم
ئەگەرچی قاپیەچیت رێگا بە ئەم سەربازە هەر نادا

خۆزگە رۆژێ وەک شەماڵی وادە بشێنی بۆ دڵم
جا بزانی دڵ لە خۆشی چۆن لە هۆشی خۆ دەچێ

ئەوەندە قەیسی بێ چارە نەگریا نێونرا مەجنوون
بە چاوی سوور و جلکی شڕ منالان بۆ منیش ناوێ

لەبەر ئەو چاو و برۆ و کوڵم و نیگا و زولفەیە من
بێ دڵ و هەست و کوڵ و عیلم و کتابم بە غەوپ

دیم دڵی مەجنون بە تاڵێ موو بەدووی لەیلا دەڕۆی
پێمکوت ئەی شای خۆشەویستی بۆ بە یەک هەودا دەڕۆی؟

پێکەنی و فەرمووی کە ئێرە شاری ئەشقە بێ خەبەر
کەڵ بە مووبەندە لەجێی من تۆش ئەگەر بی وادەڕۆی

تۆ نەبی مان و ژیان چەشنی خەیاڵێکە بەتاڵ
بێ بزەی لێوی چرۆت غەرقی عەزابم بە غەوپ

سوبحانە خودا لەو سەر و لەو شێوە کە من دیم
لەو لار و لەش و گەردەن و ئەو لێوە کە من دیم

لەو شادیە گەرشینە دەخاتە دڵی عاشق
بەو سیلەی و بەو سینەی و بەو سێوە کە من دیم

دەردی مەجنون کوانێ رسوایی بوو ئەمما من دەڵێم

دەردی کەس ناگاتە مەجنون تا لە بۆت ریسوا نەبێ

چاوەکانت بۆ لـەگـەڵ من هێن بەقین و بـێ بـەزەن
تـۆ گـونـەهـبـاری عـەزیـزم پـێـی بـڵـێ بـا وا نـەبـێ

خــزخــز بـــخــزێ مـــاری کــەزێــکــەت لــە ملم
وزوز کـــە وزەم هـــاتـــە دەرێ بـــبـــڕە ســـەرم

شەو کە دادێ هەرچی ئەستێرەن لە چاوی تۆ دەچن
وەک خـەیـاڵـت پاکی ئەستێرەی سەما دێـنـە سەما

سـەربـەنـدی قسـەت هـێـنـدە لەتیف و نەشەبەخشە
گـوێـم پـڕپـڕە لـێـی نـامـەوێ ئاهـەنـگ و مەزامیر

ئەگەر بمانەوێت هەموو تواناییەکانی شیعری ئاسۆ بە هەموو لایەنەکانییەوە، چ فۆڕم، چ نێوەرۆک و چ لە لایەنی مێژووییەوە هەڵسەنگێنین، ئەوە پێویستە هەرلایەنە و بەجودا ئاوڕی تایبەتی خۆی لێ بدرێتەوە.

بۆ وێنە هەرلایەنە مێژووییەکەی، یانی ئەو سەردەمەی ناوی ئاسۆ وەک شاعرێک دەکەوێتە سەر زار و زمانان. سەردەمێک بوو زۆربەی شاعیرە ناودارەکانی کورد لە ناوچەی موکوریان وەکو مامۆستاکان هەژار و هێمن و ئاوات و خاڵەمین و فیدایی و هەقیقی، کە بە شێوەی کلاسیک شیعریان دەنووسی و بەهۆی ئەوەی زمانی شیعری ئەوان، زمانی حەز و ئاوات خەمی خەڵکی بوو، ببوونە خۆشەویست و شیعرەکانیان زاربەزار دەگەڕا و هەوێنی گۆرانی دڵداران و سروودی خەباتکاران بوون.

وردەوردە هەرساڵە و چرای گەشی ژیانی یەکێکیان دەکوژایەوە و بەشێوەی فیزیکی ئیتر لەنێو مەیدانی ئەدەبدا نەدەمان.

بۆیە شاعرێکی-لەو سەدەمەدا لاوی- زمان شیرین و رۆحسووکی وەک مامۆستا "ئاسۆ" سەرهەڵدەدات و زۆر زوو دەبێتە شاعیرێکی دیار و خۆشەویست، شیعرەکانی دەبنە هەوێنی گۆرانی و سەردێڕی نامەی دڵداران. دەبێتە سەرمەشق بۆ لاوان و تازە قەڵەمەکان و زۆر کەس لە دەوری دەئاڵێن و

بۆئەوەی ئەوانیش ببنە ئاسۆی داهاتوو، لەبەر خۆشەویستی و خۆشنێوی ئەو، دەست دەدەنە قەڵەم و ڕێبازی شیعر و ئەدەب دەگرنەبەر.

شایەد زۆربەی ئەوانە، بەهۆی هەلومەرج و ویستی سەردەم و ئەو گۆڕانکارییانەی لە دواییدا لە ژیانی خەڵک و خوێندەواری ئەواندا پێکهات، ڕێبازی شیعری خۆیان لە ڕێبازی شیعری ئاسۆ جیاکردەوە و لە بواری کاری خۆیاندا بوونە سەرمەشق و خاوەن ڕێچکەی تایبەت. ئەوی کە ئەوانە چەندە سەرکەوتوو بوون و دەبن، ئەوە داهاتوو لە بابەت ئەوانەوە بڕیاری خۆی دەدات.

بەڵام ئەوەی روون و دیارە ئەوەیە، تەواوی ئەوان هەر لەسەر دەستی "ئاسۆ"دا ئەو ڕێبارەیان گرتەبەر و بوونە ڕێبواری ئەو ڕێگایە. کە هەم ئەوان و هەم ئەدەبی کوردیش لەو بابەتەوە قەرزداری هەستی پاک و ڕۆحی زوڵاڵی "ئاسۆ"یە.

لایەنێکی بەهێزی دیکەی شیعری "ئاسۆ" ئەوەیە، کەمتر بەدوای ئەوەوەیە کە مانای شیعرەکانی لە خوێنەر بشارێتەوە. سەرەڕای نێوەرۆکی پتەو و مانای بەرز لە دڵان خۆش و لە زاران شیرینن. هەر ئەوەشە کە ئەویان کردووەتە شاعیرێکی خۆشەویست و شیعرەکانیان کردووەتە شەمی کۆڕ و هەوێنی گوتاران. لەم وتارەدا من هەر لە گۆشەنگایەکی تایبەتەوە ڕوانیومەتە شیعرەکانی ئەو و تەنیا هەر شیعرە سەرەتاییەکانی ئەوم کردووەتە هەوێنی ئەم باسەم.

ئەگەر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا بەوردیی بخەینە بەر باس و سەرنج، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی لە "ئاسۆ"ی دەبینین، هەموو تواناییەکانی شیعری ئەو نییە. زۆر غەزەلی هەیە کە یان بەتەواوی لە کتێبەکانی سەردەمی خۆیان دەرهاوێژراون، یان جوانترین شابەیتەکانیان لێ ڕەش کراوەتەوە، کە زۆرجار سەرلەبەری مانای شیعرەکەیان پێ گۆڕدراوە. هەر ئەو بەیتەشیعرانەی کە لە غەزەلەکانی "ئاسۆ"دا رەشکراونەتەوە لە پاڵ یەکدا دابنێیت، بۆمان روون دەبێتەوە کە سەردەم چ غەدرێکی لە شیعرەکانی ئەو کردووە. دڵنیام تەواوی ئەوانە شابەیتەکانی نێو ئەو غەزەلانە بوون. هێنانەوەی ئەو مەلە وازرانە بۆ باوەشی ئەو شیعرانە، قورساییەکی زۆردەدات بە لایەنی مانایی و نێوەرۆکی شیعرەکان قورس و قورستر دەکات و توانایی شیعری "ئاسۆ"شمان بۆ دەردەخات. ئەو شیعرانەی لە دوو توێی ئەو کتێبانە "تەوژمی خەیاڵ" و "گەزیزە"دا بڵاوکراونەتەوە، مێژووی ئاخرین شیعریان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٣)، کە تا ئێستا بۆشاییەکی (١٨) ساڵەمان لەبەیندایە. کە ئەوەش

بۆ نووسینی شیعر بۆ خۆی کە تەمەنێکی درێژە، ئەگەر بۆ شاعیر ئەو دەرفەتە بڕەخسێت، ئەو شیعرانەی لەو ماوەیەدا نووسیونی بێ هەڵاواردن و شاردنەوە بڵاویان بکاتەوە، ئەوە توانایی شیعری ئاسۆمان بۆ دەردەخات. کە دیارە ئەم شیعرانەی، شیعری سەردەمی پوختی شاعیرن و دەلالەتن بۆ ئاستی توانایی و بەهێزیی شیعرەکانی ئاسۆ. ئەوەی تا ئێستا باسمان لێکرد بەرکولێکی کەمە و هەشتێکە لە مشتێک. بۆئەوەی دەستمان بە ئەو پێوانەدا رابگات، دەبێت سەبر بکەین هەتا هەل دەرڕەخسێت و دەستمان بە کۆی شیعرەکانی ئاسۆ را دەگات.

چاوەڕوان دەمێنینەوە.

**غـەزەلـی ئـاسـۆ ئـەگـەر ئـــەوڕۆ کـەمـن کـڕیـاری**
**ڕۆژێ دێ چـەشـنـی دیـــاری لـەبـۆ دڵـــدار دەبـــرێ**


**سەرچاوەکان:**

تەوژمی خەیاڵ، چاپی یەکەم. محەمەدی، ١٣٦٨.

گەزیزە، چاپی یەکەم، چاپ مەهاباد، ١٣٧٢.

سروەی ژمارە: ١١١.

نەورۆزانە، بنکەی ئەدەبی بانە "بەڕۆژە".

ناوەندی گوتار: ١٣٩٠.

# دەق

- من کەوتوومەتە خۆمەوە — حەمە کاکەڕەش
- یاقوتی ڕژاو — عەلی پێنجوێنی
- نازەنین بەسەر پشتی لەقلەقەکانەوە! — بڵند باجەلان
- خۆژماردن! — گۆران ڕەئوف
- دێتە خوارێ بە لێویدا قەترە قەترە هەناسە — ئەحمەد حەقناس
- دوو شیعر — لەیلا سوڵتانی
- دڵی دەریا — دەریا ڕەواندزی

- وتووێژ لەگەڵ سەید عەلی ساڵەحی — سازدانی: عادل قادری

# من کەوتوومەتە خۆمەوە



حەمە کاکەڕەش

وا هەست دەکەم مردووم
چ سەختە ژیان، بە مردوویەتی
،،،
لە خۆما نێژراوم
ئەگەر مردم مەمنێژن
نامەوێ خەون و خەیاڵەکانم لە گۆڕا بخنکێن
،،،
پیاوێکم بەتاڵ لە خەون
خۆم داگیری کردووم بۆ خۆی
،،،

خەونەکانیشم خەون نین هەراسانییەکانی ژیانمە و دەیانبینمەوە

،،،

ئێستا سیانم، من و خۆم و تۆ

،،،

ئیدی هیچ کەسێ نامبینێ
ئیدی منێک نییە منبم
من کەوتوومەتە خۆمەوە
تا خۆم هەبێ، ئەبێ ونبم

،،،

دەڵێی لەژێر دەریا و بنی بیرام
لەناو خۆما وا دەخنکێم.

،،،

(نییە دەستێ دەرم بێنێ
لەناو ئەم خۆمە وێرانە)

،،،

دۆزیمەوە
لەناو خۆما دۆزیمەوە
گۆڕی خەونەکانم



،،،

پێم لە بەردی نائومێدی هەڵکەوت و
کەوتمەخۆمەوە

،،،

ئەوەی ئێستا دەینووسم
شیعری من نییە
وڕێنەی خۆمە

،،،

ئەڵێی ئەڵقەیەکم لە پەنجەی خۆما
هەر کوێیەکی بوێ دەمبا
دانی پێدا دەنێم
من شەڕەکەم دۆڕان
من دیلی دەستی خۆمم

نا دیلی چی
من هەر نیم
"'
من کەوتوومەتە خۆمەوە
ئێستا خەریکە بڕوابکەم
کە خۆم منەو
من نیم
ئەی ئەوە کێ بوو شەڕی خۆمی کرد
"'
حاڵم تەواو خراپە
کەسێکی تایبەتم لە خراپیدا



# یاقوتی رژاو

عەلی پێنجوێنی

**پێش هەموو کەس بۆ ئەنوەری هوژەبری**

چۆلەکەیەک باران باڵی شکاندبوو
بە دەنووک پەپوولەیەکی خوارد
تا فێری فڕینی بکاتەوە
***
تۆ لەوسەری دنیاوە
کەوچکێ گۆرانی بکەرە، دەمی باخێکەوە
دڵنیابە لەمسەری دنیاوە
گوڵێک من خەبەر دەکاتەوە
***
بە جام شەو هەڵئەگۆزم
دەیکەمە بن گوڵە شەوبۆکان
ئەی ئەگەر بەڕۆژدا تینوویان بوو
چی بکەمە بنیان؟
***

بێدەنگترین بوونەوەر لە دنیادا، گوڵە
کەچی کەسمان، بەم هەموو زۆربڵێییەمانەوە
نەمانتوانی
هێندەی گوڵ جوان بدوێین
***
هەموو دنیات بەسەر ئاوەکەدا پەڕاندەوە
رۆشتیت و هیچ ئاوڕت نەدایەوە و
نەتپرسی
ئەی کێ ئاوەکە بپەڕێنێتەوە...؟

دایکم لەسەر بەرگی سەرینەکەم
چەند گوڵێکی زەردی چنیبوو
بۆیە لەوەتەی بیرم بێت
جگە لە پاییز
خەوم بە هیچی ترەوە نەبینیوە
***
لێوی هەردووکمان
بە پەرداخەکەوە جێما
دڵی من چوو بۆ ناو باخ و
دڵی تۆش بۆ بەردەڵان
***
ئەوەندەی بەرد گیراوەتە دڵم
بگیرایەتە گڵۆپەکانی دنیا
ئێستا چاو چاوی نەدەبینی
***
دەستی هەردووکمان یەک ئاو بردی
دەستی تۆ ماسی راو کرد و
دەستی منیش بە گۆرانی
برینی ماسییەکەی تیمار دەکرد
***



تینیۆتی لەپی دەستەکانمی شەقار شەقار کردووە
کەچی تۆ لەژێر نینۆکەکانمەوە
دۆزە دۆزەی ئاو دەکەیت

***

ئەوەندە دایکمم خۆش دەوێ
کە هەرگیز
ناتوانم سەردانی بکەم

***

کە -با- ئەیدات لە دەموچاومان
گرژ ئەبین و ترش و تاڵیمان لێ ئەڕژێ
کە -با- ئەیدات لە دەموچاوی باخچە
بۆنی یاسەمین ئەڕژێ

***

ئەگەر ئەخلاقمان هەبێت
جوانی بەشی هەمووومان دەکات

***



چەند لەیەکتر ئەچین
کە یەکتری نابینین
چەند پێچەوانەی یەکین
کە لە باوەشی یەکتردایین

***

من لەمسەری دنیاوە، لێو دەجوڵێنم
تۆ لەوسەری دنیاوە، دەزانی
بەتەمام چ گۆرانییەک بڵێم
کەچی ئێستا مەودای نێوانمان
ئەمسەراوسەری قەوسی کەمانچەیەکە
تۆ لە ئاوازێک دەخوێنی و
منیش لە ئاوازێکی تر

***

سەرزەمینێکی پانوپۆڕ
تەنیا دوو کەس جێگەیان نابێتەوە تیایدا

ئینجانەیەک هێندەی جوگرافیای
لەپی دەستێک دەبێت
دەیان گەڵالەناویدا، سەریان کردووە بە یەکدا و
عەتری جوانی دەڕێژن
***
کە شەق هەڵئەدەی لە بەردێک
تەنیا هەست بە ئازاری قاچی خۆت ئەکەی
چونکە کەس نازانێ دڵت لە کوێ لێ ونبووە
بۆیە هەست بە دەنگی دڵی بەردەکە ناکەیت
***

هەموو باخەکانمان سووتاند
خودامان راونا بۆ مزگەوتەکان
هەرچی دەڕۆم بۆ مزگەوت
ئەو لەوێ نییە
ئاخر ئەو باخی بە ماڵی خۆی دەزانی
***
من ئیمانم بە خنکاویی دۆزییەوە
چونکە ترانجاندبوویانە ناو نوێژێکەوە
ئاسمانی نوێژ
زۆر لەوە تەنگەبەرترە
ئیمان تیایدا، لە شەقەی باڵ بدات.
خودا لەناو خوێنی دڵا هەڵدەگیرێت
نەک لەناو
حەرف و رستە و کتێبا
***
خودا مەیلی
بیستنی مۆسیقا دەکات
تەنیا لەناو شمشاڵەکەی قالەمەڕەدا
نەک لە هیچ جێگەیەکی تر
***
لە تاریکەشەوەکاندا لەناو دارستانەکانا

ئەسپ لە ئێمە باشتر رێدەکات
دارەکان لە چاوی ئەودا، دەبن بە چرا
کەچی لەچاوی ئێمەدا، دەبنە تارمایی
ئێمە سروشتمان خۆشدەوێ یان ئەسپ...؟
***
خودا نە حەرفە و نە کتێبە
نە لە حەرف و نە لە کتێبیشدا، پەیام نانێرێ
خودا دەنگە
هەر لەناو مۆسیقا و گۆرانیدا پێمان دەگات
دەنگ و گۆرانی
نانووسرێتەوە، هەر دەوترێتەوە
***
دایکم کە شەو نوێژ دەکات
شەو دەگوشێتە سەر بەرماڵەکەی
من لەمدیو دەرگاکەوە
پەرداخەکەم پڕتر دەبێ، لە شەراب
بەیانی دەزانم، ئەوەی من خواردوومەتەوە
شەو بوو، نەک شەراب
***
ئەوەتەی دنیا هەیە
ماچێک بەڕێوەیە و هەر ناگات
کەچی جنێو لە فیشەک خێراتر دەگات و
تەختی تەوێڵمان دەپێکێ
***
هیچ شتێک هێندەی ئاگر وشک نییە
کەچی کە ئاگر دەگرین
تەڕ تەڕ دەبین بە فرمێسک
***
ئازار و گۆرانی زۆر لە یەکتری دەچن
ئازار لە جێگەیەکە و
زریکەکەی لە شوێنێکی تر



گۆرانی لە شوێنێکە و
چریکەکەی لە جێگەیەکی تر

***



هەر دڵۆپەئاوێک هاتبێتە گەروومەوە
دەمودەست خۆی خنکاوە
بۆیە ئیتر ئاو نەیوێرا توخنم بکەوێ
دواجار خۆم لە تینوانا خنکام

***

خودا بەو گەورەییەیەوە، بۆتە شمشاڵ و
خۆی بۆش بۆش کردۆتەوە
تا سولەیمان بتوانێ
بە کەماڵی ئیسراحەت بیژەنێ

***

نازانم لە کەیەوە...؟
دایکم گۆزەکەی لە کانی هێناوەتەوە
هەر بەتاڵی دەکاتەوە و هەر پڕ دەبێتەوە
هەر بەتاڵی دەکاتەوە و هەر پڕ دەبێتەوە
تومەز مانگ لە بنی گۆزەکەدا بەجێماوە

***

هەندێک بەیانی هەیە بۆم ڕێدەکەوێت
سێبەر بە نانی تیرییەوە، دەخۆم
هەندێک بەیانی
دوا چۆڕی شەو کە لە بنی پیاڵەکەمدا بەجێماوە
هەڵیدەچۆڕێنمە قوڕگی مناڵەکەمەوە
ئەو بەیانیانە من باشم

***

هەمیشە
ئاگات لە درەختەکەی حەوشە بێت
چونکە مانگەشەوێکی بریندار
تیایدا بەجێماوە

***

گریانێکم لەناو گڵی ئینجانەکەدا
شاردۆتەوە
دڵنیام بیدۆزنەوە
ئینجانەکەشی پێوە لەتوپەت دەکەن

***

پڵنگێک تەنیا بەشی تێربوون راو دەکات
ئەوەتەی دنیا هەیە
مرۆڤ راو دەکات، کەچی تێر نابێ

***



خودایە
بۆچی موسیبەتی عەقڵت پێداین
بۆ ئەوەی هەمیشە
بیر لە تۆڵەکردنەوە بکەینەوە...؟

***

خودایە، ئەگەر مزگەوتماڵی تۆیە
بە بەرچاوتەوە، ماڵەکانیان رووخاندی
نەوتوانی بیپارێزیت
ئەدی مینای دڵی ئەو هەموو مناڵە بێ ئایندەیە
چۆن دەپارێزی...؟
ئەگەر ماڵی تۆش ناو دڵەکانە
ئاخر ئەی نابینی...؟!
دڵشکاندن و ئاو خواردنەوە، وەکو یەکی لێهاتووە؟!

***

لەگەڵ باوکم
ئەوەندە درەنگ بە یەک گەیشتینەوە
نەمانزانی قسە لەگەڵ یەکتر بکەین
بۆیە بەبێدەنگ
یەکترمان بەجێهێشتەوە

***

کتێبخانەکەم سووتا
قرچەقرچی دڵم زیاتر بوو لە قرچەقرچی ئەو هەموو پیتە

هەموو کتێبخانەکەم بوو بە خۆڵەمێش، جگە لە کۆمەڵێک پیت
پیتەکانم لەناو خۆڵەمێشەکەدا دەرهێنایەوە
دامنە پاڵ یەک و نووسرابوو:-
خودایە دەبێت گفتوگۆ بکەین
خودایە بۆ (هەشتاوهەشت)
خۆت شاردەوە لە گەرمیان...؟

***

هەست ئەکەم زەوی پیر بووە
هەست ئەکەم زەوی عەمارەپۆ بووە
زەوی درزی بردووە و
دواچۆڕی جواناوی لێ ئەچێ
خودایە کۆتایی پێ بێنە
ئێمەش و خۆشت رزگار بکە
لەدەست ئەم ئەستێرە بریندارەی
کە پێی دەڵێن ژیان.

***

من دەزانم جادەکان مینڕێژن
بەڵام خۆ هەموو دنیا جادە نییە



# نازەنین
# بەسەر پشتی لەقلەقەکانەوە!



بڵند باجەلان

ئەو پەنجەرە داخراوانە غەمبارم دەکەن
پەنجەرەکان داخراون
ئەمە واتای ئەوەیە تۆ غەمگینی.
دایکم تەسبیحەکەی کێشا بە زەویدا و ورتەیەکی لێوە هات
ئەمە دوا ورتەی ئەو بوو
ئیتر کەس نییە ورتەیەکم بۆ بکا
پەنجەرەکان داخراون
نازەنین تۆ لەکوێی؟

***

من کرێکاربووم
لە نهۆمی چوارەمی باڵەخانەیەکی بە رەنگی شین بۆیەکراو کارم دەکرد
لەوێوە سەیری نێو حەوشەکەتانم دەکرد
کراسێکی شینت لەبەربوو

لەنێو تەشتێکی شیندا، چوار پێنج پارچە جلی شینت دەشووشت
یەکێک لەو پارچە جلانە دڵی من بوو
ئەو کاتەی لەنێو پەنجەکانتدا رستەیەکی سووری پێشکەشکردی:
"خۆشمدەوێی نازەنین"

***

بۆچی ئەو کۆترە نانیشێتەوە؟
دیارە ئەو گۆرانییەی بیستووە کە دەڵێ: نیشتنەوە تاوانە.
منداڵەکان لەجیاتی کۆترەکان دەفڕن
ئەوە کەی؟
چەند ناشرینی کە پێمدەڵێی: حیکایەتخوان.
من کەی حیکایەتخوانم؟!
من چیم جگە لە حیکایەتی دەفە خوێناوییەکان؟!
لە بیابانە نازەنین.

***

تۆش ئاوابووی
وەکو خۆر کە ئاوابوو لە گوندە بچکۆلانەکەدا
وەکو هەر شتێکی تر کە دەبێت ئاوا بێت، ئاوابووی
ژیان سروشتی خۆی تێک نادا بۆ هیچ کەس
ئاوابوونی تۆ، سەرەتای دەرکەوتنی قابیلە
قابیل بە سەبەتەیەک خورماوە دێت
بە سەتڵێک شەرابەوە
بە زەمبیلێک گوڵەوە...
ئەمڕۆ یان سبەی قابیل دێت و دەڵێت: سڵاو
سڵاو ئەی ئاوابوو
سڵاو ئەی نازەنین.

***

قاسپەی کەوەکان دەبیستم لەو شەوە باراناوییەدا
چەند سەیر دەقاسپێنن کەوەکان!
کەوە دەنووک خوێناوییەکان، وەسییەتنامەی گوڵ دەبەن بۆ باخچە
باخچە لەوێ نییە

چۆتە سەفەری گوڵەباخ
گوڵی سوور جێگای تێڕامانە
هەموو گوڵە سوورەکانم خۆشدەوێ
بەتایبەتی بچووکەکانیان
گوڵی سووری بچووک ئاماژەیە بۆ چی؟
- نازانم!!
جا من کەی هیچم زانیوە!!
هەر دەزانم وەکو منداڵ بنووزێمەوە و بڵێم:
وەرەوە نازەنین.
***
گەڵاکان دەلاوێنمەوە
گەڵا رژاوەکان
گەڵاکان تفەنگە لە شەکر دروستکراوەکانیان
دەخەنە سەر شانیان
شەڕی گەڵا و مەیموونتان بینیوە؟
شەڕی ئەسپ و جاڵجاڵۆکەتان بینیوە؟
شەڕی من و نازەنینتان بینیوە؟
کێ نازەنینی بینیوە کە لە شەڕ دەگەڕێتەوە بە باوەشێک خۆخەوە؟
نازەنین شەڕ مەکە لەگەڵم
من لەو یاری شەترەنجەدا، سواری پشتی ئەسپەکە دەبم و
دێم بۆ لای تۆ
ئێستا تۆزێک دوورم لێت؟
من دەگەم، زوو دەگەمەوە لات
لەگەڵ مردووشۆرەکە دەگەڕێمەوە
لەگەڵ ئەو تابووتە دەگەڕێمەوە،
لە دەرگای ژوورەکەت دروستکراوە
من دەمرم نازەنین.
***
کوشتنی ئەو هەموو کیسەڵە، کەروێشکەکە ناڕەحەت دەکەن
کەروێشکەکە دەگریێ
بۆ کیسەڵەکان نا

بۆ ئەو هەموو خوێنە دەگریێ
کە لە داوێنی نازەنین دەڕژێ لە کاتی سووڕی مانگانەدا
نازەنین لە سووڕی مانگانەکەیدا قسەم لەگەڵ ناکات
منیش خۆم بە میکانۆوە خەریک دەکەم
بە میکانۆ کەروێشکێک دروست دەکەم و دەیکەمە دیاری بۆ نازەنین
نازەنین دڵی خۆش نییە
خوێنی لەبەر دەڕوا
دڵت خۆش دەبێ ئەگەر ئەو پیاوە بگەڕێتەوە کە فێری ئەوەی کردی چۆن
بگەی بە ئاگر؟
ئاگر تۆی سووتاند نازەنین
ئاگری ناخی ئەو پیاوەی لە شیعرەکەیدا دەنووسێ:
نازەنین کوا؟ کوا نازەنین؟

***

خۆم لەسەر پەڕەکەی بەردەمت دۆزییەوە
ئیتر وشەکان کۆدەکرێنەوە
سەردەمی کۆکردنەوە هات
بەڵام من هیچم نییە کۆی بکەمەوە
کەواتە هاتنی سەردەمێکی تازە بە من چی؟
تۆ کێی نازەنین؟





# خۆژماردن!

گۆران رەئوف

شەوەکان لە چیرۆکەکان زێدەترن!
شەوەکان لە حیکایەتەکان درێژترن!
خاڵی دروستبوونی شەوەکان...
خاڵی هاوبەشی شەوەکان...
خاڵی جیاوازی شەوەکان...
خۆشم نازانم چییە!
گەر پووچی ژیان نەبێت...

شەو هەیە پێدەکەنم و غەمگین دەبم
لە چ گەمەیەکی سیخوڕیدابووم،
بە ناوی عەشقەوە!

شەو هەیە بیر لە لاوازیی کهول دەکەمەوە
لە ئاست کەئابەکانمدا!
بیر لە لێدانی قاقاکانم بەو رۆژانەی
کەئابەکانم قەشمەرییاندێ بە حەشیش و تریاک!

شەو هەیە بەو شەوانەم پێدەکەنم
کە تۆ دیار نەبوویت و
سەری قسەم لەگەڵ کەسانێکدا دادەمەزراند
کە رۆژگارێک خۆم لادەدا لێیان!

شەو هەیە گشت خەونەکانم دەسڕمەوە و
هەمو پەیوەندییەکانم دەپچڕێنم
تاکو کەمێک بچمەوە ناو خۆم!

شەو هەیە بەدەم غەریبی خۆمەوە
خەم بۆ غەریبەکانی شارە جەنجاڵەکان دەخۆم.
شەو هەیە بە هەموو برینەکانی دڵمەوە
دڵم بۆ خەونە سادەکانت تەنگ دەبێ!

شەو هەیە بیر لەو کاتانەم دەکەمەوە...
گەورەبووم و ریشم هەیە!
شەو هەیە بیر لە سەگە زۆر و
برسییەکانی شار دەکەمەوە،
بیری ئەوەی
حەزدەکەم یەکێکیان لەگەڵ خۆم بەخێوکەم!
بەڵام خەمی بەخێوبوونی خۆم کەم نییە؟!

شەو هەیە رادەمێنم بەدیار وشەی تەنهاییەوە،
داخۆ بۆ یەکەمجار
چ بێویژدانێ ئەوەندە جوانی تاشی!

شەو هەیە مامەڵە لەگەڵ خۆمدا دەکەم،
تا بیر لە کامە کچ یان ژن بکەمەوە!



**شەو هەیە بە دڵی شکاوەوە**
**فەلسەفە دەخوێنمەوە و**
**بیر لە بێباکیی مرۆڤەکان دەکەمەوە!**

**شەو هەیە لە رووخساری داهاتوومدا**
**سەرکەوتنەکانی رابردووم دەبینم!**

**شەو هەیە بیری خۆم و**
**هاوڕێکانی منداڵیم دەکەم!**
**ئەو هاوڕێیانەی پێکەوە دزیمان دەکرد و**
**پێدەکەنین!**
**ئێستاکە هەندێکیان مردوون و**
**هەندێکیان بەشوێن خاوەن شمەکەکاندا دەگەڕێن!**

**شەو هەیە بەفرەکان دەسوتێنم و**
**ئاگر بەردەدەمە بەر خەیاڵەکانی سووتان!**

**شەو هەیە غەریبی ئەو ژنە دەکەم**
**کە لە تەکسییەکدا ناسیم و**
**ئێستا هاوڕێیەکم ماچی دەکات!**

**شەو هەیە بیر لەو کارانەم دەکەمەوە**
**کە هەرکات بیریان لێدەکەمەوە شەرمەزار دەبم!**
**ئێستاش کە بیریان لێدەکەمەوە،**
**هەڵبەز و دابەز دەکەم و ورتەم دێ!**

**شەو هەیە...**
**شەو هەیە..**

**شەو هەیە گوێ لە میوزیک دەگرم،**
**تاکو کەمتر بگرییەم!**

شەو هەیە تەنها بیر
لە دڵتەنگیم دەکەمەوە،
کە بۆ ئەوەندە گەورەیە!

شەو هەیە بەدیار فیلمە سێکسییەکانەوە دادەنیشم و
تەنها رقم لە تۆ دەبێتەوە!

شەو هەیە نامەی بێ ناونیشان دەنووسم و
نازانم بۆ کێیە!

شەو هەیە ئۆزۆ دەخۆمەوە و
بە گریانەوە پێدەکەنم!



شەو هەیە خەیاڵ بە منداڵیمەوە لێدەدەم و
پیربوونم نایەتە پێشچاو!

شەو هەیە بەگریانەوە لە خەو رادەچڵەکێم و
بە پێکەنینەوە دەنوومەوە!

شەو هەیە بیر لە درۆی هاورێکانم دەکەمەوە و
تێدەگەم خۆشم درۆزنم!

شەو هەیە بیر لەو کچانە دەکەمەوە
کە ماچیانکردووم و
من وەک پەیکەرێک
هەستم بە هیچ نەکردووە، هیچ!

شەو هەیە تەماشای تورەبوونم دەکەم و
تێدەگەم پووچییەکی قۆرە تورەبوون!

شەو هەیە بەسەر وێنەکانی رابردوومدا
دەڕشێمەوە!
شەو هەیە رشانەوەی
سەر وێنەکانی رابردووم دەسڕم!

شەو هەیە دەسووتێم و
بیر لە دۆزەخ دەکەمەوە!

شەو هەیە پێدەکەنم و
بە کاتە گریاوەکانم قەشمەریم دێ!

شەو هەیە...
شەو هەیە...



شەوەکان لە چیرۆکەکان زێدەترن!
شەوەکان لە حیکایەتەکان درێژترن!
خاڵی دروستبوونی شەوەکان
خاڵی هاوبەشی شەوەکان
خاڵی جیاوازی شەوەکان
خۆشم نازانم چییە!
گەر پووچی ژیان نەبێت...
خۆشم نازانم لە چییەوەیە؟!
گەر رەشێتی چاوەکان نەبێت!!

# دێتە خوارێ بە لێویدا قەترە قەترە هەناسە

دێتە خوارێ بە لێویدا قەترە قەترە هەناسە

**ئەحمەد حەقناس- بۆکان**



هەموو یەکن کان و کان، رۆژ و رۆژ
لە ئاوابوونێکا ئەڕژێتە ئێوارەوە
ناتوانم
بیر لە نووسینێک بکەمەوە
کە هەڵە دەکا خوێندنەوە
لە من نییە، لە ئەوە
کوێرە پیاوێکە شەو
لێی ئاوا بێ مانگ هەر ساتێ هەڵدەکەوێ لە پێکانی سێبەری
ناناسێتەوە بۆنی هەموو رەنگێ
چی بوو تاوانی گیرفانی من
کە هەڵوەران پەنجەکان
ناچار بدزم قاچەکانم لە پێڵاو
بوو چ ترسناک
کەوتە خوارێ ئەو لەتە بەردە
زاماری کرد پێی منالێکی رێی قوتابخانە



بەرد فەلسەفەی ئەمەیە
پێکەنین هەڵپەڕینی تەمەنە
نە دیارە کۆتایی و نە سەرەتای
بۆی ئەچڕی گۆرانی ساڵ
کێ ئەگری بۆ پاییز بێجگەلە گەڵا
پێ ناخۆش بوونی مردن ئەمەیە
زاوزییەتی زستان
هەموو رۆژێک کوڕێکی ئەبێ و ناوی ئەنێ بەفر
بە گوێسوانەوە هەڵدەواسێ سەهۆڵ
ئەنووسێ نووسەر رۆمان
کە ببینی هێناوتە بەسەر من چی
گەڵا
سێبەری کتێبێکە لە ماڵێک کە تێیدا نییە کتێب
تێ دەگا -با- لە زمانی چۆلەکە
بە سروەیەک
هەموو بەیانێک بۆی ئەژەنێ ئاوازی جریوە
کراوە نامەیەکە تەمەن
دەتوانێ لێی وەرگرێ ناونیشانی گۆڕستان
تەمەن دیسانەوە
ساتێ خۆشحاڵە کۆترێکە
چەن و چەنێکیتر دێ و سەری دەخوا تەیرێک
گەورە دەبێ هەنگاو لەگەڵ من ئازادی
ئەبەخشێتەوە خورما لەسەر دەستی
نە دەنێ بە کەسەوە گوللە، نە دەشکێنێ شووشە
دەگرن لەگەڵیان وێنە، دێن لە دوورەوە گەنج دار و گەڵا
ئەچێتەوە بیریان ماوەیەک دوای
پێئەکەنێ پاییز بە رووتبوونەوەی دار
پێچەوانە
دەسووتێم من لە چوارڕێیانی شار ئێوارە هەموویەک
هەڵئەگرنەوە پەنجەکانم بەڕێزەوە کوڕان
ئەخەنەوە دوور لێم گڕ بە فرمێسک کچەکان

شتێکی خڕە، نە نووسەرە نە شاعیر
سێو
دەکا قسە کە لە جوانی وڵاتی ئێمە
دەیخوێن ئێمەش
گاڵتە دەکەن چۆلەکەکان بەڵێ
جریو جریو جریو
نایە هیچیان دەنگی کەچی
دەبێتەوە نزیک کە تۆی
خۆشە زۆر باران، من و نێوانی
دادەباری ئەویش دەگریم کە من
دەمان باتەوە خەو درەنگ شەوێکی
لە ژووری شیعر ئەدا سەرێک
هەموو بەیانێک وشە
هەڵ ئەداتەوە
دڵم پەڕە پەڕە کتێبــێ
لێی دێ ئێوارەی بە سەرگەردانییەوە ئەو رۆژە دەنا
دەچێتە ناو رەزەوە بە نهێنییەوە
لێئەدا شاخ بە ئاشکرا بزنەکێوی
لە ترێی وەرگرتووە مەستی بە ئەمانەت
سەرخۆشییەکە گەڕانەوە
دەنووسم هەور لە بەر دڵتەنگی
بە نیشانەی رێز لەدوا رۆژدا دەزانم تەڕ دەکەن
لێوی گۆڕەکەم
لە کوێ پەڵە هەورەکان شوێنی
ئەدۆزنەوە لە -با- خۆ کاتێ
دەبن بەسەرچوون رۆژەکان
دەبینن بە منەوە خەو شەوانیش
دەلەرێتەوە گەڵا
ئەڵێ پێی دار نازانێ خۆی
ئەمڕۆیە تەمەنی کۆتایی
هەنگ بەرەوپیری دەچێ بە بوونەوە گوڵ



دەبێتە ڕێگری زەردەواڵە
پێ ئەکەنێ لە دڵی خۆیدا -با-
بوو بە بەرد لە هەرچیدا دەستمان تۆ و من لەنێوانی پاییزدا
بەیان بوو گوڵی سووری ئێمە هیوای
دەگەڕێ
بۆ پەنجە تەزیوەکانی لە بەفردا چوون بارانە کە سەیری
عاتیفە بێ ژیانی چییە ئاخر
مەپرسە لە ترس هاتێ کە
ئەوین لە شنەی پڕ دەکەین گەڕەک
دەچمە قووڵە خەوێکی لە پاییزا
درەنگە شەوێکی نێوە تا لە زستانا بەو هیوایەی
بگرم بەفر تۆ خەوی لە پرخەی گوێی
دەچێ لە میوەیەک شار
لێیان گرتبێ قەپ کە هێشتبێتیان جێ بە برینداری
ئەپڕژێنن بە روخسارتا
تیرۆژی ئەڵێ بۆنی باڕووت خۆشەویستی تنۆکی قومێک
تەنیاییم
سەرمایەتی داییم دەنا
باران دەبێتەوە گەرمی لە پەنا بەفردا
دڵخۆشە لەگەڵت چەن ڕێ دەبینی لە هاتنا
دوورودرێژ سەفەرێکی دەبێتە لێت لە گەڕانەوەدا
دەچێ پرچت لە شنەی شەهید
لەم رۆژە خۆڵاوییەدا
داگیری کا ناتوانێ کەس
هەڵگەڕەوە بەردی سەرەتا لە کۆتاییدا گەیشتی گەر
بنووی لەسەر شانی چەپکە ڕێحانە بە دڵنیاییەوە دەتوانی ئەوسا
نە کۆتایی دیارەو لە سەرەتای شەقامێکم من
دەکا درێژ لە بەر دەما لاقەکانی کۆڵان دائەبەزم
تاریکە شەوەکانی
مانگی نەدا ڕێی ئاسمان حەوشە گەر
دەبوو

چ مانایەکی ئەودیوی ژووری ڕێی پەنجەرەی نەدای دیوار
شێتی نەبووای بە شاعیر کەی دەبووم گەر من
دەبوو
ژیانم بە ئەوینێکی قاقای ڕەچەڵەکی
دەکەی شەڕ باسی کە ئەبێتەوە هێور ئارامی نییە شتێکی خراپ
بخوێنەوە
نێو چاوانم هێدی بە چاومەوە بنێ دەستت
بێ هیچ جیاوازێک
تێ ئەگەی دەنووسم بۆ ئاشتی پێشەکی
دەکەن تووڕەم، نیم تووڕە
ئەنێن بە -با-وە بۆنی باڕووت ئەو کاتە
پڕ دەبێ لە بۆنی ناخۆش ئاسمان
پەڕەسێلکە نەبێتەوە جیا لە من
داگیر دەکەن لێی گەنجی تەمەنی بە دوورکەوتنەوەی
خۆشم ئەوێ گەڵا
بە دەم -با-وە ئەو کاتەی هەڵ ئەپەڕێ
وەک دوو مناڵ لە شایی خۆشکەکەیانا
شڵەژاوە هەموو شوێنێ ئەمڕۆ
دەکا داوای ڕەنگێک هەر کەو نەبێ من تەنیا
ڕاکشاوم لەسەر ڕێ
بۆ هاتنەوەی پێ چرپەی گەڵا
دەکەن لە هەڵم داوای باران
هەورەکان هەموو ڕۆژێ دەبینم
دا ئەچڵەکێ لە مەراقی سپێدەیا هەڵم
هەڵ ئەوەرێ ڕۆحی لە ئێوارەی ساردا
تۆی کۆتایی و تۆی سەرەتا
ئەستێرە بە دزییەوە سەر سەرینەکەت کەوتووە
دایگرتووە بەر پەنجێرە سەران سەر بۆنت ئەی گوڵ
تێ ئەپەڕێ بە لاتا بە لەرزەوە -با-
پشیلەکان کە ئەو ڕۆژانە بۆیی لە کۆیی
کە خواردەیان گوێ یەک



**راهاتووه ڕێگا ئێستە**
**نای گەیەنی نەبێ ئاشق هەر کەس**
**خوێندیەوە لە نیانووسی سێودا ئەمە**
**پەپوولە هەڵوەرینی لە گڵۆپدا**
**دەبینم خۆم لە گڕدا**
**دەگێڕێتەوە بۆتان ئەمانە مردن**
**دوایی خۆم دڵنیاییم**
**پێم خۆشە ئێوارە لەباوەش کەم**
**دانیشم تاوێ لای خۆرئاوا**
**چووەتە ماڵی خۆیەوە ئەستێرە درەنگە تازە**
**کام شەقامە ڕێی ماڵەکەم نازانم من**
**لە تەریقەتی نوێژدا بۆخۆم منیش**
**دیار نیت و تۆ، هەینییە**
**دەکەم تەمەن شوکری دەئاڵێم و لە ئازادیا**
**ناکات بڕوا کەس کە ئەوەندە دووری دووری**
**زۆرە من سەبری بە نەبوون و بوونت**
**هەڵسای کە تەڕ بووە حەوشە نییە باران**
**گەیشتە سەر شانی پەنجێرە**
**کەوە ئاشت گوڵەبەڕۆژەکان، بەبێدەنگی هەڵگرە دەست شەو ئەی**
**مەرحەبای خستۆتە بزەی ئەشق ئەوەتا**
**دێتە خوارێ بە لێویدا قەترە قەترە هەناسە**
**جریوە لە پڕ لە ئازادیدا چۆلەکەکان**
**مردن زۆرجار ئەگرێ بەرۆکیان**
**ناهێڵن جێ خاک**
**چ ڕێیەکی سەیرە**
**من لە هاتنی نە ئەو ڕۆیشتنی لە من دەبێ تێر**
**بەسەر لەشی ئەودا.**

# دوو شیعر

لەیلا سوڵتانی



(١)

## هەموو ڕۆژێک

سبەینان زوو. بێ دەنگ و کڕ..
گشت ژیانم دەپێچمەوە
لەناو چارۆگەیەکی شڕ..
بەناو شاردا هەنگاو دەنێم
دەڕۆمە نێو چەقی دەریا و
جەنگەڵی چڕ..
هەندێک جاریش
وەکو باڵدارێکی ڕەمیا
یاخی و بێلانە و بەرزەفڕ..
لەگشت وەرزەکان بێزارم
لە (با)ی بەهار، گەڵای پاییز
گەرمای هاوین، زستانی سڕ..
نە دڵدارێک پێم دەزانێ و
بانگم بکا بۆ ژێر سەکۆی..
نە گۆڕێکی خاوەن ویژدان
سەری یاخیم دەگرێتە خۆی..

(٢)

## کاتژمێر

کاتژمێرەکان لە خاچ بدەن
میلەکانیش زیندەبەچاڵ..
گڕ لە باڵای گزینگ بەردەن
پەرژینێکیش بۆ بای شەماڵ..
وەڕەس بوومە لە هەنگاوی کاتژمێر و
لە خولانەوەی گۆی زەوی..
وەڕس بوومە لە تەنیایی و
لە دەردی دووری بێ ئەوی..
هیچم ناوێ
نە هەنگاوی تیشکی خۆر و
نە کاتژمێر..
نە گەڵای وەریوی پاییز
نە لەدایکبوونی کنێر..
هیچم ناوێ
چون تا ئێستاش
وێڵ و شێت و سەرگەردانم..
چی مرۆڤە
بستێک زەوی دەپەرستێ
هەر منم بێ نیشتمانم..



# دڵی دەریا

دەریا ڕەواندزی



(١)

بیرت بێ...
هەرکاتێک
باران دەبارێ
وەک جاران...
دڵم بیانوو دەگرێ
بەیادی ئەو شەوانەی
خەونی پەمەییم
بە ئامێزی تۆ دەبینی و
بۆ بەیانی بە بێدەنگی لێم دەڕوانی
ئاخۆ تۆش بیری
ئەو شەوانە بکەی؟!

(٢)

شەوی رابوردوو
کاتێک باران تەڕی کردم
دەستم بەرەو
ئاسمانێکی تاریکی تەڕتر
بەرزکردەوە
کە جارێکی تر
تاریکی شەو
تەڕێتی ئاسمان
لە ئامێزی گەرمی یەکتر
کۆمان بکاتەوە!



(٣)

زەمەنێک تێدەپەڕێ و
هەر بەتەنیایی و بەبێدەنگی
چاوەڕوانی هاتنت دەکەم
بەنێو خۆمدا
پەرت دەبم و
شەپۆل دەدەم
ماسییەکانی رۆحی تۆم
لە دڵی خۆم کۆکردەوە
هەر نەهاتی بۆ ئەوەی
لە ناخی دەریا
شەپۆلەکانی ئەوین ببێنی.

(٤)

لە خۆم دەچن
ئەو هەورانەی
لە تاریکی ژان دەیانگرێ
بۆ دڵۆپە بارانەکان
دەگرمێنن
دەترسم تۆ...
لە دڵۆپی باران بچی
هەر جارێ دابباری و
نەتبیێنمەوە جارێکی تر
بڕژێیتەوە دڵی دەریا.



(٥)

تۆ هەموو کات
وەک باران
دەڕژێیتە
نێو دڵی دەریا
ئیتر چۆن بتوانم
بەبێ عیشقت شەپۆل بدەم؟
چۆن بتوانم
لێوی کەنار
بەبێ تۆ
تەڕکەم
چۆن بتوانم
کەشتی حەزت
بە ماچی لێوم
مەست کەم
وەرە بەرز وەرە
وەک ئەو ئەستێرانەی
هەموو شەوێ
لە دڵی دەریادا دەجریوێنن.

(٦)

**شەوێک وەرە**

**لە تاریکی ژوورەکەما**

**سەوڵ لە دڵی دەریا بدە و**

**لەسەر سینەی نەرمی ئاو**

**بە دەنگی کەنارییەک**

**گۆرانی هاتنەوەت بچڕە**

**بەباڵی پەروانەیەک**

**لێوی دەریا بۆیە بکە**

**وەک پەڕەی گوڵ ماچت دەکەم**

**بۆنی عەترت**

**بۆ هەتایە لە سینەم دێ**

**پەنجەکانت بەسەر لێوی دەریادابێنە**

**حەز دەکەم**

**هەموو دنیا**

**لەسەر لێوی شەپۆلێکی عیشقی منا**

**ئارام بگرێ**

**بەتینوێتی دەریا جێ مەهێڵە**

**چونکە دەریا عاشق بە بارانی**

**موحیبەتی تۆیە.**



(٧)

**بەنێو رۆحی خۆت**

**بەرەو**

**ئەزەلم بەرە**

**دەزانم گەر تۆ نەبی**

**تینوێتی دەریا**

**بە دڵۆپێ باران ناشکێ**

**دڵی دەریا**

**بە تەنها ماچێ**

ئۆقرە ناگرێ
ئیتر وەرە و
بە چەند فرمێسکێک
دڵی دەریا
داگیر بکە.



(٨)
تۆ...
لە باڵندە دەچی
هەموو شەوێ بەتەنیایی
لە تاریکی
جێم دەهێڵی
وەرە بڕژێ بەسەر لێوما
وەک شەرابی گوڵ هەنار
گەر تۆ نەبی
کەس ناتوانێ
بەهەناسەیەک بەسەر لێوی بیرژێنێ
وەرە
ئیتر لە گۆشەیەکی دڵتدا
مەستم بکە
بەچاوی خۆت.

(٩)
بەسەر شەپۆلەکانی عیشقمدا
سەمای هاتنەوەی تۆ دەکەم
نزیکبەرەوە
دڵی دەریا
دوا مەنزڵی ئەوینی تۆیە
بێدەنگ وەرە
ژوورەکەم
بەدیدارت رۆشەن دەبێ

**جەستەی وشکم**
**بەماچی تۆ**
**وەک دەریا تەڕ دەبێ**
**خۆت مەشارەوە و**
**ئەمشەو بۆم دەرکەوە.**

**(١٠)**
**گەر ئەمشەو باران بباریٚ**
**پەنجەرە و دەرگا داناخەم**
**دەنگی پێی گەڵاکان دەبیستم**
**بۆنی باران دەکەم**
**ماچی گوڵەکانیش دەکەم**
**هەر ناخەوم چاوەڕێتم**
**گەر تۆ نەیەیت**
**دەریا بێ تۆ**
**دەریایەک ئەشک دەڕژێ**
**لە چاوی دەریا.**



**کەنەدا**

١٠٢١٩

# وتووێژ لەگەڵ سەید عەلی ساڵەحی



سازدانی: عادل قادری

## پێشەکییەک بۆ وتووێژ لەگەڵ سەید عەلی ساڵەحی بەبۆنەی "فراڕۆشتنی"* ئیمپراتۆری شیعریی جیهان، مامۆستا شێرکۆ بێکەس و "دەق" و "پەراوێز"ەکانی دوای "ئەو"**

**هەموو هەناسە و عارەقە رۆحیی و جەستەییەکانی ئەم گێڕانەوەیە پێشکەش بە هەموو ئەو هاوڕێ زمانییانەم[1]، (بەتایبەتی ئەوانەی کە نایان ناسم!) کە لە کەڵکەڵە و سەودای گرتنی کۆڕ و ڕێ و ڕەسمێک لە رۆژهەڵات بۆ مامۆستا شێرکۆ پاڵیان دایەوە و نەلوا![2].**

**بەراییەکی ڕەش بۆ کۆچێکی سپی:**

دوای کۆچی ناوادە و ڕاچڵەکێنەری قەڵای وشە و هزری کوردیی، مامۆستا شێرکۆ بێکەس، "ئێمەمانان"[٣] لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک پرسیاری تەژی لە دڵەڕاوکێ لامان گەڵاڵە بوو (کە هەندێکیان وەڵامیان روون و ڕۆشن بوو، بەڵام لامان پەسەند و قبووڵ نەدەکرا و باوەڕی سامناک و تۆقێنەر بوو، هەندێکیشیان وەڵامیان نادیار و زانستاوی! بوون و هەندێکی تریان پرسیارگەلی مامناوەندی بوون کە زۆرێک بە لایدا نەدەچوون!)[٤]، کەوتینە ناو کەشێکی پڕ هاتوچۆ و دڵەکورکێوە. دەکرێت لەسەر بنەمای ئەو پێکهاتە گشت و باوەی کەلتوورمان پەرچەکرداری ئێمە بۆ مەرگی "من" یان "خود"ێکی کۆیی بەناوی شێرکۆ بێکەس، خەم و تاسە و ئاخ و ئۆف بێت، بێگومان لانیکەم "گەردیلەیەکی مەزن!"[٥]، لەو هەست و سۆزانەمان تێدا بوو. ئەگەرچی دەکرێت باس و گێڕانەوەیەک لە مەرگ و تێڕوانینی مرۆڤ لەبارەی مەرگەوە هەر لە سەرەتاوە تاکو هەنووکەی شارستانییەت، یان دژە شارستانییەتی مرۆیی! بدەم بە دەستەوە. بەڵام لە چرکەساتی وادا کە زۆرتر نەست و ناوشیارمان گەڕێنەر و سووڕێنەری بوونمانە، لە هەمبەر پرسی مەرگ، خستنەڕوو و بەدواداچوون بەرەو مەرگ و پرسە هەمیشەییەکانی مەرگ؛ ژیان، جاویدانی، دۆزەخ، فیردەوس و... نەکردە و ئەستەم یان لانیکەم زۆر دژوار دەینواند. بە بیرمی دێنمەوە کە مەرگ هەر لە کۆنترین ئەفسانەی مێژووی مرۆڤەوە، واتە ئەفسانەی گیلگامێشی بابلییەوە کە شێرکۆ لە پاییزە میواندا باسی قڵیشانی وڵاتی گیلگامێش، واتە کوردوستان دەکات[٦]، گەڕان و عەوداڵبوون بۆ گیای ژیانی هەتاهەتای و جاوید، ڕێگەچارە و بگرە وەکو تاقە پردی پەڕینەوە لە مەرگ و خۆڕاگری لە هەمبەر مەرگدا، ئامادە بووە، تاکو ئەمرۆ و بە تێپەڕین بەناو ژیان و دەقی تالیس، ئەفلاتوون، ئەرەستۆ، قەشە ئاگۆستینۆس، توماس ئاکیوناس، کانت، دیکارت، هیگل، مارکس، نیچە... گارسیا مارکیز، کامۆ، کافکا، رابیندرانات تاگوور، کارلۆس کاستاندا، بێرتولت برێشت، سامۆیل بێکت، هاروکی موراکامی، بەختیار عەلی، شێرزاد حەسەن، شێرکۆ بێکەس، جەمال غەمبار و... درێژەی هەبووە و دەشبێت! بەشێک لەم پەرچەکردارەی ئێمە بۆ مەرگی مامۆستا بێکەس، "وێنا و شیمانەی مەرگی (خود)ێکمانە لە قەوارەی کەسایەتی و بوونێکی وەکو شێرکۆدا (عومەری خاوەر، ئەگەڕێ و ئەگەڕێ... "ئەو" تاکە و کۆیە (ئێمەیە) لە یەک کاتدا نادیارە و لەگەڵمانە)[٧]، شێرکۆ بێکەس بەڕاستی (خاس یان خراپ، کارم بەسەر ئەوەوە نییە) بە شێوازێکی بەرین ئێمەی هەڵلووشیبوو، لە پلەی یەکەمدا ئێمە "ئەو" بووین

و دواتریش "ئەو" ئێمە بوو! تێڕامان لە مەرگی "ئەو" تێڕامانە لە هەنووکەی "خود"ێک کە هاومەرگی و هاونەبوونی دەتوانێت هەست پێ بکات، ئەویش لە قەوارەی "خود"گەلێکی زۆر و زەبەندەوە کە کۆمای ئەم "خود"گەلە "خودانی خود" پێک دێنێت، ئێمە لە مەرگ و ئەزموونی مەرگی شێرکۆ بە شێوەیەکی جیا لە خۆی بەشدار بووین، ئەگەرچی دەکرێت بڵێین: کە (مەرگی شێرکۆ جگە لە میتافۆرێکی شیعری، هیچ نییە و مەرگی ئەو لەو مەجاز و فرەماناییانەیە کە هیچ کات ناتوانین بە حەقیقەتەکەی بگەیین... یان لە ئاستی شێرکۆدا مەرگ ناتوانێت ئەرکی خۆی تەواو و چڕوپڕ بگەیەنێتە ئەنجام)[٨]، بەڵام گەر بە روو و ڕەهەندێکی بەرینتر و هەراوتر لێکی بدەینەوە، مەرگی شێرکۆ وەکو میتافۆر یان خوازە ماناپڕژێنی و زەینفرێنی و دڵ بەدوایی دوای خۆی و بۆ "خود"ەکانی بەجێ دێڵێت، "ئەو"، لە مندا بەردەوام دەژی و دێت و دەچێت، دەمرێت و دەژێت، بەڵام نابوود و عەدەم نابێت، ئەگەرچی خۆیشی نەبێت و ئاگای لێ نەبێت، هایدیگەر گوتەنی: دازاین کە مرد، ئەو نازانێت کە مردووە، واتە سووژەی هایدیگەری مەرگی خۆی نابینێت! بەڵام ئێمە مەرگی "خۆمان"مان بینی، مەرگێک کە هەنووکەش لە من و ئەم دێڕانەمدا و رۆشتنم بۆ تاران وتوویژ لە گەڵ شاعیرێک بە ناوی سەید عەلی ساڵەحی-دا بوونی ئامادە بووە، مەرگێک کە بەردەوام چ لە کاتی ڕوودانی مەرگی "خود"ێکمدا و چ لە ساتی ڕوودان و هاتنەئارای مەرگی خۆم و "خود"ی خۆمدا، لە ژیانمدا راساو و قیت و قوت و ئامادەیە! هەموو ئەم باسە و گێڕانەوەگەلی فەلسەفی و دەروونشیکارانەی لەم چەشنە، لایەنێکە لە خوێندنەوەی مەرگ، کە لێرەدا ناپەرژێمە سەری تەنها هۆی ورووژاندن و کردنەوەی ئەوە بوو، کە لەسەر بنەمای کەلتوورێکی مەرگ بێز و پێکهاتێکی هەستەوەرانە[٩] بڵێم: دوای مەرگی مامۆستا بێکەس، کەوت"م/ین"[١٠]ە، ئەم حاڵەت و هەڵوێست و هەڵوێستەوە، کە داخۆ چۆنچۆنی رۆڵێک لەم کۆچ و سەفەرەی "ئەو"دا بگێڕ"م/ین"، هۆکاری ئەم هەڵەداوانی، دڵەتەپێ و دڵەڕاوکێیەش دەگەڕایەوە بۆ دەربەستی و پەیوەستبوون بە جیهان و پێکهاتێک لە هزر و شیعرییەت، کە خوازراو، یان نەخوازراو شێرکۆ بێکەس ئامێزانی ناخمانی کردبوو! "من"[١١]، راهاتووی شێوازێک لە وشەداڕێژی و فۆرمێک لە مانا پڕژێنی بووم کە دونیای شیعر و سەفەرە زۆر و زەبەندەکانی "ئەو" هەر لە تریفەی هەڵبەست و کەژاوەی گریان، کاوەی ئاسنگەر و... تاکو دوو سروودی کێوی و هەڵۆی سوور و... دەربەندی پەپوولە، ئافات، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک و بۆننامە و چراکانی سەر هەڵەمووت، ڕەنگدان و پاییزە میوان و گۆڕستانی چراکان و... حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک تاکو دەگاتە دواترین

"خێراکە، مردن خەریکە بگات" بە قەوارەگەلی جۆراوجۆری جوانی ناسانە، ماناخوازانە و شوناس تەوەرانە سازاندبووی و منی گوێ قوڵاخ و دەمکوتی سیحری زمانیی خۆی کردبوو! بەم راستییەوە رەنگە بتوانین لەسەر یەک بنەما و بڕیار رێککەوین، کە ئەویش ئەمەیە کە: شێرکۆ بێکەس پڕدەسەڵاتترین "بوون و بوونەوەر"ی ناو زمانی کوردی بوو، سوڵتان و ئیمپراتۆری زمانی کوردی و دواتر و بەگوێرەی ئەوەش ئیمپراتۆری شیعریی جیهان[١٢]. هەر کەس شیعرەکانی بێکەس بخوێنێتەوە دەڵێی: لە سەرچاوەیەکی پاکی کوردستان[١٣] ئاو دەخواتەوە، سەرچاوەکە زمانە! سرووشتە! سرووشتزمانە! دووانەن، سێیانەن، چوارینەن و... شێرکۆ بێکەس خۆی لە خەیاڵ دەچێت! بەختیار عەلی دەڵێت: (شێرکۆ لەو دەگمەن شاعیرانەیە کە هەر شتێک، دەکات بە شیعر و وەریدەگێڕێتە سەر شیعر، بەڕای من لە هەموو شتێک گرینگتر هێزی لەبن نەهاتووی شێرکۆیە بۆ هەڵگەڕاندن و گۆڕاندنی سیاسەت بۆ سەر شیعر، هیچ کات بە چاوی سیاسەتەوە چاوی لە شیعر نەکردووە، بەڵکو شاعیرانە لە سیاسەتی روانیوە و... ئەمە شێرکۆ نییە زمان دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی شیعر بڵێت و بگێڕێتەوە، بەڵکو ئەمە "زمانە" کە شێرکۆ دەکار دەکات و دەیخاتە گەڕ تاکو داکۆکی و نیشانەیەک بێت لەسەر مەزنی و بەرزی و ناکۆتابوونی)[١٤]. مەنووچەهر ئاتەشی لە وتووێژێک لەگەڵ "شێرکۆ"دا پرسیارێکی هاوکات بوونناسانە و دەروونناسانە دەخاتە روو، ئاتەشی دەڵێت: چۆنچۆنی لە دۆخێکی پڕ هەرا و هۆریا و پڕشەڕ و خوێناوی لە کوردستان (باشوور) تۆ توانیت ئەزموونێکی جیهانی لە شیعر بژیت و تاقیکەیتەوە؟![١٥]، واتە مەبەستی ئەوەیە کە (شێرکۆ شاعیرێکە کە زمانی کردە نیشتمان بۆ گەلە بێ نیشتمان و لێکترازاوەکەی، "شێرکۆ"، شکۆی دۆڕاوی بۆ زمان گەڕاندەوە و گەندەڵی لە وشەکان سڕییەوە، زمانی لە قەیرانی چەقبەستووی بێ مانایی رزگار کرد!)[١٦] هەموو ئەمانە و زۆر و زەبەندیتریش بەڵگەی "ئەو" راستییەن، بەڵگەی ئەمەی کە بوونەوەرترین تاک بوو لە زمانی شیعریی کوردیدا و زمانیترین بوونەوەر بوو لە شیعری زمانی کوردیدا! ئێمە ئەگەرچی دواتر و هەنووکەش لەم رێباز و جیهانەی "ئەو"دا نەمێنینەوە و هەر وەکو "ئەو" بزۆزی و ناکۆتاخوازیی خۆمان بپارێزین، بەڵام رۆشتن بەرەو هەرێمێکی ناشێرکۆیی بۆ رۆنانی بوونێکی سەربەخۆی "خود"یانە و جیا لە "ئەو"، لەو راستییە نامان بوێرێت، کە ئێمە ساتێک لە ساتەکان و زەمەنێک لە زەمەنکان شێرکۆییانە دواوین و "ئەو"ئاسایانە هەڵبەستوانیمان کردووە و چەشنی "ئەو" سەرمان لەقاندووە و دەستمان فڕێ داوە، کۆیەک لە ئەمانەم بینیوە، ئەگەرچی هەنووکە هەموو ئەم

بینراوانە پێچەوانەی "ئەو" شیعر بڵێن و سەر راتەکێنن و ... کە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە باسم کرد، چونکە لەم حاڵەتەشدا دەبن بە "نائەو"، "نا" "ئەو" چەندەی "ئەوە" ئەمەش پرسیارێکە؟! بەهەر حاڵ دوای "ئەو" کۆچە کەسانێکی زۆرم دوور و نێزیک دەدیت و دەنگانێکی جیاجیای نێزیک و دوورم دەبیست کە تاسووق و تامەزرۆی بوونن لەم سەفەرەی ئەودا. لە راستیدا لە رۆژهەڵاتی کوردوستان لە بڕێک شاردا بە ململانێیەکی زۆرەوە رێورەسمانێک بەرز یان نابەرز بەڕێوە چوون، بەڵام شوێنانێک بوون کە هەوڵی زۆریان دا و بەدواداچوونی زۆریان کرد، بەڵام ودمی بەڕێوەبردنی رێورەسم نەدرا، هەرچەند لە شوێنێکی وەکو تاران کە کوردنشین نییە! (بەڵام کوردی لێیە) لە هۆڵی وەحدەت-دا بە تێکوشانی د.قوتبەدین سادەقی و بەشداری هەندێک لە شاعیران و نووسەران و چالاکانی زمانی کوردیی رێورەسمێکی شیاو گیرا، بەڵام لە فرەیەک لە شارە کوردنشینەکاندا بەڕێوەبردنی رێورەسم بۆ هزرڤان و وشەدانێکی وەکو شێرکۆ بێکەس وەکو بڤە وابوو! بەهەر حاڵ دوای ئەم کردە و نەکردە و بکە و مەکە زۆرانە، خەم و دەربەستیم بۆ شاعیرێک کە وەکو دایکم؛ "زمانی زگماکیمی لە ناخ و هەناوما پڕتر و ریشەدارتر چاند و زمان مەندی کردم"، هەنگاوێک هەڵگرم، بەرلەوەی لە مەودا و ماهییەتی ئەم هەنگاوە بڵێم، دەشێت ئاماژە بەوە بدەم کە شێرکۆ بێکەس بەر لەوەی بۆ من شاعیرێک بێت، هێمایەک بوو لە "بوونم"، بوونێکی شڵەژاو، بەڵام ئامادە و پڕدەنگ، بوونێکی بەردەوام و بزۆز، بوونێکی یاخی، بەڕاستی "ئەو" لە یەک پێناسەدا جێگای نابێتەوە. ئەو، هێمای بوونیی زمانیی ئێمە بوو. زمان بەو واتایەی کە هزردانمانە، مۆرکی شوناسمانە و نیشانەی کیانیشمانە[١٧]، بەتایبەتی ئەگەر سەرنجێکی راڤەکارانە بدەینە پێناسەیەکی کورتی خودی شێرکۆ بۆ شیعر، لە یەکێک لە کۆڕەکانیدا ئەم راستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، راستی ئەوەی کە شیعر و زمان و بوون چۆنچۆنی لەگەڵ یەکدی هەڵپێکراون. "ئەو" لە پێشەکی کۆڕی خوێندنەوەی گۆڕستانی چراکان-دا دەڵێت: لای من شیعر هونەرە و پەیام[١٨]. واتە بە راڤە و خوێندنەوەی من ئاوای دەگێڕمەوە: شیعر، هەم زمانێکی پڕتەکنیک و بە بریق و باقە و هەمیش پەیام و هەڵوێستێکی مانایی تایبەتی تێدایە، کە ئەم دووانە، پێکەوە جووتگیر و تێکەڵ دەبن و رمووکی و تاتار[١٩]ی زمانیی لێیان شین دەبێت. "من"[٢٠]گەلێک کە لە سەرەتای ورینگەی شیعرییانەوە سێبەری شێرکۆیان بەسەرەوە بوو، حەشیمەتێکی زۆر لە شاعیرانی ئەمڕۆ دەگرنە خۆ، خۆ ئەگەر هەنووکە زمان و ئەزموونی خۆیان دەژین و دەئاخفن، شەوگارانێک یان رۆژگارانێک! بە پێ دزکێ و پێ خشکی لە هەرێمی هزری و قەڵای زمانی

شێرکۆ لایان داوە، ئەگەرچی بەرهەمی ئەو شەوە پێدزکێیانەیان دەرنەخستبێت و بڵاویان نەکردبێتەوە! بەهەر حاڵ خاس یان خراپ لەم رووەوە بە هۆکارگەلێکی زۆر، شێرکۆ رۆڵ و پێگەیەکی نەستییانەی لای ئێمە وەرگرت، "ئەو"خۆی دەقێک بوو[٢١] لە توخمی والاَبوون و چوون! "ئەم"ە "من بووم"! ئەگەرچی بەهۆی ئەوەی لە نەخۆشخانە بوو ئەگەری رۆشتنی هەر دەدرا، بەلاَم کە رۆشتیش هەر وەکو لەسەرەوەش ئاماژەم پێدا، باوەڕی سەخت و ئەستەم و مەحاڵ بوو، "ئەو" رۆشت و ئەم پرسیارە گەورەیەی بۆ من جێهێشت، کە شێرکۆ چۆنچۆنی جێگای "بوون"ی پڕ دەکرێتەوە؟جێگای وەکو شاعیر نا، کە ئێمە ببین بە قوتابی ملکەچ و لاساییکەرەوەی رێبازەکەی! چونکە لەڕاستیدا "ئەو" بەو داکۆکی و خواست و وزەیەی لەسەر داهێنان، خۆیشی ئەوەی نەدەویست، بەڵکو جێگای وەکو نەستی زمانیی، وەکو زماندان، وەکو دەقێکی پڕ زمان، وەکو شۆڕیی ناکۆتا و تیلماسکانەی زمان بە ناو و لەناو زماندا! مەبەستم "ئەم"ە، واتە خەم و ئەرکی بەشداریم لەم سەفەرە بەرەو تاران بردمی! هەموو "ئەم" شتانە وای کرد لانیکەم جووڵانەوەیەکی کورتیش بێت بۆ بەشداری لەم سەفەرەی "خودانێ وشە و هزرا کوردی" بخەمە بەردەم.

### ناوبڕێکی خۆڵەمێشی بۆ کۆچێکی سپی بە رێگایەکی رەشدا:

ئەمڕۆکە ئیدی بۆ هەمووان یان لانیکەم بۆ ئەو دەستە بیرمەند و تاکانە کە نەختێک لە مودێڕنیتە و میتافیزیکی هەنووکەیی دونیا تێگەیشتوون، یان تەنانەت تەنها لە رێگەی نەستەوە کەوتوونەتە بەر کاریگەریی، روون و بەڵگەنەویستە کە بابەت و دیاردەکانی ئەڤدونیای/ ئەڤدونیایی[٢٢]، پێناسە هەڵنەگر و هەڵهاتوو و خزۆک بوونە، ئەم تایبەتمەندی و بارودۆخە سەبارەت بە شیعر و بزۆزییەکەی راستتر دێتەوە. "شیعر"ێک کە تەمەن و پێشینەیەکی بە بارستایی و درێژکۆڵەیی گوناهی یەکەمینمان هەیە، "ئەو" کە زمانی زگماکیمانە، نامۆیی و ئاوارتەبوونی ئانتۆلۆژیکاڵ یان بوونناسانەمان لە جیهانێک کە توورِ دراوینە[٢٣] ناوی، دادەبەزێنێت و هێوری دەکاتەوە، بەلاَم لە خەستی و بڕستی ناخات! و نامۆیی و غوربەتێکی دیکەمان بە دیاری بۆ دێنێت تا "دیتربووگە[٢٤] بووین و بژێین. "ئەو"، فیدیە[٢٥] و بارمتەی بوون و بوونانەیی ئێمەیە لە جیهانێکی بێ باڵندە و نادرەخت![٢٦].

ئەم بڕگانە نواندنەوە و نۆژەنینەوەیەکی گوشراوە بوو لە دۆز و تێڕوانینێک کە لە گوتاری کوردیی (کوردوستانی ڕۆژهەڵات و باشوور) لەمەڕ شیعرەوە بوونی هەیە، وا دێتە پێش چاو کە داکۆکیکەر و دەمڕاستی ئەم ڕاستییە بن کە شیعر لەم کۆمەڵگایە و بەگوێرەی ئەوەش لە گوتارەکەیدا پێگە و شوێنگەیەکی والا و بەرزەڕۆی هەیە، چ لە ڕوانین بۆ پێشینە و کەونینەبوونی مێژوویی و دیرۆکیی شیعر لە کوردوستان (لە پێگەی شارستانییەت)دا و چ لە نیگای کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە کە شاعیران هەڵگری ڕیسالەت و ئەو ئەرکە بوون و هەن.

ئەم واقیع و دەرکەوتە تیۆریکانە بەشێک لە بوونی ئەدەبی و شیعریی ئێمە دەتەننەوە، بەڵام لە جیهانی "دیتری" ئێمە، واتە زمانی فارسی، کە بەردەوام و لەمێژە بە پێوەندیگەلی دانوستانی و هاوکێشەگەلی سەیر و غەوارە لە گەڵ زمان و گوتاری کوردیی لە دیالیکتیکدا بووە، چۆنچۆنی لەمەڕ شیعر و بوونی شیعرییانەوە دێنە زار و بە گوێرەی ئەوەش چۆناوچۆن ئێمەیان "وەرگرتووە"[٢٧] و وەریان گێڕاوین و گێڕانەوەیان لەسەر کردووین؟

ئەدەبی کوردی لەمێژە لە پەراوێزی باس و خواسە گوتارییەکانی ئێراندا بوو، تاکو شەپۆلێکی مۆدێرن و تازە سەریان هەڵدا و "ڕوانگە"[٢٨]کانیان هەر لە "کفری"[٢٩]یەوە تاکو هەولێر و لەوێش بەرەو سنە و سەقز و سابلاغ و لەوێندەرێش بەرەو تاران کشا. دەنگدانەوە و دەرکەوتنی وزە و بڕستی ناوەکیی ئەم شەپۆلە مەزن و کەڵەباڵایە لە دەرکەوتن و ناوبانگ و قەڵەم و زایەڵە و ئۆقرەنەگرتوویی شێرکۆ بێکەس-دا لە ئێران دەتەقێتەوە[٣٠]. لەو ساتەوە زۆرێک ە شاعیران، نووسەران، وەرگێڕان و چالاکانی ئەدەبی بە تاسە و تامەزرۆییەوە بەرەو ئەدەب و شیعری کوردیی هاتوون و هەوڵیانداوە بیناسن و بیناسێنن، زۆر کەسیش وەکو هەموو دیاردەیەکی جیهانی بازاڕی ئەمڕۆی سەرمایەداری، کاسپی و سەودای پێکردووە، ئەگەرچی خۆی دژەسەرمایەداری و مارکسیست و چەپڕەویش بووبێت! لەو کەسانەی کە ڕۆڵێکی ئەرێنی باش و بەرچاو و ڕاستەقینەیان لە ناساندنی ئەدەبی مودێرنی کوردی و تا ڕادەیەکیش ئەدەبی کلاسیکەوە بۆ ناو گوتاری ئەدەبی و شیعری فارسی گێڕا، شاعیری ناودار سەید عەلی ساڵەحی بووە. ساڵەحی هەر لەو سەردەمانەوە کە شێرکۆی مەزن سەردانی شاملووی دەکرد لە ئێران، دەرفەتی بینین و دیدار لەگەڵ شێرکۆ بەدەست دێنێت و هاوڕێیەتی شاعیرانە و دۆستایەتییان دەست پێ دەکات. لەو ساتە بەملاوە ساڵەحی گیرۆدە و سەوداسەری شیعری شێرکۆ و دواتر ئەدەبی کوردی دەبێت.

**درێژەی ناوبڕ... بێ ڕەنگ...**

ساڵەحی لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە تاکو ئێستا وەکو تاک (شاعیر)ێکی چالاک و درەوشاوە لە پانتایی ئەدەبی فارسیدا جووڵاوەتەوە. سەید عەلی ساڵەحی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی مەرغاب سەر بە قەزای ئیزە لە پارێزگای ئەهواز لەدایک دەبێت. ئەو بنایاتنەری دوو ڕەوت و شەپۆلی کاریگەری شیعریی لە شیعری هاوچەرخی فارسیدا بوو. ڕەوتی "شەپۆلی شاز" و "شیعری گوفتار". ساڵەحی ڕەوتی "شەپۆلی شاز" لە ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ لەگەڵ چەند شاعیری هاوبەرەی خۆ بونیات دەنێت، مەنووچێهر ئاتەشی و نوسرەت ڕەحمانی تێکەڵی ئەم ڕەوتە دەبن و پشتگیری و پشتیوانی خۆیان لێی رادەگەیەنن. ساڵەحی لەم وێستگەیەی ژیانی ئەدەبی، واتە لە ساڵی ١٩٧٧دایە کە وەکو براوەی خەڵاتی ئەدەبیی "فرووغ فەروخزاد" هەڵدەبژێرێت. ڕەوتی دووەم، واتە "شیعری گوفتار" لە ساڵی ١٩٨٤دا بۆ ڕۆنان و جێگیرکردنی شێوازێک لە پێکهاتی وەزن و کێشی شیعری کە بە ئاراستەی سادەبێژی و ساکارهۆنین دەجووڵێتەوە (و بۆیەش دژی دابەشکاریی کێشییانەی سەنگین و سونەتی ئەدەبی کۆن و کلاسیک دەجووڵێتەوە)، هاتە ئاراوە و لە سەرەتای دەیەی حەفتادا ئیدی وەکو ڕەوتێکی ئەدەبی گونجاو و جێکەوتوو پەسند کرابوو. ئەو دەڵێت: ڕەگ و ریشەی شیعری گوفتار دەگەڕێتەوە بۆ گاتاکانی زەردەشت. لە ساڵی١٩٩٠تاکو٢٠٠٠ نووسەر و بەرپرسی ئەدەبی و شیعریی گۆڤاری "دنیای سخن"بوو. لە ڕۆژی پێنجشەممەی ٨ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٨٩ دا(٢٨ی سێپتەمبەر ٢٠١٠)، واتە لە ڕێوڕەسمی دووەمین خەڵاتی شیعریی نیما، کە کۆمەڵە شیعری ساڵەحی لەژێر ناوی "ئەنیس، لە کۆتایی ئەم حەوتەدا دێت" وەکو کتێبی هەڵبژاردە لە لایەن لێژنەی داوەرانەوە بڕیاری لەسەر درا، ساڵەحی پەیامێکی نواند و بەڕای من شێوازی هەڵسوکەوت و پەرچەکرداری ئەو لە هەمبەر ئەم خەڵاتە-دا زۆرترین پێناسە لەو دەدات بە دەستەوە، ساڵەحی سەرەڕای ئەوەی کە لەم ڕێوڕەسمەدا بەشداری نەکرد و خەڵاتەکەی قبووڵ نەکرد، وتیشی: خەڵکی بەحورمەت و ئابڕوو برسییانە، بە شەپازللە روویان سوور دەکەن[٣١]. خەڵاتەکان دانێن بۆ دواتر، ڕێز و حورمەتی خەڵک لە سەرووترە. لەم بارودۆخە شەرەفکوژەدا، پێدان و وەرگرتنی خەڵات، واتە داکۆکیی و پەسندکردنی هەر ئەم بارودۆخە. ئایا شەرم هێنەر نییە؟ ئەم کایانە دانێن بۆ دواتر.

شتێک کە روون و حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە ساڵەحی بەڕاستی بەشێوەیەکی سەیر فرەکار و پڕکارە. بەڕاستی دەکرێ لەسەر ساڵەحی زۆر بڵێین، بەڵام لێرەدا

تەنها بە خستنەڕووی ناوی کۆمەڵێک لە بەرهەمە شیعرییە بڵاوکراوەکانی، ئەم پێناساندنە کورتە دوایی پێ دێنم و لە درێژەدا دەچمە سەر دەقی باس و بابەتە سەرەکییەکە:

پێشگۆ و پیادەی شەترەنج-١٩٨٨.

سێ گۆشەکان و ئیشراقەکان.

دێر هاتی "ری را"... نامەکان-١٩٩٤.

ناونیشانەکان-١٩٩٥.

سەفەر بەخێر، موسافیری خەمگینی پاییزی پەنجاوهەشت-١٩٩٦.

سلێمانی و بوولێڵی جیهان-کۆمەڵە شیعری هەڵبژاردەی کوردی لە شاعیرانی هاوچەرخی کورد.

عاشقبوون لە بەفرانبار، مردن لە خەرمانان- ١٩٩٧.

ئاسمانییەکان-١٩٩٨.

دوایەمین عاشقانەکانی"ری را"-١٩٩٩.

دۆعای ژنێک لە رێگادا کە تەنها دەڕۆیشت-٢٠٠٠.

مەخابن مەلا عومەر-٢٠٠١.

کۆمەڵە شیعرەکان (بەرگی یەکەم)-٢٠٠٥.

و...

ئەمانە بەشێکی هەرە کەم لە کارەکانی سەید عەلی پێکدێنن، ئەو شاعیرێکی چالاک و مرۆڤێکی بەکەڵکەڵەیە و هاوڕێ و هاوخەم و هاوسۆزی شێرکۆ بێکەسە. گێڕانەوەیەکی بۆن رەش وسپی و خۆڵەمێشی، واتە بێ رەنگی"رەنگدان"(٣٢)

هەر ئان و سات دوای مەرگی شێرکۆ بێکەس، ساڵەحی بە هەموو وزە و بڕشتییەوە دەرکەوتوو و گێڕانەوەی خۆی لە شێرکۆ و شیعر و دونیاکەی، هەروەها روانینێک کە شێرکۆ بۆ مرۆڤ، مێژوو، شوناس، بوون و شیعر و... بووی، جارێکی دیکە خستییە روو و دەنگی شیعری کوردی بوو لە تاران، لانیکەم لەو ئاست و رادەیەی کە زانیاری و ناسیاوەتی لەسەرە. ساڵەحی لەو هەنگامە و سەروبەندەدا لەگەڵ زۆرێک لە دەزگا هەواڵدەری و رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان (تەنانەت هەندێکیشیان بە تەلەفۆن) لەبارەی شێرکۆوە هاتە زار و وەکو خۆی رۆڵێکی باشی گێڕا لە گێڕانەوەیەکی تری مامۆستا بێکەس، هەرچەندە کە من پێم وایە هەر دەبوو و دەبوایە ئەم رۆڵەی بگێڕێت! ساڵەحی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: شێرکۆ بێکەس بۆ من هەڵگری بایەخ و نرخێکی تایبەتە. هۆگریی من بە شێرکۆ لە چەشنی هۆگریمە بۆ یانیس ریتسۆس،

پاپلۆ نۆرێدا، نازم حیکمەت، گارسیا لۆرکا، مەحموود دەروێش و ئەحمەد شاملوو؛ شاعیرانێکی پێشڕەو و پێشەنگ، کە بۆ من سەرچەشن بوون، بەتایبەتی لە پاراستنی دەربەستی و دەرەوەستی بۆ مرۆڤ[٣٣]. ئەو دەڵێت: روانینی شێرکۆ بۆ کۆی چارەنووسی مرۆڤ بە مانا مێژووییەکەی و بە واتای بوونەوەرێک، کە سیاسی تێدەفکرێت، زۆر بۆم بەنرخ و بایەخ بوو. شیعری پاستۆراڵ، شیعری شوانی، شیعری سرووشتیی ئازاد و شیعری کۆمەڵگای کراوە بە شێوەیەک بوو کە منی دەخستەوە بیر و یادی رەگ و ریشەکانی خۆم. ساڵەحی باس و خواسی زۆری بە نیسبەت شێرکۆوە خستە روو، بەڵام بەڕاستی دەرفەتێکی تر و شێوەیەکی تری لە گێڕانەوە دەوێت و لێرەدا مەودای باسکردنی نییە. هەموو ئەم نیشانە و باس و رووداوانە لەمەڕ مامۆستا بێکەسەوە بوونە هۆی ئەوەی کە پێوەندی بەو شاعیرە هاوچەرخ و ناودارەی فارس، واتە ساڵەحییەوە بکەم و بەڵێنی وتووێژێکی سەبارەت بەم کۆچەی بێکەس لێ بستێنم. پێشتر لە تاران لە یانەی هونەرمەندان[٣٤]دا چەند جارێک لە دوورەوەڕا ساڵەحیم بینیبوو، بۆیە بە کورتەنامە پێوەندیم پێوە کرد و باسم لە سەفەرێک کرد کە دەبێت ئەویش بەشداربێت تێیدا! هەرچەند کە دواتر تێگەییم کە ئەو پێشتر دەستی بە سەفەرەکەی کردووە! بە کورتەنامەوە چەند وشەیەکی پەرتەوازەی ناردەوە بۆم و تێی گەیاندم کە نەخۆشە و بەگشتی پێی گەیاندم دەبێت تەلەفۆنی قسان بکەین و منیش پێوەندیم پێوە کرد و کاتێ هاتە زار لە چەند نەخۆشی هاوکات لە خۆیدا دوا و داوای کرد بیخەمە کاتێکی تر، منیش گوتم: دەتوانم تا ٣ رۆژی تر کاتی بدەمێ، پاش ئەوەی تێگەیشت کە سوورم لەم سەفەرەدا وتی: پرسیارەکانت بنووسە، ژمارەیەکی دامێ تاکو لەڕێگەی فاکسەوە پرسیارەکانی بۆ بنێرم. منیش بە پێشەکییەکی کورتەوە کە لەسەر "پێوەندی شیعری کوردیی و فارسی و گرێدراوییەتی رەگەزی کورد و لوڕ (کە ساڵەحی لوڕی بەختیاری بوو) و شوناس و ئەدەب و برێک چالاکی و دیداری شێرکۆ و سەی عەلی و..." (کە زۆربەی ئەم پێشەکییە هەر لەو پێشەکییەدا هاتووە)[٣٥] لەگەڵ ٢٥ پرسیاری کورت و درێژدا بۆم نارد! ئەگەرچی هەر دوای کۆچی بێکەس چەند یادداشت و تەنانەت شیعرێکیشی بەناوی "شێرکۆ...!" لە رۆژنامەی شەرق-دا بڵاوکردبۆوە و من لێرەدا وەرمگێڕاوەتەوە و دەیخەمە بەرچاو، بەڵام هەر بەدەم ئەم سەفەرەشەوە هات. دوای چەند رۆژ کە رۆشتم بۆ وەڵامی پرسیارەکان[٣٦] هێندەی زەحمەت لەسەر بوو، کە نەیدەتوانی لەسەر کورسییەکە هەڵسێت بەدەممەوە، بەڵام کاتێ رۆشتم هەڵسا لە پشتمەوە! سەرەڕای وەڵامی پرسیارەکان لە برێک شت

وەکو سیاسەت، شیعر و ڕێکخستنی نوێی جیهانی و بورجە دووانەییەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیی و هێماییین بوونیان پاش رووخاندنیان! ئەدەب و ڕۆمانی کوردی و فارسی و فەلسەفە و...شتی دیکە دواین، بەڵام سەری قاڵ بوو و بەرەبەرە قوتابییەکانی بۆ کارگە شیعرەکەی دەهاتن و دەردەکەوتن. ئەمە سەرەڕای ئەوە بوو کە پێشانگایەکی نیگارکێشیشی دانابوو، من توانیم بڕێک لە خوێندنەوەی خۆم بۆ ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیری کوردی بۆ بگێڕمەوە، بەشێک لە جەمشید خانی مامم کە هەمیشە "با" لەگەڵ خۆیدا دەیبرد (نووسینی بەختیار عەلی) و حەسار و سەگەکانی باوکم (نووسینی شێرزاد حەسەن)م بۆ گێڕایەوە و لە دەق و پەراوێزی گێڕانەوەکەمدا خستمە روو بۆی، بەڵام وردە وردە زۆربەی قوتابییانی هاتن و بڕێکی کەمیان گوێیان دەگرت! سەید عەلی وتی: بەختیار عەلی زەنگی داوە، بەڵام ماوەم نەبووە لەگەڵی فرە بدوێم! گوتم: گەر کوردی فێر نەبیت کرۆک و جەوهەری ئەدەبی کوردی فام ناکەی، ئێمە لە یەک ڕەگەزین، ئەو مانایەی لە شیعری کوردی هەڵی دەگریت لە ڕێگەی وەرگێڕانە، کە ئەوەش لە مانائۆرژیناڵ و ناوکییەکەی دوورە. تەنانەت بۆ هاوڕەگەزی و هەڤ ریشەییەکەش نموونەیەکم لە فولکلۆری لوڕی :

**"ئەی دووس ئەر هاتی پێم باوەر دەسماڵ،**

**دەسماڵ دوو وە دوو-مێ(من) بکەرۆم شین،**

**بکەرۆم زاری تا سێپیدی سوو"**(٣٧)،

کە لە گۆرانیبێژێکی لوڕ بە ناوی ئیرەج ڕەحمان پوور بیستبووم، بۆ هێنایەوە و لەگەڵ ئەم بەیتە کوردییەی کە دەڵێت: "دەسماڵ حەریری دولبەر، مێردت کرد خۆڵم وەسەر- ئەگەر حەز دەکەی نەمرم بمشێلە ناسکە دولبەر"، کە حەسەن زیرەکی نەمر خوێندوویەتی، بەراوردم کرد بۆی و لە هاوواتایی، هاوخەمی، هاونیشانەیی و هەڤ یەکییان دوام، بەڵام تەنها بێدەنگ بوو! پاش بێدەنگی، بە دەنگەوە باسێکی تری ورووژاندو هاتەوە سەر وەرگێڕان و مانا و بەهیواوە قسەی دەکرد! بەڵام لە نەبوونی وەرگێڕی باش و تەنانەت نەبوونی وەرگێڕ لە کوردییەوە بۆ فارسی دەدوێت(٣٨)، بە خۆم دەڵێم: وەکو زۆر خەسار و زیانیتر ئەمەش دەرهاوێشتەی کەلتووری زارەکیمانە، ئەگینا هەم وەرگێڕی باشمان دەشێت بێت و هەمیش نووسەری باش، بەڵام کەلتووری بوێژی و زارەکییانە لە پەراوێزی "خۆمان و ئەویدی"مان چەقاندوومانی و بەوە رازی و سەرفرازین کە بخوێنینەوە و بڵێینەوە بۆ یەکدی! ئێمە بە زار و پێکهاتی زارەکی شەوانە و ڕۆژانەمان وەرگێڕان دەکەین، کەچی ئەدەبی کوردی بەو هەموو تامەزرۆییەی

خوێنەر و رۆشنبیری فارس بەلاوازی دەچێتە بەر دەستیان، یان هەر ناچێت و وەکو باسێکی دەستی "با"، گەورەیی و هەراویی و جوانی ناسانەبوونی ئەم ئەدەبە دوورێک دێت و نێزیکێک دەچێت و بەرگوێیان بکەوێت یان پشتگوێیان بخزێت؟! "با" ئاگادار بین! هاکا ئەو رۆژە گەیشت ئەم وەرگێڕانە زارەکییانە وا لە خوێنەری تامەزرۆی فارس بکات کە ئەدەبی کوردی رووکەشییانە ببینێتەوە!"ساڵەحی وتی: چەند ساڵ لەمەو پێش فریشتە ساری؛ رۆماننووس و شاعیرێکی بەتوانای هاوچەرخی فارس، پێی گوتووم: کە ئەم شیعرانەی شێرکۆ بێکەس نین لە قەوارەی ئەو بانگەشە و پێداهەڵگوتنانەی کە کوردەکان و هۆگرانی دەیکەن، ساڵەحی درێژەی دا: ماوەیەک دوای لە چاپدانی "سلێمانی و بوولێڵی جیهان" تێپەڕی و دیسان فریشتە ساری پێوەندی گرت و گوتی: بەڕاستی شێرکۆ بێکەس لە سەروو و ئەوپەڕی پێداهەڵگوتن و بانگەشەکانیشە!" هەڵبەت وەکو دیارە ئەم وەرچەرخانە دوای بینینەوەی نوسخەی وەرگێڕانی باشتری بەرهەمەکانی بێکەس بوو، ئەمە نووسەرێکی فارسە کە بە هۆ و لە رۆچنەی وەرگێڕانەوە بۆچوونەکانی وای لێ دێت و وەرچەرخانی بەسەردا دێت و دەکەوێتە ناو "چەرخاو و گەرداو"ی وەرگێڕانەکانەوە، ئەی خوێنەرە ئاسایی و نانووسەرەکە بەرەو کوێ دەتلێت؟! بەرەو کام گرداڤ و جەیحوونی نادیار دەچێت؟[٣٩] رەخنەگەلێگی توندی لە ئەحمەدی شاملوو گرت و ئەو رەوتەی کە شاملوو بە ناوی شیعری سپید و لە رۆچنەی وەرگێڕانی شیعری فەڕەنسییەوە بونیادی نابوو، رەتکردەوە و بە (لاڕێگەیەکی راست نوێن!) ئەژماردەی کرد! دژی هێرشی ئەمریکا بوو بۆ سەر سوریا و گوتی نەک لەبەر ئەوەی کە هاوهەڵوێست بم لەگەڵ ئەو سیستەمانەی کە حەز ناکەن هێرش بکرێتە سەر سوریا! بەڵکو ئەوانە سەرمایەدارانی زاڵمی هەستی و کائیناتن و هەروەها...

منیش بیرم بەلای کاریگەرییە کوشندەکانی رەوت و ئەندێشەی چەپ لە ئێران و ناوچەکەدا چوو و خەیاڵی بەرەو قەفی سمێڵی چوو، کە ئایا هێمای سرووشتی بوون و سادەڕۆحی بوونی لوڕانەیە[٤٠]، یان نیشانەیەکە بۆ ئەندێشە، یان "باوەڕ"[٤١]ی چەپ و "چینی"[٤٢] پرۆلتاریایەک کە ئەم لە قەوارەی ئەدەبی دەربەستدا بۆیان دەهۆنێتەوە و ئەوان تا بینەقاقا لە سەرمایەداریدا نوقم بوون! لەپاڵ ئەوەشدا بیرم بەرەو لای قژە درێژ و سپییەکەی چوو، کە هێمایەکە لە خۆم! باسەکانمان بە نیوەچڵی مایەوە و کەوتە کات و ساتانێکی تر. دوو گۆڤاری کوردیم بەدیاری لەگەڵ خۆم هێنابوو بۆی، واژۆم کردن و بە ناوی شیعر و کوردستانەوە بە دیاری و بۆ یادگاری پێم دا، یەکیان ژمارە ٨٢ی گۆڤاری هەنار،

ساڵی حەوتەم و ئەویدیان ژمارەی ٨١و٨٢ی گۆڤاری زرێبار (فایلی تایبەت بە مێژوو)، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچێت. پاش گرتنی چەند وێنە و کورتەباس و دووانێک لەگەڵ چەند قوتابی ئەو کارگە شیعرییەی سەید عەلی، ئیزنی بەڕێکەوتنم خواست و وا دەرکەوت ئێمە زۆرتر لە یەک نێزیک کەوتین، بەڵام جیاوازی نەوتراوەی زۆر و وتراوەشمان فرە بوو! پاش لەئامێزگرتنی یەکدی ماڵاواییم کرد، بەڵام نیگای چاوەڕوانی شیعر و زمانی کوردی بوو.

کۆتاییەک بە"بۆن"ەی "بۆن"ێکی "ڕەنگدان"ی، بۆ کۆچێکی سپی بە ڕێگایەکی ڕەش و سپی، وەکو شیعرێکی...

**(شیعرێکی سەید عەلی ساڵەحی بۆ مامۆستا شێرکۆ بێکەس)**
**وەرگێڕان: عادڵ قادری**

**شێرکۆ...![٤٣]**
**شەو، تاریکایی، تاراوی[٤٤]**
**مرۆڤ**
**پەژارە، ئازادی، هیوا!**
**(بە درێژایی تیلماسکی ڕێگا**
**تارمایی**
**بەدووی تەونەگەری دەربەندی پەپوولەدا دەکشا).**
**دەیان گوت: ئۆوەیسی قەرەنی بەخەو دیتوویە**
**لە زووتر**
**شاعیرێک**
**لە سپێدەی سلێمانییەوە هەڵدەسێت**
**دەبێتە پێشمەرگی ڕووبار و باران و بەنەوشە.**
**نوشتەنووسی خەونەکان**
**دەستێکی گۆرانی بۆ تاریکایی**
**دەستێکی ستران بۆ تارا"و/ی"ی:**
**دەمیشق، بەسرە، ئیستەمووڵ**
**مۆسکۆ، واشەنگتۆن، تاران، ئۆستۆکهۆلم**
**سەفەرکردووی وشە شەهیدەکان**

تەوافچی بێ زەوین،
لەم سەرزەمینەوە
بۆ ئەو سەرزەمین...!
هەڵبەت، هەنووکەش بۆ شوێنێکی دوور نەڕۆشتووە،
دەست بخەنە سەر دڵی منداڵانی کورد:
شێر...کۆ...شێر...کۆ...شێر...کۆ!
دەسپێکی وتووێژ

**پرسیارەکان[٤٥]:**

**سەرەڕا و لەسەرووی هەموو ئەو پێدا هەڵگوتنە ورد و درشت بێژانە کە سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی ئێراندا هەیە کە بەراستیش درووست و بەجێن، مامۆستا بێکەس تا چەندە لە ژێر تیشک و سێبەری بەرهەمەکانیدا، رووبەر و ئاسۆی دەرکەوتووە و ناسراوە؟ ئەگەر ئەم ناسراوەتییە پێویست و تەواو و شیاو نییە، هۆکارەکانی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

تا پێش لە کۆمەڵە و هەڵبژاردە شیعری "سلێمانی و بوولێڵی جیهان" لە زمانی فارسیدا جارناجارێ شیعرێک لە شێرکۆوە دەبیسترا (زۆرتر بیستراوانە)، ئەم کۆمەڵە هەڵبژاردەیە یارمەتیدەر بوو لە ناساندنی شێرکۆ بە جیهانی شیعری لە ئێران. بەشێوازێکی سەربەخۆ و یەکە کتێبێکم لە مامۆستا نەدیوە. ئایا بۆ ناساندن و پێناسەکردنی شێرکۆ بێکەس، هەر ئەم چوارسەد لاپەڕە شیعرە بەس و شیاوە؟! ئەم کەڵە شاعیرە حەوت هەزار لاپەڕەی نووسراوەی هەیە. پەرش و بڵاو و کەم و کورت، هەڵبەت هەندێک بەرهەم لە شێرکۆ بێکەس وەرگێڕدراون کە لە تیراژی کەمدا و ئەوەش تەنها گەیشتۆتە دەستی کەسایەتییە تایبەتە فەرهەنگییەکان وەکو شاعیران، بەڵام گرینگ تەواوی خەڵکە نەک تاقمێکی کەلتووری، لە ئێرانی ئێمەدا خەڵکی مێژوویی، خەڵکی کەلتووری، خەڵکانی شیعردۆست هەن. شاعیرانێک (لە زمانانێکی دیکە) کە شیعرەکانیان ناودارتر و بەناوبانگتر لە کەسایەتییانە وەکو لەنگەستۆن هیووز و شاعیرانێک هەن کە کەسایەتییان بەربڵاوتر و ناسیاوتر لە شیعرەکانیانن وەکو فیدریکۆ گارسیا لۆرکا، شێرکۆ بێکەس، ئۆکتاڤیۆ پاز. هیوادارم هەر لەم دیالیکتیک و دانوستانە کەلتوورییانەدا لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا، لە هەردوو لاوە زۆرتر وەربگێڕێت و لەوانەش شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و شاعیرانی تری گەورەی هەرێمی کوردوستان، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، کەژاڵ ئەحمەد، رەفیق سابیر و... کە ئێستاکە لە زەینمدا نییە و ئێوە

باشتر دەیانناسن. وەرگێڕگەلێکی وەکو رەئوف موراذی، کەریم موجاوری، هەڵەبجەیی، جەلیلییان، فەریاد شیری و (ئەم ناوانە لە دەستنووسەکە-وەڵامی پرسیارەکان-دا ساڵحی وای نووسی بوو و منیش دەسکاریم نەکردن.وەرگێڕ)... هەندێک وەرگێڕانیان کردووە کە دەبێت بە شێوەیەکی بەربڵاوتر درێژە بەو کارە بدەن. هەڵبەت هەر بەتەنها وەرگێڕان و هەڵگەڕاندن گرینگ نییە، وەرگێڕان دەبێت پڕبڕست و بەوزە، تەندرووست و کاریگەر- دەقاودەق وەکو شیعرە رەسەنەکە- روو بدات، ئەگینا وەکو ناملکەیەکی لێ دێت لە تیراژێکی هەزار دانەیی و دواتریش ون دەبێت، بێ کاریگەری و لەیادچوو و فەرامۆشکراو، ئیشی لاواز لە وەرگێڕاندا بڵاو نەبێتەوە باشترە، چونکە هەم ئابڕووی شاعیر و هەمیش ئابڕووی خودی وەرگێڕ دەکەوێتە مەترسییەوە.

**بۆچی لە ئێران، ئەدەب و بەتایبەتی شیعری کوردی لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا گەشەی کرد و ناسرا، ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە ئەگەر بە روانینی نێوان دەقی میخاییل باختیین چاو لە دەق بکەین، شێرکۆ داهاتوو و داهێنراوی دەقەکانی پێش خۆی و بەتایبەت کەڵەشاعیرانی کلاسیکی کوردیی بوو، کە جیهانی کوردییان لە سەدەگەلێکی پێشترەوە بۆی گێڕاوەتەوە. شاعیرانێک وەکو حەزرەتی نالی، مەحوی، شێخ رەزا تاڵەبانی، ئەحمەدی خانی، حوسێن حوزنی موکریانی و حاجی قادری کۆیی و هتد... زمانی شێرکۆیان شکڵ دا و خودی شێرکۆش لە دووتوێ و ناواخنی دەقەکانیدا ئاماژەیان پێ دەدات.**

مەبەست و واتاکانی میخاییل باختین چ پێوەندییەکی لەگەڵ خەونەکان و خەڵکی ئەم دەڤەر و ناوچەیە هەیە؟! هەر بوون و ئامادەییەک لە جیهانی خۆماڵییانەی خۆیدا دەگاتە مەبەست و ئامانج، بەتایبەتی لە شیعردا. من رێزم هەیە بۆ بیردۆزی و تیۆرەکانی پێکهاتەخوازانی رووسیا، بەڵام پێکهاتە قووڵ و هەراوە زەینی و زمانییەکانی ئێمەی خەڵکی ئەم دەڤەرە میکانیزم، ئامێر، ماکە و هۆکاری خۆی هەیە و هەر بەو شێوەیەش پێناسە و بەرئەنجام و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە و هەڵدەگرێت. شیعرێک کە دەرهاوێشتە و دەرئەنجام و بەریی تیۆری ئەم و ئەو بێت، بەکەڵکی تاقیگە و لابووری تایبەت بە هیپاتیتی زەینی دێت. تیۆری ئێمە شۆڕش و هزر، ستران و یاخیبوون، داهێنان و رابوونە، ئەمەش لە هەموو ساتێک لەنێو ناخی زمان، بابەت، گێڕانەوە، شکڵ، پێکهات، لە فۆرم، لە فام و تێگەیشتن و لە بەرهەم هێناندا بوونی هەیە. لەکات و ساتی داهێنان و ئافراندندندا، وەگێڕ و دانەر بۆ ئەم و ئەوێک کە بە شوێن خۆنواندن و

گیفەگیفی زانستی تیۆریک و زمانی دەسکرد و تۆپزییانەی خۆیانن، هیچ نرخ و بایەخێک دانانێت. کاتێک نالی و حافیز و شاملوو و شێرکۆ بوونیان هەیە، باختین و ئەوان دۆڕاو دادەمێنن. بەرهەمی ئەم گەورانە (باختین و...) تەنها بەکاری زانستگا دەوڵەتییەکان دێت، نەک شاعیرێکی داهێنەر و خولقێنەر! خۆگلاندن و تێکەوتن لەم بابەتانە وەکو ئەوە وایە کە سەرتاپا جلوبەرگی کوردی لەبەرکەین و ئەوجار بۆیناباخێکیش هەڵبەستین! ئایا منداڵانی کورد بە ئاوەها بیچم و تەرحانێک پێکەنینیان نایەت؟ ماوەیەکی کورت یەک دوو کەسێک بە پەنابردن هەر بۆ ئەم "شۆخیی"انە، زۆر و زەبەندانێکیان لە ئێراندا پێکەناند، بەڵام خەڵک نەیانیبینی و رەتی کردنەوە. خەڵک بۆ من گرینگن، "خود"ی کۆ یی گرینگە. شیعری مامۆستا شێرکۆ لە ئێراندا جێگەی خۆی دەکاتەوە و وەردەگیرێت، چونکە زۆر و لەگوڕ سادیق و راستەقینەیە و هەستیار لە هەمبەر رۆحی شیعر، گیانی شیعر، جیهانی شیعر. باختینەکان تیۆرەکانی خۆیان لە ناخی و ناوکی شیعری شاعیرانێکی وەکو بێکەس دەبیننەوە، نەک بە پێچەوانەوە! خەڵکی پێشڕەو و سەخت پەسەندی ئێران- لە زمانی فارسی- شیعری شێرکۆیان پەسەند کردووە و داکۆکییان لەسەر کردووە. ئەمەی کە ئەو کلاسیکە خۆ کێوەکانی قەندیلیش کلاسیکن![٤٦]

**تا چەندە پرس و بابەتگەلی شوناسیی و مێژووییتان لە بەرهەمەکانی شێرکۆدا بینیوەتەوە. جیا و جگە لەوەی کە شیعر لەگەڵ جەوهەر و کرۆکێکی ئینسانیدا بەرەورووە و زمانی جیهانگیر و وەکو دەڵێن: بە زمانی ئیسپرانتۆ (زمانێکی یۆنیڤێرساڵ و گشتی کە فەیلەسووفانی رێبازی فەلسەفەی شیکارانە لە سەودا و عەوداڵی رۆنانی دەژیان)ی ئێمە دەژمێردرێت. چاو لەم پرسیارە بکەن.**

بۆ تێگەیشتن و فامکردنی ئاوەها نیشانەگەل و هێماگەلی شوناسانە پێویست و حەوجێ بە لێکۆڵینەوە و شیکاری و لێکدانەوە نییە. شیعرێک کە لەبنەوەڕا و لە کرۆکی خۆیدا سەرچاوەی ئاوەها شوناسگەلێک نەبێت، شتێکە لە ئاست و رادەی "کا(پووش)"، پووش و وشە! کاتێک من دەڵێم: "شیعر" واتە هەمووو شتێک لەوپەڕی بەرزی و کەماڵی خۆیدا. ئەگەر هیچ ناوونیشانێک لە کوردستان و نەتەوەی کورد لەسەر زەویدا نەمێنێتەوە، بە گەڕانەوە و بەسەرکردنەوەی نووسینەکان و شیعری نالی، مەحوی و شێرکۆ دەشێت و دەکرێت هەمدیس ئەم بەش و کەرتە لە جیهان و ئینسان یەک بخەینەوە و دای بهێنینەوە. لەمە گرینگتر؟! بە بەرە گەنجەکانی تریش بڵێن: نەکەن بکەونە بەر شەپۆلی ترس و سامی ئەم لێکدان و رێکەوەندە هاوردەیی و غەوارە و بێهوودەیە. شیکردنەوە و لێکدانەوەی

**دان بەوەدا دەنێم کە لەنێوان من‌و ژیانی کورد و مرۆڤی کورد مەودایەک نییە. رەگ و ریشەکان هاوبەش نین، بەڵکو "یەک و یەکێ"ک. لقەکان و سەر دار و سەر ریشەکانیش لە یەک هەتاو هێز و وزە وەردەگرن**

ئینسان و جیهان ئەوەندە ئاڵۆز نییە کە بڕۆینە لای بۆ نموونە (فەیلەسووفانی شیکارییەوە). خۆنواندن و بریقە وەبەرخستنی خۆ لە زماندا و لە رێگەی ئەم وشە و لێکدانەوانە سەپاوەوە تەنیا منداڵان رادەچەنن و دەترسێنن. مرۆڤی داهێنەر و پڕزانیاری دەبێت بە زمانێکی سادە و ساکار و بێ توێکڵ بێتە ئاخافتن.

**ساڵەحی و بێکەس شوناسی زمانییان کە دەنگدەرەوە و نواندنەوەی ئەزموونی جیهانییان بەناوی شیعرە، تا چەندە پێک تەنراو و تێک تەنراون، دەمەوێت وەکو لوڕێک یان بەختیارییەک چاو لەم بابەتە بکەن. من کاتێک لە پێگەی خوێنەرێکدا شیعرێک لە رابردووی دیرۆکی و مێژوویی خۆم دەخوێنمەوە کە کەش و هەوا و جوش و خرۆشێک لەگەڵ خۆیدا دێنێت، کە وێکچووە لەگەڵ ئەو ساتانەی کە شیعری کچۆڵە و مانگی لۆرکا بە وەرگێڕانی شاملوو دەخوێنمەوە و ئەو نموونەیەش کە لە فۆلکلۆری لوڕی لە پێشەکیدا بۆتانم هێناوە، دەشێت لەم دۆخ و حاڵەتە جێگیر و دابەشکاری بکرێن؟**

سەرەڕای لوتفی ئێوە، دان بەوەدا دەنێم کە لەنێوان من و ژیانی کورد و مرۆڤی کورد مەودایەک نییە. رەگ و ریشەکان هاوبەش نین، بەڵکو "یەک و یەکێ"کن. لقەکان و سەر دار و سەر ریشەکانیش لە یەک هەتاو هێز و وزە وەردەگرن. ئێمە هەموو گرێدراو و

پەیوەستی (گوتار و وتارەکانی زاگرۆس)ین. رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باکوور و باشوور، ئەم زنجیرە چیایە لە پێگەی (دایکێک) تەنها یەک داوێنی هەیە بۆ فێرکاری و پەروەردەی رۆڵەکانی.

**ئایا وەرگێڕە کوردەکان رۆڵی درووست و راستەقینەی خۆیان بە ئاراستەی گەیاندنی واتا و تێم و ناوەرۆکە شیعری و ئەدەبییەکانی ئەدەبی کوردی بۆ ناو ئەدەب و کۆڕە ئەدەبییەکانی فارس گێڕاوە. ئەگەر نەیانگێڕاوە پەیام و قسەتان لەوبارەیەوە چییە؟**

هێشتا زووە لەسەر ئەم "پێدراو و پێ بووگە"[٤٧] قسە بکەین و داوەری بکەین. وەرگێڕان کارێکی ئەستەمە، بە تایبەتی وەرگێڕانی شیعر. کەسێک کە خۆی شاعیرێکی پرۆفیشێناڵ و پسپۆڕ نییە، مافی ئەوەی نییە شیعر وەربگێڕێت، ئەگەریش ئەوەی کرد دەبێت لە شاعیرە بەتواناکان کەڵک وەربگرێت، یان لانیکەم دووبارەبێژی و دووبارە داڕێژی بکرێت. کەسێک کە رێبەری ئۆرکێسترا نییە، تەنها ئەوەی کە دەتوانێت (نۆت)ەکان بخوێنێتەوە، ناتوانێت (سەمفوونی پێنجەمی بێتۆڤێن) بەرێوە ببات و بیژەنێت. کەسێک کە دەتوانێت خۆماڵییانە هەڵپەڕێ و دیلان بکات، تەنها لەبەر ئەوەی کە دەتوانێت خۆی بجووڵێنێتەوە، ناشتوانێت سەما یان هەڵپەرکێی "ئیزادۆرا"... ئەنجام بدات و پێشکەش بکات. شیعر ناسکتر و تەنک و تەرچک[٤٨]ترە لە مۆسیقا و سەما، وەرگێڕ دەبێت جادووکار و سیحرباز بێت لە شیعردا، ساحیربێت لە وشەدا، تا بتوانێت، راستیی و حەقیقەت بە تەواوی پێناسەکانییەوە بگوازێتەوە و بیپەڕێنێتەوە. لە بابەت و کردە و بکەرێکی[٤٩] وەکو شیعردا تەنها وەرگێڕان بەس و شیاو نییە، دووبارە داڕتنەوە و نۆژەندنەوەیەتی کە پاش وەرگێڕان گرینگە.

**تا چەندە لەگەڵ زمانی کوردیدا ئاشنایەتیتان هەیە، ئەم ئاشنایەتییە تا کۆێندەرێ جێگەی باوەڕ و متمانەیە بە ئاراستەی خوێندنەوەی شیعرێک کە تەواو بە زمانی کوردی هاتۆتە هەڵبەستن و هۆنین، مەبەستم لە شیعری تەواو کوردی ئەوەیە، کە شیعرێک بێت کە بە پێی توخم و ماکە و پێکهات و تەنانەت ناوەرۆکە ئینسانییەکان و بە شێوەیەکی قووڵ لە هەناوی کۆمەڵگا و مێژووی کورد هاتبێتە بەرهەم و روودان و هەر بە گوێرەی ئەوەش لە زمانی کوردیدا خۆی دەردەخات و بکەوێتە لەنجان و بریق و باق؟**

من وەرگێڕ نیم، لەگەڵ و لەتەنیشت وەرگێڕە کوردەکاندا شیعری مامۆستا

بێکەسم داڕشۆتەوە و نۆژەندوومەتەوە. کاریگەرییەکە لەوپەڕی والآیی خۆیدا بوو. خاتوو فریشتە ساری (شاعیر و ڕۆماننووسی ناوداری ئێران) پاش خوێندنەوەی "سلێمانی و بوولێڵی جیهان" بە منی گوت: (لێرە و لەوێ دەمبیست کە شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی گەورەیە، بەڵام شیعرەکانی بە دڵەوە نەدەنیشتنەوە، ئێستا بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە هەڵبژاردە شیعرییە، تێدەگەم کە شێرکۆ بەڕاستی شاعیرێکی مەزنە! وەرگێڕان و نۆژەندن[٥٠]، واتە ئەوپەڕ و کەماڵی کارەکە! من لەگەڵ زمانی کوردیدا ئاشنایەتییەکی ئەوتۆم نییە، بەڵام تا ڕادەیەک لێی تێدەگەم، چونکە لە زاراوەی لوڕی (بەختیاری) نێزیکە، یان بە پێچەوانەشەوە!

**لەگەڵ ئەدەبی کوردی بە مانا بەرین و ئەوڕۆییەکەی، واتە هەر لە شیعر و پەخشانەوە بگرە تاکو دەقە زانستی و فەلسەفییەکان، تا چەندە ئاشنایەتیت هەیە، (ئەدەب بەم واتایە لە کتێبی تیۆری ئەدەبی یۆهان ویلم بێرتنێز، وەرگێڕانی فەرزان سجوودی کە لە زمانی ماتیۆ ئارنۆڵدەوە دەیگێڕێتەوە، مەبەستمە)، واتا لە هەر ڕێگەیەکەوە کە لەم ئەدەبە ناسیاوەتیت پەیدا کردووە، چ لەڕێگەی خودی زمانی کوردی، یان فارسی و ئینگلیزی گرینگ نییە، تەنها سنوور و کەوشەن زانیاری و ئاگاداریتان بۆمان بدرکێنن و تێڕوانین و هەڵوێستتان بۆی چۆنچۆنییە؟**

هەرچییەک تاکو ئێستا وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی فارسی (باش یان خراپ لە وەرگێڕانیدا) خوێندوومەتەوە. لە شیعرەوە بۆ ڕۆمان و...، هەڵوێستێکی تایبەتم نییە، جگە لەوەی کە وەکو وایە و وا دەنوێنێت کە من پێشتریش ئەم دەسکەوت و بەر (داهات)انمە خوێندۆتەوە. هەر هەمان جیهانی هاوبەش و گوتاری زاگرۆس، ئاوەها هەستێک لە مندا دەورووژێنێت، شوناسەکان "یەک و یەکێ" کن.

**ئێوە وەکو شاعیرێک، یان وەکو مرۆڤێک کە "دەخوێننەوە و دەنووسن کەواتە هەن"، لە کلاوڕۆچنەی تێگەیشتن و فامی خۆتان لە شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی تێڕوانینتان بۆ لێکدانی ئینسانناسانەی "شوناسی کوردی"، کە بە شێوازێکیش گوتاری زاڵی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیی تەنیوەتەوە، چییە، ئەم پرسیارە پسپۆڕانەیە و تا ڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی بازنەی باسەکەمانە، بەڵام بە بۆنەی ڕەنگدانەوە و دەرکەوتنی ئەدەب و شیعر لە بەشێک لە پێکهاتی شوناس و پێوەندی دیالیکتیکییانەی ئەم دوو وتەزایە، دەتوانین بپەرژێینە سەری و لەم ڕوانگەیەوە وەڵام بدەنەوە**

پێشتریش ئاماژەم پێ دا. مرۆڤ بۆ من مرۆڤە. ئەگەر سەرنجت دابێت کە حەتمەن سەرنجت داوە! وەڵامی ئەم پرسیارەم بە شێوەی ئاماژەیی و پەراوێزی لە جوابی پرسیارەکانی پێشوودا باسکردووە. لە فرەپاتی دەبێت هەڵبێین و خۆ ببوێرین! ئێمە ئامانجمان ئەوە نییە خوێنەر بتۆقێنین و بەردەنگ بترسێنین. لە وتووێژیشدا درووست نییە کە لێدوان و قسەوانی بەسەر خوێنەر و بەردەنگ و هۆگراندا بسەپێنین.

**شێرکۆ لە یەکێک لە بەرهەمەکانیدا بەناوی "ئافات" کە بەداخەوە لە بەستێنی رەخنەی ئەدەبی کوردیشدا بەهۆی هەندێک بۆشایی بەشێوازێکی چڕوپڕ و شیاو نەپەرژاوەتە سەری، بە گێڕانەوەیەکی دیرۆکی(٥١)- شیعری جەمسەرە شوناسییەکانی خۆی هەڵدەپێکێت بە زەردەشت و مەلەک تاوسەوە (کە خودای ئێزدییەکان یان یارسانییەکانە" ئایینێکی کۆنی کوردییە، کە دوای هاتنی ئیسلام و موسڵمانبوونی زۆرینەی کوردان لایەنگران و پێڕەوانی لەدەست دا و هەنووکە پێڕەوانێکی سالیک و رێڕەوی هەیە)، وا دەگێڕێتەوە کە دوای هاتنی ئیسلام کچێنەیی "ناهید" (یەکێ لە کەسایەتی و کاراکتەرەکانی ناو ئەم رۆمانە شیعرە و تاقانە کەسی جێگەی پیرۆزی و ستایش و پەرستشی ئەهورامەزدا) و پیرۆزایی موغەکان**

شیعری "خوتبەی هەڵەبجە"م لەکات و ساتی روودانی کارەساتی هەڵەبجەدا نووسی. کاریگەری ئەم خەمە ناکۆتایە هێشتاش هەر ماوە. جیهانی چارەسەرهەڵنەگری ئێمە لەگەڵ ئێش و ئۆفدا دەقی گرتووەو بە رەنج داهاتووە. هەر بەم هۆیەوە مرۆڤی سەرکەوتوو "هیوا"ی داهێناوە، یان ئومێدی ئافراندووە.

**و رووناکایی نوور، وەکو مەسیح لەخاچ دراو دەبینێت، ناهید، کچە چاوسەوزی میدیایی لە تەنیشت مەسیح و حەللاج و ژاندارک و... لە یۆتۆپیا و شارەخەونێکی نادیار و بێ سرووراز پێک دەگەن و... لەم بارەیەوە تۆزێک بدوێن؟**

پێوەندییەکی لەگەڵ شیعر و وەرگێڕاندا نییە. من ناپەرژێمە سەر ئەم باس و خواسانە تکایە لە شوێنێکی دیکە گەلاڵەی بکە و بیخە روو!

**شکڵ و پێکهاتی شیعرەکانی مامۆستا بێکەس بە رۆمان- شیعر ناوی دەرکرد و بەڕاستیش جێ کەوت، بەشێوەیەک واتە ئەگەر شێرکۆ ماوەی چەند کاتژمێر بۆ بەردەنگ و گوێگری گشتی شیعر بخوێنێتەوە، بەدەگمەن شەکەتییان تێدا درووست دەبێت، ئەمەش بە جاروبار سەلماوە، تا چ رادەیەک ئەم پێکهات و شێوازە شیعرییە دەناسن و بەلاتانەوە باشە؟**

شانامەی فیردەوسی و خەمسەی نیزامی گەنجەویش هەر بە (شیعر- رۆمان) ئەژمارده دەکرێن (لە شێوازناسی شیعری کۆندا)، شێرکۆ بێکەس لە چاخ و سەردەمی ئێمە و لە زمان و بیچم و پێکهاتی مۆدێڕنی شیعری نوێدا ئەم شێوازەی بووژاندەوە و زیندووی کردەوە. شیعری درێژی (ئەفسانە)ی نیما یۆشیجیش هەر ئەمەیە. لە بنەمادا رۆحی گێڕانەوە و چێژی گێڕانەوەی هەڵگریی لە رۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوین و نەتەوەکانی ئەم ناوچە و دەڤەرە لە پێگە و شوێنگەیەکی ئەزەلی و ئەبەدی جێ دەگرێت. شیعر-رۆمان دیاردەیەکی جیهانی و مێژوویی و بەشەرییە. ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمێریش هەر ئەمەیە. بەرهەمەکانی شکسپیریش (نواندنەوەی شیعر)ن. (بەردی هەتاو) ئۆکتاڤیۆ پازی مەکزیکیش دیسان هەر ئەمەیە. شاعیرانێک لە جیهانی ئەمڕۆییدا بوون و ئێستەش هەن کە دەستیان داوەتە وەها هەوڵ و تێکۆشانێک، بەڵام خۆ هەموویان وەکو شێرکۆ-لەم چەشن و شێوازە ئەدەبییەدا- سەرکەوتوو نەبوون. شیعری درێژی "میوانیی" ئەحمەدی شاملووش هەر لەم چوارچێوە و قەوارەیەدا دەگونجێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. گارسیا لۆرکاش ئەزموونگەلێکی لەم بوارەدا تاقیکردەوە.

**وەکو شاعیرێک، یان بە دەربڕینێکی مارتین هایدیگەرییانە، وەکو "دازاینێکی بووگ بار"[٥٢]، کە لە شیعردا ماڵی خۆی رۆ دەنێت، رۆڵ و دەوری کارەسات و لێرەدا کارەساتی هەڵەبجە کە لە چەند سەد کیلۆمەتر ئەولاتری سنووری ئێران لە ساڵی ١٩٨٨دا رووی دا، لە جیهان و شیعرەکانتاندا چۆن بووە و چ رەنگدانەوەیەکی هەبووەو**

**ئەگەر نەیبووە بۆچی؟ ئێوە لە پێوەندی نێوان هونەر و کارەسات داکۆکیتان کردووە و پێتان وایە کارەسات وەردەگێڕێتە سەر زمان و پێکهاتی داهێنان (هونەری، ئەدەبی و...)؟**

شیعری "خوتبەی هەڵەبجە"م لە کات و ساتی ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجەدا نووسی. کاریگەری ئەم خەمە ناکۆتایە هێشتاش هەر ماوە. جیهانی چارەسەرهەڵنەگری ئێمە لەگەڵ ئێش و ئۆفدا دەقی گرتووە و بە ڕەنج داهاتووە. هەر بەم هۆیەوە مرۆڤی سەرکەوتوو "هیوا"ی داهێناوە، یان ئومێدی ئافراندووە. ئافراندنی هونەری ڕەگ و ڕیشەی لە تەواوی لایەنان و ڕەهەندەکانی چارەنووسی زەمین و زەمان و ئینساندایە و کارەسات و تراژێدیش بەش و پاژێکن لە جیهانی ئێمە، کە تاو ناتاوێک، دەبن بە ئاخێزگە و خواستی داهێنان و ئافراندن.

**لە ئەدەبی چیرۆکی و بەتایبەتی ڕۆمانی کوردی چەندە ئاگاداریتان هەیە، شۆڕشگەل و بزووتنگەلێک لە بواری چیرۆک و ڕۆمان لە ڕێگەی چەند نووسەرێکی وەکو شێرزاد حەسەن، شارام قەوامی، بەختیار عەلی، هیوا قادر، حسەین عەلی، فەرهاد پیرباڵ، عەتا نەهایی و... لە کوردوستانی ڕۆژهەڵات و باشوور هاتوونەتە ئاراوە و کاریگەرییان بە ڕوونی لەسەر کۆمەڵگا و گوتاری کوردی دیارە.**

پێشتریش عەرزتم کرد کە هەرچی وەرگێڕابێتە سەر فارسی خوێندوومەتەوە. بەرهەمەکانی هاوڕێم؛ فەرهاد پیرباڵم لا باشە و جێگە پەسندمە، ڕۆمانی بەختیار عەلی بێ هاوتایە. بەختیار عەلی چەند مانگ پێش زەنگی لێدا و بە تەلەفۆن پێکەوە قسەمان کرد و ئاشنا بووین، تا دواتر ئەگەر تەمەن و دەرفەتێک بوو، دیدارێک پێک بێت.

**چەند ساڵ پێش لە کۆڕێکی خۆمانی و دۆستانەدا د.فەرهاد پیرباڵ پێی گوتم، کە بڕیارە سەید عەلی ساڵحی ببینم و دانیشین پێکەوە، پێوەندیتان لەگەڵی چۆنە و ڕۆڵی پیرباڵ لە ناساندنی ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینن؟**

فەرهاد هاتوچۆی ئێران دەکات، لە کارگەی شیعری مندا لە تاران شیعری خوێندۆتەوە، فارسی زانە. ئێمە دۆست و هاوڕێین، چ تاران بێت، چ سلێمانی، دیدارگەلێکمان پێکەوە هەبووە. بێ قەراری و دانەسکنانە قەڵەمییەکانیم خۆش دەوێت. بێگومان لە ئاست و ڕادەی خۆیدا بۆ پێناسەکردنی ئەدەبی کوردی بە ئێمە فارس زمان، کاریگەر بووە و ڕۆڵی باشی گێڕاوە.

**ئایا ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی چەوساوە و سیاسەت پێ کراو نەبووە. ئایا ئەگەر سیاسەتمەدارەکان و ئەکتەرانی پانتای سیاسەت تۆزێک بایەخ بدەن بە زمان و ئازادی و مافی کەڵکوەرگرتن و ئازادی زمانی زگماکی و "بوون" لە هەناوی ئەم زمانە، ئەدەبی کوردی لە رووبەرێکی والاتر و بەرزتردا درەوشانەوەی بەخۆوە نەدەدیت؟**

ئێمە هەر لەو کاتەوە کە دێینە دونیاوە و لەدایک دەبین (سیاسی)ین. لێکدانی (سیاسەت زەدەگی) جۆرێک بێ حورمەتییە. زمان، داهێنانێکی سیاسییە، نووسین دۆزینەوە و کەشفێکی سیاسییە. ئەدەب، دەقاودەق وەکو سیاسەتە و سیاسەتیش دەقاودەق وەکو ئەدەبە. گوڵی ئەم دروشمانە مەخۆن. تەنها قورواقەکان لە مێرگدا سیاسی نین! ئەدەب بە بێ سیاسەت قەت نایەتە دونیاوە! هەناسەدان و هەناسەهەڵکێشان لە هەر بارودۆخێکدا سیاسییە. مەگەر ئێمە ناڵێین: (ئازادی قەڵەم...!) دەی بۆ خۆمان لەمانە ببوێرین؟ مرۆڤ بوونەوەرێکە پەیوەستە بە بیرکردنەوەوە، ئەوەی کە لە پێوەندی و هاوپرسەکی "ئەدەب و دەربەستی" هەڵدێت، مرۆڤ تا رادەی بوونەوەرێکی بۆش و بەتاڵ لە ئیرادە و خواست دابەزاندووە و سووکی کردووە. ئەوەی کە دەبێت لێــــی هەڵبێین (دروشم زەدەگی)یە، دروشمە و وشە وەک دەنوێنێت! هاوڕێیان دەبێت ئاگادار بن کە دروشم تڵپ و بنکری سیاسەتە، کە نابێت رۆحی شیعری دەربەست و دەرەوەست پیس و چەپەڵ بکات، ئەگینا سیاسەت دەقاودەق وەکو شەرەف وایە، پەیوەست و لەبارەی ئەم وتەزا و بابەتانەوە نابێت (چەواشە فامی) رووبدات.

**بارودۆخی ئەدەب و شیعری ئەمڕۆی ئێران چۆنە و پێوەندی لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا لە چ ئاستێکدایە؟**

لەوپەڕ خۆی، تایبەت بە خۆی، بێ هاوتا! مەبەستم نییە بەراورد بکەم! بەڵام ئەدەبی ئێمە درێژەی ئەدەبی ئێوە و ئەدەبی ئێوە درێژەی ئەدەبی ئێمەیە. لەڕاستیدا رۆحێکین لە دوو جەستەدا. پێوەندی نێوانیشمان بەرەو پەرەسەندن و گەشەکردن دەچێت. تا بیستوپێنج ساڵ لەمەوپێش هیچ خەبەرێک لەم پێوەندی و هاویەکییە نەبوو، بەڵام هەم "هەرێم" و هەمیش ئێمە بەشێوەیەکی جیدی دیالۆگ و هەڤپەیڤینمان لەگەڵ یەکدا دروستکرد. ئەدەبی کوردیی درێژە و بەردەوامیی ئەدەبی تورک، یان عەرەب نییە، ئەدەبێک سەربەخۆ و کاریگەرە کە بەردەوام رۆڵ و دەوری ناوچەیی و جیهانی خۆی بووە.

**ئایا شیعر بە واتا راستەقینەکەی تەنها لەو زمانانەدا روو دەدەن و دەردەکەون کە خاوەنی سەرزەمین، وڵات، دەوڵەت، رێکخراو و نووسینگە فەرمی و سیستماتیکەکانن، یان نا، تۆزێک لەم بارەیەوە بدوێن؟**

شیعر... بەرهەمهاتوو و زاوزێی ئینسانە و بەس! سنوور و سەرزەمینی خودی و ناخودی و دەوڵەت و رێکخراو و شتگەلی لەم چەشنە لە کردەی بەرهەمهێنانی شیعردا رۆڵیان هەیە، بەڵام جەوهەر و کرۆک و رەسەنایەتی شیعر نین. شیعر لە سەرەتادا بەرهەمهاتوو و لەدایکبووی ئینسانە، نەک شاخ و کێو و هەرد و ئاڵا و مارش و هێڵی پەڕینەوەی رێبواران...! ئەم رێکخراو و رێکخستن و رێککەوتنانە، بە دەستکردەکانی خۆیانەوە ناتوانن ئینسان و شیعر پێوەن بکەن و کۆیلەی بکەن.

**لە زەمانگەلێکی دووردەستەوە تاکو ئێستا (هەڵبەت ئێستا بە شێوازێکی مۆدێرن، یان پۆست مۆدێرن) سەرزەمین، نیشتمان و وەتەن یان خوازە و میتافۆرێکی لەم چەشنە تانوپۆی ئەدەب و شیعری کوردییان تەنیوەتەوە، تەنانەت لە شوێنێکدا رۆمان نووسێکی کورد دەڵێت: شێرکۆ نیشتمانە پارچەپارچەکراوەکەی لە شیعردا یەکخستەوە و درووستی کرد و لە راستیشدا وا بوو (شیعری شێرکۆ هیچ سنوورێکی دەسکردی لەنێوان کورداندا نەهێشتەوە)، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو داهێنان و تازەگەرییانە کە لە ئەدەب و شیعری کوردیدا دێتە ئاراوە، یۆنیڤێرساڵ و ژوورە نیشتمانی نین، بەڕای ئێوە بۆچی ئەمەندە سەرزەمین یان "نیشتمان" لە گوتاری کوردیدا دەگێڕدرێتەوە، ئەگەرچی ئەمڕۆکە لەژێر کاریگەری کەش و هەوایەکی کراوە و جیهانی ئەدەبی کوردیی مەدلوول و خاڵە ئاماژە پێدراوەکانی و خوازە و واتاکانیشی ئاڵووگۆڕیان بەسەر هاتووە و من هەندێ جار واتێ دەگەم لە شیعری شێرکۆ، بەختیار عەلی و جەمال غەمبار و... نیشتمان مانایەکی دەرهەست و ئەوپەڕ سەرزەمینی هەیە، یۆتۆپیایەکە کە لەوێندەرێ نیشانە و مانا و مەجاز و خوازەکان ئیمپراتۆر و سالارن، نەک ئەو فۆڕم و بیچمانەی کە لە جیهانی بەرهەست و کۆنکرێتبوونی ئێمەیان گەمارۆ داوە، وا تێدەگەم گەیشتن بەو نیشتمانە گشتییە یۆتۆپیاییە لە روانینی ئەم "نووسەرانەدا" بە هەناو و دەقی سەرزەمین و هەرێمێکی راستەقینە بەناوی کوردستاندا دەچێت و تێدەپەڕێت، لەژێر تیشکی ئەم باسکاری و خوێندنەوەیەم بۆ پرسیارەکە بڕوانن.**

و: ئەمە پرسیار نییە، لێدوانێکی زۆرە...

**بۆچی سەید عەلی ساڵەحی سەردانی بنکە ئەدەبی و زانستگاکانی کوردستان ناکات و کۆڕ و کۆبوونەوە تیایاندا ناگێڕێت؟**

بڕیار بوو لە سلێمانی لە ڕۆژی دەی پووشپەڕدا کۆڕێکم بۆ بگرن، ئەو کوردە بەشەرف و گەورانە هەموو شتێکیان تەیار کردبوو، بەڵام داخۆ! من نەمتوانی بڕۆم. سەد مەخابن کە نەمتوانی بڕۆم، ناخۆشی و هەزاران کوفت و زەهری ماری دیکە منیان شەکەت کردووە و لە گۆیان خستووم، بەشێوەیەکی بەردەوام "هەرێم" بۆ من لوتفی هەبووە، بەتایبەتی خاوەن قەڵەمان و ڕۆشنبیرانی سەربەخۆی ئەو سەرزەمینە. هەر ساڵ بۆ فێستیڤاڵی گەلاوێژ داوەت دەکرێم، دەی دەبێت بتوانم و لەشساغ و تەندروست بم و...

**لەخۆتان و دونیای شیعری و هیوا و خەونەکانتان چیمان پێ دەڵێن؟**

هێشتا زیندوو و پڕهیوا کار دەکەم. پێنج هەزار لاپەڕە شیعری من بڵاو کراوەتەوە، کە هەندێک لەم بەرهەمانە گەیشتوونەتە چاپی بیستویەک. شەش هەزار لاپەڕە "نۆژەنین"م هەیە کە لای خۆم وتوومە و بڕیارم داوە کە دواتر چاپ دەبێت. مرۆڤ یان دەبێت دۆڵپائاسا و بەزەبر و لەگوڕ ئیش بکات، یان وەکو مێرووله بڕوات بە شوێن بژێویی ژیانیدا.

**جگە لە سەید عەلی ساڵەحی و کەسێکی وەکو شارام نازری و د.قوتبەدین سادقی و سەعدوڵلا نەسیری و هەندێک لەو کوردانەی دانیشتووی تاران (تەنانەت بە کوردە فارس و فارسبێژەکانیش وەکو د.جەلالەدین کەزازی) کە لە هۆڵی وەحدەتی تاران ئەم سەفەرەی شێرکۆیان بە شین گێڕایەوە چ کەسێکی تر لە کۆمەڵگای ئەدەبی ئێران مەرگی شێرکۆیان شینگێڕی کرد؟**

من لە شوێن و جێگە دەوڵەتییەکاندا ئامادە نابم، نەڕۆشتم بۆ هۆڵی وەحدەت، بەڵام لە ئەنجوومەنی (غەزەل) کە ئەنجوومەنێکی سەربەخۆیە، لەبارەی شێرکۆ بێکەسەوە قسەم کرد، لەگەڵ ڕادیۆی سەرانسەریی بەلژیک، هەروەها ڕادیۆی سوید و هەروەهاش لەگەڵ... وتووێژم کرد، بابەتەکانی من لە ئێراندا لەبارەی شێرکۆ بێکەسەوە بە گشتی لە پێنج ڕۆژنامەی پێشڕەو و سەربەخۆ بڵاوکرایەوە و دەنگدانەوەی هەبوو، هەڵبەت ئەمە جگە لە گۆڤارەکان. هەڵبەت دۆستان و هاوڕێیانێکیش بوون لە ئێراندا کە یادی شێرکۆیان بەرز ڕاگرت و ئەم یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنانەش گرینگ بوون. با ئەوەش بڵێم کە من لە مەرگی شاعیرێکی وەکو مامۆستا شێرکۆ نە ڕەشپۆش دەبم و نە شین دەگێڕم. نە شاملوو مردووەو

نه شێرکۆ بێکەسیش! مەگەر نالی و گۆران و حافز و مەولانا مردوون؟!

**پەیامتان بۆ کومەڵ و کۆڕی ئەدەبی و شیعریی کوردی چییە، رەخنە و باس و خواستان کامەیە؟**

چ پەیامێک دڵنشینتر و باشترە لەم وتووێژە؟ سەلماندن و چەسپاندنی هۆگری و خۆشەویستی پێویستی بە سوێندخواردن نییە. پێشنیارم ئەمەیە کە "خەڵاتێکی بەرز و بە شکۆ و پڕحورمەت" بە ناوی شێرکۆ بێکەسەوە -لە هەرێمی کوردوستان- رۆبنرێت.

**ئێوە دوابەدوا و چەند رۆژ پاش مەرگی مامۆستا بێکەس یاداشتێکتان لەمەڕ ئەم کۆچەوە نارد بۆ رۆژنامەی "شەرق" و دواتر شیعرێکتان بە ناوی "شێرکۆ...!" بۆ "ئەو" هەر لەم رۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە. من بە خوێندنەوەی ئەم شیعرە تێگە و فامی ئێوەم لە "بنەوەڕا"، یان بە وتەی دەروونشیکاران لە "رەوان بنە (ئیسکیما)"ی شێرکۆ و بە شێوازێک کۆمەڵگا و سەرزەمینی کوردستانم بینییەوە. بەتایبەتی کەڵکوەرگرتن لە وشەگەلێکی وەکو پێشمەرگە، دەربەندی پەپوولە، تاریکایی، بوولێڵ و سەرزەمین و... لەمەڕ ئەم شیعرەوە بۆمان بدوێن؟**

شیعرەکانی من دەرهاوێشتە و لەدایکبووی کتوپڕ و بەهەڵکەوتی جیهانن. لەپشت مێزی کار و نووسینەکەم دانیشتبووم و بابەتێکی ترم دەنووسی، لەناکاو و بەڕێکەوت ئەو شیعرە لەدایک بوو، تەنانەت فاریزەیەکیشم ئەملاولا پێ نەکرد. پێویستی نەبوو دووبارە بینووسمەوە، چونکە ئەم شیعرە بەتەواوی و ئامادەیی لەدایک بوو، رەشنووسی نەبوو، سپی نووسێک بوو بە بێ پرد و گوێزەرەوەیەک بە ناوی رەشنووس. رۆژنامەی شەرق بابەتی لە من ویست، منیش گوتم: فەرموون! چ لە رێگای تەلەفۆنەوە و چ لە نێزیکیشەوە پێشوازی لەم شیعرە بەڕاستی سەیر و سەرسووڕهێنەر و لەوپەڕی خۆی بوو، تەنانەت لە رۆژئاوا و ناوخۆی ئێران دەنگدانەوەکەی هێشتا درێژەی هەیە. ژمارەیەکیش هەن کە دەڵێن: ساڵەحی و شێرکۆ لە لایەن و رووی سیاسییەوە هاوتەریب و هاوڕێ نین، ئاخر چۆنچۆنی دەبێت دۆست و هاوڕێ بین و لە تێڕوانین و روانگەدا دژ بە یەک؟! بە دەنک و دووان و تاک و تەرایەک لەو ژمارەیە کە لە پێگەی وەڵامدا بوون و بایەخی وەڵامدانەوەیان بوو، گوتم: "ئێوەش رۆژێک باڵق و گەورە دەبن!"

**قسە و بابەتی کۆتاییتان چییە؟**

قسەیەکم نییە و هەر بژین!

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

* فراڕۆشتن= عروج، واتە مەبەست ئەوەیە کە مەرگیشی جۆرێک لە ڕۆشتن و والاڕۆیی و نەحجمان بوو، ئەو لەمێژە ئامادەی فراڕۆیی و مەرگ بوو.

** دەشێت بۆ خوێندنەوە و بزۆزی ئیستراتیژی و تەکنیکی راڤەی دەق، پەراوێزی دەق بکەین بە دەق و چەق و دەقی خودی دەقیش، بکەین بە پەراوێز، لە خوێندنەوە و راڤەی واقیع و ڕووداوەکانی ناو واقیع، بەشێک لە پێکهاتی ئەم وتارە لەسەر ئەو بنەمایەیە، راستە ئەم وتوویژ و وتارەش بە بۆنە و لەکاتی مەرگی مامۆستا شێرکۆ بووە، بەڵام تەوەر و باسی پەیوەست و گرێدراو بە گوتاری کوردی و خەونەکانی بێکەسیشی تێدایە.

١-مەبەستم ئەو کەس و هاوڕێیانەیە بە راستی شێرکۆیان بۆ زمان و بوونی زمانی کوردانەی دەناسی، نەک کەسی تر، یان هیچی تر!

٢- لەم وتارەدا بەشێک لە روانین و بزوتنی گێڕانەویی "رەنگدان" و "بۆننامە"ی مامۆستا بێکەس دەکار کراوە، وەکو رێزێک بۆ "ئەو"، با ئەوەش بڵێم کە لە هەر کوێدا "ئەو" بەکارهاتووە و مەبەست مامۆستا شێرکۆیە، لەبەر ئەوەیە کە وەکو نەفس و رۆحانەتێکی پیرۆز وەکو دەڵێن: بە بانگکردنی راستەوخۆی ناوەکەی دانەچڵەکێت، بۆیە بە ئاراستەی ئەو پیرۆزاندنە جێ ناوی "ئەو"م بەکار بردووە، هەڵبەت پیرۆزیی و پیرۆزاندن لەم وتارە دا مەبەستمە، واتە کورتەیەک بۆ کۆچێ...

٣- ئێمە مانان "ئەوان"ەن کە مەرگی شێرکۆ لانیکەم چەند ساتێکیان لێ تاڵ دەکات و لە ژیانی فرەپات و رۆژانەییان دەکاتەوە!

٤- پرسیارکردن لە کاتی شیوەندا لێرە و لەم دەڤەرە بڤە و تابۆیە، بەڵام من چەند پرسیارێکم بەدزییەوە داگیرساند: ئەلف. مەرگی شێرکۆ بە راستی چۆن و بۆ دەخوێنرێتەوە؟ ئایا مەرگی شیوەنە یان شینبوون و چەکەرەی مانای نوێ؟ ئایا بنکەیەکی شێرکۆناسیمان ناوێ؟ هەڵبەت شێرکۆ لە پێگەی دەق و واتا و زمان و شۆڕش و...! ئایا لەو وزە و پەتانسییەلە هێزەکی و کردەکییانەی شێرکۆ بەو مانایەی سەرەوە ئێمە لە ئاستیدا چیمان کردووە؟ ئاخۆ ئەو هەموو وشەداڕێژییەی شێرکۆ لە قەوارەی بۆن و بۆننامە، رەنگ و رەنگدان، ئاو و ئاگر و... چەندەی ئاوکێش و راکێش ناو گوتار و زمانی کوردیی کراون، جگە لە دووتوێی دەقەکانی خۆی؟و... ئەمانە برێک لەو پرسیارانەن کە لەو دابەشکارییەی ناو وتارەکەدا و لە

سێ پلەی جیاجیادا ئاماژەم پێ دا.

٥- دەربڕینێکی ئایرۆنیک و تەوسئامێزە "گەردیلەیەکی مەزن".

٦- تەپڵەکە ئامادەیە و نزیکە لێ بدرێ دم ...دم...دم، نزیکە لێ بدرێ و وڵاتی گلگامێش بقڵیشێ (کۆڕی خوێندنەوەی "پاییزە میوان").

٧- بەشێکە لە دیوانی بە خۆشەویستیتان ئەسپێرم.

٨-ئەم چەند دێڕە لە دوا وتارێکی بەختیار عەلی بە ناوی "ئێستا ژنێک نیشتمانمە" وەرمگرتووە، بە داخەوە دەقی وتارەکەم بە کوردی دەست نەکەوت، بۆیە وەرگێڕانە فارسییەکەیم لەسەر سایتی کوردپرێس بە وەرگێڕانی د. هیوا وەیسی وەدەست کەوت.

٩- مەرگبێزی و هەستەوەرانە بوون، دوو تایبەتمەندیی کۆمەڵگا و پێکهاتی کەلتوورین، کە لە ناخیاندا ژیانبێزی و ئینسانکوژی خەوتوو! چونکە ئەگەر هزرمەندانە لە مەرگ تێنەفکرین، ژیانمان بۆ واتادار و جوان ناکرێت! سوقرات دەڵێت: هەموو ژیان بیرکردنەوەیە لە مەرگ. ئەوەی کە من دەبێ وەئەستۆی گرم مەرگێکی جوانە (ئەنتیگۆنە). مەرگێکی جوان بە ژیان و لەناو ژیانێکی جواندا روودەدات و دێتە ئاراوە.

١٠- لەم وتارەدا کە هەر لە پێشکەشکارییەکەشمدا دیارە، بڕێ جار فرمان (فعل)ی تاک و کۆ تێکەڵ دەبن و دەبن بە یەک، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان بۆیان نەلوا و هەوڵمداوە ئەو خەمە کۆیی و دەنگە گشتییەش بگەیەنم لە تەنیشت خۆ "م"دا. هەڵبەت ئەم شتە گرینگەشی لە تەنیشت بێت کە ئەم تاک-کۆییە رەهەندێکیشی ئاماژەیە بە نەستی کۆییمان.

١١- روونە کە ئەم "من"ە منێکی تاکی و خۆمیی نییە! هەرچەندە لە پلەی یەکەم و بەهۆی بوونم لەم گێڕانەوەیەدا مەبەست "من"ی خۆمە، هەڵبەت یەکێک لە منەکانم، چونکە ژاک لاکان (دەروون شیکاریی فەرانسی) بازنە و جەغزی منەکان بێ ژمارە و زەبەندە!

١٢- ئیپراتۆری شیعریی جیهان نازناوێک بوو کە یەکەم جار شاعیر؛ سەید عەلی ساڵەحی، مامۆستا شێرکۆی پێ ناوبردە کرد.

١٣- ئەم رستەیە لە پێش دەسپێکی کۆڕی خوێندنەوەی دیوانی "پاییزە میوان" بوو کە لە لایەن سەنتەری چالاکی گەنجانەوە رێکخرابوو و لە لایەن پێشکەشکارەوە پێش دەسپێکردنی خوێندنەوەی شیعرەوە وترابوو و وابزانم لە بنەمادا ئەو رستەیە هی رەخنەگرێکی سویدییە.

١٤- بڕواننە بڕگەی ٨.

١٥- ئەم پرسیار و دێڕەم لە وتووێژێکی مەنووچەهر ئاتەشی؛ نووسەری بەناوبانگی فارس لەگەڵ شێرکۆ بێکەس بە ئامادەکاری هیوا ئەمین نژاد کە لە گۆڤاری نویسا، ژ٣، پایزی ٢٠٠٤، ل١٣١ وەرگرتووە.

١٦- ئەم چەند دێڕەم لە کورتەباسێکی ڕۆماننووسی کورد، عەتا نەهایی وەرگرتووە کە لە هەفتەنامەی سیرواندا بڵاوکرابۆوە.

١٧-کیان بە واتا سیاسییەکەیم مەبەستە لێرەدا.

١٨- لە پێشەکی کۆڕی خوێندنەوەی "گۆڕستانی چراکان"دا بێکەس ئەمەی وت.

١٩- تاتار لە بنەڕەتدا ناوی ئاسکێکی چینییە کە زۆر رمووک و سرک و کەوی نەکراوەیە و خێڵێکی گەورەی چینیش بەم ناوە ناودارن، هەروەها کەریم کابان لە گۆرانییەکدا دەڵێت: "چونکە ئەو شەمە، تاتاری چینە — لە دەشت بێزارە و چیا نشینە".

٢٠- ئاگادار بن لە بڕگەی ١١دا باسی "من"م کرد!

٢١- ئاماژەیە بۆ ئەو ناوەی مامۆستا شێرکۆ بە ڕۆمانە شیعری"کورسی" بەخشی واتە: دەقێکی والا.

٢٢- ئەم دونیا، یان ئەم دونیایی مەبەست لە ئەمری واقیع لە چوارچێوەی جیهان و دونیادایە.

٢٣- تووڕدراوی یان "پرتاپ شدگی" چەمک و زاراوەیەکی بنەمایی و بنەڕەتی ناو پێکهاتی فەلسەفی هایدیگەرە کە لە شوێنی تردا باسم کردووە، هایدیگەر ئێمە بە تووڕدراو و فڕێدراو دەزانێت لە بووندا، هەڵبەت تووڕدراوی پێش لە بوونی ئێمە بەسەرماندا دەسەپێت و بابەتێکی جەبری و تۆپزییانەی بوونناسی هایدیگەرە.

٢٤- دیتربووگی یان دیتربوویی و دیتران بوویی لەسەر بنەمای "دیترفامی" empathy-EinffUhlung- پێکدێت لە کتێبی زیگمۆند فرۆید نووسینی پاتریک ج ماهوونی وەرگێڕانی خەشایار دەیهیمی، ل١٠.

٢٥- وشە و چەمکێکی مەسیحییانە و ئینجیلیی کە بەو واتایەی کە مەسیح بە راڤەیەکی میتافیزیکی و ئاسمانی وەکو قوربانی هەموو گوناهانی مرۆڤ خاچ درانەکەی بۆ نیگار کراوە. لێرەدا ئەم حاڵەتە بۆ شیعر لەبەرچاوان گیراوە.

٢٦-دێڕێکی شاعیری گەورەی ئێرانی و خاوەنی دیوانە شیعری "دەنگی پێی ئاو"؛ سوهراب سەپیهریە.

٢٧- وەرگرتن لێرەدا دوو واتام لا مەبەستە، یەکەمینیان فام و چۆن خوێندنەوەی ئێمە و دووەمینیشیان ئاماژەیە بەو چەمکەی ڕێبازی کۆنێستانس کە لە دەور و

بازنەی سیستم و تەکنیکێکی جوانیناسانە و شیکارانە و ماناخوازانەی راڤەی دەق دەکۆڵێتەوە، بە بنەڕەت دانانی "وەرگرتن"ی مانا. بڕواننە گۆڤاری بەرهەم ژمارە یەک، بەهاری ۱۳۷۹، ئامادەکاری عەتا نەهایی، وتارێکی رەزا عەلیپوور بە ناوی تیۆری جوانیناسی "وەرگرتن".

۲۸و۲۹- مەبەست ئەو دوو رێباز و بزووتنەوە ئەدەبییە بوو کە لە ساڵانی ۱۹۷۵ی ز و بەملاوەتر هاتنە ئاراوە. شێرکۆ یەکێک لە واژۆکەران و بنیات نەرانی رەوت و بزووتنەوەی روانگە بوو.

۳۰- ئەمە بەو واتایە نییە شاعیرە گەورەکانی تری باشووری کوردستان جێگە و ناوێکیان نییە، بەڵکو بەو واتایەیە قبووڵمان بێت یان نا! کە سەرپشکترین و پێشەنگترینی ئەو شاعیرانەی باشووری کوردستان کە لە ئێران دەرکەوتن، شێرکۆ بێکەس بوو. با ئەوەش بڵێم کە شیعری زۆری تر لە شاعیران لە گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئێران و تاران کراوەتە فارسی و پێشکەشکراوە، بەڵام بەڕای من ئێمە لەم رەوتە گەورەترین خەسارمان لە نەبوونی وەرگێڕی باش و بەردەوام خواردووە. قەتیش نابێت نکووڵی لە زەحمەت و ماندووبوونی وەرگێڕگەلێکی دەگمەن کە خۆیان ماندوو کرد بکەین، بۆ ئاگاداری لەسەر دۆخ و رەوتی وەرگێڕانی دەقە کوردییەکان لە ئێران و تاران دەتوانن سەرەنجی وتارێکی مەریوان هەڵەبجەیی لەسەر رەزا کەریم موجاور کە لە هاوڵاتی، ژ؟ بڵاوبۆتەوە، بکەن.

۳۱- وادیارە "رووسووربوون" بە واتای رێز و حورمەت بەکارهاتووە و خەڵکی ئەو ئامێر و ئالییاتە راستەقینەی رووسووری و حورمەتیان نەماوە، بۆیە بە شەپازللە خەریکن رووسووری و ئابڕوو بۆ خۆیان دەگەڕێننەوە لە تاران، هەڵبەت بە پێی قسەی ساڵەحی!

۳۲- پێشتریش وتم کە بەشێک لەم وتارە بە رەنگی "بۆننامە" و بە دەنگ و بۆنی "رەنگدان"ی شێرکۆ بێکەس تەنراوە.

۳۳- ئەم بەشە و بەشێکی زۆر لە قسە و وتەکانی ساڵەحی لەبارەی مامۆستا شێرکۆوە لە دەزگاگەلی هەواڵگری و ئینتەرنێت وەرگرتووە.

۳٤-یانەی هونەرمەندان لە تاران، شوێنێکی گەورە و کراوە بۆ دانیشتن و کۆبوون و جگەرەکێشان و... هەنەرمەندانە لە تاران، وا بزانم دەکرێت بە سەهۆڵەکەی سلێمانی بیشوبهێنین، بەڵام یانەی هونەرمەندان گەورەتر، مۆدێرنتر و رێکوپێکتر و جوانیناسانەتر!

۳۵- ئەو پێشەکییەی کە لە سەرەتای پرسیارەکاندا لە دەقە فارسییەکەدا نووسیبووم، هەر ئەمەیە کە لەم باسەدا گونجاندوومە، بەڵام رەنگە لە پێشەکییە

فارسییەکەدا تۆزێک تیشکی زۆرترم خستبێتە سەر چالاکی ساڵەحی و هاوڕەگەزێتی کورد و لوڕ، هەروەها فەلسەفەی مارتین هایدیگەر! کۆی دەقە سەرەکییەکە فارسییە و ئەوەش هەر بەم زووانە لە گۆڤارە فارسی و کوردییەکانی رۆژهەڵات بڵاو دەبێتەوە.

٣٦- شتێکی گرینگ کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم، ئەوەیە کە چونکە خۆم کاتی وەڵامدانەوە و بەرسڤی پرسیارەکان راستەوخۆ بوونم نەبووە، واتە پرسیارەکان لەڕێگەی فاکسەوە نێردرابوون و دەرفەتی ئامادەبوونی راستەوخۆم نەبووە، لە هەندێک شوێن مانایەک کە من مەبەستم بووە لە پرسیارەکە بە وەڵامدەر نەگەیشتووە و ئەویش لە سۆنگەی خۆیەوە مرخی خۆشکردووە بۆ وەڵامدان، وەکو ئەو شتەی کە لە پرسیارێکدا لەسەر سیاسەت زەدەگی باسم کردووە، کە من مەبەستم لە چەشنێک سیاسەتی دژەمرۆیی و شێوازێک لە گەشە و زاڵی و والایی تاقانەی سیاسەت بووە لەسەر کۆمەڵگا و مێژووی کورد، کە زۆرێک لە رەهەندەکانی تری خەساندووە بە ئامادەبوونی تاکانە و دیکتاتۆرانەی خۆی، بەڵام بەرسڤدەری پرسیارەکان لە سیاسەت وەکو تێڕوانینی خۆی و هەڵبەت ئەرەستۆ! دواوە نەک وەکو ئەو واقیعەی من مەبەستم بوو، شتێکی تر کە زۆر گرینگە، ئەوەیە کە چەند پرسیارێکی وەڵام نەدایەوە و یەک دوو پرسیاریشی وت هەر بیسڕەوە، من ئەوانەی بڕیار بوو بیسڕمەوە، سڕیومەتەوە، بەڵام ئەوانەشی کە وەڵام نەداوەتەوە، هەر دێنم، چونکە پێم وایە لە بڕێک شوێندا پرسیارەکان لە وەڵامەکان گرینگترن و لە دواجاریشدا خوێنەر دەبێت ئەوە بزانێت کە وەڵام نەدانەوە بەو پرسیارانە بە مانای بێ وەڵامی ئەو پرسیارانە نییە، بۆیە بە باشم زانی کە پرسیارەکان هەر بهێنمەوە، تاکو خوێنەر بە ئاراستەی ئەوەی کە "بێدەنگی و بێوەڵامی بە واتای ناوەڵامی و نەبوونی بەرسڤ نییە" راڤەی باشتری دەقی بابەتەکە بکات، ئەگەرچی بەرسڤدەر وەکو وەڵام رستەیەکی نابێت بە ناوچاوانی پرسیارەکەوە.

٣٧- واتای ئەم بەیتە لوڕییە ئەوەیە کە ئەی دۆست گەر هاتی، دەسماڵێکی دوولایەن و قایمم بۆ بێنە، چونکە بڕیارە من لە نەبوونی تۆ دەبێت هەر لە شەوەوە تا بەیانی بگریم و ئەگەر دەسماڵەکەت قایم بێت، بەرگەی گریان و رۆنکی زۆرتری من دەگرێت. ئەم بەیتە نێوئاخن و واتای لە بەیت و شیعرە فۆلکلۆرەکانی کوردی زۆر زۆر نێزیکە و من سادەترین نموونەم بۆ بەراورد هێناوەتەوە.

٣٨- هەمدیس دەیڵێمەوە کە کەس ناتوانێت نکوڵی لە ئەرک و ماندووبوونی وەرگێڕانێکی کورد بکات کە بە عارەق و خوێنی دڵ ئیش دەکەن، بکات، هەڵبەت

بێگومان تاقمێکیان مەبەستە!

٣٩- دێڕێک لە ڕۆمانە شیعری "گۆڕستانی چراکان" کە لە زمانی ژنێک بە ناوی کاڵێوە دەگێڕدرێتەوە.

٤٠- "لوڕ"ەکان لە ئێراندا بە سادەدڵی و بێگەردی ناسراون.

٤١- باوەڕ بە واتا نیچەییەکەی واتە ئیمان.

٤٢- هەم مەبەست وڵاتی چینە کە سیستمێکی کۆمۆنیستی هەنووکە تێیدا زاڵە و هەمیش مەبەست دەستە و تاقم و توێژە.

٤٣- وەرگێڕانی ئەم شیعرە تا رادەیەک بە شێوازی ئازاد بووە و لە هەندێ شوێندا زمانی شێرکۆم زۆر ناسک و تەنک تێیدا گونجاندووە و لە دواجاردا دەروەستی بە دەقەکە رەچاو کراوە.

٤٤-تاراو بە واتای (تبعید)، کە لێرەدا من سەرەڕای ئەوە مانایەکی دیکەشم لا مەبەستە.

٤٥- "پ" واتای پرسیار و "و" واتای وەڵام.

٤٦- وادیارە مەبەستی ئەو رەخنە رادیکاڵ و ئینقلابییانەیە کە لەسەر شێرکۆ گیراون، ئەمیش بیستوویەتی (من لێرە باسی خاسی یان خراپی رەخنەکان ناکەم).

٤٧- هاوتای (دادە و داشتە) لە فارسیدا.

٤٨- "تەرچک"، واتە هەم ناسک و هەم شیمانەی شکان و شەکانەوەی زۆرترە. لە دەڤەری کرماشان بۆ کچان ناسکی منداڵ دەکار کراوە!

٤٩- شیعر لە پێگەی کردە و بکەر یان بە وتەی جۆرج باتای ئەدەب هەموو شتێک، یان هیچ شتێک!

٥٠- نۆژەنین یان نۆژەندنەوە بە واتای "بازسرایی" و دووبارە هەڵبەستنەوە هێناومە. رەوتی ماناوەرگری ئەم وشەیە بەو شێوەیە کە وەرگێڕێک شیعرێک لە زمانی سەرەکییەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی دووەم و شاعیرێک کە لە زمانی دووەم دەستی شیعریی هەیە، ئەو وەرگێڕانە "نۆژەن" و دووبارەهۆندنەوەی دەکات، بەپێی تایبەتمەندی زمانیی "زاوزێی" واتای وشە، لەسەر بنەمای مانا سەرەکییەکەی واتای لەنوێ هەڵبەستن و دووبارە هۆنین و سەرلەنوێ ژەندنم داوە بەم وشەیە. هەڵبەت پێم وایە خودی ئەم مانایەش من نەمداوە، بەڵکو لە ناوک و کاکڵی وشەکە بە شێنەیی پەنای گرتبوو.

٥١- مێژوو لەسەر بنەمای ئەفسانە.

٥٢- واتە ئەو دازاین و سووژەی کە بە وتەی هایدیگەر "تووڕ دراوەتە" ناو وجوود و بوون بۆتە بار بەسەرییەوە. بڕواننە بڕگەی ٢٣.

# وەرگێڕان

| | |
|---|---|
| گفتوگۆ لەگەڵ (ئەدۆنیس) | شوان ئەحمەد |
| نامەیەکی مێژوویی | تەحسین ڕەزایی |
| ڕۆژەکانی کۆتایی... مانگی ئاب | سەنگەر زراری |
| چەند شیعرێکی لەیلا کردبچە | یوسف عەلی پور |

# گفتوگۆ لەگەڵ (ئەدۆنیس)



و. لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

بەدەگمەن "ئەدۆنیس"ی شاعیر باس لە ژیانی خۆی و پێچ و پەناکانی بکات. واتە بەکەمی قەرەی منداڵی و خێزان و هاوڕێیەتی و هەلومەرجی ئابووری و کاریگەرییە گشتییەکانی ژینگە دەکەوێت و باسی ڕۆڵ و شوێن دەستی ئەوانە، لەسەر پەروەردە و هەڵسوکەوت و فۆرمەلابوونی کارەکتەر و ڕۆشنبیریی خۆی بەگشتی دەکات.

هاوکات پێشتر و بەوردی باسی لە تێکڕای ئەو قۆناغانە نەکردووە کە هۆشیاری فیکری و شیعری ئەو بەناویاندا گوزەریانکردووە، وەک چۆن خۆی لە قەرەی شتە زۆر سادە و ساکارەکانیش نەداوە، ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ژیانی زۆربەی زۆری خەڵک و خواوە هەیە و بێئاگان لێی.

بڕی زۆری ئەو دیدارە ڕۆژنامەوانییانەی لەگەڵیدا کراوە، تایبەتبوون بە تیۆریزەکردنی شیعر و باس و خواسی ڕۆشنبیری گشتی، وەک (نوێگەری و ڕەسەنایەتی و تەقاندنەوەی زمان و مەرج و پێداویستی نووسینی تازەو... هتد).

ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، دیدارێکی جیاوازە لەگەڵیدا و بەقەد پێویست، تیشک دەخاتە سەر وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتی "ئەدۆنیس" و خۆی لەوە بەدوور دەگرێت بکەوێتە ناو تیۆریزەکردن و پڕکێشیکردن لە بابەتە ئەبستراکتییەکانی ئەفراندن و کەلتووردا.

**بۆ ئەوەی نەبین بەداوی شێوازی پێشەکییە تەقلیدییەکانەوە کە زۆرجار لە کونجێکدا گیرمان دەدات و خۆمانی لێ بەدووربگرین، پرسیاری ئان و سات و هەلومەرجی لەدایکبوونی لێدەکەین و ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:**

ساڵی ١٩٣٠ لە گوندێکی سادە و بچووکدا هاتمە دنیاوە، گوندی جوتیاران کە ناوی (قەسابین)ە لە سوریا. دایکم و باوکیشم کچ و کوڕە جوتیاربوون، بەڵام باوکم لە ژیانیدا کەسێکی بەهیمەت و کوڵنەدەر بوو. زۆر بەچاکی زمانی عەرەبی شارەزا بوو، ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ شیعری عەرەبیدا هەبوو. هەروەها لە بواری ئایین و فیقهدا قاڵ بوو بوو، لەبەرئەوە وەک رێزلێنان و پێزانینێک کردبوویان بە شێخ. واتە شێخانی ئەو سەردەمە گردبوونەوە و نازناوی (شێخ) یان پێدا بوو. باوکم لە ئەسڵدا شێخ نەبووە، بەڵکو کراوە بە شێخ.

**بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی کرابوو بە شێخ، یان بە مانا ئاینییەکەی؟**

نەخێر، بە مانا دینییەکەشی. واتە داخڵ بە کۆڕی شێخایەتی بوو، بەڵام ئەمە تەنها تایبەت بوو بەخۆی و خێزانەکەمان دوای ئەو ئەو نازناوەی بۆ نەماوەیەوە، چونکە ئەوە حاڵەتێکی تایبەت و ناوازە بوو... سەروەت و سامانمان زۆر کەم بوو، لە راستیدا خاوەنی هیچ نەبووین، تەنانەت ئەو خانووەشی تێیدا بووین. خانووەکەی ئێمە موڵک و ماڵ و وەقفی سوڵتان "ئیبراهیم" بوو، لەگەڵ چەند کێڵگەیەکی بچووک و چەند شتێکی دیکەدا. باوکم دوای ساڵانێک و بەهۆی ئەو یاسایەوە کە لەو سەردەمەدا دەرچوو، توانی ئەو خانوو و شتانە بکڕێتەوە.

من لەو بارودۆخە سادە و خاکییەدا پەروەردە بووم و بە چاکی بیری منداڵی خۆمم نایەت. ئەوەی بیرم بێت ئەوەیە هەر زوو بەفێربوونی زمانی عەرەبییەوە خەریک بووم، سەرەتای ئەو پرۆسەیەش لەسەر دەستی باوکم بوو. هەروەها کەوتمە خوێندنەوەی شیعری عەرەبی و بەتایبەتیش شیعری عەباسی "موتەنەبی و شەریف رەزی و ئەبوتەمام". ئەو ناوانەم زۆر بە چاکی لەبەرە، چونکە شەو و رۆژ شیعرەکانیانم دەخوێندەوە. بەتایبەتیش لەبەرئەوەی هەرچی جارێک باوکم میوانێکی بهاتبایە، داوای دەکرد شیعری بۆ بڵێم.

واتە خوێندنەوەی شیعر لەماڵی ئێمەدا شەوانە بۆ ئەوە بوو، ئەوانەی لەوێن چێژ وەرگرن و منیش بوو بوومە شیعرخوێنی عەرەبی. بەمجۆرە زمانی عەرەبی و زمانی شیعرییەتی عەرەبی، لە مێشکمدا چەسپی. بیرمدێت هێشتا تەمەنم دوانزە ساڵان بوو، دەمتوانی لە نهێنییەکانی ئیعراب بە هەموو ئالۆزییەکانییەوە تێبگەم. واتە لە بواری رێزمان و وتەسازیدا هیچم لێ عاسی نەدەبوو.

**هەموو ئەوانەش بە فەزڵی (شێخ)ەوە بوو؟**

بەڵێ، چونکە لە گوندەکەماندا قوتابخانە نەبوو، تەنها حوجرە هەبوو. من بۆ خۆم جگە لە خەت و نووسین، سودێکی ئەوتۆم لە حوجرە نەبینی، بەڵام ژیانی حوجرە و فەزاکەی بە قوڵی لە زەینمدا چەسپی. فەزا و کەشوهەوای حوجرە، جوان و قەشەنگ بوو. ئێمە لە پێدەشتەکان و لە سایەی درەختەکاندا، دەمانخوێند و هەموو جارێکیش خۆم لە شێخ و مەلای حوجرەکان دەدزییەوە.

**ئایا مەلا کەسێکی سەختگیر بوو؟**

هەر زۆر. بیرمە لەپاڵ خۆیدا دایدەنیشاندم و گۆچانەکەی دەخستە بەینی هەردوو قاچمەوە، منیش دەمخەڵەتاند و دەموت دەچمە سەر ئاو... ئەگەر ئارەزووی بکردایە و رێگەی بدامایە بڕۆم، بۆی دەردەچووم و نەدەگەڕامەوە. هەرچۆنێک بوو تا تەمەنی سیانزە ساڵان لە حوجرەدا مامەوە. لێرەدا شتێکی چاوەڕواننەکراو لە ژیانمدا روویدا و وەکی بیرم بێت، ئەوە لە دەوروبەری ساڵی ١٩٤٤ یان ١٩٤٥دا بوو. شتە چاوەڕواننەکراوەکە ئەوەبوو سوریا سەربەخۆیی وەرگرتبوو، بەو بۆنەیەشەوە یەکەمین سەرەک کۆمار سەرۆک "شوکر قوەتلی" بڕیار دەدات، سەردانی ناوچە جیاجیاکانی هەموو سوریا بکات.

**دەتوانم قسەکانت پێ ببڕم و لەبارەی دایکت و منداڵیتەوە پرسیارت لێ بکەم، بەرلەوەی بگەڕێینەوە بۆ لای "شوکری قوەتلی"؟**

دایکم نەخوێندەوارە، خوێندن و نووسین نازانێت. وەک هەر ژنە جوتیارێکی دیکە کوڕە گەورەکەی خۆش دەویست و نازی زۆر دەکێشا، منیش ئەو نۆبەرە نازدارە بووم. بۆیە خۆشیدەویستم و نەرمونیان و بەبەزەیی بوو لەگەڵمدا. بیرم نایەت رۆژێک سەرزەنشتێکی کردبم یاخود بەخراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردبم. من کوڕە نازدارەکەی بووم، بەقەد ئەوەی لەوکاتەدا ژینگەکەی بواری پێدەدا.

**دەتوانین ناوی باوک و دایکت بزانین؟**

باوکم ناوی "ئەحمەد"و دایکشم ناوی "حەسنا"یە. سێ برام هەیە "محەمەدو حەسەن و حسێن". خوشکێکم هەی ناوی "فاتمە"یەو یەکێکی دیکەشم هەبوو بە ناوی "سەکینە" کە مردووە. براکانم لە سوریا دەژین، دووانیان مامۆستان و ئەوی دیکەشیان ئەندازیاری کشتوکاڵە.

**پەیوەندیت پێیانەوە چۆنە؟**

ئاساییە، ناوبەناو سەردانیان دەکەم و هەندێجاریش ئەوان سەرم لێدەدەن، ئەگەر بارودۆخی بەبیروت ئاسایی بێت.

**تۆ کوڕە گەورەی ماڵیت؟**

بەڵێ، میراتگری بەرپرسیارێتی باوکایەتیشم، بەڵام لەئێستادا ماڵەوە موحتاجی من نین. باوکم لە ساڵی ١٩٥١ کۆچی دوایی کرد، بەڵام دایکم هێشتا لە ژیاندا ماوە و تەندروستیشی باشە. ماوەیەک پێش ئێستا سەردانیم کرد و بێ چاوێنی بێت زۆر بەگوڕە. هەنوکە ماڵمان لە شاری (جبلە)یە، بەڵام ماڵە کۆنەکەمان هەرماوە.

**براکانت سەروکاریان لەگەڵ شیعر و ئەدەبدا هەیە؟**

"محەمەد"ی برام لە زمانی عەرەبیدا زۆر بەتوانایە و ئێستا مامۆستای زمانی عەرەبییە لە زانکۆی (سەنعا). بەوردی ئاگاداری ئەدەبی عەرەبی و بابەتی ڕەوانبێژییە لە ئەدەبی عەرەبیدا. هێندە قاڵبووە لەو بوارەدا وەک مامۆستای زانکۆ قبوڵیان کردووە، لەگەڵ ئەوەی بڕوانامەی دکتۆراشی نییە.

**ئاگاداری ڕۆشنبیریی مۆدێرنە؟**

بەڵێ. براکەی دیکەشم کە لە "محەمەد" بچووکترە، ئەویش مامۆستای مێژووە لە یەکێک لە ئامادەییەکانی سوریا، برا بچووکەکەشم ئەندازیاری کشتوکاڵە و وەکی ئەندازیارانی دیکە، سەروکاری لەگەڵ ئەدەبدا نییە.

**پێش تۆزێک باست لەوەکرد کاتێک میوانتان دەهات باوکت داوای لێدەکردیت شیعریان بۆ بڵێیت، ئەوە تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ تۆ، یاخود دڵنیا بوو کە بەهرەیەکت تێدایە؟**

یەکەم شت بۆ ئەوە بوو رام بێنێت لەسەر خوێندنەوە و دووەمیش، تامتمانەی پێم زیاتر بێت و بگەمە ئاستی چاوەڕانییەکانی. ئەوەی راستی بێت باوکم شانازیی پێوە دەکردم، بەڵام دەیشاردەوە و نەیدەهێشت پێوەی دیاربێت. من هەرچەندە منداڵ بووم، بەڵام زۆر بلیمەت بووم. ناویشم وەک منداڵێکی زەیرەک و بلیمەت رۆیشت. منداڵێک لە زمانی عەرەبیدا هەڵەی رێزمانی ناکات و بەچاکیش شارەزای شیعرە. ئەمە وایکرد باوکم هەست بەگەشانەوە بکات و لەسەر دەرس پێوتنم بەردەوام بێت.

بیرمە شیعری بە دەنگی بەرز بۆ دەخوێندمەوە، چونکە لەو بڕوایەدا بوو خوێندنەوەی شیعر بەدەنگی بەرز، خوێنەر یان گوێگر والێدەکەن چێژ لە شیعر وەرگرێت و بەچاکی لە نهێنییەکانی زمان تێبگات. باوکم بۆ خۆی شیعری دەنووسی، بەڵام بە شێوازی کلاسیک.

**هیچت لە شیعرەکانی لەبەرە؟**

لەبەرم بوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا بیرم نەماوە. لەو بڕوایەدام تائێستاش شیعرەکانی لە ماڵەوە مابن.

**بیرت لەوەکردۆتە رۆژێک شیعرەکانی باوکت چاپکەیت؟**

نا، بڕواناکەم شتێکی وابکەم، چونکە باوکم ئەگەر بۆ خۆیشی لە ژیاندا مابایە، لەو بڕوایەدانیم رازی بوایە بەوەی شیعرەکانی بڵاوبکاتەوە. ئەو شیعر خولیای نەبوو، ئامانج نەبوو. شیعری وەک جۆرێک لە وتنی ئەو شتانە دەنووسی کە نەیدەتوانی بە شێوازی تر تەعبیریان لێ بکات. واتە سەروەختێک هاوڕێیەکی بمردایە بە شیعر دەیلاواندەوە، یاخود دەردەدڵ و پێداویستییەکی تایبەتی خۆی هەبوایە (کە هەمووی پەیوەندی بەپێدایستی کۆمەڵایەتییەوە هەبوو)، ئەوجا شیعرێکی دەنووسی.

**باوکت ئاواتی دەخواست ببیت بە چی؟**

ئامانجی ئەوە بوو ئەوەی هەیتی پێم عەتاکات، زمانی عەرەبی بەشێوەیەکی تایبەتی و شارەزایی لە شیعری عەرەبیدا بەشێوەیەکی گشتی. دواتر بۆم دەرکەوت (ئەڵبەتە تا منداڵ بووم نەمدەزانی) کە نەیویستووە هیچیم بەسەردا فەرز بکات و پێم بڵێت ئەمە بکە و ئەوە مەکە. هەرچی جارێک بڕیاری شتێکم دەدا بەردەوام پێیدەوتم: (بەرلەوەی بڕیاری هیچ بدەیت، بیری لێ بکەرەوە...

من تەنها ئەوەندەم لەدەست دێت لە خوا بپارێمەوە مۆفەقت کات). دوایی زانیم ئەوەندەی هاوڕێم بوو، باوکم نەبوو. ئەوەش دوای مردنی کاری تێکردم. من تا نەمرد باوکمم نەناسی.

**وتت بەرپرسیارێتیت لە باوکتەوە بۆ بەجێما، ئەوە چەندی خایاند؟**

تا خۆشک و براکانم گەورە بوون. بەخوێندنی هەندێکیان و بەئاگاداربوون و چاودێری هەندێکی دیکەیانەوە ماندوو بووم، بەڵام خوشک و براکانیشم بەهێز و زیرەک و سەرسەخت بوون و هەوڵیان دا و ماندوو بوون و پشتیان بەخۆیان بەست، تا بەوەی ئێستایان گەیشتن.

**بابێینەوە سەر باسەکەی خۆمان..**

هەر لە منداڵیمەوە خۆم لە شیعری عەرەبیدا بینییەوە و خەریکی شیعرنووسین بووم. ئەوەی راستی بێت من لە فەزایەکی شیعریدا چاوم کردەوە، بەڵام سەروەختێک بەدنیا ئاشنا بووم، خۆم بە بەشخوراو و زوڵم لێکراو دەزانی. زۆرێک لە هاوڕێکانم دەیانتوانی بچن بۆ شار و لێرەو لەوێ خوێندن تەواو بکەن، تەنها من نەبێت... ئەوانە هیچیان لە من زیرەکتر نەبوون، بەڵام توانای مادییان باشتر بوو. ئەوە بێتاقەتی دەکردم و خەمم لێدەخوارد.

سەروەختێک یەکەمین سەرۆک کۆماری سوریا دوای سەربەخۆیی "شوکری قوەتلی"، بڕیاری دا هەموو ناوچەکانی سوریا بەسەر بکاتەوە و لە نزیکەوە ئاگاداریان بێت، لەگەڵ خۆمدا بڕیارم دا شیعرێکی بۆ بنووسم. هەتا ئێستاش کە بیر لەو بەسەرهاتە دەکەمەوە ئەوق دەبم و سەیرم پێ دێت، چونکە ئەوە شتێک بوو بەئەقڵدا نەدەچوو... رێکەوتێکی سەیر و دەگمەن. بڕیارم دا قەسیدەیەکی بۆ بنووسم و کە هاتە ناوچەکەمان لەبەردەمیدا بیخوێنمەوە، ئەوسا دوای تەواوبوونی خوێندنەوەی شیعرەکە بانگم دەکات و لێم دەپرسێت چیت گەرەکە، منیش لە وەڵامدا پێی دەڵێم: (دەمەوێت بخوێنم).

**ئەم رەفتارەی تۆ پێموایە، سەرچاوەکەی دەچێتەوە سەر یادەوەری کلتوری مرۆڤی عەرەب.. واتە پەیوەندی شاعیر بە دەسەڵاتەوە؟**

بێگومان ئەوە راستە... ئەمە جۆرێکە لە باوکایەتی گشتی، لە ناخودئاگای دەستەجەمعیدا ئەو قەناعەتە هەیە کە دەسەڵات، لە کاروباری خەڵک و خوا بەرپرسیارە... گرنگ ئەوەیە شیعرەکەم بۆ باوکم خوێندەوە و پێموت بەتەمای چیم.

**ناونیشانی شیعرەکەت بیرماوە؟**

بیرم ماوە، بێ ناونیشان بوو.

**هیچت لەو شیعرە بیر نەماوە؟**

یەک کۆپلەیەیم بیرماوە.

**حەز دەکەین گوێمان لێی بێت؟**

ئەو کۆپلەیەم بیرماوە کە چەپڵەیان بۆ لێدا و پاش تۆزێکی کە دەیڵێم. باوکم دوای تۆزێ بێدەنگی وتی: (شیعرێکی جوانە، بەڵام کوڕم چۆن دەتوانیت بگەیتە سەرۆک کۆمار و وەک ئەوەی خۆت بیرت لێکردۆتەوە، ئەو شیعرەی لەبەردەمدا بۆ بخوێنیتەوە؟ تۆ جوتیارێکی سادە و ساکاریت و کێ ڕێگەی ئەوەت پێدەدات؟ ئەو ئامرازانە چین تۆ بگەیەننە لای شوکری قوەتلی؟). وتم: (هەوڵدەدەم). زۆر سەری نەکردە سەرم و وتی: (چۆنت پێ خۆشە وابکە و خوا مۆفەقت کات).

ئەو ڕۆژەی بۆ هاتنی "شوکری قوەتلی" دیاریکرا بوو، لە (جبلە) ئامادەباشی تەواو کرابوو. لەسەر ڕێگای گشتی گەورە پیاوی ناوچەکە لە پێشوازیدا بوو. ئەو کابرایە لە سەردەمانی ئینتدابی فەڕەنسیدا پیاوماقوڵێک بوو، پاشان کە دەور گۆڕا دایە پاڵ بزووتنەوەی نیشتمانی. ئەو گەورەپیاوە ناوی "ئیبراهیم کەنج" بوو. باوکم زۆر ڕقی لێی بوو، حسابی دەسەڵاتداری بۆ نەدەکرد و وەک سەرۆک هۆزێک لێی نەدەڕوانی.

بیرمە باوکم تەنها کەسێک بوو لە ناوچەکەماندا نەیاری "ئیبراهیم کەنج" بوو، لەگەڵ یەکێکی دیکەدا کە هاوڕێی بوو ناوی شێخ "ئەحمەد حەیدەر" بوو. لە دڵی خۆمدا وتم: (ڕەنگە ئەو کابرایە، ئەو دوژمنایەتییەی بیر نەمابێت). خۆم کرد بەناو خەڵکەکەدا و ویستم لەو جێگەیە نزیک ببمەوە کە خەڵک سڵاویان لە سەرۆک کۆمار دەکرد.

لەو کاتەدا "ئیبراهیم کەنج" و دەست و پێوەندەکەی بینیمیان و وتیان ئەو کوڕە چی دەوێت؟ ئەوانیش وتیان: (دەیەوێت شیعر بخوێنێتەوە). "ئیبراهیم کەنج" پرسی کێیە؟ وتیان: (کوڕی شێخ ئەحمەد سەعیدە). کە ئەوەی بیست، فەرمانی پێکردن، دەستبەجێ لەو ناوە دەرم کەن. بە فیعلی دەریان کردم و تەنیا خۆشم بووم، بەڵام کۆڵم نەدا و تێم تەقاند بۆ دووەم شوێنی ئاهەنگ و پێشوازیکردنەکە کە لە شاری (جبلە) بوو. وتم بەڕاکردن دەڕۆم، چونکە پارەم پێ نەبوو تا سواری ئۆتۆمۆبێل ببم.

بەدەشتە چۆڵ و هۆڵەکاندا تاوم دایە خۆم، تا گەیشتمە شوێنی مەبەست. دەستبەجێ چووم بۆ لای سەرۆکی شارەوانی، بەو پێیەی بەرپرسی ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی پێشوازیکردنەکە بوو. کاتێک چوومە لای گیانم هەمووی ئاو بوو، پێڵاوەکانیشم یەک پارچە قوڕبوو. لە دۆخێکی زۆر خراپدا بووم. سەروەختێک خۆم کرد بەژووردا، سەرۆکی شارەوانی حەپەسا و پێی وتم: (ها کوڕم چیت دەوێ)؟ وتم: (دەمەوێت لەبەردەم سەرۆک کۆماردا شیعرێک بخوێنمەوە).

ئەڵبەت زیاتر حەپەسا، بەڵام لەبەرئەوەی کەسێکی ژیر و ڕووخۆش بوو، پێی وتم: (چاکە کوڕم وەرە دانیشە و شیعرەکەم بۆ بخوێنەوە). منیش بۆم خوێندەوە و بەدڵی بوو. پاشان وتی: (دەیخوێنیتەوە، بەڵام من بەرپرسی پێشوازیکردنەکە نیم، ئەوە لە دەستی قایمقامدایە. من دەتنێرم بۆ لای ئەو و ئەویش کارەکەت بۆ ڕێکدەخات). تەلەفۆنی بۆ قایمقام کرد و کەسێکی لەگەڵدا ناردم تا ئەوێ. کە گەیشتم سەیرم کرد قایمقام لەناو سەرادا کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرساندا دەکات، سەبارەت بە ڕێوشوێن و چۆنییەتی پێشوازیکردنەکە.

هەموو ئەوشتانە لە ماوەی ئەو دوو سەعاتدا ڕوویاندا و خۆم بە تەنها بووم. باوکم بەشداری پێشوازیکردنەکەی نەکرد و هەر لە گوند مایەوە. قایمقام داوای لێکردم قەسیدەکە بخوێنمەوە و منیش لەبەردەمیدا خوێندمەوە و خۆی و ئەوانەشی لەوێ بوون بەدڵیان بوو، بۆیە بڕیاریان دا لە ئاهەنگی پێشوازی لێکردنەکەدا بخوێنرێتەوە.

دوای ئەوە وتیان بڕۆ لە گۆڕەپانەکەدا چاوەڕێبە و کەی کاتی هات خۆمان بانگت دەکەین. ڕۆشتم و ئەوەندەی نەبرد سەرۆک کۆمار گەیشت و دەست بە وتار خوێندنەوە کرا، منیش چاوەڕێ بووم کەی سەرەم بێت. پاشان سەرۆک کۆمار دەستی بەوتاردان کرد و کەس پێی نەوتم وەرە شیعرەکەت بخوێنەرەوە، بۆیە هەستم بە نائومێدیەکی گەورە کرد.

بەڵام لەو کاتەی سەرەک کۆمار بەرەو بەلەکۆنەکە دەچوو تا قسە بۆ خەڵک بکات، یەکێک لەوانەی لەگەڵ قایمقامدا بوو لەسەرا ئەویش بەڕێوەبەری نفوسی شاری (جبلە) بوو ناوی "عەبدولڕەزاق مەحمود" بوو. (ئەڵبەت ئێستا لە ژیاندا نەماوە و کەسێکی سپۆرت بوو)، بینیمی و وتی: (ئەوە بۆ بانگیان نەکردیت)؟ وتم: (نازانم). زۆر تووڕە بوو و پەلی گرتم.

لەو کاتەی سەرۆک کۆمار وتی: (بەڕێزینە). ئەم بەتوندی دەنگی لێهەڵبڕی و وتی: (فەخامەتی سەرۆک منداڵێک لە چیا بەرز و دوورەکانەوە هاتووە، بۆ ئەوەی هەست و سۆزی خەڵکانی شاختان بەبۆنەی سەربەخۆیی سوریاوە پێڕابگەنێت

و نیشتمانپەروەریتی دانیشتووانی ئەو ناوچەیەتان پێ بگەیەنێ، بۆیە تکا دەکەم گوێی لێ بگریت).

سەرۆک کۆمار ئیستێکی کرد و وتی: (بابفەرموێ). بیرمە لە گۆڕەپانەکەدا شوێنێکیان بۆ وتاردان تەرخان کردبوو، "عەبدولڕەزاق مەحمود" لەباوەشی کردم و گەیاندمییە ئەو شوێنە. لەوێدا زۆر بوێرانە شیعرەکەم خوێندەوە (بوێریی کەسێک کە دەیەوێت خەونەکەی بەدیبێنێت).

بەو شیعرە نەک کاریگەری قوڵم لەسەر ناخی سەرۆک کۆمار بەجێهێشت، بەڵکو کارم کردە سەر ئەو جەماوەرەش کە گۆڕەپانەکەیان تەنیبوو. بەجۆرێک یەکسەر بووم بە ئەفسانە و سەروەختێک سەرۆک وتارەکەی دا، پشتی بە کۆپلەیەک لە شیعرەکەی من بەست و لەسەر ئەوکۆپلەیە وتارەکەی خۆی دارشت.

کۆپلەکەش ئەمەیە:

**اذا حذفت لام و یاء من أسمة**

**بدت قوةلایستطاع لهارد**

دوای ئەوەی قسەکانی تەواو کرد داوای کردم و منیش چووم بۆ لای، لەو کاتەدا هەرچی لەوێدا بوو شالاویان بۆ هێنام و دەوریان دام. ئەوە ساتەوەختێکی مێژوویی بوو. سەرۆک ماچی کردم وتی: (چیت دەوێت؟ یان چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟) منیش وتم: (دەمەوێت بخوێنم). وتی: (لەسەر حسابی خۆمان دەتخەمە مەکتەب و دەخوێنیت... دوای دە ڕۆژ هەواڵت پێ دەگات).

خواحافیزیم لێکرد و گەڕامەوە بۆ ئاوایی. ئەڵبەت ئەوە بوو بە باس و خواس خەڵکی و هەنوکە لە هەوڵی ئەوەدام ئەو شیعرەم دەسکەوێتەوە، چونکە دڵنیام لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی سوریادا بڵاوکراوەتەوە.

**ئایا ئەوە لەڕێی رادیۆوە پەخشکرا؟**

تەواوی بەسەرهاتەکە گەیشت بە هەموو شوێنێک. دەڕۆژێک لە گوندەکەی خۆماندا چاوەڕێم کرد و دوای ئەوە، هەواڵیان دامێ کە لە (تەرتوس) داوام دەکەن. پێدەچوو "شوکری قوەتلی" کەسێکی بۆ ئەو کارە بە ناوی "ریاز عەبدولڕەزاق" راسپاردبێت کە ئەندام پەرلەمان بوو.

**ئەوە ساڵی چەند بوو؟**

دەوروبەری ساڵی ١٩٤٤ بوو. لە تەمەنی چوارده ساڵاندا بووم. تەنانەت

بڕوانامەی سەرەتایشم نەبوو. گرنگ ئەوەیە چوم بۆ (تەرتوس)و "ریاز عەبدولڕەزاق"م بینی و پێی وتم، دەچیتە خوێندنگەی (لاییک)و ئەوەش گرنگترین قوتابخانە بوو لە هەموو سوریادا. قوتابخانەیەکی فەڕەنسی بوو. (قمبازە)وە چووم بۆ ئەو قوتابخانەیە بە (قمباز جلوبەرگێکی میللی ناوچەی ریفی لازقیەیە و خەڵکانی هەژار و دەستکورت لەبەری دەکەن)و دوو دانە مانگ بەو شێوەیە مامەوە.

خوێندکارەکان بەتەوسەوە سەیریان دەکردم و پێموایە مانگی سێو چوار بوو چوومە ئەوێ، واتە لە سەرەتای ساڵی خوێندندا نەچووم. لە کۆتایی ساڵدا (واتە دوای سێ مانگ خوێندن)، بڕوانامەی سەرەتاییم وەرگرت. ساڵی دوای ئەوە چوومە قۆناغێکی دیو چالاکی خوێندکاری گەورەم ئەنجامدا و بوومە یەکێک لە رابەرانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە (تەرتوس).

بەڵام بەداخەوە لە کۆتایی ئەو ساڵەدا لەبەر هۆکاری سیاسیو نیشتمانی، ئەو خوێندنگەیە و تەواوی خوێندنگە فەڕەنسییەکانی دیکە داخران. دوای ئەوە چوومە خوێندنگەیەکی ناوەندیی نیشتمانی و هەوڵم دا لەوێش وەک رابەرێکی خوێندکاری خۆم بسەلمێنم.

**ئەو سێ ساڵەت تەواوکرد، بە وانە زانستییەکانیشەوە؟**

وانەکان ئەدەبی بوون... بەڵام بەڕێوەبەر پێی وتم ئەمە وانابێت، منیش وتم: (بۆ نابێت... دەتوانم لە- پریڤیێ- سەرکەوتووبم، بەوپێیەی تەواوی وانەکانی ئەدەبینو منیش لە زمانی عەرەبیدا چاک شارەزام). بەفیعلی لە -پریڤیێ- خۆم سەلماند و بەڕێوەبەریش نەیتوانی رێم پێ بگرێت، چونکە دەمتوانی خوێندن پەک بخەم. ئەمە یەکێک بوو لەو شتە توندوتیژە جوانانەی لە ژیانمدا سودی پێگەیاندم و زۆر سەرکەوتووانە بەڕێم کرد.

من بەسێ ساڵ دوو قۆناغم بڕی (سەرەتاییو ناوەندیی)و لەو کاتەشدا بڕیارێک هەبوو ئەوانەی بەسەرکەوتوویی (پرێڤی) تەواو دەکەن، دەتوانن داوای یارمەتی بکەنو لەسەر حسابی دەوڵەت بخوێنن. ئەو هەلەم قۆستەوە و نامەیەکم بۆ سەرۆک کۆمار نووسیو تێیدا سوپاسگوزاری خۆمم پێڕاگەیاندبوو، دەرهەق بەوەی لەگەڵمدا کردبووی.

هەرلەوێدا بۆم نووسیبوو داواکارم یارمەتیم بدەیت، بۆئەوەی خوێندنەکەم لەسەر حسابی دەوڵەت تەواوبکەم و ببمە یەکێک لە خوێندکارە سەرکەوتووەکان. دواتر زانیم ئەو کۆمەکو یارمەتییانە لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە دێت. بەوجۆرە

لەسەر حسابی دەوڵەت دەستم بە خوێندن کرد و ساڵی ١٩٤٧ چووم بۆ (لازقیە). بێگومان یادگاریم لەگەڵ خوێندنگەی (لاییک)دا هەیە.

**جوانترین ئەو یادگارییانە چین؟**

قەشەنگترین یادگارییم لەگەڵ کچێکی زۆر جواندابوو، کچێک کە مامۆستا و قوتابی هەموو عاشقی بووبوون. لە پۆلی یەکدابوو، پێدەچوو خۆشی ویستبێتم، بەڵام من هەرگیز درکم بەو شتانە نەدەکرد. بەبیانووی ئەوەی فێری عەرەبی بکەم، دەیبردمەوە بۆ ماڵی خۆیان و دەوروخولی دەدام، خۆی تێهەڵدەسویم و منیش گوێم پێ نەدەدا، وەک ئەوەی هەست بە هیچ نەکەم. دوای ئەوەی ئەو هەلەم لەدەست چوو، هەستم کرد چەند گەمژە و ساویلکە بووم. ئێستاکێ شوی کردووە و حەز ناکەم ناوی بەرم.

هەروەها لەو قۆناغەدا پەیوەندی دۆستایەتیم لەگەڵ زۆرێک لە دەسەڵاتداراندا دروستکرد، هۆکارەکەشی ئەوەبوو رابەرایەتی بزووتنەوەی خۆێندکاریم دەکرد و ئەو سەردەمەش سەردەمی رابوونی نیشتمانی و هەوڵی بەردەوام بوو، لەپێناو بەدیهێنانی سەربەخۆیی راستەقینەدا.

**تۆ منداڵێکی لادێی بویت سەروەختێک چویتە قوتابخانەی (لاییک) کە قوتابخانەیەکی فەرەنسی بورژوازی بوو، هەستت بە ناکۆکی دەکرد؟**

هەرگیز هەستم بە هیچ شەرمو کەمییەک نەدەکرد. بەپێچەوانەوە، زۆر بەفیز و لوتبەرز بووم. بیرمە بۆ ماوەی سێ مانگ (قمباز)م لەبەردابوو، دوای ئەوە قاتێکی مەدەنیان دامێو حەزم دەکرد ئەوەیان پێ نەدامایە، چونکە زۆر دەڵبەو گەورەبوو بە بەرم. پێموابێت هی ئەندام پەرلەمانێک بوو ناردبووی بۆم. زۆر کۆنو بێکەڵک بوو. لەناویدابووم بە کەسێکی تر. خۆزگەم دەخواست لەبەرم نەکردایە.

**بەهۆی ئەوەوە هەستت بەکەمی و نوقسانی کرد؟**

هەستم بەهیچ نوقسانییەک نەدەکرد... ئەوە زۆر سەیرە بەلامەوە. رەنگە هەرئەوە بێت تا ئێستاش وام لێدەکات، هەمووشت بخۆمو بپۆشم و چیم ویست بیکەم. دەتوانم وەک نەدار و وەک شازادەیەکیش بژیم. ئەگەر لە شتێکم کەم بێت، هەرگیز هەست بەکەمی ناکەم. بڕوام پێ بکە ئەوە مەسەلەیەکە هەرگیز بۆ من جێی بایەخ نەبووە و گرنگیم پێ نەداوە.

لەگەڵ زۆربەی زۆری خوێندکاراندا، پەیوەندی هاوڕێیەتی زۆر تۆکمەم دروستکرد و دەستبەجێش تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و حیزبی بووم. لە سەرەتای تەمەنمدا مەیلم بەلای حیزبی شیوعیدا دەچوو، چونکە لەگەڵ داخڵ بوونم بەو قوتابخانەیە، بەدەنگمەوە هاتن و دەیانویست بمبەنە ناو ریزەکانی خۆیانەوە.

بەرپرسی شیوعییەکان (کە ئێستا پارێزەرە)، لە بنەماڵەی (بشور)بوو... لەو سەردەمانەدا ئایدیۆلۆژیانە بوو، بەڵکو مەسەلەکە تەنها کار و چالاکی سیاسی بوو. لەو قۆناغەدا هیچ کتێبێکی حیزبی یان مارکسیم نەخوێندەوە. فەزاکە فەزای ململانێی سیاسی بوو لەگەڵ فەرەنسییەکان و لایەنگرەکانیاندا.

لەو فەزایەدا چەند هێزێکی سیاسی هەبوون، یەکێک لەوانە حیزبی شیوعی بوو. گەر کاری رێکەوت نەبوایە، ئەوا دەچوومە ریزەکانی ئەو حیزبەوە. رێکەوتەکەش ئەوەبوو: (بەیانییەکیان لەخەو هەستاین و بینیمان نوێن و کەلەوپەلی چەند خوێندکارێکیان فرێداوەتە دەرەوە. ئەو خوێندکارانەش سەر بە پارتی نەتەوەیی بوونو دژی فەرەنسییەکان کە لە تەرتوس بنکەیەکی سەربازییان هەبوو، خۆپیشاندانیان کردبوو. منو چەند هاوڕێیەکم بڕیارمان دا بچینە ریزەکانی پارتی نەتەوەییەوە. تەنها لەبەر ئەو هۆکارە و بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوەبین ئەو حیزبە چ بەرنامەیەکی هەیە و بزانین ئەنتوان سەعادە چی دەڵێت، بوینە ئەندامی ئەو حیزبە. هەرئەوەندەی زانیمان هاورێکانمان بەهۆی هەڵوێستیان لە دژی فەرەنسییەکان دەرکراون، بڕیارمان دا لەگەڵیاندا بین. بەوجۆرە من و چەند کەسێکی دیکە پەیوەندیمان بە پارتی نەتەوەییەوە کرد لە سوریا).

**دەتوانیت ناوی ئەو کەسانەمان پێ بڵێیت کە لەو قۆناغەی ژیانتدا، کاریگەرییان لەسەرت هەبووبێت؟**

لەڕاستیدا ئەوەی ئازارم دەدات ئەوەیە، ناوی زۆرێک لەوانەم بیرنەماوە کە بۆ من گرنگ بوونو کاریگەری گەورەیان لەسەرم هەبووە، کەچی بیری کەسانێکم ماوە لەوان خوارترن و هۆکاری ئەوەش نازانم. من حەزناکەم ناو بهێنم، چونکە پێم خۆش نییە کەسێک بریندار بکەم کە لە ژیانمدا گرنگ بووە، بەڵام ناویم بیرچۆتەوە. لەبەرئەوە دەبێت بمبەخشی لەناوهێنان. ئەمە بۆخۆی شتێکی سەیرە و خەفەتی لێدەخۆم.

وادیارە ئەوکەسەی خۆشت دەوێت، وەک هەوا دێتە ژیانتەوە. ئەوکەسەشی دوراودوور دەیناسیت (هەرچەندە پەیوەندییەکی کۆنکرێتی و بەتینیشت لەگەڵیدا هەبێت)، بەڵام هەرشتێکیت بیردەمێنێت. خۆشەویستی ئەوی دی دەشێوێنێت،

تاڕادەی ئەوەی لەبیری دەکەیت، وەک چۆن خۆتت بیرنامێنێت. لەبەرئەوە پێویستم بەوەیە بگەڕێمەوە بۆ ئەو فەزایەی ئەو قۆناغەم تێدا گوزەراند و هەوڵ بدەم، ئەو کەسانەم بیربێتەوە کە لەگەڵیاندا ژیاوم... رۆژێک دێت ئەوە بکەم.

**ئەوکاتەی وەک خوێندکارێک سەرقاڵی کاری سیاسی بوویت، هیچ چالاکییەکی ئەدەبیت ئەنجام دەدا؟**

بە بەردەوامی شیعرم دەنووسی‌و لە خۆپیشاندانەکاندا شیعرم دەخوێندەوە و کۆڕ و کۆبوونەوەمان سازدەدا. بەرلەوەی پەیوەندی بە حیزبەوە بکەین، ماوەیەک من‌و هاوڕێکانم بیرمان لە دامەزراندنی حیزبێک دەکردەوە و لەیادمە هاوڕێیەکمان کە ناوی "عەلی خەشن" بوو لە شارۆچکەی (سەلمیە) پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبێکی دانا.

**ئەی دەربارەی ئەو حیزبە چی دەڵێیت؟**

هیچم بیرنەماوە... ئەوەم بۆیە باسکرد تا بزانیت کە ئێمە سەرقاڵی کار و چالاکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بووین. ئەو کوڕ و کاڵانەشی لە گوندە هەژارەکانەوە دەهاتن‌و وەک ئێمە بەشمەینەت بوون‌و ژیانێکی پڕچەرمەسەری ژیابوون، پەرۆشی ئەوەبوون پەیوەندی بە رێکخستنی حیزبەکانەوە بکەن بەو ئومێدەی هەلومەرجەکە بگۆڕن، یان لانیکەم وێنەیەکی دیکە بۆ ژیان بکێشن جیاوازتربێت لەو ژیانەی گوزەراندبوویان.

ئێمە لە ئایدیۆلۆژیا و شتی وا بێئاگابووین و من بۆخۆم ئاستی رۆشنبیریم زۆر سنورداربوو کە لە رۆشنبیریی شیوعییەتی عەرەبی تێپەڕی نەدەکرد، لەگەڵ کەمێک شارەزاییم لە زمانی عەرەبیدا. بیرم نایەت لەو قۆناغەدا جگە لە کتێبەکانی خوێندن، تاکە یەک کتێبی دیکەم خوێندبێتەوە.

**ئایا تۆ دروشمی خۆپیشاندانەکانت دادەنا؟**

نا من بایەخم بە دروشمەکان نەدەدا. من سەرکردەیەکی خوێندکاران بووم‌و بایەخم بە سیمبول، بە سیمبولی سەرکردایەتی دەدا. هەرچی مەسەلەکانی دیکەیە وەک رێکخستنی خۆپیشاندان‌و گردبوونەوە و شتی‌وا، ئەوانی دی پێیهەڵدەستان کە هاوڕێم بوون. لەوانە دوو کەسم بیرماوە و هەردووکیان لە ژیانی مندا جوان و گرنگ بوون، ئەوانیش "عەدنان‌و عەبدوڵڵا جبێلین" هەنوکە لە (تەرتوس) دەژین و لە ساڵی ١٩٤٨ تا ئێستا نەم بینیون.

**لەو قۆناغەدا لەناو خوێندکاراندا شیعرت دەخوێندەوە؟**

بەگشتی شیعرەکانی ئەو سەردەمەم سیاسیو کێش و سەروادار بوون، بەڵام ئەوەی بۆی بەداخم ئەوەیە، نەمتوانی تاکەیەک تێکستی ئەو سەردەمەم دەست بکەوێت.

**لەناوچوون؟**

هەمووی لەناوچوو، بەڵام ئومێدەوارم لای "عەدنان جیێلی" هەندێکی بدۆزمەوە، چونکە هێندەی بیرم مابێت ئەو هەموو شیعرەکانی کۆپی دەکرد و لای خۆی هەڵیدەگرتن. هیوادارم شتێکی لامابێت، لەبەرئەوەی ئەوە بۆ من زۆر گرنگە.

**وەکی ئاشکرایە زۆربەی زۆری شاعیر و ئەدیبانی دنیا حەزیان بە چارەی مەکتەب نییە و تەرێزی لێدەکەن، ئاخۆ تۆش رقت لە قوتابخانەبوو؟**

لە ناخمدا هەستێکی دوولایەنە هەبوو. لەبەر تەمەڵیم رقم لە مەکتەب بوو، دوایین شت کە گرنگیم پێدەدا دەرس و دەورەکەم بوو. تەنها ئەوەی بۆ من گرنگ بوو، دەرچوون بوو. کار و چالاکی خوێندکاری و سیاسی، زیاتر شوێن بایەخی من بوو. ئەمەش بۆخۆی دەریدەخات رەنگە قوتابخانە بۆ من ئەو جێگەیە بووبێت، تا بەو شتانە بگەم کە لێیان بێبەش بووم... بەکورتییەکەی دەرس و دەور و بەدەستهێنانی نمرەی بەرز، شوێن بایەخی من نەبوو.

**هیچ یەک لە مامۆستاکانت ئیتر لە خوێندنگەی (لاییک) بێت یان دواتر، هەستیان بەوە دەکرد بەهرەیەک یان داهێنانێک لە ناختدایە؟**

بەڵێ، هەموویان دەیانزانی زیرەکمو هاوڕێم بوون. بیرمە هەموو کۆک بوون لەسەرئەوەی ببمە نوێنەری خوێندگاکەمان، لەکاتێکدا کە منداڵیش بووم. جارێکیان هەڵیان بژاردمو منیش منداڵ بوومو فەڕەنسیشم نەدەزانی. ژەنەراڵێکی فەڕەنسی (لەوانەی دوای سەربەخۆیی سوریا مابوونەوە)، سەردانی قوتابخانەکەمانی کرد و لەناو هەموو خوێندکارەکاندا منیان هەڵبژارد بۆئەوەی بەناوی قوتابخانەکەوە و بە زمانی فەڕەنسی، وتەیەک پێشکەش بکەم. ئەوکات لە پۆلی دوو بووم.

**ئەوە یەکەم ساڵت بوو فەڕەنسی بخوێنیت؟**

لە پۆلی دوو بووم. وەک پێشتر باسمکرد ساڵی یەکەمم لە مانگی مارتەوە

دەست پێکرد. فەڕەنسیم نەدەزانی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەستنیشانیان کردم بۆئەوەی لەو بۆنەوەیەدا وتاری قوتابخانەکەمان بخوێنمەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە من هەر لە سەرەتاوە، بووم بە ئەستێرەی قوتابخانەکە (ئەگەر ئەو دەربڕینەم لەجێی خۆیدابێت). هۆکارەکەشی ئەوەبوو من تەنها هەر زیرەک نەبووم، بەڵکو خاوەن کارەکتەرێکی بەهێزیش بووم.

**واتە پەیوەندی تۆ بە زمانی فەڕەنسییەوە تەمەنی پێنج مانگێک بوو، چۆن فێری ئەو زمانە بوویت؟**

من وتارەکەم نەنوسیبیبوو کەسێکی دی نوسیبووی. من تەنها خوێندمەوە و خوێندنەوەشی ئاسان بوو. بۆ ئاگاداریت تەنها لەو دووساڵەدا زمانی فەڕەنسیم خوێندووە و فەڕەنسیزانی من، بەرهەمی ئەو دووساڵەی خوێندنە لە قوتابخانەی (لاییک). دواتر بەهەوڵو کۆششی خۆم دەستم بەسەر ئەو زمانەدا شکا، واتە فەڕەنسی زانیم بەرهەمی رەنج و تەقەللای تایبەتی خۆمە.

**هەنوکە تا چەند دەستت بەسەر زمانی فەڕەنسیدا دەشکێت؟**

دەتوانم لە زانکۆکاندا وانەی پێ بڵێمەوە و لە کۆڕ و سیمینارەکاندا بابەتی پێ پێشکەش بکەم. هەرگیز پەنا بۆ فەرهەنگ نابەم، مەگەر لەکاتی وەرگێڕانی شیعردا نەبێت. ئەویش تەنها بۆئەوەیە جیاوازییەکان بزانم و بازنەی هەڵبژاردنم بۆ وشەکان فراوانتر بکەم. گرنگ ئەوەیە لێکچەر و باس و لێکۆڵینەوەکانم، بە فەڕەنسی پێشکەش دەکەم و دەتوانم بە فەڕەنسیش گفتوگۆ بکەم و وەڵام بدەمەوە. لە فەڕەنسا چ لە رادیۆدابێت یان تەلەفزیۆن، هەمووشتەکان لەگەڵمدا بە زمانی فەڕەنسی ئەنجام دەدرێت.

**کەواتە دەتوانیت تێکستێک بە فەڕەنسی بنووسیت؟**

ئەگەر مەبەست تێکستێکی پەخشان ئامێزبێت، دەتوانم، بەڵام ناتوانم بە زمانی فەڕەنسی دەقێکی شیعری بنووسم. ئەو توانایەم نییە وەک ئەوەی بە عەرەبی دەینووسم. من بۆخۆم گومانم هەیە لەوەی کەسێک بتوانێت لە دوو زماندا داهێنان بکات، ئەوە کارێکی مەحاڵە. مرۆڤ تەنها بە زمانی زکماکی دەتوانێت داهێنان بکات، زمانەکانی دیکە تەنها زمانی کەلتوورینو لەوە زیاتر نین.

**بابگەڕێینەوە بۆ دواوە.. چۆن پەیوەندیت بە ریزەکانی حیزبی نەتەوەیی-کۆمەڵایەتی سورییەوە کرد؟**

وەک پێم وتی پەیوەندیم پێیانەوە کرد، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکیان بخوێنمەوە. رەنگە خۆ بەشت زانین هەندێ کەلێنی لە پەیوەندی من بەو گرووپەوە دروستکردبێت. پێدەچێت رەگوڕیشەی ئەو حاڵەتەش بگەڕێتەوە بۆ لادێ. ئاخر من کە لەدایک بووم بەتەنهایی گەورەبووم‌و هەستم نەکرد منداڵیم هەبووبێت، بەڵکو لەپڕێکدا هەستم بەخۆم کرد گەورەبووم‌و وامدەزانی لەگەڵ درەختو شەتڵی توتنەکاندا باڵادەکەم.

من زیاتر هاوڕێی سروشتو دارودرەختەکان بووم، نەک مرۆڤەکان. ئەوە هەستی تەنهاییو هەستی باوەڕ بەخۆبوونی پێ بەخشیم. لەبەرئەوە بیرم نایەت لەسەر ئاستی رێکخستن، حیزبیەکی باش بووبم. نە ئابوونەوەم دەدا و نە پابەندی کۆبوونەوەکانیش دەبووم. تەنها لەو کۆڕ و کۆبوونەوەدا بەشداردەبووم کە دەبوو شیعری تێدا بخوێنمەوە.

بەڵام لەڕووی رێکخستنەوە هەرگیز بەلامەوە گرنگ نەبووە. سروشتی ئەو هەلومەرجەشی رووبەڕووم بووەوە، لە منداڵیمەوە یارمەتی دام تا ببمە ئەستێرەیەکی دیار و گەش. ئەوەش لە سەربەخۆبوونمدا کۆمەکی پێکردم و توانیم بەو هۆیەوە، کاروباری رێکخستنی حیزبی فەرامۆش بکەم.

**ئایا حیزب رۆڵ و کاریگەری هەبوو لەو ناوچەیەدا؟**

ئامادەگییەکی سەیر و سەمەرەی هەبوو... تەواوی ناوچەکەی کۆنترۆڵکردبوو. گەنجێکی زیرەک و رەوشتبەرزت نەدەبینی، پەیوەندی بە حیزبەوە نەکردبێت. ئەوەشتێکی سەیر بوو. حیزب (وردە بۆرژواو ئەنتلجنسیای) ناوچەکە بوو.

**هێز و ئامادەگی زۆری حیزب لەو ناوچەیەدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

نەمدەزانی بۆچی وایە... دەترسم گەر لەمڕۆشدا دەست بە شرۆڤەکردنی ئەو دیاردەیە بکەم، لە جێی خۆیدا نەبێت. بۆیە واچاکە باسی نەکەم‌و سەری لێبنێمەوە. لەڕاستیدا زۆربەی زۆری گەنجە بەتواناکانی ئەو سەردەمە ئەندامی حیزبی نەتەوەیی بوون، بەڵام ئێستا هەموویان وەکی من وازیان هێناوە.

هەنوکە گەر سەیری پلەوپایەی ئەوانە بکەیت، دەبینیت لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتوون. لە بواری پزیشکیو ئابووریو کۆمەڵایەتی و بەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. واتە ئەوانە گەنجانێکی زۆر چاکو لێهاتووبوون. ئەوەی

راستی بێت من لەوانەوە فێری هەستی ڕێزگرتنی بەرامبەر و دیسپلین بووم.

وەک باسمکرد کەسێک بووم دەستەمۆ نەدەکراموو حەزم بە دیسپلین نەبوو، بەڵام لە حیزبەوە فێری جۆرێک لە دیسپلین و ڕێکخستن بووم، لە چوارچێوەی ژیانی خۆمدا. هەروەها فێری هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ڕێزگرتنی ئەوانی دی بووم و بڕوای تەواوەتیم بە ئازادی لەوانەوە بۆ مایەوە.

لەوانەش گرنگتر ئەوەیە لە ژیانی حیزبایەتییەوە فێری نیشتمانپەروەری بووم. نیشتمانپەروەرییەک کە فۆرمێکی تایبەتییە و ڕەهەندێکی شێوە میتافیزیکی و شێوە ڕۆحی هەیە، لەگەڵ دروستکردنی هەستی پەیوەست بوون بە خاکو گەلەوە. من لەو بڕوایەدام ئەو پرۆسە ڕۆمانسییە، بەشێوەیەکی سەرەکی کەمەندکێشی خەڵکی دەکرد بەلای حیزبدا.

حیزب لەسەر ئاستی سیاسی و کردەگی شتێکی فاشیلە، چونکە زیاتر گرنگی بە پرانسیپ و بەهاو ئایدیاکان دەدات و کەمتر ئاوڕ لە کێشەی ڕۆژانەی خەڵک و جوڵەی واقیع دەداتەوە. لێرەوە بەوە تاوانباردەکرێت کە حیزبێکی بۆرژوازییە، بەڵام ئەو تۆمەتە دیقەتی تێدا نییە و لەجێی خۆیدا نییە.

من پێموایە حیزب دیاردەیەکی زۆر گرنگ بووە لە مێژوی کاری سیاسی ناوچەکەدا، بەڵام بەچاکی لێی نەکۆڵراوەتەوە. لەم میانەیەدا کارەکتەرێکی وەک "ئەنتوان سەعادە" کارەکتەرێکی سەیر و سەرنجڕاکێشە و وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

**کەباسی ئەو قۆناغانەی خوێندنت کرد، بیرم چوو لێت بپرسم پەیوەندیت بە قورئانەوە چۆن بوو؟**

بەردەوام قورئانم دەخوێندەوە لەگەڵ شیعری عەرەبیدا و زۆربەی زۆریم لەبەربوو. قورئان کتێبێکی ڕۆژانە بوو، کتێبی ژیانی ڕۆژانەمان بوو.

**چی دەگەیاند بۆتۆ؟**

بیرم نایەت، بەڵام لە یادەوەریمدا چەسپی بوو. لەو بڕوایەدام پەروەردەی ئایینیانەم لەبەر ڕۆشنایی قورئاندا، دەتوانێت لەمڕۆدا پرۆسەی قوڵبوونەوەم لە کەلەپوور و بنج و بناوانی مێژوومانداا شرۆڤە بکات. قورئانە وام لێدەکات لە دۆخێکدا بم، وەک ئەوەی لەنێوان دوو جیهاندا ڕاوەستابم. لەلایەک شارەزاییەکی باشم لە کەلەپوور و زمانی عەرەبیدا هەیە و لەلایەکی دیکەش ئاگاداری کلتووری خۆرئاوام (بەتایبەتیش کلتووری فەڕەنسی)، یاخود ئەوەی لە کلتووری خۆرئاواوە

و لەڕێی زمانی فەڕەنسییەوە پێمان دەگات. بۆیە ئەوە قورئانی پیرۆزە وای لیکردم، ئەو هارمۆنییەتە لەنێوان دوو کلتووری جیاواز و دژبەیەکدا دروست بکەم. پێشموایە ئەم مەسەلەیە کەرەستەیەکی سەرەکی تێدایە، بۆئەوانەی لە داهاتوودا باسو لێکۆڵینەوە لەسەر شیعری من دەنووسن.

**باوەڕت بەمردن هەیە؟**

مەرگ ئایینی دروستکرد. مادامەکی مەرگ هەقیقەتێکە و هەیە، کەواتە بەجۆرێک لە جۆرەکان بڕوابوون بە غەیب بەردەوام دەبێت. بەم پێیە ئایین تەنها دڵنەواییەک نییە بۆ هەژاران، بەڵکو پێداویستییەکی ئۆنتۆلۆژیشە. واتە بەشێکی گرنگی کارەکتەری مرۆڤە. بەڵێ، بڕوام بە مەرگ هەیە.

**ترست لێی هەیە؟**

نا، نا لە مردن ناترسم.

**هۆی چییە ناترسیت؟**

بۆ من مەرگ کێشەیەک نییە. کێشەی سەرەکی من ژیانە. مەرگ دیاردەیەکی سرووشتییەو یاسای خۆی بەسەر تەواوی بوونەوەرەکاندا جێبەجێ دەکات. کەواتە دەبێت زۆر بەئاسایی وەریبگرم، وەک چۆن دەریا قبوڵ دەکەم. بەکورتییەکەی من لە یاسای مردن ناترسم لە گەمەی ژیاندا.

**ئەی لە چی دەترسیت؟**

دەترسم بەرلەوەی خەونە زۆر و زەوەندەکانم بێنمەدی، بمرم.

**دەتەوێت چی بەدی بێنیت؟**

خەونە گەورەکەم، پرۆژەی شیعریم.

**دەتوانیت بەبێ مەرگ مەزندەی ژیان بکەیت؟**

ئەوە مەسەلەیەکی ناماقوڵە و مەرگ ئەو هێزەیە ژیان نوێ دەکاتەوە.

**بۆئەوەی خۆم لە قەرەی بابەتە میتافیزیکاییەکان نەدەم کە وەڵامەکانی هەمیشە گشتگیر و تەمومژاوین، دێمە سەرئەوەی پرسیارت دەربارەی قۆناغی دوای**

**پەیوەندیکردنت بە حیزبی نەتەوەیی- کۆمەڵایەتی سوریاوە لێبکەم؟**

درێژەم بە کاری حیزبی دا و لەوکاتەشدا لێپرسراوبووم. بۆیە بە چاکی ناسرامو نێوبانگم پەیداکرد، بەتایبەتی لە شاری (لازقیە) کە دووساڵی ژیانم تێدا بەسەربرد. قۆناغی (لازقیە) قۆناغێکی زۆر بەبرشت بوو، لەومایەدا نازناوی "ئەدۆنیس"م وەرگرتو لە کایەی ئەدەبیدا ناوم دەرکەوتو لە گۆڤارێکیشدا بەناوی (قیسارە) کە تایبەت بوو بە شیعر، دەستم بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم کرد. شایەنی باسە ئەوە یەکەم گۆڤار بوو تایبەت بە شیعر لە سوریادا بڵاوبێتەوە و گۆڤارێکی ناوازە و باش بوو.

**کێ سەرپەرشتی ئەو گۆڤارەی دەکرد؟**

چەند کەسێک لە ناسیۆنالیستەکان بەڕێوەیان دەبرد. لەوانە هەندێکیانم بیرماوە: "کەمال فەوزی شەرابی" شاعیر (سەرنووسەر) بوو، "موفید عەرنوق" (نووسەرێکی زۆر چاک بوو، خاوەن رۆشنبیرییەکی فەرەنسی ئاستبەرزیش بوو)، "عەبدولعەزیز ئەرنائوت" (پارێزەر بوو، هەروەها خاوەن رۆشنبیرییەکی فەرەنسی ئاستبەرز بوو)، "عیسا سەلامە" (ئەویش بەهەمان شێوە پارێزەر بوو، خاوەنی رۆشنبیرییەکی فەرەنسی ئاستبەرزیش بوو). ئەوانە لە ئامێزیان گرتم و سودێکی زۆرم لێیان بینی. چەندین شیعریان لە گۆڤارەکەیاندا بۆ بڵاوکردمەوە. دیارترین ئەو کەسانەشی لە (قیسارە)دا بەرهەمیان بڵاودەکردەوە: "دکتۆر عەلی ناسر و ئۆرخان مەیسەر" بوونو ئەوەش رۆڵی هەبوو لەوەی خەڵک وەک شاعیرێک بم ناسن.

ساڵی ١٩٤٧ رێکخراوی (**العروةالوثقي**) لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت، بەبۆنەی جەژنی بێ دایک و باوکانەوە، پێشبڕکێیەکی ئەدەبی سازکردو منیش بەشداریم تێداکرد. ئەوەبوو بەخت یاوەرم بوو خەڵاتی پێشبڕکێکەم بردەوە. لەناو بەشداربووەکاندا چەند شاعیرێکی ناسراوی تێدابوو. هەروەها لیژنەی هەڵسەنگاندنی دەقەکانیش کەسانی شارەزا و لێهاتوو بوون، وەک: "شێخ عەبدوڵڵا عەلایلی و ئەلیاس خەلیل زەخریا"ی ئەدیب. لێرەدا دەڵێم بریا یەکێکمان ئاوڕی لە کار و بەرهەمەکانی ئەم پیاوە دەدایەوە.

**بۆچی تێکستی ناوازەی هەیە؟**

بێگومان، بۆیە پێویستە لە ئێستادا بایەخی پێبدرێت.

**بەڵام ئەم جەنگە ڕێگەی ئەوە نادات. (ئەم گفتوگۆیە ساڵی ١٩٨٤و لە سەروەختی شەڕی ناوخۆی لوبنادا سازدراوە)؟**

هاوڕێ ئەم شەڕە کارەساتێکی گەورەیە. توانای ئەوەی تێدا کوشتین شتە جوانەکانی رابردوو بهێنێنەوە، سەرەڕای ئەوە بووەمایەی وێرانکردنی ئێستا و داهاتووشمان. بەهەرحاڵ پێویستە سۆراخی ئەو میراتییە بکەین کە "ئەلیاس خەلیل زەخریا" لەدوای خۆی جێیهێشتووە.

بابێینەوە سەر باسەکەی خۆمان... لە دیمەشق و لەڕێی حیزبەوە دەرکەوتم و کەم تا زۆرێک بوومە شاعیری حیزب. لێرەدا دەمەوێت بڵێم لە حیزبدا دووربووم لە کاری ڕێکخستن و ئەمسەر و ئەوسەر و نازیان هەڵدەگرتم. دوای ئەوە چوومە زانکۆ و لەماوەی دووساڵدا مۆڵەتم وەرگرت.

**مۆڵەتت لە چیدا وەرگرت؟**

لە فەلسەفەدا؟

**بەدوو ساڵ... چۆن؟**

ساڵی یەکەم بەهۆی سەرقاڵی زۆرمەوە نەچوومە تاقیکردنەوەکانەوە. دووەم ساڵ لەوانەی هەردوو ساڵەکەدا تاقیکردنەوەم ئەنجامدا و سوپاس بۆ خوا سەرکەوتووبووم. ئەوکات لە زانکۆدا سستمێک هەبوو ڕێگەی پێدەدایت بچیتە پۆلی دوو، بەبێ ئەوەی لە ساڵی یەکەمدا دەرچووبیت. ساڵی سێیەم وازم لێهێنا و لە ساڵی چوارەمدا هەردووکیم کرد بە یەکو دەرچووم. بەوجۆرە بڕوانامەی فەلسەفەم بەدەستهێنا.

**واتە چوارساڵ چاوەڕوان بوویت؟**

دووساڵم دەکرد بە یەک، چونکە حەزم بە خوێندنی ئەکادیمیا نەدەکردو هەستم دەکرد ئەو شتانەی پێمی دەڵێن، هەمووی دەزانمو جێم هێشتووە. بۆیە فەلسەفەشم هەڵبژارد و ئەدەبم هەڵنەبژارد، چونکە دەمزانی زۆر زیاتر لەو مامۆستایانەم پێیە کە زمان و ئەدەبی عەرەبیمان پێدەوتم.

**لەو قۆناغەدا چ کارێکت دەکرد؟**

لە ڕۆژنامەی (النبأ)دا کارم دەکرد و ڕۆژنامەیەکی زۆرچاک بوو. لەوسەردەمەدا حیزب دەریدەکرد.

**ئەو هۆکارانە چی بوون وایانکرد حیزبی نەتەوەیی لەو سەردەمەدا، لە هەموو سوریادا بڵاوبێتەوە؟**

نازانم. ئەوەندە دەزانم لەوکاتەدا هەموو ناوچەی (لازقیە) لەژێرڕکێفی حیزبدا بوو.

**ئایا "ئەنتوان سەعادە"ی سەرۆکی حیزبی نەتەوەیی، سەردانی سوریای دەکرد؟**

بەڵێ سەردانی سوریای کرد و من خۆم لەگەڵیدا کۆبوومەوە. لە تەنیشتییەوە دانیشتمو زۆری خۆشدەویستم، بەڵام بیری هیچ لەو قسانەیم نەماوە کە بۆی کردم. دواتر و لە ساڵی ١٩٤٨ کە چومە بەیروت بۆئەوەی لە زانکۆی ئەمریکی شیعر بخوێنمەوە، جارێکی دی لەگەڵیدا کۆبوومەوە. چەند هەڤاڵێک بردیانم بۆ ئۆفیسەکەی، وەک یەکێک لەو هەڤاڵە حیزبییە بچووکانەی کە دەسکەوت و تایبەتمەندی ئەوەیە، لە پێشبڕکێیەکەی گرنگی شیعریدا یەکەم بووە.

شایەنی باسە کاتێک لە زاکۆی ئەمریکی ویستم شیعرەکەم پێشکەش بکەم، گرووپی ناسیۆنالستە عەرەبەکان بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ حیزبی نەتەوەیدا، ڕێگەیان پێگرتم و نەیانهێشت بچمە سەرەوە و شیعرەکەم بخوێنمەوە، بەڵام ئەندامانی حیزبی نەتەوەیی هاتنە دەنگو سوربوون لەسەرئەوەی دەبێت شیعرەکەم پێشکەش بکەمو ئەوەشیان بردەسەر، چونکە لەوکاتەدا زۆرینەبوون لەناو زانکۆی ئەمریکیدا.

**هیچ شتێکی ئەو شیعرەت بیرماوە؟**

لەو شیعرانەیە کە لە دیوانی (قصائد أولى)دا بڵاومکردۆتەوە و شیعرێکە بەناوی بێکەسەوە. تەنها وەکی دیکۆمێنتێکی مێژوویی بڵاومکردەوە.

**لەو فەزا سیاسییەی تێیدابوویت، ئاخۆ هیچ دابڕانێکی مەعریفی لەنێوان تۆ و حیزبەکانی دیکەدا روویدا، بەتایبەتی حیزبی شیوعی؟**

بەداخەوە بەڵێ... دوژمنایەتییەکی توندو زۆر بێمانا هەبوو. دوژمنایەتییەکی خێڵەکییانە و ئەوەش رەفتاری هەموولایەک بوو. واتە هەڵوێستێکی تاک لایەنانە نەبوو. ئەوەش شتێکی سەیرە لە ژیانی سیاسی و حیزبایەتی ئێمەدا. هەر حیزبە و پێیوایە خۆی هەقیقەتی رەهاو نیشتمانپەروەری رەسەنە...

لەو سەردەمەدا دژایەتییەکی زۆرکرام، چونکە من لە یەکەمین ئەو

کەسانەبووم شیعری لەو جۆرەم نووسی کە پێی دەڵێن نیشتمانی یان نەتەوەیی... بۆ نموونە شیوعییەکان دەیانوت: (ئەو شاعیرە باس لە کرێکار و جوتیار ناکات و بۆرژوازییەکی نەتەوەپەرستە). منیش ناچار بووم بەگژ ئەو تۆمەتانەیاندا بچمەوە، بەڵام دوای سی ساڵ شاعیرانی کۆمۆنیستو شاعیرانی دیکەش گەڕانەوە سەر ئەو ستایلەی من لەو سەردەمانەدا پێم دەنووسی.

**لەوسەردەمەدا و بەشێوەیەکی زۆر گەرموگوڕ، زاراوگەلێکی وەک کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی رەواجی هەبوو، تۆ وەک خۆت چۆن سەودات لەگەڵ ئەو دیاردانەدا دەکرد؟**

بیرم دێت لە یەکێک لەو خۆپیشاندانانەی لە قوتابخانەی (لاییک) لە سوریا رێکمان خست، شتێک روویدا کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە. چەند خوێندکارێک کەوتنە کۆکردنەوەی کتێبە فەرەنسییەکان لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا و پاش کەمێک ئاگریان تێبەردان... ئەو دیمەنە زۆر ئازاری دام. چوومە پەنایەکەوە و بیرم لەوشتە ناچێزە کردەوە کە روویدا. لە خۆم پرسی: (چۆن دەکرێت بەو ئاسانییە و لەژێرباری هەڵچوونێکی دەروونیدا، کتێب بسوتێنن؟).

لە ئێستادا ئەوەم لەو سەردەمە بیرماوە. من لەوکاتەشدا جیاکاریم لەنێوان کۆلۆنیالیزمی سیاسیو کلتووری ئەوانی دیکەدا دەکرد. پێویستە ئێمە لە کلتووری ئەوی دیدا قوڵبینەوە و بیناسین و گەر کرا بە زمانی خۆشی بەسەریدا زاڵ ببین. ئەمە شتێکەو ئاستی سیاسیش شتێکی دیکەیە. من بۆخۆم هەر لەسەرەتاوە ئەو دوو ئاستەم لەیەک جیاکردۆتەوە. لەبەرئەوە بەدرێژایی ژیانم دژایەتی ئەوی دی (واتە خۆرئاوا)م نەکردووە، بەو شێوە سادە و رووکەشە... خۆرئاوا هەمووی خراپ نییە و خۆرهەڵاتیش هەمووی باش نییە. ئێمە شتگەلێکی نێگەتیڤمان هەیە پێویستە بەگژیدا بچینەوە، ئەو حاڵەتە لای خۆرئاواش هەیە و دەبێت هەمان هەڵویستی لێوەرگرین.

لەوەتەی فامم کردۆتەوە و تا ئەمڕۆ، لەم قەناعەتەم لام نەداوە. سەرەوەختێک رەخنەی کۆمەڵگە دەکەم، وەک یەک رەخنە لە کۆمەڵگەی خۆرئاوا کۆمەڵگەی عەرەبی دەگرم. پرسی کۆلۆنیالیزم یاخود پرسگەلێکی وەک خۆرهەڵاتو خۆرئاوا بەبۆچوونی من زیاتر بابەت گەلێکی سیاسین، نەک بابەتگەلێکی کلتووری بن. تێرمی خۆرهەڵات و خۆرئاوا درۆیەکی سیاسییە.

من دەپرسم خۆرهەڵات لە کوێیە و خۆرئاوا لە کوێیە؟ چەندین خۆرئاوا هەیە: (خۆرئاوای مارکسو خۆرئاوای نیچە، خۆرئاوای رامبۆ و خۆرئاوای

هۆڵدەرلین، خۆرئاوای نۆڤالیس و خۆرئاوای سان جۆن پێرس). ئەوەش تەواو جیاوازە لە خۆرئاوای "کیسنجەرو ریگان"و سیاسەتمەدارانی تر. پێویستە لێرەدا جیاکاریکردن روونو رەوان بێت. بۆ نموونە من هەست دەکەم لە "رامبۆ" زیاتر نزیکترم، نەک لە "حەسانی کوڕی سابت"و "حەلیم دەموس"و "رەشید سەلیم خۆری".

**کەواتە بەبۆچوونی تۆ کەلتوور یەک شوناسی مرۆییانەی هەیە؟**

بەڵێ، لەگەڵ بڕوابوونم بەوەی دەبێت لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا تایبەتمەندی هەر کلتوورێک پارێزراوبێت.

**چی تۆ لە هاوسەردەمەکانت جیادەکاتەوە؟**

ئەوەی من لە شاعیرانی نەوەی خۆم جیادەکاتەوە و ئەو وزە زۆر تایبەتەی پێبەخشیوم، ئەوەیە لە ناخمدا بەقوڵی هەست بەوەدەکەم تا ئێستا هیچم بەدی نەهێناوە. ئەو شیعرانەی نوسیومنو بڵاومکردونەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کاریگەریو بایەخی خۆی لای ئەوانی دی هەیە، بەڵام هێشتا لەو ئاستەدا نییە کە من خوازیاریم. ئەوەی تا ئێستا ئەنجامم داوە تەنها سەرەتایەکە بۆ پرۆژەیەکی شیعری گەورە کە هەوڵی بۆدەدەم.

ئەمە قەناعەتێکی ناوەکییە، نەک خاکیبوونی من نیشان بدات. ئەمە لەکاتێکدا ئەو شاعیرانەی سەر بەنەوەی منن، واهەست دەکەن ئەوەی ویستوویانە پێی گەیشتوون، واتە بە قۆناغی بەرکەماڵبوون گەیشتوون و گەورەبوون. بۆیە رۆحی سەرکێشی و نوێبوونەوە و تێپەڕاندنیان لاوازبووە.

قەسیدە لای تۆ ئارەزووە و وەکی "رینێیە شار"یش دەڵێت، هەروەکی حەز و ئارەزوویەک دەمێنێتەوە؟

بەڵێ من وەها سەیری قەسیدە دەکەم و تەنها بەتەنگ خواستو ویستی هونەرییەوەم، بەتایبەت کاتێک هەستم کرد شیعر بۆتە بەشێکی دانەبڕاو و سەرەکی کەسێتیم.

**کەی درکت بەوەکرد شاعیریت و پێویستە لەسەر ئەزموونی شیعر بەردەوامبێت؟**

لەڕاستیدا چرکەساتی هەستکردن بەشیعر بوون بە شاعیر، چرکەساتێکە دەستنیشانکردنی زەحمەتە. تەنانەت گەر مرۆڤ هەست بکات ئەو چرکەساتەی گرتووە، هەر زوو بۆی دەردەکەوێت کە هیچی رام نەکردووە. بە کورتییەکەی

شیعر جۆرە ماهییەتێکە لەیەک کاتدا هەیە و نیشە. تالێی نزیک بینەوە، هەست بە قوڵی دابڕان‌و جیابوونەوە دەکەین لەگەڵیدا. ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو ئەزموونە شیعرییە، ئەزموونێکی ئەفرێنەرانە و تایبەت بێت. لێرەوە دەتوانم بڵێم: (لەڕاستیدا ناتوانم ئەو چرکەساتە دەستنیشان بکەم کە هەستم بە شاعیربوونی خۆم کرد، بەڵام دەتوانم پێتی بڵێم کە من لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دیوانی -أوراق فی الریح-ە وە، هەستم کرد شتێکی جیاوازم پێیە بۆ وتن).

**ئەی هەوڵەکانی سەرەتات بەتایبەتی دیوانی (قصائد أولی)؟**

قۆناغی (قصائد أولی) وەک سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەیەکی تایبەتی خۆم وەهابوو، بۆ رۆمانسییەت و سیمبۆلیزم و سوریالیزم‌و تێکڕای ئەو بزاوتە شیعرییانەی لەوکاتەدا هەبوون. لەبەرئەوە خۆم لە (قصائد أولی)دا نابینمەوە، هەرچەندە دیوانێکە خوێنەران زۆر پێی سەرسامن و حەزیان پێیەتی.

**کەواتە ئەو کۆمەڵە شیعرەت دەچێتە چوارچێوەی شیعری باوەوە؟**

دەشێت وای دابنێیت.

بابگەڕێینەوە بۆلای (أوراق فی الریح)، ئایا لەڕێی کۆی شیعرەکانی ئەم دیوانەوە هەستت بە سەنگ و قورسایی شیعری خۆت کرد، یان بەهۆی چەند شیعرێکییەوە ئەو هەستەت لا پەیدابوو؟

نەخێر، تەنها لەڕێی چەند قەسیدەیەکەوە بوو، بەتایبەت قەسیدەی (البعث و الرماد- ١٩٥٨)... ئیتر لەم چامەیەوە پرۆژەی شیعریم بەرەو کاملبوون و قوڵبوونەوە دەچوو.

**واتە؟**

واتە تێگەیشتم شاعیری راستەقینە ئەوە نییە کە قەسیدەیەکی سەرکەوتوو یان بێکەڵک دەنووسێت (ئەوەشتێکە هەمووکەس دەرەقەتی دێت، گەر شارەزایی لە زماندا هەبێت‌و ئەوەش رۆشنبیرییەکی شیعریی‌و مومارەسەکردنی جۆرێک لە نووسینی لەگەڵدابێت)، بەڵکو ئەو کەسەیە قەسیدە بەجۆرێک دەنووسێت وەک ئەوەی بۆخۆی توێژێکی ژیاری تایبەت بێت. واتە ئەرکی شاعیر هەر بەتەنها ژێرەو ژوورکردنی چەمکی زمانی شیعریی‌و فۆرمی قەسیدە نییە، بەڵکو بەرلەهەرشتێ دەبێت چەمکێکی نوێ بۆ مرۆڤ و جیهان چێ بکات.

**ئەوە دەبێت لە چوارچێوەی تایبەتمەندی شارستانی خۆیدابێت؟**

بێگومان دەبێت لە چوارچێوەی ژیاریی تایبەت بەخۆی‌و لەناو ئەو میراتییە کلتووری‌و زمانە شیعرییەدا بێت کە شارستانییەت‌و کەلەپوور بەشێوەیەکی گشتی بەهەرمیانهێناوە. ئەمە ئەو شتەیە من پێموایە یەکەمجار و بەشێوەیەکی گشتی لە دیوانی (أغاني مهيار الدمشقي)دا بەدەرکەوت. ئەو دیوانە تەنها شۆڕشێک نەبوو لە زمانی شیعریدا، بەڵکو ئەو روانگە و دنیابینییەشی لە قەسیدەکاندا هەبوو، بۆخۆی قەڵەمباز و داهێنانێکی تازەبوو. واتە (أغاني مهيار الدمشقي) پرۆژەیەکی شیعریی راستەقینە بوو، پرۆژەیەک بوو بۆ سەرنجدان لە کلتووری عەرەبی و مرۆڤی عەرەب بە دیدگا و دنیابینییەکی نوێوە.

یەکەم چامە کامەبوو کە نووسیت و بەشێوەیەکی فەرمی بڵاوتکردەوە؟

یەکەم چامەی شیعریم کە بڵاوبووەوە لە گۆڤاری (**القيثارة**)دابوو.

وەکی پێشتریش باسمکرد ئەو گۆڤارە تایبەت بوو بەشیعر. واتە ئەوانەی سەرپەرشتی گۆڤارەکەیان دەکرد، شیعرەکەی منیان بە شایستەی ئەوەزانی بوو تا لەپاڵ شیعری شاعیرانی دیکەدا (کە ئەوان بە شاعیری گرنگ و ئاستبەرزیان دەزانین) بڵاوبکرێتەوە. ئەوەش لە ساڵی ١٩٤٨دا بوو.

**هیچ لەو قەسیدانەت لە یەکەم دیوانی شیعریتدا بڵاوکردەوە؟**

نەخێر، هەرگیز.

**ئایا ئەوانەی لەوێ بڵاوت کردەوە لە جۆری شیعری کلاسیک بوو؟**

بەڵێ.

**بابەتەکانی چی بوون؟**

زۆربەی زۆریان بابەتی حەماسی بوون.

**ژمارەیان چەند قەسیدەیەک دەبوو؟**

تەنها سێ تا چوار قەسیدە بوو.

**بەچ ناوێکەوە ئەو تێکستانەت بڵاوکردەوە؟**

بەناوی "عەلی ئەحمەد سەعید"ەوە، بەڵام دوای ئەوەی کەوتمە بڵاوکردنەوەی

تێکستەکانم بەناوی "ئەدۆنیس"ەوە، لەپاڵ ناوی "ئەدۆنیس"داو لەناو دوو کەوانەدا ناوی سیانی راستەقینەی خۆم دەنووسی.

**بەرلەوەی پەیوەندی لەگەڵ گرووپی (القیثارة)دا دروست بکەیت، هەوڵی ئەوەت دابوو نووسینەکانت بدەیتە گۆڤار و رۆژنامەی دیکە؟**

بەڵێ شیعرەکانم دایە رۆژنامەیەکی رۆژانە کە لەوکاتەدا دەردەچوو، وەکی بیرم مابێت ناوی رۆژنامەی (الأرشاد) بوو، بەڵام لێپرسراوەکانی رازی نەبوون شیعرەکانم داگرن. جارێکی دیکە هەوڵم دایەوە و هەر دەست بەتاڵ گەڕامەوە. دوای ئەوە پەنام بۆ رێگەیەکی دیکە برد.

بەپۆست و بەناوی "ئەدۆنیس"ەوە شیعرەکانم بۆ ناردن و بڵاویان کردەوە. ئەوە هانیدام و قەسیدەیەکی دیکەم بۆناردن، ئەمجارەیان لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکەدا دایانگرت. بەخەتێکی وردیش لەژێریدا نوسیبوویان، تکا لە مامۆستا "ئەدۆنیس" دەکەین سەردانی ئۆفیسی رۆژنامەکەمان بکات. کە زانییان من "ئەدۆنیس"م ئەوق بوون. "ئەدۆنیس" ئەو "عەلی ئەحمەد سەعید"ە بوو کە پێشتر رازی نەدەبوون بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی. کاتێک بەوەیان زانی کە ناوی خۆم گۆڕیوە، بە پەشیمانییەوە پێکەنینو پاشگەزبوونەوە و کەوتنە ئیعتبار گێڕانەوە بۆ ئەو شیعرانەی پێشتر بۆم ناردبوون و بڵاویان نەکردبووەوە.

**بەهانەیان بۆ بڵاونەکردنەوەی ئەو نووسینانەت چی بوو؟**

نەمزانی چی بوو، رەنگە بەمنداڵیان زانیبێتم و متمانەیان بەوە نەبووبێت ئەو شتانە خۆم نووسیومن. راستیت دەوێت نازانم لەبەرچی بوو. دوای ئەو رووداوە ئاشنایەتیم لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (القیثارة)دا پەیداکرد و لەوکاتەشدا لە ریزەکانی پارتی نەتەوەییدا بووم. ئەوانەی سەرپەرشتی ئەو گۆڤارەیان دەکرد، ئەندامی حیزب بوون و پێش کەمێک ناوەکانیانم پێ وتی.

**چ کەس و لایەنێک هانیان دایت بۆ شیعرنووسین و بەردەوامبوون لەسەر ئەو ئەزموونە قورسە؟**

گرووپی گۆڤاری (القیثارة)و بەتایبەتیش "موفید عەرنوق" (کەسێک بوو رۆشنبیرییەکی بەرفراوانی هەبوو، زمانی فەڕەنسیشی زۆر بەچاکی دەزانی)... ئەم پیاوە زۆری خۆش دەویستمو رێنومایی دەکردم و هەرچیم بنووسیایە، هەڵیدەسەنگاند و تێبینی دەدامێ. هەروەها "هاشم عەبدولعەزیز ئەرنائوتو عیسا

سەلامە" هانیان دام و "عیسا سەلامە" یەکەم کەس بوو بەشیعری فەڕەنسی ئاشنا کردم و کتێبــی شیعری دەدامێ، بەتایبەت کتێبەکانی "شارل بۆدلێر".

ئەوانە دەیانزانی بەهرەیەکی شیعریم تێدایە و زۆر بە تەنگمەوە بوون. شیعرەکانیان بەجۆرێک بڵاودەکردەوە، تا بێتە بابەتی رەخنە و هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکردن لەبارەیانەوەو... هتد. بۆیەکەمجار لەگەڵ ئەو پۆلە رۆشنبیرەدا هەستم کرد، بوومەتە شتێک و هەرچیم دەنووسی قسەی لەبارەوە دەکرا و دەستاودەستی دەکرد و گرنگی پێدەدرا.

**ئەوانە بۆخۆیان شاعیربوون، یاخود کەسانێکی رۆشنبیر بوون کە حەزیان بە شیعر دەکرد؟**

شاعیرنەبوون، رەخنەگر و رۆشنبیر بوون. خوێنەری شیعر بوون و لە رەهەندە جیاجیاکانی دەقی شیعری تێدەگەیشتن.

**کەواتە تۆ لەڕێی ئەوانەوە ئاشنای شیعری فەڕەنسی بوویت؟**

-بەڵێ، لەڕێی ئەوانەوە شیعری فەڕەنسیم خوێندەوە و داخڵ بە فەزای ئەو شیعرە بووم، بەڵام دواتر خۆم هەوڵی قوڵبوونەوەی زیاترم دا لە کەلتووری فەڕەنسیدا.

**واتە تۆ بەرلەوەی بینێریت بۆ بڵاوکردنەوە بۆ ئەو پۆلە رۆشنبیرەت دەخوێندەوە؟**

بەڵێ، بۆم دەخوێندنەوە و بە بۆچوونە رەخنەییەکانیشیان دڵخۆش دەبووم. دوای ئەوە زۆر خێرا ناوم دەرکرد.

**یانی چی؟**

واتە لە ماوەی دووساڵدا ناوێکی گەورەم پەیداکرد. دوای ساڵی ١٩٥٠ قەسیدەکانم دەنارد بۆ "سەعید تەقیەدین"و ئەو یەکەمین کەس بوو شیعری لە گۆڤاری (ئاداب)دا بۆ بڵاوکردمەوە. ئەوەش ئەگەر بیرم مابێت لەنێوان ساڵانی ١٩٥١ بۆ ١٩٥٢دا بوو.

**ئەو قەسیدانە کێش و سەروادار بوون، وانییە؟**

بەڵێ وایە... لە یەکەم دیوانی شیعریمدا (قصائد أولی)، هەیە. دەمەوێت

ئەوەش بڵێم کە "سەعید تەقیەدین" پێشەکی بۆ چامە بەناوبانگەکەم (قالت الرض) نووسی. بە سەرسامییەکی زۆر و ستایش و پیاهەڵدانێکی گەورەوە، لەسەر ئەو قەسیدەیەی نووسی و ئەوەش بووە مایەی ئەوەی مەشروعییەتێک بداتە سەرەتاکانی کاروانی شیعریم و کارێکی کرد، نێوبانگ پەیدابکەم و لای خوێنەران و هەوادارانی ئەوەوە بە گرنگییەوە سەیر بکرێم.

**بەڵام تۆ باست لەوەکرد کە تەنها ئیعتراف بە کۆمەڵە شیعری (أوراق في الريح) دەکەیت؟**

شیعرەکانی (أوراق في الريح) سەرەتای دنیابینی و هۆشیارییەکی شیعری تازە بوو.

**دەتوانیت پێمان بڵێیت، کەی بۆیەکەمجار ئۆتۆمۆبێلت بینی؟**

تەمەنم دەوروبەری سیانزە ساڵان بوو. بیرم دێت ئەوەی بینیم ئامانەبوو، نەک قەمەرە.

**یانی بەدرێژایی سیانزە ساڵ یەک ئۆتۆمۆبێلت نەبینی؟**

تەنانەت رادیۆشم نەبینیبوو.

**سەرەوەختێک بۆیەکەمجار ئەو شتانەت بینی، وەکی خێو و دێوجامە هاتنە پێش چاوت، یان چی...؟**

نا، هەرگیز. سەیربوو، تووشی شۆک و حەپەسان نەبووم.

**هۆکەی چی بوو؟**

نازانم، بەڵام تووشی حەپەسان نەبووم. رەنگە بینینیان دووچاری دڵتێکەڵهاتنی کردبم. لە سەفەرێکدا بەرەو شاری (لازقیە) سواری ئامانەیەک بووین و پڕی خەڵک بوو. لەترسی پۆلیس شۆفێرەکەی داوای لێکردین، بەرلەوەی بگەینە (لازقیە) دابەزین.

**تەنها تۆ و باوکتی دابەزاند؟**

نا، زۆرێکی لەوانە دابەزاند کە بەپێوە وەستابوون، یاخود لە راڕەوی ئامانەکەدا دانیشتبوون. رازی نەبووین بە داوەکەی و ویستمان دانەبەزین، بەڵام

کەڵکی نەبوو. بەهانەی ئەوەبوو پۆلیس ئۆتۆمۆبێلەکەی حیجز دەکەن و ناهێڵن بۆ ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک کاربکات. چشمان کرد و دابەزین و بەپێ کەوتینەڕێ بەرەو (لازقیە). ئەو ڕووداوە زۆرکاری تێکردم و بەو منداڵییە هەستێکم تیادروست بوو کە بێزم لە هەرچی ئۆتۆمۆبێلە بێتەوە، بەهەموو جۆرەکانییەوە.

**باسی ئەو چرکەساتەمان بۆ بکە کە بۆیەکەمجار شارت تێدابینی؟**

هەرگیز شار تووشی سەرسامی و واقوڕمانی نەکردم...

**بۆچی؟**

لەبەرئەوەی زۆر سەرقاڵی خۆم بووم.

**تەنانەت لەو ساڵانەشدا کە منداڵ بوویت؟**

بەڵێ... هەرگیز دنیای دەرەوە تووشی واقوڕمانی نەکردووم، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ پاشخانی ئەو پەروەردە ئایینییە بگەڕێتەوە کە لەسەری پەروەردە بووم. پەروەردەیەک لەبەرخاتری ئەو دنیا، تەرێز لەم دنیا دەکات و خولیای پەیوەندی گرتنە لەگەڵ غەیب و ئەو دنیادا. سەرسامی بەردەوامو ڕاستەقینەش لەوێدایە، بەڵام دواتر ئەم حاڵەتە کەمێک گۆڕا. یەکەمجار کە بە جیهانی دەرەوە سەرسام بووم و واقم وڕما، ئەو چرکەساتە بوو کە لە ساڵی ١٩٧١ بەر شاری نیویۆرک کەوتم. ئەوە شۆکێکی زۆر بەهێزبوو، هەستم کرد دنیای دەرەوە دەتوانێت دەروونی مرۆڤ بهەژێنێت.

ئەوە جارێکی تر کە سەردانی شاری (تۆکیۆ)م کرد دووبارەبووەوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر. پێش (نیویۆرکو تۆکیۆ)و (ڕەنگە دوای ئەوانیش)، هیچ شارێک ڕاینەچڵەکاندم. هەستم بەوە نەدەکرد من لە جیهانێکی دیکەوە (کە جیهانی لادێ بوو)، هاتووم بۆ شار. هەستێکی قوڵم هەیە کە تا ئێستاش ناتوانم تەفسیری بکەم، ئەویش ئەوەیە من لە شار گەورەترم.

**بەڵام بەگشتی شارەکانی ئێمە (شاری وڵاتانی عەرەب)، بریتین لە لادێ و گوندی گەورە؟**

ئەوەی دەیڵێیت ڕاستە، لەبەرئەوە تووشی شۆکی نەکردم و هەرگیز هەستم بەوە نەکردووە ژیانو فەزای گۆڕییم.

**کەی بۆیەکەمجار چوویتە دیمەشق؟**

ساڵی ١٩٥٠. بۆ ئاگاداریت دیمەشق وەک شار هەرگیز بەلامەوە گرنگ نەبووەو هیچ شتێک نامبەستێتەوە پێیەوە، ئەگەرچی چوارساڵێک تیایدا ژیاوم.

**تائێستاش ئەو هەستەت هەرماوە؟**

بەڵێ، هەتا ئێستاش هەروام.

**بەڵام لە شیعرەکانتدا باسی دەکەیت و ناوی دێنیت؟**

بەشێوەیەکی رەمزی باسی دەکەم. دەربارەی دیمەشقی سیمبول زۆرم نووسیوە و رمزێکیشە بۆ شارە عەرەبییەکانی دیکە، رەنگە رەمزبێت بۆ حەلەب و بەغداد و قاهیرە و... هتد. ئەو دیمەشقەی لە شیعرەکانمدا باسی دەکەم، سیمبولێکە بۆ جوگرافیای عەرەبی و هەروەها بۆ شارستانییەتی عەرەبی بەگشتی.

**"ئەدۆنیس"... کێ ناوی "ئەدۆنیس"ی لێنایت؟**

من خۆم ئەو ناوەم لەخۆم ناو پێموابێت لەکاتی قسەکردنم دەربارەی رۆژنامەی (**الأرشاد**)و مەسەلەی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم لەو رۆژنامەیەدا، حیکایەتی ئەوەم بۆ باسکردیت.

**چۆن دڵت بەوناوەدا چوو؟**

جارێکیان بەرێکەوت دەستم دایە گۆڤارێکو بابەتێکم تێدا خوێندەوە، دەربارەی ئەفسانەی "ئەدۆنیس"و پێی سەرسام بووم.

**ئەو "ئەدۆنیس"ەی لە ئەفسانە بەناوبانگەکەدایە؟**

"ئەدۆنیسو عەشتروت". "ئەدۆنیس" کە بەرازە کێوییەک پەلاماری دەداتو دەیکوژێت. بەخوێنی ئەو رووباری "ئیبراهیم" (یاخود رووباری ئەدۆنیس) دەتەقێت و هەموو ساڵێک نوێ دەبێتەوە. دوای خوێندنەوەی ئەو ئەفسانەیە و کتوپڕ جۆرێک لێکچوون لەنێوان من و پاڵەوانەکەیدا روویدا. لە دڵی خۆمدا وتم ئەو رۆژنامانەی قەسیدەکانم بڵاو ناکەنەوە، وەکی بەرازەکێوی وان. لەبەرئەوە دەنووسمو من قوربانی دەستی ئەوانم. بڕیاریشم دا بە ناوی "ئەدۆنیس"ەوە بنووسم. ئیتر لەوکاتەوە بە ناوی "ئەدۆنیس"ەوە بەرهەمەکانم بڵاودەکەمەوە.

**هەندێک دەڵێن "ئەنتوان سەعادە" ئەو ناوەی لێناویت؟**

ئەوە لە پڕوپاگەندەیەک زیاتر هیچی تر نییە، بەپێچەوانەوە "ئەنتوان سەعادە" سووربوو لەسەرئەوەی بەناوی خۆمەوە "عەلی ئەحمەد سەعید"ەوە بنووسم. بیرمە جارێکیان لە دیمەشقەوە قەسیدەیەکم نارد بۆی لە بەیروت تا لە گۆڤاری (النظام الجدید) کە خۆی سەرپەرشتی دەکرد و چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچوو پاشان وەستا، بۆ بڵاو بکاتەوە. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی قەسیدەکەدا پێشەکییەکیشی بۆ نووسی، تیایدا ستایشی بەهرەمەندی هەڤاڵی شاعیر "عەلی ئەحمەد سەعید" دەکات‌و ناوی "ئەدۆنیس"ی نەهێنابوو. گەر لەئێستادا بمەوێت وەک خۆم ئەو هەنگاوەی "ئەنتوان سەعادە" لێک بدەمەوە، ئەوا دەیگێڕمەوە بۆئەوەی کە کەسێک بوو زۆر دڵخوازی عروبە و کەلتووری عەرەبی بوو. ئەمەش پێچەوانەی ئەو شتانەیە لە بارەیەوە دەوترێت.

**ئەمەی دەیڵێیت بۆچوونێکی بابەتییە یاخود رای شەخسی خۆتە؟**

بابەتییە، چونکە لەڕێی بەرهەمەکانییەوە بەوە گەیشتم. لە هەموو نووسینەکانیدا "ئەنتوان سەعادە" هێرشی نەکردۆتەوە سەر عروبە، یاخود عروبەی شارستانی. تەنها شتێک هێرشی کردبێتە سەر، عروبەی سیاسی بووە، وەکی ئەوەی لەمڕۆدا زۆرێکی زۆر پەلاماری دەدەن و رەخنەی لێدەگرن، بەڵام عروبە وەکی کەلتوور و ژیار، زۆر بەقوڵی ستایشی دەکردن.

**ماوەی چەند لە ریزەکانی پارتی نەتەوەیی سوریادا مایتەوە؟**

ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندیم بە حیزبەوە کرد و ساڵی ١٩٥٨ کار و چالاکیم کۆتایی پێهات. واتە نزیکەی سیانزە ساڵێک بەردەوام بووم. لەو ماوەیەدا شاعیری حیزبیان پێدەوتم و توێژە خوێندەوارەکەی ناو حیزب خۆشیان دەویستم.

**چامەی (قالت الأرض) لەدوای مردنی "ئەنتوان سەعادە"وە نووسیت.. ئایا ئەو قەسیدەیەت پێشکەشی ئەو کردووە و بۆ مەرگی ئەوت نووسیوە؟**

بەڵێ... سەیرلەوەدایە ئەوکات قەسیدەکە لەلایەن نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە، ستایشێکی زۆر کرا... "د. حوسێن مروە" ئەوکات لە رۆژنامەی (الحیاة)دا دەینووسی‌و بەشێوەیەکی ئیجابیی هەڵیسەنگاندبوو. هەروەها "میشال ئەبو جودە"ش وتەیەکی زۆر جوانی لە رۆژنامەی (النهار)دا، لەبارەیەوە نوسیبوو. بۆ ئاگاداریت "میشال ئەبوجودە" ئەدیب بوو، هەرئەوەش

بووە مایەی سەرکەوتنی لە بواری رۆژنامەوانیدا. بە بڕوای من گرنگترین چاودێری سیاسی عەرەب بوو.

**بۆچی وازت لە حیزب هێنا؟**

ساڵی ١٩٥٨ کێشەی من لەگەڵ حیزبدا دەستی پێکرد. کێشەکەش لە چوارچێوەیەکی فیکری پەتیدا بوو... من بۆخۆم تێگەیشتنێکی دیکەم بۆ "ئەنتوان سەعادە" هەبوو، تێگەیشتنێک کە پێموابوو زیاتر لە هزری چەپی سۆسیالستییەوە نزیکتر بوو. لەو بڕوایەدام "ئەنتوان سەعادە" یەکێکە لە مەزنترین بیرمەندە سۆسیالیستە هاوچەرخەکانی عەرەب. هێندە بەسە کە موڵکداریێتی نەهێشت. ئەو کۆمۆنستێکی پەڕگیربوو.

**گەیشتن بەو دەرەنجامانە لەسەر ئەو، سەرچاوەکەی بەرهەمەکانی بوو بۆ نموونە کتێبی (گورانی نەتەوەکان)، یاخود گوتارە سیاسی و حیزبییەکانی بوو؟**

من لەڕێی خوێندنەوەی بەرهەمەکانیو پێداچوونەوە بە دەقی وتارەکانیدا، گەیشتمە ئەو قەناعەتە. گرنگ ئەوەیە من بەشێوەیەکی سۆسیالیستی رادیکاڵانە، لە ئایدیۆلۆژیای حیزب دەگەیشتم و ئەوەش زۆرێکی زۆری لەناو حیزبدا جاڕس کردبوو. بەتایبەت ئەوانەی لە سەرکردایەتیدا بوون. دوای تیرۆرکردنی "عەدنان ئەلمالکی"و گواستنەوەی بارەگای سەرەکی حیزب بۆ بەیروت، گرووپێکی دە کەسی لە بیریارانی حیزب لەوانە "هیشام شەرابیو عیسا سەلامەو من"، رێکەوتین لەسەرئەوەی ئامادەکاری بکەین بۆ کاندیدکردنی سەرۆکێکی نوێ بە بەرنامەی کاری تازەوە.

بەمجۆرە "د. عەبدوڵڵا سەعادە"مان هەڵبژارد کە پزیشکێکی سەرکەوتوو بوو، خاوەنی چەند نەخۆشخانەیەک بوو لە وڵاتی سعودییە... ئەو پیاوە دەستبەرداری هەمووشتێک بوو، بۆئەوەی سەرکردایەتی حیزب بگرێتە دەست. لەسەر بنەمای ئەو ئاڕاستە نوێیە، سەرنووسەری گۆڤاری (النباء)ی زمانحاڵی حیزبم گرتەدەستو حەوت سەروتارم بۆ نووسی بەبێ ئەوەی ناوی خۆمی لەسەربێت. یەکێک لەو سەروتارانە ئەمە تایتڵەکەی بوو: (چەپڕەوێتی حیزبی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی). ئەو سەروتارە حیزبییەکانی تووشی شۆک کرد، بەتایبەت کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو حیزب. دوای ئەوە شاڵاوێکی بێئامان لە دژم دەستی پێکرد و تاوانباریان دەکردم بەوەی کۆمۆنیزم و چەپڕەوم. لەپای ئەم شتانەدا "د.عەبدوڵڵا سەعادە"ی سەرۆکی حیزب ناچاربوو لە ریزەکانی ئەو پارتە دوورم بخاتەوە.

**کەواتە لادرایت؟**

بەڵێ لادرام، ئەوەش سەرەتای جیابوونەوەم بوو لە حیزب. من ئێستا زۆر دڵخۆشم، لەبەرئەوەی ئەو بیروبۆچوونانەی من لە ساڵی ١٩٥٨ کۆکیم لێدەکردن، هەنوکە جێبەجێ دەکرێنو کاریان پێدەکرێت.

**دوای ئەو ئەزموونە، پەیوەندیت بە حیزبێکی دیکەوە کرد؟**

نەخێر، ئەگەرچی پێیان دەوتم بووەتە ناسیۆنالستێکی عەرەبی (واتە ناسری)و بۆتە کۆمۆنیستو...هتد. وەکی دەزانیت خەڵکی ئێمە هەرگیز ئەوە بە مێشکیاندا ناچێت، کەسێک سەربەخۆبێت و دەیانەوێت بەردەوام بەپێی حەز و ویستی خۆیان پۆلێنی بکەن.



**سەرچاوە:**

ادونیس: الحوارات الکاملة (١٩٨١-١٩٨٦)- بدایات، دمشق- الطبعة الأولي،٢٠١٠.

# نامەیەکی مێژوویی



ن: تۆماس مان
و. لە فارسییەوە: تەحسین ڕەزایی

لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ١٩٣٠دا کە دەسەڵاتی ناسیۆناڵ سووسیالیستەکان لە پەرەسەندندا بوو، "تۆماس مان" لە وتار و وتەبێژییەکانیدا کە لەناو ئەڵمانیا و دەرەوەدا، لە فەڕەنسا و پۆڵەندا و سویسرا و هۆڵەندا پێشکەش و بڵاوی دەکردەوە، خەڵکی ئەڵمانیای لە مەترسی سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی تاکڕەو و لەناچوونی ئازادیی وشیار دەکردەوە و هانی دەدان بۆ بەگژداچوونەوە و یەکڕیزیی و یەکێتی لە بەرامبەر تۆتالیتاریزمدا. ساڵی ١٩٣٣ و کاتێک هیتلەر دەسەڵاتی گرتە دەست، "مان" و هاوسەرەکەی لە سویسرا بوون و کوڕەکەیان ئاگاداری کردنەوە کە نەگەڕێنەوە بۆ ئەڵمانیا، نازییە دەمارگرژەکان کتێبەکانی "مان"یشیان وەک زۆربەی کتێبە بەنرخەکانی تر لە جێژنەکانی "کتێب سووتان"دا خستە ئاگرەوە، لە هەمان کاتدا دەسەڵات بۆ ئەوەی کە لە مەشرووعییەتی ئامادەیی "مان" لە ناوەوی وڵاتدا بێبەش نەبێت، بانگهێشتیان دەکردەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا، بەڵام "مان" ئاوڕێکی لەم بانگهێشتانە نەدایەوە و سەرئەنجام لە ڕۆژەکانی دەسپێکی ساڵی ١٩٣٦دا و لە نامەیەکدا کە بۆ یەکێک لە ڕۆژنامەکانی سویسرای نارد، بە توندی هێرشی کردە سەر دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا و ئیدانەی

کردن. پاش ئەم کارە ڕێگەکانی ئاشتی داخران و کاربەدەستانی ئەڵمانیا ئەمەیان بە ڕاگەیاندنی شەڕ دانا و لە بەرپەرچدانەوەیەکدا مافی هاوڵاتیبوونیان لێ سەندەوە و کتێبەکانیشیان خستە لیستی کتێبە قەدەغەکانەوە و تەواوی ئەو خەڵات و شانازییانەی کە لە لایەن خەڵکی ئەڵمانیاوە لە بەرامبەر خزمەتەکانی بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی ئەڵمان پێی بەخشرابوو، لێ زەوتکرایەوە. یەکێک لەو شانازییانە کە لێی زەوت کرایەوە "دکتۆرای فەخری" زانکۆی "بۆن" بوو کە لە دەیەی ١٩٣٠دا پێی بەخشرابوو. "مان" لە نامەیەکدا وەڵامی ئەم کارەی زانکۆی "بۆن"ی دایەوە- لێرەدا وەرگێڕدراوەتەوە- کە خێرا بوو بە یەکێک لە بەناوبانگترین و پڕخوێنەرترین نووسراوە سیاسییەکانی.

کولێجی فەلسەفە

زانکۆی فریدریش ویلهێلم

"بۆن"

١٩ی دیسەمبەری ١٩٣٦

**جەنابی "تۆماس مان" نووسەر!**

لەسەر داخوازیی سەرۆکی زانکۆی "بۆن" دەبێت پێتان ڕابگەیەنم لەبەر ئەوەی کە مافی هاوڵاتی (ئەڵمانیا)تان لێ زەوتکراوە، کۆلێجی فەلسەفە ناچارە ناوی ئێوە لە ڕیزی دکتۆرە فەخرەییەکانی بسڕێتەوە. بەپێی ماددەی ٨ی یاسای پێوەندیدار بە بەخشینی پلە و پایەکانی زانکۆ، لە ئێستاوە مافی کەڵکوەرگرتن لەو ناونیشانە لە ئێوە دەسێنرێتەوە.

(ئیمزا ناخوێنرێتەوە)

سەرۆکی کۆلێج

**سەرۆکی کۆلێجی فەلسەفە، زانکۆی "بۆن"**

**١٩٣٦**

ئەو نامە خەمهێنەرەی ڕێکەوتی ١٩ دیسەمبەر کە بۆ منتان نووسیبوو، پێم گەیشت. دەرفەت بدەن بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامتان بدەمەوە.

زانکۆکانی ئەڵمانیا بەهۆی ئەو دەرد و ڕەنجەی کە خۆیان بۆ خۆیانیان خوڵقاندووە، ئەویش لەکاتێکدا کە بەدبەختانە بە خوێندنەوەیەکی چەواشە و نەشیاو لە ئەرکی مێژوویی خۆیان مەجالیان دا وڵاتەکەیان ببێتە مەکۆی سەرهەڵدانی هێزگەلێکی بێبەزەیی و زاڵم، کە ئەڵمانیایان لە ڕووی ئەخلاقی و

ئابوورییەوە وێران کردووە، بەرپرسیارێتییەکی قورسیان لەئەستۆدایە. ئەم کارەی ئەوان چێژی ئەو شانازییە ئەکادیمییەی کە بە من بڕابوو، ماوەیەکە لەناوبردووە و رێگرە لە هەر چەشنە کەڵکوەرگرتنێکی من لەو ناونیشانە. سەرەڕای ئەوەش من ئێستا خاوەن ناونیشانی دکتۆرای فەخریی ئەدەبم، کە ماوەیەک لەمەوپێش لەلایەن زانکۆی "هارڤارد"ەوە پێم دراوە. ئەم دکتۆرایە لەبەر چەند هۆکارێک پێم بڕاوە، کە ناتوانم بۆتانی باس نەکەم. لەو بڕوانامەیەدا رستەیەکی لاتین هەیە، کە ئەمە ماناکەیەتی: "ئێمە، سەرۆک و لیژنەی زانستی، لەسەر بڕیاری لیژنەی چاودێڕی زانکۆ، لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیی خۆماندا نووسەری ناودار "تۆماس مان" بە دکتۆرای فەخریی دادەنێین و دەناسێنین، کە لەگەڵ چەند کەسێکی تری هاوچەرخدا مانای ژیانیان بۆ ئێمە لێکدایەوە و پاسەوانی شکۆ و شەرەفی فەرهەنگی ئەڵمان بووە، لەم رێیەوە تەواوی ماف و ئیمتیازەکانی تایبەت بەم پلە (زانکۆییەی) پێشکەش دەکەین".

مرۆڤە رووناکبینەکان لە ئەوپەڕی دونیاوە - دەبێت بڵێم نەک هەر لەوێ- بەم شێوەیە لەبارەی منەوە بیر دەکەنەوە، کە ئاوا لەگەڵ بیروڕای ئەڵمانییەکاندا دژیەک ناگرێتەوە و دژ بە یەکن. هیچ کات بیرم لێ نەدەکردەوە بەم شێوەیە و بەم وشانە ئاوا بەخۆمدا هەڵبڵێم، بەڵام ئەمڕۆ و لێرەدا نەک هەر رەوایە، بەڵکو دەبێت دووپاتیان بکەمەوە. من ئاگام لە رەوتی باو نییە، بەڵام ئەگەر ئێوە جەنابی سەرۆکی کۆلێج، کۆپییەکی ئەم نامەیەی خۆتانتان لە بۆردی راگەیاندنەکانی زانکۆدا هەڵواسیوە، ئەوا زۆر خۆشحاڵ دەبم کە فەرمان بدەن با ئەم وەڵامەی منیش ئەو شانازییەی بەر بکەوێت. رەنگە یەکێک لە ئەندامانی زانکۆ، یەکێک لە خوێندکارەکان، یان یەکێک لە مامۆستایان بە خوێندنەوەی بەڵگەیەک کە لە هەمان کاتدا نیشانەی بێخەبەریی و دوورکەوتنەوەیەکی بێ شەرمانەیە کە بەسەریاندا سەپێنراوە، تووشی ترسێکی لەناکاو، یان دڵەڕاوکەیەکی ترسێنەر بێت و دەرفەتی کورتیان بدرێتێ بۆ بینینی دونیای ئازادیی ئەندێشە، کە هێشا لە دەرەوەی وڵاتی ئەواندا ماوە.

دەمتوانی نامەکەم لێرەدا تەواو بکەم، بەڵام وا دەزانم هەندێ روونکردنەوە لەم کات و ساتەدا پێویست و لانیکەم رەوایە. کاتێک راگەیاندرا مافە مەدەنییەکانم لێ زەوت کراوە، هەرچەند داوای زۆرم لێکرا بێدەنگ بووم، بەڵام ئێستا کە نیشانی زانکۆم لێ زەوتکراوە وا دەزانم کاتێکی لەبار و شیاوە بۆ بەیاننامەیەکی کورت و تاکەکەسی. جەنابی سەرۆکی زانکۆ (کە تەنانەت شانازیی زانینی ناویشتانم نییە) تکاتان لێ دەکەم تەنیا وەک هەڵکەوت خۆتان بە وەرگری نامەیەک دابنێن

کە مەبەستی ئێوە تەنیا بە مانی خودی ئێوە نییە.

من چوارساڵە لە تاراوگەیەکدا دەژیم کە تەنیا بە پێی سوعبەت (تعارف)و خۆشبینی ناوی لێ نراوە خۆویست، لەبەر ئەوەی ئەگەر لەوێ دەمامەوە، یان دەگەڕامەوە بۆ ئەوێ، لەوانەیە ئەمڕۆ زیندوو نەبایام. لەم چوارساڵدا چارەی تاوانبار لە دۆخێکدا گیرۆدەی کردووم کە بۆ تەنیا جارێکیش دەستی لە ئازارم هەڵنەگرتووە. هەرگیز ناگونجێ چارەی من لەم بێشکەیەدا وا لێکدرابێتەوە کە دوا ساڵەکانی تەمەنم لە تاراوگەدا تێپەڕ بکەم، ماڵ و حاڵم تالان بکرێت و خۆم بە یاخی بناسرێم و بە ناچاری پابەندی ناڕەزایی دربڕینی سیاسی بم. من لە سەرەتای ژیانی فیکریمدا هەستم دەکرد پێوەندی و هاوڕاییەکی پیرۆزم لەگەڵ دابونەریتەکانی گەلەکەمدا هەیە، کە ریشەی لە سوننەتە فیکری و عەقڵییەکانی ئەو گەلەدا هەیە. نوێنەرایەتیکردنی ئەو سوننەتانە، زۆرتر شیاوی بارودۆخی منن تا گیانبەختکردن لە رێیاندا و تۆزێک شادی و خۆشی خستنە سەر شادی و خۆشییەکانی دونیا زۆرتر شیاوی حاڵی منە، تا ئەوەی کە پەرە بە شەڕ و نەفرەت بدەم. هەر بۆیە دەبێت رووداوێکی زۆر هەڵە روویدابێت تا ژیانی من ئاوەها بکەوێتە لاڕێیەکی نائاسایی و ناهەموارەوە. تا جێگەیەک کە لەتوانامدا بووە هەوڵم داوە بەر بەم رووداوە زۆر هەڵەیە بگرم، بەڵام بەم هەڵوێستە خۆمم تووشی چارەنووسێکی نامۆ لەگەڵ زەوق و دەروونی خۆم کرد و دەبێت جارێکی تر پێکەوە ئاشتیان بکەمەوە.

بێگومان ئەوەی کە تووڕەیی ئەو تاکڕەوانەی هەڵخڕاندووە، دوورکەوتنەوەی من لە وڵات و دەربڕینی نەفرەت و تووڕەیی بێ بەربەستی من بووە، بەڵام ئەوەی من کردوومە تەنیا لەم چوارساڵەدا نەبووە، ماوەیەکی زۆرە ئەم هەستەم لا دروست بووە، چونکە بەر لە هاوڵاتییەکانم، کە ئێستا دەستەوسان داماون، تەنانەت هەر ئەو کاتەش دەمبینی کە ئەم ئاژاوەیە کێ و چی لێ دەکەوێتەوە.

بەڵام کاتێک ئەڵمان کەوتە دەستی ئەو تاقم و کەسانە، بەڵێنم دا بێدەنگی هەڵبژێرم. وام دەزانی لەخۆبردووییەکانی پێشووم مافی ئەوەم دەداتێ کە بێدەنگ بم و لێم دەگەڕێ ئەو شتەی کە لە دڵەوە ئازیزە بۆم، واتا پێوەندیم لەگەڵ خوێنەرەکانم لە ناوەوەی ئەڵمان بپارێزم. بە خۆمم دەگوت من کتێبەکانم بۆ خەڵکی ئەڵمان- زۆرتر لە هەمووکەس بۆ ئەوان- نووسیوە. هاودڵیی دونیای دەرەوەی ئەڵمان بەردەوام لای من رووداوێکی چاک بووە. ئەمانە، ئەم کتێبانەم، بەرهەمی پێوەندی نێوان گەل و نووسەرە، کە تێیدا هەردوولا یارمەتیدەر و هاندەری یەکترن، ئەم پێوەندییە گرێدراوە بە چەند مەرجێکەوە، کە من بۆخۆم

هەوڵم داوە بۆ بە دیهێنانیان لە ئەڵماندا. ئەم پێوەندییانە زۆر گرنگ و ناسکن و نابێت ڕێ بە سیاسەت بدرێت لێکیان بترازێنێت. هەرچەند ڕەنگە هەندێ کەسی پەلەکار (ناشکیبا) لەناو وڵاتدا هەبن، لەبەر ئەوەی خۆیان لە مافی قسەکردن بێبەرین، بێدەنگیی مرۆڤێکی ئازادیان لا پەسەند نەبوو، بەڵام من بەردەوام ئومێدوار بووم کە زۆرینەی خەڵکی ئەڵمان لەم دوورەپەرێزیی و بێدەنگییەی من تێ بگەن و تەنانەت بەو هۆیەشەوە سوپاسم بکەن.

ئەمە ئەو شتەی بوو کە بە دروستم دەزانی کە دواتر دەرکەوت وا نییە. نەمدەتوانی بژیم یان کار بکەم و بێگومان هەناسەم لە سینەدا دەخنکا ئەگەر جاروبار خۆم هەڵنەڕشتایە و ئەو نەفرەتە قووڵەم لە ڕووداوەکانی نیشتمان- لەو دەستەواژە قێزەون و کارە قێزەوەنترانە- هەڵنەڕێژم. ڕەوا یان ناڕەوا لای خەڵکی دونیا ناوی من و ئەو وێنایەی ئەڵمان کە ڕێز و حورمەتێکی زۆری لایان هەبوو، بۆ هەتایی پێکەوە گرێدرابوو، بەڵام دەمبینی ئەو وێنایەی ئەڵمان بە درۆیەکی ناشیرین خەریکە لێڵ دەکرێت. کێشەیەک ئۆقرەی لێ بڕیبووم و ئارامیی دەروونمی لێ سەندبووم، کە دەبوا من و تەنیا هەر من بە دەنگێکی ڕوون و بەرز، دژوازی ئەو درۆیە بە ڕاستییەکان ڕوون بکەمەوە. تەواوی ئەو خەونە ئازاد و داهێنەرانانە کە جڵەوی خۆم دابووە دەستیان هەوێنی خۆشحاڵی و دڵخۆشیم بوون، بەم کێشەیە تێک دەچوون. کێشەیەک بوو کە ڕاوەستان لە بەرامبەریدا زۆر سەخت بوو، ئەویش بۆ کەسێک کە بەردەوام دەیتوانی ئەو شتەی کە لە دەروونیدا دەگوزەرێت، باسی بکات و لە ڕێی زمانەوە لە قورسایی دەروونی کەم بکاتەوە و ئەزموون لای ئەو بەردەوام لەگەڵ "وشە"- "وشە"ی خاوێنکەرەوە و هەڵگر- یەک مانایان بووە. لە "وشە"دا ڕازێکی گەورە حەشاردراوە، کە بەرپرسیار بوون لەپێناو پاکییەکەیدا، بەرپرسیارێتییەکی هێمایی و مەعنەوییە، "وشە" نەک تەنیا خاوەن مانا و گرنگییەکی هونەرییە، بەڵکو خاوەن مانا و گرنگییەکی ئەخلاقیشە، "وشە" بەرپرسیارێتییە، بەرپرسیارێتییەکی ئینسانی و هەروەها بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر گەل و نەتەوەی خۆتدا، ئەرکی ئێمە ئەوەیە لای مرۆڤ پاکیی "وشە" بپارێزین. لە "وشە"دا یەکێتیی مرۆڤ و تەواوی کێشەکانی مرۆڤ داڕێژراوە، لەم ڕووەوە ڕێ بە هیچ کەسێک نەدراوە کاری ڕۆشنبیری و هونەری لە کاری سیاسی و ئابووری جیا بکاتەوە و خۆی لە قەڵای زێڕینی "فەرهەنگ"دا دوورەپەرێز بکات. کۆی ئەم ڕاستییە بەرامبەرە لەگەڵ تەواوی مرۆڤ، هەرکەس بییەوێت بەشێک لە ژیانی مرۆڤ، واتا سیاسەت بە مانای دەوڵەت بکاتە گۆڕەپانی تەراتێن و تاکڕەویی خۆی، لە هەر پلەو

پایەیەکدا بێت، دەستی داوەتە تاوانێکی دژە مرۆڤانە.

نووسەری ئەڵمانی، نووسەرێک کە خووی بە بەرپرسیارێتی "وشە"وە گرتووە، تاکی ئەڵمانی کە وڵات پەرستییەکەی (رەنگە لە رووی ساویلکەییەوە- سادە دڵییەوە) لە بڕوا بە مانا و گرنگیی رووداوەکانی ئەڵماندا خۆی دەردەخات- وەها کەسێک ئایا دەبێت بێدەنگ بێت، بە تەواوی بێدەنگ، لە بەرانبەر شەڕ و خراپەیەک کە رۆژانە لە وڵاتەکەیدا دەبارێت بەسەر جەستە و گیان و زەینی هاوڵاتییەکانیدا، هەروەها بەسەر راستیی و دروستیی و مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا دەبارێت؟ ئایا دەبێت بێدەنگ بێت لە بەرامبەر ئەو مەترسییە ترسێنەر و کوشندەیەدا کە هەڕەشە لە سەرانسەری قاڕەی ئەوروپا دەکات و سەرچاوەکەشی رژێمێکی رووخێنەری رۆحە، کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە دونیای پێدا تێدەپەڕێت، لە نەزانینێکی پێوانە هەڵنەگردا بەسەر دەبات؟ من نەمدەتوانی بێدەنگ بم، هەر بۆیە بە پێچەوانەی بەڵێنەکانم دەستم کرد بە ناڕەزایی دەربڕین و بە شێوەیەکی پارێز لێ نەکراو دەستم دایە کارگەلێک کە ئێستا بۆتە هۆی بیانوویەکی پووچ و بێ بنەما بۆ تەکفیرکردنی من لە ناوەوەی وڵاتدا، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە، کەسانێک تەنیا بزانن کێن ئەو خاوەن دەسەڵاتە نزمانەی کە من وەک ئەڵمانییەک لە مافە سرووشتییەکانم بێبەری دەکەن تا بە تەواوی پووچی و بێ بنەمایی ئەو کارانەیان دەربکەوێت. دەڵێن من بەم ناڕەزایەتی دەربڕینانەم ئابرووی "رایش" و ئەڵمانم بردووە! باوەڕ ناکرێت بەم بێ شەرمییە خۆیان لە جێگەی ئاڵمان دادەنێن! بەڵام ئەو کات و ساتە هەستیارەی کە ئەمانە لە خەڵکی ئەڵمان جیابکرێنەوە، زۆر دوور نییە.

سەیرکەن لە ماوەی چوار ساڵدا ئەڵمانیایان بە چ ئاراستەیەکدا بردووە! ئەڵمانێکی کاول و هەڵشکاو، بەو چەک و تەقەمەنییەی کە بە مەبەستی هەڕەشە لە دونیا کۆیانکردۆتەوە، شیرەی گیان و لەشیان مژیوە و دونیایان لە ئەرکی راستەقینەی، کە خزمەت بە ئاشتییە، دوورخستووەتەوە و کەس حەزی لە چارەی نییە. بووەتە نیشانەی ترس و نەفرەتی هەموو لایەک بە هەڵدێرێکی تراژیدی ئابوورییەوە وەستاوە و لە هەمان کاتدا کە دوژمنەکانی هەوڵ دەدەن بۆ رزگارکردنی لەم هەڵدێرە و دەستیان بۆ یارمەتیدانی راکێشاوە و تەنیا چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئەم ئەندامە گرنگ و بایەخدارەی بنەماڵەی گەلان بە خۆیدا بێتەوە و لەباتی رۆچوون بە خەونی "پێویستییە پیرۆزە" ئۆستوورەییەکان، لە پێویستییە راستەقینەکانی دونیا تێبگات، بەڵێ، دەبێت ئەڵمان لەو کەسانەی کە تووشی زەحمەتی کردوون و هەڕەشەیان لێدەکات، یارمەتی وەربگرێت تا بەشەکانی

تری ئەوروپاش لەگەڵ خۆیدا تووشی هەڵدێران نەکات و ئاگری ئەو شەڕەی کە بەتەمایەتی، هەڵنەگیرسێنێت. دەوڵەتە تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکان- واتا ئەوانەی لەم راستییە بنەماییانە تێگەیشتوون کە هیچ پاساوێک بۆ شەڕ نەماوە- لەگەڵ ئەم وڵاتە ترسێنەر و لە مەترسی گیرخواردووەدا، یان بە واتایەکی تر لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانی کە لەسەر هیچ راستەڕێیەک نین- وەک پزیشکێک چۆن لەگەڵ نەخۆشەکەیدا بەوپەڕی ناسکی و هێمنی و بەسەبر و وردبینییەکی تەواو کە هەمیشە هەڵگری رێز و حورمەت نییە، دەجووڵێتەوە، بەڵام نەخۆشی وا هەیە، لای وایە دەبێت لەگەڵ پزیشک بکەوێتە کایەیەکی سیاسییەوە- کایەی سیاسی دەسەڵات و سەروەری-، ئەم کایەیە، کایەیەکی نابەرامبەرە. لەو کاتەیدا لایەنێک لەباتی سیاسەت بیر لە ئاشتی دەکاتەوە، رەنگە لایەنی بەرامبەر بۆ ماوەیەک هەندێ دەسکەوتی دەسکەوێت. دواکەوتن لە رەوتی زەمان و بێخەبەریی لەم راستییە کە جەنگ ئیتر رەوا نییە، هەڵبەت بۆ ماوەیەک سەردەکەوێت بەسەر کەسانێکدا کە ئاگاداری راستییەکانن، بەڵام مەخابن بۆ ئەو خەڵکەی کە نازانن بەرەو کام لا هەنگاو دەنێن و لە ئاکامدا بیانەوێت لە رێی جەنگەوە کە خوداوەند و مرۆڤ هەردووکیان لێی بێزارن بوارگەیەک بدۆزنەوە. وەها خەڵکانێک لەناودەچن و شکستێکی وایان بەسەردا دێت کە هەرگیز نەتوانن هەستنەوە.

مانا و ئامانجی دەسەڵاتی ناسیۆناڵ سۆسیالیستی تەنیا یەک شتە، جگە لە ئەمە شتێکی تر نییە، ئەویش ئەوەیە کە دەیەوێت بە سەرکوتکردنی بێبەزییانە و سڕینەوە و لە رێشەهێنانی هەر چەشنە دژایەتییەک خەڵکی ئەڵمان بۆ "شەڕی ئاینده" تەیار و ئامادە رابگرێت و بیانکاتە ئامرازێکی تەواو گوێڕایەڵ کە بە بێ هیچ ئەندێشەیەکی رەخنەگرانە، تەنیا پاڵنەریان نەزانینێکی کوێرانە و دەمارگرژانە بێت. ئەم دەسەڵاتە هیچ مانا و ئامانج و بیانوویەکی تری نییە. ئەو هەموو ئازادی و یەکسانی و خۆشبەختییە مرۆڤانەییە کە بووەتە قوربانی و ئەو هەموو تاوانە دیار و نادیارانە کە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی کاربەدەستانی ئەو دەسەڵاتە، دەبێت هەموویان بە هۆی ئامانجێکەوە -واتا ئامادەیی تەواو بۆ جەنگ- پاساو بۆ بێننەوە، ئەگەر بیرۆکەی جەنگ لە خۆیدا وەک ئامانج بخرێتە لاوە. جیا لە بەکارهێنانی خەڵک وەک ئامراز، مانایەک بۆ دەسەڵات نامێنێتەوە و شتێکی بەتەواوی پووچ و بێمانا و زیادەیە.

نا، جەنگ مەحاڵە، ئەڵمان ناتوانێت بجەنگێت... بەڵام ئەگەر جەنگ نییە و نابێت، ئەی ئەم هەموو دز و جەردە و پیاوکوژانە بۆ چییە؟ ئەم هەموو دوورەپەرێزیی و دژایەتی دونیا و بێ یاسایی و قەدەغەکردنی رۆشنبیران و تاریکی فەرهەنگی

و شەڕ و ئاژاوە بۆ چییە؟ بۆچی لەباتی ئەمانە، گەڕانەوەی خۆویستی ئەڵمان بۆ باوەشی ئەوروپا و ئاشتی لەگەڵ ئەوروپادا و لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی و یەکسانی و بەهرەمەندی و پاک سروشتی ئینسانی و خۆشی و شادومانی هەموو دونیا نەبێت؟ بۆچی نا؟ تەنیا لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێک بە قسە و کردەوە حاشا لە مافەکانی مرۆڤ دەکات و لە سەروو هەموو شتێکەوە دەیەوێت لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، چونکە ناتوانێت جەنگ دەس پێ بکات، حاشا لە خۆی دەکات و تووشی فەوتان دەبێت ئەگەر بەڕاستی دەرگا بە رووی ئاشتیدا بکاتەوە!

جەنابی سەرۆکی کولێج لەبیرم چووبوو بەردەنگی من ئێوەن، هەڵبەت دەتوانم بە ئەم بیرۆکەیە دڵداری خۆم بدەمەوە، کە ئێوە تووشی سەرسووڕمان هاتوون لەوەی کە دەمێکە کەس بە ئەم زمانە لە ئەڵماندا نادوێت و ترس دایگرتوون لەوەی کەسێک ئاوا بوێرانە لە زمانی ئەڵمانی بە هەمان ئازادییەکانی پێشووەوە کەڵک وەربگرێت، ئێستا دەمێکە ئەم نامەیە ناخوێننەوە، قسەکانی من نەک لە رووی بێ ئەدەبییەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو نیگەرانی و دەرد و ئازارەوە بووە کە جەردەکانی هاوڕێی ئێوە منیان تووشی کردووە، ئەویش کاتێک کە فەرمانیان دا کە من ئیتر ئەڵمانی نیم.- ئازار و ئەشکەنجەیەکی فیکری و دەروونی کە لە چوار ساڵی رابردوودا تەنیا بۆ یەک کاتژمێر دەستی لە کۆڵ ژیانم نەکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانم لە داهێنانەکانمدا بەردەوام بم، بە ناچاری رۆژانە لەگەڵیدا لە ململانێدا بووم. ئەم گوشارە زەختی خستووەتە سەر تواناکانم. ئێستا وەک کەسێک کە بەهۆی دڵەڕاوکێ و دوودڵییەوە لە فرمانە دینییەکاندا نایەڵێت هەرگیز ناوی خودا بێت بەسەر زمان، یان پێنووسەکەیدا، بەڵام لە کاتی گەشکە بوونە قووڵەکاندا بەری خۆی پێ ناگیرێت، دەرفەت دەخوازم لەبەرئەوەی ناکرێت هەموو شتێک بڵێم، نامەکەم بەم دۆعا کورت و پڕ مانایە تەواو بکەم:

"خودایە. یارمەتی ئەم نیشتمانە چارەڕەش و بێ ڕێز کراوەی ئێمە بدە و فێری بکە کە لەگەڵ خۆی و دونیا ئاشت بێتەوە و بە ئاشتی بژی!"

**سەرچاوە:**

کتێبی–فلسفه جامعه سیاست- ترجمه: عزت الله فولادوند، تهران ۱۳۸۷، نشر ماهی.

# ڕۆژەكانی كۆتایی... مانگی ئاب



**ن: عەبدولڕەحمان مونیف**

**و. لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری**

لە ڕۆژهەڵاتی شوراكە، دەریچەیەكی داپۆشراو بە گەڵای وشك هەیە، بەهۆی بچووكییەكەی و هەڵتۆقینی چەند بەردێك لە دەوروبەری، جگە لە منداڵی بچووك و سەگ، كەسانی دیكە ناتوانن لێیەوە بچنە ژوورەوە، بەڵام پشیلەكان بەوە ڕاهاتوون بە فرتوفێڵ و هەڵبەزینەوە، لە شوێنێكەوە بچن بۆ شوێنێكی دیكە تا بە تەواوی دەگەنە سەرەوەی شووراكە، لەوێوە چاودێری ئەو منداڵانە دەكەن كە دەچنە ناو باخچەكەوە.

هاوین بوو.. ڕۆژەكانی كۆتایی مانگی ئاب بوو، ئەگەر ئێمە تا ئەوكات ناوی مانگەكانمان لەبەر كردبێت و فێری بووبین، ئەوا بەبیرهاتنەوەی ڕۆژەكانی كۆتایی مانگی ئاب، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە كە لە قوتابخانە فێری بووین. لەبەركردنی

ناوی مانگەکان لە قوتابخانە بۆ ئێمە دۆخێکی ناخۆش و تەتەڵەکردنی زمان بوو، ئەم دۆخە مانایەکی دیاریکراوی نەبوو، تەنانەت "یەکەمی تشرینی یەکەم" کە زۆر بەدوای مامۆستادا دەمانگوتەوە و پێیەوە ماندوو دەبووین، جگە لە مانای ئازار، بۆ ئێمە هیچ مانایەکی دیکەی نەدەگەیاند، زۆرجار بەوهۆیەوە لێدانمان خواردووە و پەنجە بچووکەکانمان وەکو کوولەی کوێر بەسەر پیتەکاندا هەڵدەبەزییەوە، بێ ئەوەی لەیەکیان جیا بکەینەوە.

بەڵام ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ئاب، شتێکی دیکەن.. سەرەتای دەستلەملانێیەکی گەرموگوڕن لەگەڵ زەمەنێکی پێچاوپێچی درێژ، بە شێوەی ڕێگایەکی ناکۆتا.

ئەی کێشەکە چۆن دروست بوو؟!

دوودڵییەکە لەناکاو کۆتایی هات، بەرەو گەلا وشکەکان بەڕێکەوتین، پاشان گوێم لە دەنگی خشەخشی جەستەی راتب بوو کە بەسەر زەوییەکەدا هەڵدەبەزییەوە، نیگەران بووم، هەستم کرد دڵم دەبێتە چۆلەکەیەک و دەیەوێ لەناو سنگم دەرچێت و بفڕێت، بەڵام جاری دووەم خۆم هەڵدا، لە دوای خۆمەوە و لە شەقامەکە گوێم لە دەنگێک بوو کە نزیک دەبووەوە.

باخچەکە ئەوەندە سەوز و بەرفراوان بوو مرۆڤی شێت دەکرد، بەڵام چاوی ئێمە جگە لە درەختی خۆخەکە، هیچ شتێکی دیکەی نەدەدیت، خۆخ وەکو خۆڵ زۆر بوو، زۆر.. زۆر.. سەوز وەکو رەنگی حەشیشی سیس بووەوە، زەرد وەکو لیمۆ، بە ئەندازەی ناولەپ گەورە، مێرگێکی گەورەم دەدیت.

راتب بە چاپووکیی و وەکو مەیموون بە درەختەکەدا هەڵدەگەڕا، بە ئاماژە بە منی گوت کە لەژێر درەختەکە رابوەستم، راوەستام، بەڵام هەموو شتێک لە مندا هەڵدەقولا، بێدەنگیی وەکو رەشماڵێکی رەش ئاسمان و درەختەکانی داپۆشیبوو، جگە لە دەنگە خۆش و شیرینەکەی بەربوونەوە و خشینی خۆخەکان کە دەکەوتنە سەر زەوی، هیچی دیکەم نەدەبیست، لەگەڵ هەموو خۆخێکیش هاوارم دەکرد:

- راتب وەرە خوارەوە.. وەرە خوارەوە بەسە.

راتب گوێی لە دەنگم نەدەبوو.. ئاخ.. خۆزگە گوێی لێم با.. ئایا دوور بوو؟ ئایا وەکو من دەترسا؟ هەڵبەت ئەگەر بیبیستبا هەرگیز ئەو رۆژە نەفرەتییەی مانگی ئابم بە بیر نەدەهاتەوە.

سەیف لە کوێ تەقییەوە؟ ئایا خۆی بۆ ئێمە حەشاردابوو؟ ئایا گوێی لە دەنگمان بووە بێ ئەوەی ئێمە هەستی پێ بکەین؟ یان دوامان کەوتووە؟ بە هێز و توانایی ئەسپێک لە پشتەوە منی گرت. بزەیەکی بچووک کەوتە سەر لێوی و وای

لێکردم هەردوو دەستم لەسەر گوێیەکانم دانا و خۆم گرمۆڵە کرد، بەڵام راتب بێ ئەوەی هیچ بڵێت کەوتە بەردەمی... وەکو دەزوویێکی ئاو کەوتەخوارەوە.

بێ ئەوەی وشەیەک بڵێین پێشی کەوتین، لە دواوە کراسی هەردووکمانی گرتبوو، ئێمەی وەکو بەرخ پێش خۆی دابوو، بێدەنگییەکی سامناک، هەتاو تەوژمێک لە وشکی دەهێنا و بە هۆیەوە زمانمان وەکو گۆشتی ئەنجن ئەنجنکراوی لێهاتبوو، سەیف پێش خۆی دابووین، پاڵی پێوە دەناین و دەستی لەسەر پشتمان توندتر دەکرد و هەوڵی دەدا توندتر بمانگرێت.

خانووە گەورەکە لە بێدەنگی نیوەڕۆ نقووم ببوو، دوور بوو، لەوپەڕی رۆژئاوای باخچەکە بوو، بۆچی هەموو منداڵەکان دەگەڕێنەوە و ژێر کراسەکانیان پڕە لە خۆخ کە دەڵێی دومەڵی گەورەیە هەڵتۆقیوە و ئێمە واناکەین؟ بە فیز و خۆبەزلزانینەوە دەریان دەهێنن و ئەوەندە هەڵیان دەگلۆفن تاکو وەکو رووناکی، دەبریسکێنەوە، بە بێ پشوو دەیانخۆن.

من تەماشای راتبم دەکرد و لە پشتییەوە هەڵخلیسکام، بوومە ورچێکی کوێر، بۆچی چاوەکانم کوژانەوە و سەیفم نەبینی؟ چی بە مستەر ستیوارت بڵێم؟ خۆ هەموو بەیانییەک سڵاوی لێ دەکەم؟ ماستاوی بۆ دەکەم بۆ ئەوەی منیش وەکو هەموو منداڵەکانی دیکە بچمە ناو باخچەکە و دزی بکەم... ئێستاش.... ئایا باوکم دەزانێت؟ ئەی بەڕێوەبەری قوتابخانە؟

ئەو رۆژانەی مانگی ئاب، دوای نیوەڕۆ. بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشابوو، زمانیشمان وشک ببوو، دەبینم پێی راتب تێکدەئاڵێ، پاشان دەکەوێ و سەیفیش بەسەریدا دەکەوێ، راتب ناتوانێت رابکات. بۆچی دەستی سەیفم ماچ نەکرد؟! ئایا ئەگەر دەستیم ماچ کردبا وازی لێدەهێنام؟! بۆچی ئەم کارەم نەکرد؟!

بە دەنگێکی نووساو، پێش ئەوەی بگەینە بەردەم ئەو دەرگا داخراوەی کە وەکو بێژینگ کون کون بوو، سەیف هاواری کرد:

– "مستەر ستیوارت.. مستەر ستیوارت".

چاوەڕوان بوو تا دەنگدانەوەکەی لە ناو خانووەکە جێگیر دەبێت، دەستی لە پشتی ئێمە توندتر کرد و هاواری کرد:

– "دز.. دز مستەر ستیوارت".

لە پشتی دەرگا داخراوەکەی پێشمان، تارماییەک بەدیارکەوت، بە خێرایی هاتەپێش، پاشان دەرگاکە کرایەوە.

مستەر ستیوارت... سنگی رووت بوو، پانتۆڵێکی کورتی لەپێدا بوو، ئەو مستەر ستیوارتە نەبوو کە لەسەر رێگا سڵاوم لێی دەکرد، ورگە سوورە گەورەکەی

وەکو زگی بەرخێک بوو کە بۆ گروون و داماڵین هەڵواسرابێت، دەستەکانی تا سەر ملی هەموو بە موو داپۆشرابوو، بە زەردەخەنەیەک کە بەردەوام دەهات و ون دەبوو، ئاماژەی بۆ سەیف کرد کە نزیک بێتەوە، بە توندی گوێی منی گرت و بانگی خێزانەکەی کرد، کاتێ هات، خۆی بە جلی حەمام داپۆشیبوو، تەماشای ئێمەی کرد و هاواری کرد، قسەی لەگەڵدا کرد و چاوە گەورەکانی وەکو میلی کاتژمێر دەسووڕا، بە سەیفی گوت:

- "پێش سێ ڕۆژ من ئەوەم بینی بە پێش دەرگادا تێپەڕی"، ئاماژەی بۆ دەرگای دەرەوە کرد، بە سەرسامییەوە لێوەکانی دەکرۆشت و سەری با دەدا.

قسەی لەگەڵ مێردەکەی کرد، چەند جارێک سەری وەک ئاماژەیەک بۆ ڕازیبوون لەقاند، ئاوڕێکی بۆ سەیف دایەوە و گوتی:

- "تۆ دزەکان باش بگرە، من..."، چەند جارێک بە ئاماژەکردن بۆ خۆی پەنجەی لە سینگی دەدا، "بە پۆلیس دەڵێم دزمان گرتووە".

خێزانی مستەر ستیوارت پاش ئەوەی بە توندی سەری لەقاند، ڕۆیشت، هەندێ قسەی کرد کە تێینەگەیشتین، مستەر ستیوارتیش هەنگاوێک گەڕایەوە لای دەرگاکە، بەرامبەر دەرگاکە ڕاوەستا دەرفەتی بە سەیف دا کە ئێمە بباتە ژوورەوە.

ماڵەکە تاریک بوو، بۆنێکی نائاشنای لێ دەهات، هێشتا لە داڵانەکە ڕانەوەستابووین کە مستەر ستیوارت دەرگاکەی داخست، بە سەیفی گوت:

- "خێزانەکەم پێش سێ ڕۆژ ئەمەی بینیوە..."، ئاماژەی بۆ من کرد و پەنجەکانی وەکو هەڕەشەلێکردنێک جووڵاند.

من دڵم دەلەرزی و ڕاتبیش لەگەڵ بەربوونەوەکەدا لێوی ڕووشابوو و خوێنی لێدەهات.

مستەر ستیوارت کە ڕاتبی بە گوێ ڕادەکێشا گوتی:

- "تۆ ناوت چییە؟".

بە دەنگێک کە مستەر ستیوارت گوێی لێنەبوو، سەیف بەدوایدا گوتییەوە بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە گوتی:

- "ڕاتب، ڕاتب..".

- "تۆ گچکەیت و دزیشی؟".

وەڵامی نەدایەوە، تەماشای منی کرد و گوتی:

- "تۆ ناوت چییە؟".

- "مەئموون".

- "مەئموون..؟ تۆ ناوت مەئموون نییە، ناوت دزە".
وەک بەرگریکردنێک لە خۆم، وام پیشاندەدا کە دەگریم، گوتم:
- "مستەر.. مستەر یەکەم جارە".
- "تۆ دزێکی گەورەی.. پاش پێنج دەقیقەی دیکە پۆلیس دێتە ئێرە".
خێزانی مستەر ستیوارت هات و گوریسێکی گەورەی پێ بوو، فڕێی دایە پێش سەیف و گوتی:
- "پێویستە جوان بیانبەستییەوە.. دز لەوانەیە رابکات".
چالاکانە و بە توندی ئێمەی لەیەک گرێدا، بە جۆرێک ئێمەی بەستەوە کە پشتمان بەیەکەوە نووسابوو، گوریسەکەی تا نزیک ئەژنۆمان بادا، وەکو ئەوەی کۆتایی نەیەت، سەیف دوودڵ بوو لەوەی کە بەردەوام بێ لە لوولدانی گوریسەکە یان نا، مستەر ستیوارت پێی گوت:
- "سەیف بەسە، هەڵنایەن". ئاماژەی بۆ دەسکی دەرگا لاوەکییەکە کرد و گوتی: "لێرە دایان بنێ، یەک دەقیقە، ئێستا بە پۆلیس دەڵێم بێت".
مستەر ستیوارت و خێزانەکەی رۆیشتن، سەیف بە زەردەخەنەیەک کە لێی جیا نەدەبووەوە، تەماشای ئێمەی کرد، لە راتبی پرسی:
- "باوکت ناوی چییە؟".
- "عەبدولڕەئوف".
- "عەبدولڕەئوف؟".
- "عەبدولڕەئوف قەتتان".
- "ماڵتان لە نزیک نانەواخانەکەیە؟ خانووە کەسکەکە؟".
راتب سەری جولاند، ئاوڕێکی لای منی دایەوە و پرسی:
- "ئەی تۆ؟".
منیش کە وام پیشان دەدا دەگریم بۆ ئەوەی سەیف وازم لێبێنێت، گوتم:
- "بەخوا مامە یەکەمجارمە دێمە ناو بێستانەکە".
- "چی؟ یەکەم جارە..؟". پێکەنی و پرسیارەکەی دووبارە کردەوە.
- "ناوی خانەوادەکەت چییە؟".
- "ئەلزاوی".
- "ئەلزاوی..؟ ماڵتان لە کوێیە؟".
- "کۆتایی ئەم جادەیە، نزیک نەخۆشخانەکە".
مستەر ستیوارت و خێزانەکەی هاتن، قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، کاتێ نزیکبوونەوە خێزانەکەی مستەر ستیوارت ئاماژەی بۆ من کرد و گوتی:

- "تۆ چۆن هاتییە ناو ماڵەکە..؟ کێت لەگەڵدا بوو؟ ئەوە؟". ئاماژەی بۆ راتب کرد. بە تووڕەیییەوە بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی.

- "تۆ ناتەوێ قسە بکەی... ها؟ ئاسانە، پۆلیس دەزانێ چۆن سەرت دەشکێنێ بۆ ئەوەی قسە بکەی".

مستەر ستیوارت لێم هاتە پێشەوە، نقورچکێکی لە رووومەتم گرت و گوتی:

- "ئەگەر تۆ زێڕەکە دەگەڕێنییەوە، من بە پۆلیس دەڵێم هیچ نەبووە، تەواو".

نەمزانی لەبارەی چییەوە قسان دەکا، دەمویست بگریم، دەمویست دەستی مستەر ستیوارت و دەستی خێزانەکەی ماچ بکەم، لەم ساتەدا ئامادەبووم هەموو شتێک بکەم.

بەرپرسی بنکەی پۆلیس هات و دوو پۆلیسیشی لەگەڵدابوو، سڵاوێکی توندی سەربازی بۆ مستەر ستیوارت کرد، تەماشای ئێمەی کرد، بڕوابەخۆبوون لە روویدا دەرکەوت و بزەیەکی گەورەی بۆ ئێمە کرد کە نیشانەی سەرکەوتنی پێوە دیاربوو، بە مستەر ستیوارتی گوت:

- "گەورەم ئێمە ئامادەین.. چ فەرمانێک دەکەی؟".

- "کاتژمێر دوو و نیو گوێم لە سەیف بوو هاواری کرد: دز.. دز، کە دەرگام کردەوە، ئەم دووەم بینی، لەوانەیە ئەم دووە بن پێش دوو رۆژ زێڕەکەیان دزیوە".

پێش ئەوەی مستەر ستیوارت قسەکانی تەواو بکات، خێزانەکەی ئاماژەی بۆ من کرد و گوتی:

- "پێش سێ رۆژ، من ئەوەم لە لای ماڵی خۆمان دیت، دەڕۆیشت و تەماشای ئێرەی دەکرد... ئێرە..". پاش ساتێک بێدەنگی بە زمانێکی دڵنیاکەرانەوە گوتی: "ئەوە دزە، رووخساری دەڵێ زێڕی دزیوە".

بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکە سەری جووڵاند، گوێی لە هەموو فەرمانەکە گرت، لەکاتێکدا دەفتەرێکی رەشی ئەستووری هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد بە سەیفی گوت:

- "تۆ ئەوانت گرت...؟".

- "بەڵێ گەورەم".

- "هیچ کەسی دیکەیان لەگەڵدا بوو؟".

- "نەخێر گەورەم.. هەر ئەو دووە بوون".

- "ئەوانت لە کوێ گرت؟".

- "لە باخچەکەی نزیک خانووەکە گەورەم".

بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکە تەماشای ئێمەی کرد و چاوی بە دەوروبەرماندا

گێڕا، وەکو ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێ و بیەوێ دڵنیا بێتەوە، پێی گوتم:

- "زێڕەکە؟ زێڕەکەت دایە کێ؟".

- "بەخوا گەورەم یەکەم جارمە".

- "زێڕەکە... زێڕەکەم دەوێ".

- "بەخوا گەورەم نازانم".

خێزانەکەی ستیوارت بە تووڕەییەوە وەڵامی دامەوە:

- "دەزانی دزی بکەی، بەڵام نازانی زێڕەکەت بردە کوێ؟".

زللەیەکم بە بن گوێ کەوت، تا ئێستاش نازانم ئەو زللەیە لە کوێوە هات، کێ لێیدام.. هەموویان لە دەوروبەرم بوون... بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکە و دوو پۆلیس... مستەر ستیوارت و سەیف... نابێت خێزانەکەی مستەر ستیوارت لێیدابم، چونکە ئەو لێمەوە دوور بوو، پێش ئەوەی لە توندی زللەکە بەئاگا بێمەوە، گوێم لێبوو، بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکە دەیگوت:

وا باشترە دانی پێدا بنێیت، ئەگەر بە خۆشی و بە بێ لێدان دانی پێدانەنێی، پێ دەخەمە سەر سەرت تا دانی پێدا دەنێی.

- "گەورەم بەخوا یەکەمجارمە دەچمە ناو بێستانەکەوە".

خێزانی مستەر ستیوارت گوتی:

- "تۆ زۆر درۆ دەکەی، پێش سێ ڕۆژ من تۆم لێرە دیت".

بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکە ئاوڕێکی لە راتب دایەوە و پرسی:

- "کاتێ زێڕەکەتان دزی.. کەسی دیکەتان لەگەڵ بوو؟".

بە زمانێکی سەرسەختانە و سەرەتاش بە دوودڵییەوە.

- "من خۆخم دزیوە، هیچ شتێک نازانم".

- "پەیوەندیت بە زێڕەکەوە نییە؟ پێی نەگوتی کە زێڕەکەی داوەتە کێ؟".

- "هیچ شتێک نازانم".

خێزانەکەی مستەر ستیوارت بە توندی هاواری کرد:

- هەمووتان دزن، هەمووتان، هەریەکەی دەڵێ من نازانم، من نەمبینیوە، لەوانەیە ئەو دووە بەیەکەوە بووبن.. زمانەکەی خۆی گۆڕی و لە راتبی پرسی:

- "ئازیزم تۆ پێم بڵێ زێڕەکە لە کوێیە، تەواو، دەچیتەوە ماڵەوە".

تەماشای منی کرد و دەیویست بە چاوەکانی بمخوات، چاوەکانم نزم کردەوە و سەرم پڕبوو لە هاژوهوژ.. وام پێشبینی کرد هەموو شتێک کۆتایی هات، تەنانەت ئەگەر لێرەش دەربچم، ئەوەندەی ماومە بە دەستی باوکم تەواو دەبێ. ویستم بگریم، هاوار بکەم، دەمویست دەست و پێی هەمووان ماچ بکەم... ئەمانە

باسی چی دەکەن؟ زێڕ..؟! کامە زێڕ...؟!

مستەر ستیوارت لێی پرسیم:

- "تۆ لە قوتابخانەی؟".

بێ ئەوەی وەڵام بدەمەوە سەرم جوڵاند، کە لەسەر جوڵاندنەکەم تێگەیشت بەردەوام بوو:

- "ئەوەی بچێتە قوتابخانە درۆ ناکات".

بەرپرسی پۆلیسەکە ویستی شتێک بڵێ، بەڵام مستەر ستیوارت نەیهێشت و ئاماژەی ئەوەی پێدا کە بوەستێ، گوتی:

- "تۆ کەسێکی باشی، قوتابخانە شوێنێکی باشە، بەیانی گەورە دەبی، دواتر دەبیە ئەفسەر، بەڵام دەبێت بە جوانی قسە بکەیت".

- "تۆ پێم بڵێ زێڕەکەت دایە کێ؟ بە کێت فرۆشت؟ من دەچم وەری دەگرمەوە، مەترسە".

پاش لێدان و کوتان، ئێمەیان بەرەو بنکەی پۆلیسەکە راکێشا، کاتێ دەرچووین خێزانەکەی مستەر ستیوارت تفی لێ کردین و بە زمانێکی تیژ و تاوانبارکردنەوە گوتی:

- "عەرەب هەموو پیس و چەپەڵن، هەموو دزن، درۆزنن". دەرگاکەی بە تووڕەییەوە داخست، مستەر ستیوارتیش بە تەنیا و بە نهێنی هەندێ قسەی لەگەڵ بەرپرسی پۆلیسەکە کرد.

لە بنکەی پۆلیسەکە زۆریان لێداین، زۆر لەوە زیاتریان لێداین کە لە قوتابخانە لێیان دەداین، بۆ ئێوارەکەی باوکم و مامی راتب هاتن، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ بەرپرسی پۆلیسەکە قسەیان کرد، هاتنە لای ئێمە، زۆر تووڕەبوون، تا ئەو رادەیەی کە باوکم زللەیەکی لێدام و هەستم پێ نەکرد، هاوارەکانیشی دەتگوت لە دنیایەکی دیکەوە دێن.

لەوکاتەوە نەخشەیەک لە بیرەوەریمدا هەڵکەندرا کە پێی دەگوترێت زەمەن.

گوێم لێ بوو بەرپرسی پۆلیسەکە بە باوکمی گوت:

- "بەندکردن سێ یان چوار رۆژ، تا مانگی ئاب کۆتایی دێت، پاشان دادگاییکردن".

ئەم رۆژانەی کۆتایی مانگی ئاب... زۆر درێژ بوون و کۆتاییان نەدەهات، هەر رۆژێکی هەزاران ساڵ بوو، هەموو کاتژمێرێکی هەزاران کاتژمێر بوو، ئەو کات زانیم کە زەمەن چەند شتێکی شێتە، خواردن لە گەروومان وەکو کەپەکی لێدەهات، تووشی قەبزی و بەدخۆراکی بووین، هەستمان دەکرد جیهان دژایەتیمان دەکات،

باوکم له دنیا له هەموو کەس زیاتر بووە دوژمنم، خێزانەکەی مستەر ستیوارتیش بە دوا وتەکانی لە هەموو زللەکان زیاتر ئازاری دام، پێی وابوو ئەو خۆخانەی بە درەختەکانی ناو باخچەکەی ئەوانەوەیە، لە هەموو زێڕێک زێڕترە.. ئەگەرنا کارەکە بۆ گەیشتە ئەم رادەیە؟

پاش دوو رۆژ مستەر ستیوارت هاتە بنکەی پۆلیسەکە، بەرپرسی بنکەکە بە جۆرێک رێزی گرت کە هەموو شتێک بە جارێ گۆڕا، چای و قاوەیان بە یەکەوە بۆ لێنا، هەموویان بە پێوە راوەستان و تەنها ئەو دانیشتبوو، پاش ماوەیەکی درەنگ و پاش ئەوەی زۆر تکای کرد مستەر ستیوارت جگەرەیەک بکێشێت، بەرپرسی بنکەکەش دانیشت، بێدەنگی باڵی کێشا، ئێمە چاوەڕێ بووین بزانین چی روودەدات، مستەر ستیوارت پێی بەرزکردەوە و تۆزێک پەشۆکابوو، پاش ئەوەی قاوەکەی خواردەوە، بینیمان بە چپە هەندێ قسەی لەگەڵ بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکە کرد، بەرپرسی پۆلیسیش بە سەرسامییەوە سەری جووڵاند، پاش ساتێک بە دەنگێکی گەورە گوتی:

- "پێویستە من منداڵەکان ببینم، نابێت ئەوان تووڕە بن".

بانگی ئێمەیان کرد، رووی خۆم لە چاوەکانی راتبدا دەدیتەوە، هەردووکمان ماندوو بووین و بەهۆی لێدان و زەوییە دڵڕەقەکەوە کە دوو شەو لەسەری نووستین، جەستەمان ئازاری هەبوو. مستەر ستیوارت هێشتا بەتەواوی نەیدیتبووین زەردەخەنەیەکی کرد، هەر بەو شێوەیە بوو کە لەسەر شاقەمەکە دەمانبینی، دەموچاوی مەیلەوسوور بوو، دوو چاوی شین، سمێڵێکی سووری سووربلاوی درێژ و ئەستوور، سەرەڕای زەردەخەنەکەی، بەڵام ددانە سپییە پێکەوەنووساوەکەی وەکو کەسێکی بەزەبر و تووند پێشانی دەدا، ماوەیەکی درێژ تەماشای ئێمەی دەکرد و سەری بادەدا، پێکەنی و گوتی:

- "تۆ و تۆ". ئاماژەی بۆ هەردووکمان کرد، "پێویستە بە باشی بچنە قوتابخانە نەک سەرجادە... برۆنە ماڵەوە، ئەگەر سێویشتان دەوێت وەرن من پێتانی دەدەم، بەڵام دزی عەیبە.. ئەمجارە تەواو.. پۆلیس نییە.. بەڵام پێویستە دڵخۆش بن و تووڕە نەبن".

مستەر ستیوارت بەرلەوەی بچێتە دەرەوە، بە بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکەی گوت کە پێویست بەوە ناکات دایک و باوکمان بێن، بەڵکو گوتی: بییاننێرە ماڵی ئێمە و خێزانەکەم دەیەوێت بیانبینێت.

***

لەگەڵ پۆلیسێکدا ڕۆیشتین.. پۆلیسەکە وەکو یەکەم جار دەستی ئێمەی نەگرتبوو، بە ئازادی دەڕۆیشتین، بەڵام بە بێدەنگی، هێشتا پۆلیسەکە لە دەرگای ماڵی مستەر ستیوارتی نەدابوو کە رووخساری سەیف بەدیار کەوت. پاشان خێزانی مستەر ستیوارت بەدیار کەوت.. جلێکی سووری لەبەردابوو، ملوانکەیەکی لە مل کردبوو کە دەنکەکانی گەورە بوون و هاوشێوەی خۆخ بوون، کاتێ ئێمەی بینی، دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژ کرد، وەکو ئەوەی بیەوێ ئێمە لە باوەش بگرێ، زەردەخەنەیەکی گەورە و دڵخۆشییەک تەواوی رووخساری داپۆشیبوو، هەنگاوەکانی ئێمە بچووک بوون، خەریک بوو پێمان لە زەوی نەدەبووەوە، ڕۆژ لە سەرەتاکانیدابوو، وەکو ئاگرێکی روون و جوان بەدیار دەکەوت، درەختەکان سەوز بوون، لە گۆشەی نزیک یەکێک لە پەنجەرەکان، مێزێکی سپی هەبوو، سینییەکی پڕ لە سەوزە و شیرنەمەنی لەسەر بوو.

خێزانەکەی مستەر ستیوارت هیچی نەگوت، سەرەڕای ئەوەش یەک سات لە جووڵە نەکەوت، دەهات و دەچوو، دەیویست شتێک بڵێت، بەڵام بێ سوود بوو، کاتێ پۆلیسەکە گوتی:

- "ڕێگا دەدەن بڕۆین خانمەکەم".

وەکو وڕوگێژێک تەماشای کرد و بەرەو لای مێزەکە هەڵەبەزییەوە، دوو سندووقی بچووکی ئامادەکرد و بە منجە منج گوتی:

- "تەواو.. بڕۆنە ماڵەوە... من زێڕەکەم دیتەوە.. بەڵام من..". نەیزانی چ شتێکی دیکە بڵێت!!.. هەردوو سندوقەکەی دایە ئێمە.. پاش دوودڵی وەرمان گرت، دوا وشەکانی پێش ئەوەی دەرچین، ئەوەبوو گوتی:

- "باشترە یاریی لە دوور بکەن.. زۆر دوور، من پۆلیسم خۆش ناوێت".

هێشتا پۆلیسەکە بە تەواوی نەڕۆیشتبوو و دوور نەکەوتبووەوە، کە سندووقەکەم بەرزکردەوە و بە رقەوە بە زەویمدا دا، بە هەموو هێزێکمەوە بە پێ خۆخ و کێکەکەم شێلا و تێکەڵ بە خۆڵەکەم کردن... راتبیش چاوەڕێی نەکرد و ئەو کارەی من کردم دووبارەی کردەوە، تفمان لە هەموو شتێک کرد و ڕۆیشتین.

***

لە ماڵەوە باوکم زۆری لێدام، بەڵام دایکم دەیویست بەرگریم لێ بکات، باوکم کە زۆر تووڕە بوو بە دایکمی گوت:

- "دزی هەر دزییە، زێڕ بێ یان خۆخ... کوڕی تۆ دزی کردووە".

- "بەڵام ئەو زێڕی نەدزیوە وەکو دەیانگوت".

- "سەرەتای دزین، لە دزینی هێلکەیەکەوە دەستپێدەکات".

لەو کاتەوە زۆر شت فێربووم، بەڵام ئەوەی لە هەمووی زیاتر کاری تێکردم و فێری کردم، قسەکانی خێزانەکەی مستەر ستیوارت بوو، لەوکاتەی بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکە ئێمەی بەرەو بنکەکە دەبرد. هەروەها مانای رۆژ و کاتژمێرەکانیش فێربووم، بەتایبەتیش رۆژە نەفرەتییەکانی کۆتایی مانگی ئاب.

**تێبینی:** هەر یەکە لە (مستەر ستیوارت) و خێزانەکەی دوو کاراکتەری غەیرە عەرەبن لە ناو چیرۆکەکەدا و لە دەقە عەرەبییەکەدا، قسەکانی ئەوان بە عەرەبییەکی تێکشکاو نووسراوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە عەرەبییەکەیان تەواو نییە. من هەوڵم دا لە دەقە کوردییەکەش زمانەکەیان تێکبشکێنم، بەڵام هەستم کرد لە زۆر شوێن ئەو مانایەی نامێنێت کە لە مەبەستە سەرەکییەکە هەیە، بۆیە هەر بە زمانی نووسین, قسەکانیانم نووسییەوە. (وەرگێڕ).

**سەرچاوە:**

- الباب المفتوح، قصص، عبدالرحمن منیف- چاپی دووەم، ٢٠٠٩، لە بڵاوکراوەکانی (دامەزراوەی عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوە) و (سەنتەری رۆشنبیریی عەرەبی).

# چەند شیعرێکی
# لەیلا کردبچە



و. لە فارسییەوە: یوسف عەلی پور

حەزت لە هەر شوێنێکی سەر نەخشەکە بوو
پەنجەت بخەرە سەر ئەو شوێنە
چونکە جیاوازییەکی نییە

تەنیایی من
قوڵترین شوێنی جیهانە و
پەنجەکانت
قەت لە قوڵی کارەساتەکە تێناگەن

***

به هەموو دارێکەوە
گوریسێکی هەڵواسیوە
کە هەموو ڕۆژێ دەتوانێت
گوناحێکی تازە بخاتە ئەستۆمەوە
مەرگیش پیرێکی بەساڵاچووە
ئەگەر سەدجاریش بانگی کەم
تەنیا جارێک ئاوڕ لە من دەداتەوە
***

هەر ئێستا ئەم شیعرە بخوێنەوە
ئەگینا دواتر باوەڕ ناکەی
لە کاتی هۆنینەوەیدا
چۆن شێتانە عاشقت بووم
هەر ئێستاکە بیخوێنەوە
ئەم شیعرەی
کە پێکهاتەکەی پتەو نییە و
هەموو جارێ بە گریانم
وەک شانەکانت دەلەرزێ
هەموو جارێک بە گریانم
جلوبەرگی ئەو بەهارەی
کە من تێیدا عاشقت بووم
لە گشت وەرزەکان تەڕترە
***



ڕێبوارەکەی تەنیشتم کە دابەزی
پەنجەرەیەکم دەست کەوت
پاشماوەی ڕێگاکەشم
هەموو بە گریان تێپەڕاند...
***

هەموو جارێک کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە
یەکێک لە قۆپچەکانم شل دەبێت
تێداچوونی باوەشم نەوەیەک وەدوا دەکەوێ و
شتێک بە چڵکم زیاد دەبێ
کە لە شیعرمدا ناگونجێ



هەر ئەوەندە بەسە
بەناوی خۆت گازت بکەم
با بزانی زمان قورسی
عاشقانەترین زاراوەیە و
چلۆن لێوە لەرزەکانم
دونیا بۆ پەراوێز دەبەن

خۆشم دەوێی
بە هەموو ئەو وشانەی
کە لە گەروومدا قەتیس ماون و
هەموو ئەو حونجانەی
کە لەبەر تۆ دەبنە شیعر

خۆشم دەوێی بە دەنگی بەرز
خۆشم دەوێی بە ئەسپایی
خۆشم دەوێی
حەزی گەیشتنم بە تۆ
کۆرپەیەکە لە مندایە
کە نە هیچکات لەبار دەچێ و
نە چاویش بە ژین هەڵدێنێ
***

وتت دێم
منیش هەواڵی کەشوهەوام بیرکەوتەوە
کە چێژی بارانە لەناکاوەکان دەبڕێت
وتت دێی
منیش هەموو ئەو ڕۆژانەم بیرکەوتەوە
کە لە خۆڕا چەترم لەگەڵ خۆم بردبوو!

***

جاری وایە
قەرەباڵغیی سەر شۆستەکان
بیانووی چاکە
بۆ ونکردنی دەستانی کەسێک بۆ هەمیشە!
ڕێک لەو ساتەدا کە
بەشێک لە "خۆشم دەوێی"
هێشتا هەر لەسەر لێوانتە.



سەرچاوە:
http://leilakordbacheh.blogfa.com/

# هونەر

- وتووێژێک لەگەڵ هونەرمەند حەمەی نێرگز بەر لە مەرگی
- چەند بەش و فۆرمێک لە مێژووی موزیک
- خوێندنەوەیەک بۆ "یاسەمینی خەمناک"

سازدانی: جەلال هانیسی

فەرمان عەلی نوری

و. هیوا سەلیمی

# وتووێژێک لەگەڵ هونەرمەند
# حەمەی نێرگز
## بەر لە مەرگی



سازدانی: جەلال هانیسی

**کاک "محەممەد" زۆر سوپاست دەکەم کە ئامادەی ئەم چاوپێکەوتنە بوویت.**

منیش زۆر سوپاسی ئێوە ئەکەم بەخێر بێن، تەشەکورتان دەکەم، هیوادارم لە کارەکانتاندا سەرکەوتوو بن بۆ خزمەتی هونەر و ئەدەبی رەسەنی کوردی.

**پێم باشە خۆناساندێکت هەبێت بۆ خوێنەران، لەوانەیە نەوەی ئێستا نەزانن "حەمەی نێرگز" کێیە و کێ بووە؟**

بەڵێ وایە، من ناوم "محەمەد ساڵح شەریفە" لە ساڵی ١٩٤٤ لە شاری سلێمانی گەڕەکی پیرمەسوور لە دایک بووم، بە "حەمەی نێرگز" ناسراوم، نێرگزەکە ناوێکی خوازراو نییە خۆم هەڵمبژاردبێت، دایکم ناوی نێرگزە، ئیتر هەر دایکیشم ئێمەی پەروەردە کردووەو گەورەی کردووین و بە خێوی کردووین، لەبەر ئەوەی باوکم بە نەخۆشی لەسەردەمی گەنجی هەر دووچاوی لە دەست دابوو!

ئیتر دایکم لە گەنجێتییەوە ئێمەی بەخێو کردووە، بە چێشتلێنان و نانکردن بۆ خەڵکی، لەبەر ئەوە زیاتر من بە ناوی دایکمەوە بانگم دەکەن شانسی خۆم دایکم ناوەکەی جوان بووە، ئیتر بە حەمەی نێرگز مەشهوورم.

**لەو سەردەمە سەختەی ئێوە لە شاری سلێمانی زۆر کەس خولیای هونەر بوون، بەتایبەت هونەری شانۆ و گۆرانی، جەنابت لە چ تەمەنێکەوە دەستت بە کاری هونەریی کرد و بۆچی ئەو ڕێگەیەت هەڵبژارد؟**

ئەو کاتەی منداڵ بووم گۆرانی ئەو سەردەمەم دەوت و لاسایی گۆرانیبێژەکانم دەکردەوە، ئیتر خەڵکێکی زۆریش هانیان دەدام و دەیانوت دەنگت زۆر خۆشە هەر گۆرانی بڵێ، دەتوانم بڵێم من زۆر منداڵ بووم کە دەستم بە گۆرانی وتن کرد.

**لەوکاتەوە کەس هەبوو ڕێگریت لێ بکات، چونکە ئەو سەردەمە گۆرانیوتن عەیب و شوورەیی بوو؟**

بێگومان ئەو شتانە هەبوو، بەڵام بە نیسبەت منەوە ئەوە نەبوو، چونکە کەس ڕێگری لێ نەدەکردم، باوکم زۆر حەزی دەکرد شتی ئاینی بڵێم.

**کێ لە دەوروبەرەکەت هاندەرت بوو؟**

بەوەدا کە من شاگرد خەیات بووم لای چەند وەستایەک وەک: "شەیدای خەیات، شێخ محەمەدی خەیات، حەمەعەلی مەدهۆشی شاعیرو عەبدوڵڵای حاجی سەعد" کە لە شاری "سلێمانی" ناسراوبوون، کارم کردووە، ئیتر خەڵکێکی زۆر هاتوچۆی ئەوانی دەکرد، ئەوان لەگەڵ خۆیان دەیانبردم بۆ سەیران و گۆرانیم دەوت، ئەوانە کاریگەریی زۆریان لەسەرم هەبوو، ماوەیەکیش شاگردی "برایمی خەیات" بووم، لەو کاتانەشدا سوودی زۆرم لە کاک برایم وەرگرتووە، ئەویش زۆر یارمەتی داوم و ئاوازی داومەتێ و خزمەتی کردووم.

**ئەو سەردەمەی ئێوە، جەنابت و کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکە دەستان بە کاری هونەری مۆسیقا و گۆرانی کرد، بە هەر حاڵ سەردەمێکی زێڕین بوو، ئەودەمە چۆن کار دەکرا، چ کێشەیەک لە بەردەم هونەرمەندانда هەبوو؟**

کێشە زۆر بوو، ئەو هونەرمەندانەی کە باسیان دەکەم، ئێمە هیچمان لە هیچ پەیمانگا و دانشگایەکدا نەمانخوێندبوو، ئەوەی کە فێری بووبووین لە خەڵکەوە فێری بووین، هەمان بوو لە مەقامدا شارەزا بوو، هیچ مامۆستایەک نەبووە

بێت وانەی پێی بڵێ یان لە پەیمانگایەک یان لە زانکۆیەک لە بەشێکی هونەری وانەی خوێندبێت تا فێری ببێت، دەتوانم بڵێم هەموومان بە پرس فێر بووین، واتە پرسیارمان کردووە، گوێمان لە گۆرانی "عەلی مەردان " گرتووە، بۆ نموونە مەقامێکی بەیاتی وتووە، ئێمە لاسایی ئەومان کردووەتەوە، نەمانزانیوە ئەم مەقامە ناوی بەیاتە، تەنها هاتووین پرسمان کردووە، لەوانەی کە شارەزاییان لە مەقامدا هەبووە، بۆ نموونە برایمی خەیات بە مەقامی نەهاوەند بەناوبانگە، من خۆم زۆر لە کاک برایمەوە فێر بووم، پرسیومە ئەمە چ مەقامێکە ئەگەر هەر مەقامێک بووبێت پێ وتووم، هەموومان بە پرسیار فێر بووین، ئیتر هەمانە زیرەک بووە توانیویەتی بە چاکی فێر ببێت، هەشمان بووە تەمەڵ بووە نەیتوانیوە ئەدای مەقام بکات.

**لەوسەردەمە جۆرێک لە هەڵچوونی سیاسی، کۆمەڵایەتی هەبوو، پێشمەرگە لە شاخ بوو، شۆڕش دەستی پێکردبوو، کۆمەڵێک هونەرمەند لە شار خەریکی کاری هونەری بوون، هەر دێڕە شیعرێک و هەر پارچە مۆسیقایەکیان گولەیەک بوو بۆ سینگی دوژمن، چۆن بوو ئێوە ئەو کارانەتان دەکرد کە ئەو هەموو دەنگدانەوە و خۆشەویستییەی هەبوو؟**

بێگومان لێرە دوو هەڵوێست هەیە، هەڵوێستێک ئەوەیە کە پێشمەرگە گیانی و رۆحی خۆی بەخشیوە بەو میللەتە، خوێنی داوە، ئێمەی هونەرمەندانیش، هەر هونەرمان وەک سەنگەرێکی پێشمەرگە هەڵبژاردووە. کارمان تیادا کردووە، دەتوانم بڵێم کۆمەڵێک هونەرمەندبووین زۆر بەرهەممان نەبوو، لەبەر چی؟ لەبەرئەوەی ئێمە رۆژێک لە رۆژان نەهاتووین بە شان و باڵی دەسەڵاتدا هەڵبڵێین، خۆشـمان شاردۆتەوە، واتە زانیومانە ئەو بۆنانەی ئەوان هەیانە چ رۆژێکە، ئەوانەمان کە فەرمانبەر بووین مۆڵەتمان وەرگرتووە، یان کاسب بووین کاسبییەکەی خۆمان جێهێشتووە، روومان کردووەتە شارێکی دیکە، تا ئەو بۆنەیە تەواو دەبوو، من بە نسبەت خۆمەوە دەچووم بۆ دهۆک،ماڵی خۆشکم زۆر دەمێکە لە دهۆکە، لەوێ دەمامەوە، یان دەچووم بۆ بەغدا بۆ لای هاوڕێکانم، هەتا وەسڵی ئوتێلمان وەردەگرت، بۆئەوەی ئەگەر پرسیاریان کردبایە لە کوێ بوون دەمان وت نەخۆش بووین ئەوەش وەسڵێ ئوتێلەکەیە، واتە چۆن پێشمەرگە سەنگەری هەڵبژاردووە و شەڕی تیا کردووە و خوێنی خۆی بەخشیوە، دەتوانم بڵێم ئەو هونەرمەندانەی ئەو رۆژگارە بەتایبەت لە دوای حەفتاکانەوە، وەکو پێشمەرگەیەک کاریان کردووە، سەنگەری هونەریان کردووە بە سەنگەری رووبەڕووبوونەوە.

**ئەو بەرهەمانەش هەمیشە زیندوون و لە دڵی خەڵکدان؟**

ئەوە دەبێت خەڵک قەزاوەت بکات، من ناتوانم لەسەر هونەرەکەی خۆم قسە بکەم، بڵێم چاکە یان خراپە ئەوە دەبێ خەڵک حوکمی بەسەردا بدات.

**گۆرانیبێژ هەیە ئاوازی بۆ دادەنێن و شیعری بۆ هەڵدەبژێرن، دەڵێن ئەوە گۆرانییەک بیخوێنە، جەنابت کێ بوو هاریکاری کردوویت، ئاوازی پێدابیت و خوێندبێتت؟**

دەتوانم بڵێم من شەنسێکی باشم هەبووە، هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی گۆرانی وتنمەوە، کۆمەڵێک ئەدیب و هونەرمەندی گەورەم ناسیوە، بەتایبەت لە دوای حەفتاکانەوە. "دڵشاد مەریوانی" زۆر هاوڕێم بوو، شەهید کرا، ئێستەش گۆڕگومە کەس نازانێ گۆڕەکەی لە کوێیە! شیعری ئەوم کردووە بە گۆرانی و ئاوازی خۆمن، ئەمجا زۆر موعجیب بووم بە "گۆران" بەردەوام دیوانەکەیم لا بووە، بەهۆی برادەرێکی خۆشەویستمە ئەویش شاعیرێکی ناسراوە، کاک "قادر برسی" گۆرانم ناسیوە، ئیتر شیعری "گۆران و دڵشاد مەریوانی و محەمەد رەسوڵ هاوار" ئەمانە خۆم هەڵم بژاردوون، خۆشم هەر زەوقم لەگەڵ شیعر و ئەدەبدا هەبوو، ئاوازەکانیش دوو ئاوازی لێ دەرچێت: ئاواتی دووری و باخم بێ بەرهەم، یەکێکیان هی کاک برایمی خەیاتە و ئەوی دیکەیان هی کاک رەفیق چالاکە، ماباقی گۆرانییەکانم، ئەگەریش لە پەنجەی دەست تێپەڕ نەکا، خۆم ئاوازم بۆ داناون، رای برادەرانیشم وەکو، "عوسمان عەلی و کاک سەلاح مەجید" وەرگرتووە، خۆشم پیاوێکی بە سەلیقە بووم لە هەڵبژاردنی شیعردا و زۆریش شیعرم لە بەرە.

**باسی ئەوەت کرد کە بەرهەمەکانت لە پەنجەی دەست تێناپەڕن، بۆچی بەرهەمت کەمە، تەنانەت کۆمەڵێک کەس هەن لە نەوەی ئێوە بەرهەمیان کەمە، بەڵام بەرهەمەکانیشیان دانسقە و نازاون؟**

دەتوانم ئەوە بگەڕێنمەوە بۆ ئەوە، خۆتان لە نزیکەوە ئاگاتان لە ژیانی هونەرمەند و ئەدیبیی ئەم شارە هەیە، دەبێ پێش هەموو شتێک بژێوی ماڵ و منداڵ دابین بکەیت، ئەمجا بێی کاری هونەری بکەیت، چونکە خۆ لە لای ئێمە زورووف و رۆژگارێک نەهاتووەتە پێشەوە هونەرمەند بتوانێت بە هونەرەکەی خۆی بژێنێ، با باسی ئەو هونەرمەندانە بکەم کە لە منەوە نزیک بوون، وەکو

"سەلاح مەجید، عوسمان عەلی، قادر کابان، حەسەن گەرمیانی" سەیرکە ئەمانە هەمووی کوڕی هەژارن، هەموو لە دوای ئیشکردنی خۆیانەوە، ئینجا توانیویانە گۆرانی بڵێن، شەنسی ئێمەش لەو ڕۆژگارە ئیزگە دوور بووە لە ئێمەوە، تەلەفزیۆن نەبوو، ئەگەر بوو بێت یان لە کەرکووک بووە، یان لە بەغدا، لە دوای ڕاپەڕینەوە تەلەفزیۆنمان دیوە، ئەگەر ساڵێ جارێک ڕێگەمان کەوتبێتە ئەوێ، ئەویش بەعس چۆن لێرە محاربەی کردووین ویستوویەتی ڕەگ و ڕیشەی کورد دەربێنێ، ئەگەر جوانترین گۆرانیت پێ بوو بێت لەویش مەجالیان پێ نەداوین بیڵێین، کۆسپیان خستۆتە بەر ڕێت. یەعنی جارێ وا هەبوو، مەفروز بووە ئێمە سەعات دە دیکۆرمان ئامادە کردووە، گۆرانییەکەمان تۆمار بکەین، لە پڕێکدا ئێمەیان کردۆتە دەرەوە وتوویان فلان کەس ئیشی هەیە، لەبەر ئەوە ئەو عەرەب بوو، ئێمە سەعات دووی شەو گۆرانییەکەمان تۆمار کردووە، واتە وەڕەزیان دەکردین بۆ ئەوەی نەیڵێین، چۆن لە پێشەوە ئاماژەم پێدا وتم ئەمە وەکو سەنگەرێک هەڵمانبژارد بوو، هەر ئەوە پاڵی پێوە دەناین کۆڵ نەدەین گۆرانیمان وتووە، دەبوایە دوای ئیشکردن کاری هونەری بکەین.

**ئێوە لەگەڵ تیپی شانۆ تێکەڵ بوون، گۆرانییەک دەوترا، شانۆیش پێشکەش دەکرا، حەزم دەکەم باسی ئەوە بکەیت؟**

بەڵێ، هەرچی شانۆگەرییەک بکرایە لە پێشەوە مۆسیقا و گۆرانی لەگەڵدا بوو، من و کاک "سەلاح مەجید و عوسمان عەلی" لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بووین، هەر شانۆگەرییەک دەکرا، تیپی مۆسیقیمان لەگەڵ بوو بەشداریمان دەکرد، بەشێکیشمان لە ناو شانۆگەرییەکەدا کارمان دەکرد، کاک سەلاح لە زۆر شانۆگەریدا دەوری بینیوە، منیش لە چەند شانۆگەریدا دەورم بینی وەکو: "جنابی موفەتیش، کێچ و زۆرێکی تر، هەتا لەگەڵ ڕەفیق چالاک لە بەغدا لە تەمسیل دەورم بینیوە، واتە لەهەر دوو بوارەکەدا کارمان کردووە، ئێمە زیاتر گۆرانیبێژییەکەمان ئیختیار کردووە هەتا شانۆ.

**لەو سەردەمەدا چەند تیپێکی مۆسیقا هەبوون، بە تایبەت دوای تیپی مەولەوی، تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو، ئایا ئازاد بوویت یان ئەندامی تیپێک بوویت؟**

من لە ساڵی ١٩٦٢بۆ ٦٣ ئەندامی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی ئەوکاتە بووم، دوای ئەوەی کە شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد ئەو کۆمەڵەیە داخرا، ئیتر من لە هونەر دابڕام، هەتا بەیانی ئازاری ١٩٧٠ لەو ساڵە چوومە هونەر و وێژەی

کوردی، بووم بە ئەندام لەوێ تیپێک هەبوو لەگەڵ ئەوان کارمان دەکرد، من کاک سەلاح و کاک عوسمان عەلی کە پاش ماوەیەکی زۆر چووە تیپی مۆسیقای سلێمانی، من و کاک سەلاح لەگەڵ تیپی کۆمەڵدا ماینەوە هەتا ساڵی ١٩٧٧، لەوێ تیپی مۆسیقای مەولەوی (مەبەست دیسان زیندووکردنەوەی تیپی مەولەوی کۆنە) دامەزرا، ئێمە یەکێک بووین لە دامەزرێنەرانی ئەو تیپە، ئیتر لەگەڵ ئەوان کارم کرد ئێستەشی لەگەڵدا بێت من هەر خۆم بە ئەندامی ئەو تیپە دەزانم خۆم بە ئەندامی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دەزانم، لەگەڵ تیپی سەهەندیش کارم کردووە، سوپاسی ئەو تیپە بەڕێزە دەکەم کە هاتوون بە دەنگمەوە و گۆرانییان بۆ تۆمار کردووم. لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی بۆ حەفەلەکان گۆرانیم وتووە.

**تیپی مەولەوی کۆن کێ لە دامەزرێنەرانی بوون؟**

قادر دیلان، نەجاتی عەبدە، هادی عەمبەر، بەهجەتی سەعاتچی، حاتەم سەعید، مامۆستا نازم، مامۆستا ولیەم یوحەنا، ئەمانە هەموویان لە کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی ئەوکاتە بوون، مامۆستا رەفیق چالاکیش لەوێ بوو، کۆمەڵێک شانۆکاریش لەوێکانە بوون، وەکو: تەها خەلیل و رەوف یەحیا و سمکۆ عەزیز و کاوەی ئەحمەد میرزا، لە ساڵی ١٩٧٧ لەسەر رەوتە کۆنەکە تیپی مەولەویمان دروست کرد، من و کاک سەلاح و مامۆستا نامدار و مامۆستا حەمەسەعی و کاک شەوکەت رەشید، ئێمە هەموومان قوتابی مامۆستا شەوکەت رەشیدین، زۆر لەگەڵمان ئەرکی کێشاوە دەتوانم بڵێم جێ پەنجەی تا ئێسەش بە ئێمەوە دیارە.

**سەردەمی ئێوە سەردەمێکی زێڕین بوو لە گۆرانی و مۆزیکی کوردی، کۆمەڵێک هونەرمەندی گەورەی لێ هەڵکەوت، خزمەتێکی چاکیشیان بە هونەر کرد، ئەگەر چی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانیش نەیان دەهێشت کورد بە ئازادی لە شوناس و پێناسی خۆی بدوێت، ئاستی هونەری ئەوسا جۆرێکی تر بوو ئێستا جۆریکی ترە، پێمخۆشە جەنابت باسی ئەم دوو نەوە جیاوازە بکەیت؟**

ئەوکاتە من دەتوانم بڵێم لە ساڵی ١٩٧٠دا کۆمەڵێک هونەرمەند لە شاری سلێمانیدا، من هەر باسی شاری سلێمانی دەکەم، داوای لێبوردن دەکەم ناتوانم باسی هونەرمەندی شارەکانی تر بکەم، لە حەفتاکاندا کۆمەڵێک هونەرمەند دەرکەوتن، لەوانە سەلاح مەجید، عوسمان عەلی، کاک برایمی خەیات، قادر کابان، مامۆستا کەریم کابان ئەو زۆر لە ئێمە بەتەمەنترە، حەسەن گەرمیانی ئەم کۆمەڵە دەرکەوتن و توانییان جێ پەنجەی خۆیان جێبێڵن بەسەر مۆسیقای

کوردییەوە، ئەگەر منیش یەکێک بم لەوانە کە لە حەفتاکان دەرکەوتین، ئەوکاتە هونەر نەبووبوو بە توجارەت، ئێستاش ئەمە دووبارە دەکەمەوە، ئەوکاتە ئێمە هونەرمان کردبوو بە سەنگەر، سەنگەری میللەتەکەمان، چۆن وتم پێشمەرگە خوێنی دەڕشت، ئێمەش هەمان سەنگەرمان هەڵبژاردبوو کە لە ڕێی هونەرەوە خزمەتی میللەتەکەی خۆمان بکەین، لەو ڕێگەیەشدا زۆر تووشی ئاستەنگ و قوڕبەسەری بووین، یەکێک لەوانە- حەز دەکەم باسێکی کاک قادر کابان بکەم، ئەو لەو کاتەدا گرتیان و سەرنگوومیان کرد، هەتا ئێستاش کەس نازانێ گۆڕەکەی لە کوێیە، یەکێک بوو لەو کەڵە هونەرمەندانەی ئەوکاتە، کاک قادر پێشمەرگە نەبوو، بەڵام بە گیان و بە ڕۆحی پێشمەرگە بوو، هونەرەکەی هونەری پێشمەرگە بوو، زۆر برادەرم بوو و گۆرانیمان زۆر بە یەکەوە وتووە، پیاوێکی زۆر لەسەرخۆ بوو، پیاوێکی بە مەعنای کەلیمە هونەرمەند بوو، ئەوکاتە ئەم تەکنۆلۆژیایەی ئێستا نەبوو، ئیمکانیات نەبوو دەنگەکانیش دەنگێکی سروشتی بوون، بەڕاستی کە هونەر بوو بە توجارەت ئیتر ماهییەتی خۆی لە دەست دەدا، هونەری ئێستا خۆی شایەتە، من گۆرانیم هەیە ٢٧ساڵ پێش ئێستا وتوومە "لەو چاوە کاڵانە چی شک ئەبەم" هەر دەوترێتەوە یەعنی ئەو گۆرانیانە نەمردوون ماون، بەس تۆ سەیری گۆرانی ئێستا بکە بەم هەموو تەکنۆلۆژیایەوە، ئەم هەموو پارەی سەرف دەکەن ئەو پەڕەکەی سێ مانگ دەژی، با باسێکی "مامڵێ بکەین" ئەو ئەم تەکنەلۆژیا و ئامێرانەی نەدیوە، ئێستاش هەر گۆرانییەکی گوێ لێ دەگری یا خۆتی لەگەڵدا رادەژەنی یان لەگەڵیدا دەگریت مامڵێ بە نموونەیەک دەهێنمەوە، چەندانی وەکو مامڵێ هەن، چونکە ئەوان هونەرێکی ڕەسەنیان پێشکەش کردووە، بۆ پارە ئیشیان نەکردووە، مەبەستیان بووە خزمەتی میللەتەکەیان لەو ڕێگەیەوە بکەن.

**ئێوە سەردەمانێک ژیان پێوەندیتان لەگەڵ نەوەی پێش خۆتان نەبڕیبوو، وەک مامۆستا عەلی مەردان، حەسەن زیرەک، وەک کۆمەڵێک هونەرمەندی گەورە، جەنابت پێوەندیت لەگەڵیان چۆن بوو بەتایبەت مامۆستا عەلی مەردان کە کاریگەری زۆر لەسەر هونەرمەندان هەبوو کە دەچوونە ئێزگەی بەغدا؟**

من زۆر موعجیب بووم بە "مامۆستا عەلی مەردان، بە حەسەن زیرەک، بە تایەر تۆفیق، بە حەمەی مامڵێ، بە خەلیلی سەدیقی" بەڵام تێکەڵیمان نەبووە لەگەڵ یەکتریدا، بە هۆی ئیزاعەوە ئەوانم ناسیوە، لە ٥٩دا بوو برای خۆشەویستم کاک "قادر برسی" بردمی بۆ بەغدا گۆرانی بڵێم، قەرار ئەوە بوو کە من دابمەزرێم،

ئیتر مامۆستا "عەلی مەردان" یەکێک بوو لەوانەی کە موافقەی لەسەر من کردبوو کە ببم بە گۆرانیبێژ!، بەڵام جیلێک خوار ئەوان کە زۆر عێلاقەمان بە قووەت بووە، لەگەڵ کاک رەفیق چالاک، مامۆستا حەمە ساڵح دیلان، کاک برایمی خەیات، کەریم کابان، قادر کابان، عوسمان عەلی، سەلاح مەجید، حەمە جەزا"، ئەوانەی کە لە ژیاندا ماون تەمەنیان درێژ بێت، ئەوانیش کە کۆچیان کردووە، گۆڕەکەیان پڕ بێت لە نوور.

**سوپاس بۆ ئەوەی کە لەم وتووێژە ئامادە بوویت، لەسەر کار و چالاکییەکانت زۆر هەڵدەگرێ ئەگەر باسی بکەین، بەڵام ئەگەر شتێکی تایبەت هەیە کە من ئاماژەم پێ نەکردبێت، پێمخۆشە باسی بکەیت؟**

زۆر سوپاست دەکەم هیوادارم هەر لە خزمەتی هونەری ڕەسەنی کوریدا بن، بۆئەوەی بە هەموومانەوە بتوانین هونەرێکی ڕەسەن و پێشکەوتنخواز دابهێنین بۆ میللەتەکامان، زۆر مەمنوونم کە منتان بەسەر کردەوە، هیوادارم سەرکەوتوو بیت، دەبێت بشمبوورن ئەم وتووێژەی ئێوە دواکەوت لەبەر ئەوەی خۆتان دەزانن من ناساغم.



# چەند بەش و فۆڕمێک لە مێژووی موزیک

فەرمان عەلی نوری

**١- سەرەتای مەسیحییەت**
**٢- سەدەی ناوەڕاست**
**٣- گۆرانی گریگۆریانۆ**
**٤- تیۆری شێوازەکان یان نۆتەکانی گۆرانی ئایینی**
**٥- سەرەتای دروستبوونی پۆلیفۆنی**
**٦- ئۆرگانوم**

**سەرەتای مەسیحییەت**

مەسیحییەتی سەرەتایی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر موزیک بۆ هەڵنەگرتووین.

سەرچاوەکان بۆ گۆرانی ئایینی سەدەکانی یەکەمی مەسیحییەت پشت دەبەستێت بە هەندێک بەڵگەی مێژوویی و ئەدەبی و مەسیحییە سەرەتاییەکان و دیینە کۆنەکانی پێش مەسیحییەتەوە، سەرچاوە کۆنەکان دەستنیشانی پاشماوەی دوو کەرەستەی سەرەکی دەکەن، کە بنەڕەتین لە موزیکی دینی مەسیحیدا:

خوێندنەوەی تێکستە پیرۆزەکانی ئینجیلە بەتەرویحات و لاساییکردنەوەی میلۆدی دینی یەهودییەکان، بەهەرحاڵ سەرەتا ئەو گۆرانییانەی لەناو کڵێسەکانی رۆژئاوادا دەوتران، دەبوایە هەمووی لە کڵێسەکانی رۆژهەڵاتەوە بهاتایە ئەگینا رێگا نەدەدرا بە میلۆدی تر لە بۆنەکاندا بەکاربهێنرێن، بۆیە موزیکی سەرەتایی مەسیحی هەمووی گۆرانی ستیلی رۆژهەڵاتی بوون، کاتێک ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی مەسیحییەتی قبوڵ کرد وەکو ئایینی رەسمی ئیمپراتۆرەکە، دینەکە بەئاسانی بڵاوبووەوە لە هەموو سنووری ئیمپراتۆرییەکەدا، کە ناوچەیەکی جوگرافی گەورەی گرتبووەوە لە کیشوەری ئەوروپا و ئاسیا و ئەفەریقادا، ژمارەی ئەو میللەتە جیاوازانەی هاتنە سەر ئایینی مەسیحی، لە زیادبووندا بوو بە زمان و کلتوور و نەریتی جیاوازەوە، ئەمە وایکرد کە هەر ناوچەی بەشێوەی خۆی بۆنە ئاینییەکان یاداشت بکەنەوە لە (٣١٢.ز)، مەسیحییەکانی ئیتاڵیا پاش هەوڵدانێکی زۆر سەرەنجام ئازادبوون لە شێوەی بوون بە مەسیحیان و هەڵبژاردنی ئیمان و دروستکردنی کڵێسەکانیاندا، دەست دەکەن بە خۆرێکخستن بەشێوەیەکی هەمیشەیی بۆ گەشەپێدانی مەسیحییەت و بۆنە ئاینییەکانەوە هەر لەوکاتانەوە کڵێسە لە رۆما دەست دەکات بە خۆخەریککردن بە بەرنامەیەکی درێژخایانەوە لە سەربەخۆ بۆ گەشەدان بە بواری موزیک لە راژەی کڵێسەدا بە گرنگییەکی زۆر زۆرەوە.

هەر لە دروستبوونی مەسیحییەتەوە (سان ئاگۆستینۆ) درک بەوە دەکات کە موزیک دەتوانێت رۆڵێکی گەورە ببینێت بۆ راکێشانی خەڵک بۆ باوەڕهێنان بە مەسیحییەت و یارمەتی ئیماندارەکانی بدات بۆ دەربڕینی بواری دەروونییان و ئامادەکردنی دیندارەکان و خواپەرستی.

بە بڵاوبوونەوەی دینی مەسیحییەت لەناو ئەو هەموو میللەت و کلتوور و زمانە جیاوازانەدا، زۆرگۆڕانکاری و دەوڵەمەندیی بەخۆوە بینی.

لەناو گۆرانی و بۆنە ئاینییەکاندا، یەکێک لەو فۆڕمانەی کە زۆرباوی هەبووە و بڵاوبووەوە (سالمۆدی) شێوەی یەهودییەکان بوو، بەڵام لە ئیتاڵیا لە شاری میلانۆ لەسەر دەستی قەشە ئەمبرۆجۆ (ambrogio)، سالمۆدی ئەنتیفۆنال (salmodie antephonale) پێکدەهێنن و بەجارێک جێگەی خۆی دەگرێت، ئەویش دابەشکردنی گرووپی کۆرسەکە بوو بەسەر دوو بەشدا، کە لە کاتی وتنەوەی میلۆدییەکاندا بۆ یەکتریان دەسەندەوە، ئەم شێوە کارکردنە خۆی لەخۆیدا شێوازێکی تایبەتی پێکهێنابوو، لە هەمانکاتدا ناوبانگ دەر دەکات بە گۆرانی ئەمرۆزیانۆ (amrosiono)، بە تەنیا لەگەڵ پاپا گریگۆریو مانیۆی

یەکەمدا (antifonario) ئەنتیفۆناریۆ (gregorio mangol(٥٤٠-٦٠٤.ز)، دروست دەکرێت، ئەویش کتێبێکی گەورە بوو لە گۆرانی پیرۆزی هەڵبژێردراو لەلایەن کڵێسەی رۆماوە، بۆئەوەی هەرئەوانە بەکاربهێنرێت لەکاتی بۆنە ئاینییەکاندا، پاشان بە هەموو ئەوروپادا بڵاودەبێتەوە، دەبنە گۆرانی دینیی رەسمی کڵێسەکان، هەتا ئەمڕۆش ناسراون بە (گۆرانی گریگۆریانۆ) بە تەنیا لە شاری میلانۆ هەر بە چاوپۆشینی پاپا رێگایان پێ دەدات کە بەردەوام بن لە بەکارهێنانی فۆڕمی گۆرانی ئەمرۆزیانۆ.

بڵاوبوونەوەی گۆرانی گریگۆریانۆ دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆئەوەی ریفۆڕم بکەن لەناو کڵێسەدا، ئەویش دروستکردن و کردنەوەی قوتابخانەی فێرکردنی گۆرانی بوو لە رۆما، کە ناسراوبوو بە قوتابخانەی کانتۆرون (cantorun)، ماوەی خوێندنی نۆ ساڵ بوو بۆ ئەو گەنجانەی کە دەبوایە وەکو دەنگبێژ گۆرانییان بوتایە لەناو کڵێسەدا لە کاتی کارە ئاینییەکاندا.

ئێستا با بزانین کارەکتەرە سەرەکییەکانی گۆرانی گریگۆریانۆ چین:

فۆڕمێکی گۆرانی دەنگییە بەبێ هاوکاری ئامێری موزیک لەگەڵیدا.

دەکرێت هاوشێوە یان لەیەکچوونێک هەبێت لەگەڵ مۆنۆدیکۆ (monodico )، واتە بەتاکە دەنگی سۆلیست بوترێت، یان بە کۆرسی ئۆمۆفۆن (omophone)، کە هەموو دەنگبێژەکان گۆرانی دەڵێن لەسەر هەمان تۆن (دەنگ)، یان هەندێکیان لە ئۆکتاڤدا (واتە هەشت دەنگ لەدوای خۆی) دەڵێن یان ئەوەتا دەکرێت بوترێت بە دیالۆگ لەنێوان سۆلیست و کۆرسدا، بەم جۆرەیان دەوترێت گۆرانی رێسپۆنسۆریال (responsoriale)، هەروەها دەشکرێت هەندێکجار روودەدات کۆرسەکە دەکرێت بە دوو بەشەوە، هەروەکو فۆڕمی ئەمرۆزیانۆی شاری میلانۆ، لەو حاڵەتانەدا پێی دەوترێت گۆرانی ئەنتیفۆنال (antiphonale).

خاڵی هەرەگرنگ لە کارەکتەری گۆرانی گریگیانۆ ئەوەیە، کە میلۆدی بەبێ ریتمن، یان دەتوانین بڵێین ریتمێکی ئازادیان هەیە لەسەر جوڵەیەکی زۆر هێواش.

ئەم بیروڕایە لەوەوە رەگوڕیشە پەیدا دەکات کە گوایە ریتم دانرا وەک کەرەستەیەکی سەر زەوی و مرۆیی، لەبەرئەوە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ گۆرانیدا، کە کەرەستەیەکی ئاسمانی و خوداییە، بەواتایەکی تر ئەوان وا بۆی دەچوون کە ریتم کەرەستەیەکی مرۆڤکردە و گۆرانی ئاسمانییە.

بێگومان تێکستی ئەم گۆرانییانە هەمووی بە لاتینییە کە زمانی رەسمی کڵێسەیە، ئەم گۆرانییانە (گریگۆریانۆ) بۆ ماوەی دوو سەدە تەنیا گۆرانی کڵێسە دەبن لە هەموو ئەوروپادا.



قەشە ئەمبرۆجۆ ambrogio




نۆتەی گۆرانی ئەنتیفۆناڵ (antiphonale)

**سەدەی ناوەڕاست**

**موزیک پێش هەزارەی یەکەمی زایینی:**

سەدەی ناوەڕاست سەردەمێکە نزیکەی هەزار ساڵێک لە مێژووی موزیک دادەپۆشێت و دەیگرێتەخۆی، کە سەرهەڵدەدات لە دەوروبەری سەدەی پێنجەمەوە V هەتاسەدەی پازدەیەم XV.

موزیکی سەدەی ناوەڕاستیش وەکو موزیکی سەردەمە کۆنەکان بەشێکی زۆری موزیکی دنیایی بوون کە لێدەدران لە بۆنە دنیاییەکاندا، وەکو:

١- کاری رۆژانە.

٢- موزیکی کار.

٣- شەڕ.
٤- جەژن و یادکردنەوەیەک.

بەهەرحاڵ موزیکێک بوو زیاتر لێدەدرا لە دەرەوەدا، یان لە هەوای کراوەدا موزیکێکی سەرپێیی بوو، چونکە دادەنرا بۆ هەندێک بۆنەی تایبەت و بیریان لە نووسینەوەی نەدەکردەوە، لەبەرئەوەی هەر ئەو جارە پێشکەش دەکرا، ئیتر پێویستیان بەوە نەبوو خەڵکی تری پێ فێر بکەن، هەر لەبەرئەوەیە دەربارەی موزیکی ناوەڕاست سەرچاوەیەکی زۆرکەممان بۆماوەتەوە، بەڵام بۆ موزیکی دینیی وا نەبوو، توانی بە باشی خۆی بپارێزێت، لەبەرئەوەی لە هەموو بۆنە دینییەکاندا هەمان میلۆدی دووبارە دەکرانەوە و ئەگەر گۆرانی نوێشی بخرایەتە سەر، چونکە بە بەردەوامی پێشکەش دەکران و ئیتر لەبیر نەدەچوونەوە، ئامانجی کڵێسەش هەر ئەوەبوو کە لەڕێگەی ئەم گۆرانییانەوە خواپەرستی و نزای خۆیان بکەن.

گۆرانییە سەرەتاییە دینییەکان لە شێوەی قسەکردن دەچوون و هەمووی لەسەر تێکستە پیرۆزەکانی ئینجیل بوون، لە سەدەی چوارەمدا دەستکرا بە بڵاوکردنەوەی فۆڕمێکی تر ئەویش سروودەکان بوون، لەبەرئەوەی میلۆدییەکانی سووک و ئاسان بوون بە گوێ و زوو لەبەردەکران، جۆرێکی تر لە گۆرانی، کە کاریگەری هەبوو لەسەر بۆنە ئاینییەکانی مەسیحییەت، جۆری (عیبری)- گریگی بوون و بێگومان فۆڕمی گۆرانی گریگۆریانۆش.

**گۆرانی گریگۆریانۆ**

زاراوەی گریگۆریانۆ دەستنیشانی گۆرانی مەسیحی دەکات بە زمانی لاتینی لە کڵێسەکانی رۆژئاوادا، دادەنرێت بەرامبەر گۆرانی (بێزەنتی)، کە ئەویش گۆرانی مەسیحی ناو کڵێسەکانە بە زمانی یۆنانی، وەکو ئەرمینیا و درەنگتر روسیا و کڵێسەکانی رۆژهەڵات.

لەگەڵ کاتدا گۆرانی گریگۆریانۆ هەموو گۆرانییەکانی کڵێسە دەگرێتەخۆ لە ناوچەکانی رۆژئاوای ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی سەدەی ناوەڕاستدا و نزیکەی بۆ ماوەی هەزار ساڵێک دەژی و بەکاردەهێنرا، پاشان هەر ئەم بەرهەمانە کاریگەری گەورەی کردە سەر موزیکی دنیایی و پۆلیفۆنی دیینی.

**تیۆری شێوازەکان، یان نۆتەکانی گۆرانی ئایینی**

بەرهەمەکانی گریگۆریانۆ لەسەر بنەمای پەیژەیی ئێتافۆنیک (Etafoninc) لە

جۆری دیاتۆنیک دروستبووە، کە دەکرێت بە هەشت شێوەوە:

جیاوازی نێوان پەیژەکانی موزیکی یۆنانی کڵێسەی رۆژئاوا ئەوەیە، کە ئەوانەی کڵێسە بەپێچەوانەی پەیژەکانی موزیکی یۆنانییەوە ئاڕاستەیان لەژێرەوە بەرەو سەرەوە دەچن.

شێوەکانی پەیژەی گریگۆرانۆ جیادەکرێنەوە بە ئاوتێنتیکۆ (Autentico) و پلەگالی (plagale)، بۆ دۆزینەوەی پەیژەی پلەگالی لە گالی لە ئاوتینکۆ کە نۆتەی فینالیس (finalis) هاوبەشە لەنێوان هەردووشێوەکەدا (ئاوتێنتیکۆ-پلە گالی) فینالیس ئەو نۆتەیەیە کە گۆرانییەکەی لەسەر تەواو دەبێت (تەسلیم).

### نۆتە بنەڕەتییەکانی فینالیس ژمارەیان چوارە

(رێ، می، فا، سۆڵ) بێجگە لە نۆتەی فینالیس (کۆتایی) نۆتەیەکی تر کە زۆر گرنگ و کاریگەری هەیە، ئەویش نۆتەی رێپێرکوسیۆیە (repercussion)، ئەو نۆتەیەیە کە میلۆدییەکەی بە دەوروخولیا زۆر دەجوڵێتەوە، گەلێک جار نۆتەی (ریپێرکوسیۆ) دەکەوێتە پێنج نۆتە سەروو نۆتەی (فینالیس)ی شێوەی (ئاوتێنتیکۆ)وە لە شێوەی پلە گالیدا سێ نۆتە لە سەرەوەی (فینالیس)دایە، بەڵام جۆری (III ، IV ، VIII) شازن، نموونە:




فینالیس (finalis)

**سەرەتای دروستبوونی پۆلیفۆنی**

فۆڕمی گریگۆریانۆ لقی تری لێدەبێتەوە، یەکێک لەوانەش ئەویش پۆلیفۆنییە(polyphonic) کاتێک کە دووکەس، یان زیاتر گۆرانی دەڵێن، یان ئامێر دەژەنن پێکەوە لەسەر دوو میلۆدی جیاواز لە یەکتری، یاخود زیاتر لە دوو دەنگ، بەڵام بەستراونەتەوە لەگەڵ یەکتریدا، بە پەیوەندی هارمۆنییەوە.

ئەم فۆڕمە دروستبوو بۆ نوێکردنەوەی گۆرانییەکانی کڵێسا، سەرەتا هەر لە سەدەی (IX) دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی ئەو هەوڵانەی کە بۆ هاوکاریکردنی میلۆدییەکی دینیی کە درەنگتر پێیان دەوت کانتوس فیرموس (cantus firmus) میلۆدییەکە تێکەڵ دەکرا لەگەڵ میلۆدییەکی تردا، بەبێ ئەوەی لە گرنگی میلۆدییە بنەڕەتییەکە کەم بکاتەوە.

ئەم دوو میلۆدییە بە هێڵی تەریب نۆتە بەرامبەر نۆتە دادەنران، کە پێیان دەوت (punctum contra punctum) مانای (پنت بەرامبەر پنت)، کە دەبێت بە کۆنترە پونتۆ (contrapunto)، بەم شێوەیە پۆلیفۆنی دەنگیی لەدایک دەبێت، کە گەورەترین دەستکەوتی سەدەی ناوەڕاستە.

بەمە کاراکتەری موزیکی سەدەی (X و XI) هەتا سەدەی (XVI) پێکدەهێنێت، مەبەست لە دروستبوونی پۆلیفۆنی دەوڵەمەندکردنی میلۆدییەکانی کڵێسا بوو، بە پۆلیفۆنی ویستیان دەربڕینێکی نوێ، کەمتر خەیاڵی و کەمترین گیانی بێت (روحانی)، بەڵام زیاتر ماتماتیکی بێت لە راستیشدا موزیکنووسین بۆ دوو دەنگ زیاتر تەرکیزی دەوێت و دەبێت زۆر ورد بین لە ژماردن و درێژیی دەنگەکاندا، هەر بۆ ئەم مەبەستەش پاشان درەنگتر جۆرە نووسینی نۆتەی مێنسوراڵ (mensurale) لەدایک دەبێت.



کانتوس فیرموس (cantus firmus)



punctum contra punctum

نموونەی نۆتەی دانەر یۆهان سباستیان باخ کە لە فۆرمی ڤوگەیا بەکاریهێناوە، ئەم شێوازەی کۆنترە پونتۆیە (contrapunto).



**ئۆرگانوم**

**(organum)**

هەر لە سەرەتای سەدەی (VII) لە ئینگلتەرا ئۆرگانۆم (organum ) دروستکرا، کە تەکنیکی سەرەتای نۆتە بەرامبەر نۆتەیە، هەر لەو سەردەمەدا بەرپرسێکی قەشەکان بەناوی ئالد هێلم (aldhelm) رایدەگەیەنێت، کە کۆنترە پۆنتۆ زۆر باش دەگونجێت لەگەڵ بۆنە ئاینییەکاندا.

قۆناغی یەکەمی گەشەسەندنی پۆلیفۆنی دەنگیی دەکەوێتە نێوان سەدەی (IX)دا لەلایەن سکۆت ئیرۆجێنە (scote eraujena) لە دەوروبەری ساڵی (١٨٦٧) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (musica enchiriadis) باس لەوە دەکات کە پۆلیفۆنی پەیامی جوانییەک دەبەخشێت، کە بێ وێنەیە هەروەکو جوانیی گەردوون، سەرەتا لە پراکتیکدا پۆلیفۆنی دادەنرا تایبەت بۆ سۆلیست (تاکژەن) ە شارەزاکان، لەبەرئەوەی هەموو گۆرانیبێژێک لەتوانایدا نەبوو بە پۆلیفۆنی گۆرانی بڵێت لە کۆتایی سەدەی (XI) بۆ سەرەتای سەدەی (XII) ئۆرگانۆم گەشە دەکات بە بەرفراوانی لە خوارووی فەرەنسادا، بەتایبەتی لە مۆنەستێری سانت مارسیالی (sant maritial) شاری لیمۆژ (lemoges) لە قۆناغی دووەمدا لە شاری پاریس و بەتایبەتی لە کلێسەی نۆتردام (notridame) وەک بنکەو قوتابخانەیەکی گرنگ پێشکەوتنێکی گەورە دەدات بە پۆلیفۆنی، پاشان لەوێوە کاریگەری دەبێت بۆ ئیسپانیا و لەوێوە بۆ ئینگلتەرا.

یەکەم فۆرمی سەرەتای پۆلیفۆنی ئۆرگانوم (organum) وشەیەکی لاتینییە کە لە کرداری (organizzare)، هاتووە کە بەمانای رێکخستن، یان پێکەوەنان دێت، دەهاتن ملۆدییەکی گریگۆریانۆیان دەهێنا پێیان دەوت (Vox principalis)

دەنگی ڕێکخراو کە هەموو جارێک بەشێوەیەکی گشتی لە دەنگەگڕەکاندا نۆتەکەیان بۆ وەردەگرت.

دەکرا ئەو دووهێڵە دەنگییە جووتێکی تر دەنگی بۆ دابنێین، هەروەکو ئەو دووهێڵەی پێشتر، ئەم دووانەیان لە ئۆکتاڤدا دەبێت بۆ پتەوکردنی.

سەرەتا میانەی نێوان (vox principalis، vox organalis) دەنگی سەرەکی و دەنگی ڕێکخراو میانەیەکی چواری تەواوبوو، پاشان میانەی پێنجی لەژێرەوەی دادەنرا بە بەردەوامی لە سەرەتاوە هەتاوەکو کۆتایی میلۆدییەکە.

لە سەدەی (XI)دا بەدەستهێنانی نوێ بەدی دەکرێت لە پۆلیفۆنیدا و لە هەندێک جێگەی میلۆدییەکەدا میانەی (دوو و سێ) بەکاردێنن، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی جوڵەی هاوئاڕاستە و جوڵەی پێچەوانە و فراوانکردنی هێڵەکانەوە دروستبوو، وەک ئەم نموونەیە:

لە کۆتایی سەدەی (XI) دەوڵەمەندتر دەکرێت و جۆری تر سەرهەڵدەدات، یەکێک لەو جۆرانەی کە جێگیر دەبێت پێی دەڵێن (دیسکانتۆ) ئەویش ئاڵوگۆڕکردنی هێڵەکانە (vox organalis) دەچێتە سەرەوە و دەنگەتیژەکانە (vox principalis) دەچێتە هێڵی دووەمەوە دەنگە گڕەکانە لەناو ئەم پێشکەوتنانەدا بۆ دەوڵەمەندکردنی دێن، میانەیەک دروست دەکەن لەناو میانەکاندا بۆ تێکەڵی میانەی پێنجی و چواری و ئۆکتاڤ و دەنگی لەیەکچوو (unison) بەکاردەهێنرا بۆ جوڵەی هاوئاڕاستە و جوڵەی پێچەوانە، لەپاڵ ئەو سیستمە کۆنەی جاران نۆتە بەرامبەر نۆتە دەهاتن، هەندێکجار چەند نۆتەیەکیان بەرامبەر بەیەک نۆتە دادەنا، ئەم هەنگاوانە ئەوەندەی تر فۆرمی پۆلیفۆنی گەشاوەتر کرد، لەناو دەستنووسەکانی مۆنەستێری (سانت مارسیال)ی سەدەی (XII) جۆرە ئۆرگانۆمێک بەدی دەکەین، ئەویش دانانی کانتوس فیرموس (cantus firmus) دەتوانین پێشی بڵێین (Vox principalis) لەباسدا و (دەنگی گڕ) بە نۆتەی درێژخایەن دانراون، بەڵام هێڵی سەرەوە بۆ بەخشینی دەنگی جۆراوجۆر وردە نۆتەی زۆر ئازادانەی بۆ دانراون.

ئەو هێڵەی کە نۆتەی درێژیان بۆ دادەنان پێیان دەوتن تێنۆر (tenor)، ئەم زاراوەیە دەبێتە کەرەستەیەکی بنەڕەتی هەموو پێکهاتەکانی کۆنترە پونتۆی سەدەی ناوەڕاست و ڕێنیسانس، لە ئینگلتەراشەوە نموونەی تیۆری پراکتیکی نوێ بڵاودەبێتەوە، بەمە ئەوەندەی تر پۆلیفۆنی گەشەدەسەنێت.



ئۆرگانوم (organum)





musica enchiriadis



# ڕۆژە بێ دروشمەکان

## خوێندنەوەیەک بۆ "یاسەمینی خەمناک" نوێترین بەرهەمی "ودی ئالێن"

و. لە فارسییەوە: هیوا سەلیمی

"ودی ئالێن " لە دەرهێنەرە دەگمەنە سەربەخۆکانی هاوچەرخە، کە تا ئێستاش ساڵانە لانیکەم فیلمێک بەرهەمدێنێت. هەرچەندە بەهۆی لادانە ئەخلاقییەکان لە رادەی خۆشەویستی ناوبراو کەمبۆتەوە و چیتر هاوشێوەی ساڵەکانی حەفتا لە ریزی دەرهێنەرە سەرنجڕاکێشەکانی شەپۆلی نوێی ئەمریکی نییە، بەڵام لە ماوەی ساڵانی چالاکی لە سینەمادا کۆمەڵێک لایەنگری تایبەتی بۆ خۆی دروستکردووە، کە بەردەوام بەدواداچوون بۆ بەرهەمە تازەکانی دەکەن و فرۆشی فیلمەکانی گەرەنتی دەکەن و بەجۆرێک لە جۆرەکان پشتگیری لە بەردەوامبوونی ناوبراو دەکەن. "ودی ئالێن" لە ماوەی ٥٠ ساڵ کارکردندا وەک دەرهێنەرێک خۆی ناساندووە، کە توانای بەکارهێنانی هەر ژانەرێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەیە: کێ لەو بڕوایەدایە کە " خەولێکەوتووەکان" و "تاوان و مکافات" لەلایەن یەک کەسەوە درووستکراوە؟ "ئالێن" لە ماوەی ساڵەکانی کارکردنیدا نیشانیداوە

سینەما تەنیا وەک ئامرازێک بۆ کاتبەسەربردن پێناسە ناکات و گرنگی بە شوناس و ناوەرۆکیش دەدات. هەر بەم هۆکارەیە کە بەشەکانی فەلسەفە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە بۆ زۆربەی بەرهەمەکانی دەکەن و گریمانەکانی "نیچە"، "هایدگەر" و "سارتەر" بۆ شیکاری و لێکدانەوەی بەرهەمەکانی بەکاردێنن. سەرکەوتنەکانی "ئالێن" هاوشان لەگەڵ گەرەنتیکردنی فرۆشی فیلمەکانی لەلایەن هەوادارانییەوە کارێکی وای کردووە لە ریزی ئەو چەند دەرهێنەرە ئەمریکییەدا بێت کە بەر لە بەرهەمی نوێ پێویستی بە قبووڵکردنی سیناریۆی فیلمەکانی لەلایەن هۆلیودەوە نەبێت. بۆ ماوەیەکی زۆرە لایەنگرانی "ئالێن" و بەتایبەت نووسەری ئەم نووسراوە چاوەڕوانی بەرهەمی ئەمساڵی "ودی"، واتە "یاسەمینی خەمناک" بوون و سەرەنجام چاوەڕوانییەکان کۆتایی پێهات.

لە چیرۆکێکدا کە بەوتەی زۆربەی رەخنەگرانی سینەما بیرهێنەرەوەی "پاسێک بە ناوی هەوەس"ی "ئەلیا کارزان"ە، " یاسەمینی خەمناک" باس لە بەسەرهاتی یاسەمین لە نواندنی "کیت بلانشێت" دەکات، کە پاش گەندەڵی دارایی "هالی"ی هاوسەری هەموو شتێکی ژیانی لەدەست دەدات و لەم بارودۆخەدا بۆ رزگاربوون لە رابردووی پڕ لە ئازاری خۆی پەنا بۆ خوشکەکەی دەبات لە سانفراسیسکۆ. ئەوەی لە گێڕانەوەی ئاماژەپێکراودا بۆ زۆربەی رەخنەگرانی سینەما جێگەی سەرنجە، رۆڵ و نواندنی سەرکەوتووی " کیت بلانشێت"ە. "بلانشێت" لەم فیلمەدا رۆڵی ژنێکی لەخۆبایی و فێڵباز دەنوێنێت کە لە تەواوی ئەو ساڵانەی خاوەنی پارە و سامانێکی زۆر بووە، قەت لای لە خوشکەکەی نەکردۆتەوە و گرنگی پێ نەداوە. ناوبراو تەنانەت پاش پەنابردنیشی بۆ لای خوشکەکەی درێژە بەو رەفتارانەی دەدات و بەشێوەیەکی رەخنەگرانە بەرەوڕووی کەسانی نزیکی خوشکەکەی دەبێتەوە و ئەوان بە هاوشانی خۆی نازانێت. کەچی سەرەڕای ئەم رەفتار و تایبەتمەندییانە، دەورنواندنی "بلانشێت" بە شێوازێکە کە زۆربەی بینەران پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێکی فیلمەکە پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەری ئاماژەپێکراو درووست دەکەن و دڵیان بۆ کەسایەتی تاڵی کۆمیک و لەرزۆکی "بلانشێت" دەسووتێ، کە بەردەوام بە شوێن کەسێکدا دەگەڕێت تا رزگاری بکات. ناوبراو لە گرتەیەکی فیلمەکەدا بە چاوی ماسیوەوە دەردەکەوێت و خەریکی خواردنی حەبی هێورکەرەوەیە، کەچی لە گرتەی دواتردا بە خێرایی بە کەسایەتییەکی قیت و قنج و رێزدار دەگۆڕدرێت. دەورنواندنی بێ وێنە و کاریگەر و پڕ لە جوڵەی "بلانشێت" پێگەیەکی شایستە بە ناوبراو دەبەخشێت. کەسایەتی راستەقینە و ئینسانی "بلانشێت" لەسەرەوەی سەرجەمی کەسایەتییە

فانتازییەکانی بەرهەمەکانی ئەم ساڵانەی دوایی "ودی ئالێن"ەو دەرهێنەر بە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەم رۆڵە ئەو مەجالە بە بینەر دەدات بە باشی پەیوەندی لەگەڵدا درووست بکات و نۆستالۆژیای کەسایەتییە دەروونگەراکانی بەرهەمە سەرەتاییەکانی هاوشێوەی "هانا و خوشکەکانی" زیندووبکاتەوە.

چیرۆکی "یاسەمینی خەمناک" لە سانفرانسیسکۆ روودەدات. "ئالێن" بە گواستنەوەی چیرۆکەکە بۆ جوگرافیای سانفرانسیسکۆ سەرنجی لایەنگرانی هەمیشەیی بۆ لای ئەو پرسە رادەکێشێت، کە ئەوان بەرەوڕووی بەرهەمێکی جیاواز لە کارنامەی دەرهێنەر بوونەوە. سانفرانسیکسۆ جوگرافیای کۆمەڵێک بەرهەمی وەک "پارەکە هەڵگرە و راکە" و "سەرلەنوێ لێیدە سام" بووە، بەڵام ئەمجارەیان سانفرانسیسکۆ تەنیا شوینێکی گەشتیاری و ناوچەیەک بۆ گەڕان نییە. "ودی ئالێن" لەم ساڵانەی دواییدا سەرقاڵی گەڕان بووە لە شەقامەکانی شارەکانی ئەوروپا و بەڕیز چەندین فیلمی لە شارەکانی لەندەن، بەرشەلۆنە، پاریس و رۆم دروستکردووە. لەو بەرهەمانەدا "ئالێن" بەهۆی گەڕیدەبوون کەمترین دەرفەتی بۆ بیرکردنەوە و شیکاری پرسە کۆمەڵایەتییەکان هێشتۆتەوە و بینەری بەرەوڕووی کۆمەڵێک چیرۆکی تاڕادەیەک فانتازی و فەزایەکی تەرفیهی کردۆتەوە. کەچی بەسەرهاتی سانفرانسیسکۆکەی ئەمجارەیان جیاواز لەوانی رابردووە و ئەمجارەیان بەرەوڕووی جیدییەتێکی جیاواز دەبینەوە. وێنەگری ئەمجارەشیان هاوکاری "ئالێن" لە فیلمی " ویکی، کریستینا و بەرشەلۆنە"یە، کەچی تەنیا چەند شاتێکی بەرتەسککراوی جوان لە وێنەی شار لەم فیلمەدا دەبینرێت.

لەم فیلمە نوێیەدا خولقاندنی فەزا بە شێوازێکە کە سیناریۆ بە پێداگریکردن لەسەر دەروونی مرۆڤ و چینە ئابوورییەکان، ژینگە و شوێن بۆ خزمەتکردن بە تێگەیشتن لە هۆکارەکانی رەفتاری کارەکتەر و پاڵەوانەکان دەخولقێنێت. سەرنجدان بەم مەسەلەیە پێشتر لە فیلمی "پێشکەش بە رۆم، لەگەڵ رێز و خۆشەویستی"دا ستارتەکەی لێدرا و ئەمجارەیان رەهەندێکی بەرفراوان و قووڵتری بەخۆیەوە گرتووە. ئەمجارەیان بۆ تێگەیشتن لە دەروون و شوناسی کەسایەتییەکان دەبێت بیر لە پێکهاتەی چینایەتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بکەیتەوە. باسکردن و شرۆڤەکردنی پرسی چینە کۆمەڵایەتییەکان بوارێکی ناسراو بۆ بەدواداچوونی بەرهەمەکانی "ئالێن" نییە. رەخنەیەک کە بەردەوام بەرەوڕووی سینەمای "ئالێن" بۆتەوە، ئەوەیە کە بە پێچەوانەی کۆمەڵێک دەرهێنەری وەک "مارتین سکۆرسیزی" لە سیناریۆ و چیرۆکەکانی پەیوەندیدار بە فەزای شاری

"ئالێن"کەمترین گرنگی بە پرسی چینایەتی و چینەکان دراوە. شێوازێکی گونجاو بۆ تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بەراوردکردنی فیلمی "ئانی هال"ی "ئالێن" لەگەڵ "شۆفیر تەکسی"ی "مارتین ئیسکۆرسیزی"یە. لە شۆفێری تەکسیی ئیسکۆرسیزی چەندین جار ئاماژە بۆ کاریگەری چینەکان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان دەکرێت: کامێرای "سکۆرسیزی" زۆربەی کاتەکان لە گەڕەکە هەژارنشینەکان نیویۆرک دەسوڕێتەوە و پەردە لەسەر هەژارییەکان هەڵدەداتەوە، بەڵام لە بەرهەمەکانی "ئالێن" بەرەوڕووی کۆمەڵێک کارەکتەری دەوڵەمەند دەبینەوە، کە بەردەوام خەریکی گەڕان لە گەلەرییەکەوە بۆ گەلەرییەکی تر و لە ریستۆرانتێکەوە بۆ ریستۆرانتیکی ترن. لەم گەڕانانەی فیلمەکانی "ئالێن"دا زۆرتر گرنگی بە میدشات دراوە و زۆر بە دەگمەن دەتوانیت کارەکتەر لە فەزای کۆمەڵایەتی دەوروبەر بە شێوەی لانگ شات ببینیت. هەروەها کارەکتەرەکان زۆرتر ئسترۆتیپیکاڵن و ناکرێت ئەوان وەک واقیعێک و بەشێک لە کۆمەڵگای راستەقینە وێنابکرێن. بەهۆی سەرجەمی ئەو هۆکارانە، لەو چیرۆکانەدا بەرەوڕووی کاریگەری چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کارەکتەرەکان نابینەوە و ناتوانین بۆ نموونە کاریگەری هەژاری ناو ژیانی شار لە بەرهەمەکانیدا بدۆزینەوە. لەم سۆنگەیەوە دوایین بەرهەمی "ئالێن" جۆرێک لە داهێنان لە رەوتی کارکردنی ئەم دەرهێنەرەیە. ژنە پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکە بە هەڵخزان و کەوتنەخوارەوە بۆ چینی هەژار و خوارەوەی کۆمەڵگا بە باشی ئاگاداری کاریگەرییە ئابوورییەکان لەسەر ژیان دەبێتەوە. چیتر ئەو ناتوانێت ئەو رەفتارانە بکات کە خوی پێگرتووە و ناچارە کۆمەڵێک کار ئەنجام بدات کە دڵخوازی ئەو نین. چیتر لە ڤێلایەکی رازاوە ژیان بەسەر نابات و بەردەوام بەرەوڕووی کۆمەڵێک خەڵکی هەژاری سانفرانسیسکۆ دەبێتەوە لە گەڕەکە کۆنەکان. رەفتارەکانی گرێدراو بە چینی کۆمەڵایەتی ناوبراو بۆ کۆمەڵە خەڵکە تازەکە نامۆیە و بە سەرسامییەوە لە رەفتارەکانی دەڕوانن.

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی ئیعتمادی ئێران.

## چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٣ی

## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

### کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون




**گروپی هونەرمەندانی کۆمەڵی هەشت**

ڕێبەر قەفتان

هونەری




**ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن**

کارزان محەممەد

ڕۆژنامەگەری




**بزوتنەوەی کچانی کورد لەسلێمانی**

زەکیە رەشید محەمەد
لێکۆڵینەوە

---




**کەوتن**

و. توانا ئەمین
ڕۆمان

---




**مەسخ**

و.مەنیژە میرموکری
نۆڤلێت




**ڕێزگرتن لەزمانی کوردیدا**

ئارام عەبدولواحید

زمانەوانی




**من ترس ڕۆحی سمیوم**

و. شوان ئەحمەد

دیدار




**هەورامی زمانی ئایینی یارسان**

نامیق هەورامی

ئەدەبیات




**هونەری پۆتریێت لەوێنەکێشاندا**

ستار قادر

هونەری




**دیوانی ئاوارە**

عەبدولڕەحمان قادر عەلی

شیعر




**باڵۆنێک لەئاسمانی سوردا**

ڕێبین عومەر خدر

ڕۆمان




**جەدەلیەتی ناسنامەکان**

وەهبی رەسول
شێوەکاری




**بنەماکانی دروستیی دەروونی**

نازەنین عوسمان
دەروونناسی




**مافی ژیانی تایبەت لەیاساو ئیتیکی رۆژنامەگەریدا**

شوان ئادەم ئەیڤەس
رۆژنامەگەری




**فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو**

کەریم قادرپور

ڕۆمان




**ئەتڵەسی کەرکوک**

سوهەیل خورشید

ئەتڵەس




**خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی**
**کورد لە وڵاتانی ئەوروپا**

کوردستان عومەر محەمەد

لێکۆڵینەوە




**بنەماکانی پۆلیمەرزانی و کارپێکردنەکانی**

ئەسعەد قەرەداغی

زانستی




**بیبلۆگرافیای کتێبەکانی ئەنفال**

ئاکۆ محەمەد شوانی

بیبلۆگرافیا




**کورد لە ١١٢ ساڵدا**

ئەحمەد مەحمود عەلی

مێژوویی

دەتوانیت گۆڤاری

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org
www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە